# چۆن دەستم پێکرد

ناوی کتێب : **چۆن دەستم پێکرد**

نووسینی : عەبدوستار مەجید

نەخشەسازی ناوەوە:

نەخشەسازی بەرگ:

نۆرەی چاپ :

لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی کتێبخانە گشتی یەکان

ژمارەی سپاردنی () ساڵی ()ی پێدراوە

# چۆن دەستم پێکرد

عەبدوستار مەجید

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکیی

خوێنەری بەڕێزو خۆشەویست!

ئـەم کتێبـەی بەردەسـتت بریتـی یـە لـە (١٠) ئاڵقـەی چاوپێکەوتنـی بەرنامـەی (هـەوراز و نشـێو)ی کەناڵـی ”هەولێـر“ی تەلەفزیۆنـی کۆمەڵـی ئیسـلامیی، کـە بـاس لـە لاپەڕەکانـی بەشـێك لـە ژیانـی پێشـمەرگایەتیی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتـی بەنـدە دەکات و هەندێـك لـە هـەوراز و نشـێوەکانی دەخاتـەڕوو، هەڵبـەت ژیانـی هـەر مرۆڤێـك پـڕە لـە ڕووداوی جۆراوجـۆر، هەندێکیـان شـیرین و بەشێکیشـیان تـاڵ، گومانیشـی تێدانیـە کـە بەسـەرهاتەکان زۆر جـار دەبنـە مایـەی پەنـد لێوەرگرتـن و بـەردی بناغـەی کار و پـڕۆژەکان.

بۆیـە خـوای پـەروەردگار عیبرەتـی بەمـەرج گرتـووە بـۆ خـاوەن ئەقڵـەکان لـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتەکاندا، نـەك وەکـو حیکایەتـی بەرئاگـردان تەنهـا مەجلیسـی پـێ خـۆش بکـرێ.

ئـەوەی لێـرەدا باسـکراوە بریتـی نیە لـە گێڕانـەوەی مێـژووی ڕابوونی ئیسـلامیی یـان شـۆڕش و پێشـمەرگارەیەتی کوردسـتان، بەڵکـو بەشـێك لـە جموجـۆڵ و چالاکیـی و ڕووداوەکانی ژیانـی بەندەیە، ئەگـەر بووترێ

ئـەو کارە بکـرێ، ئـەوا پێویسـتی بـە لیژنەیەکـی شـارەزا و وردبیـن هەیـە - کاتـی خـۆی بـۆ نووسـینەوەی مێـژووی بزوتنـەوەی ئیسـلامیی و کۆمەڵـی ئیسـلامیی پێشـنیازم کـرد- کـە زانیاریـی و بەڵگەنامـەکان لەڕێگـەی کارەکتـەرە کردەییەکانـی ئـەو کات - تـا لەژیـان مـاون- کـۆ بکرێنـەوە و لەلایـەن لیژنەیەکـی فراوانـترەوە پەسـەند بکرێـن، ئینجـا وەك مێژوویەکـی متمانەپێکـراو مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـرێ.

هەرچـی هەوڵـە تاکـە کەسـیەکانە، جێگـەی ئەوەیـان ناگرێتـەوە و ناشـتوانرێ وەکـو بەڵگەنامـە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـرێ، بەڵکـو تەنهـا سـودی لـێ دەبینـرێ، چونکـە ئەمەیـان هەوڵـی تاکـە کەسێکە و لەوانەیـە نەیتوانیبـێ پـەی بەهەمـوو بـوارەکان ببـاو زانیاریـی دروسـت لەبـارەی هەمـوو ڕووداوەکان هەبـێ و لەوانەشـە - هەنـدێ جـار- نەتوانێ لـە مـەڕ ڕووداوەکان بێلایەنیـی خـۆی بپارێـزێ و لایەنداریـی بەسـەر گێڕانـەوەی بەسـەرهاتەکاندا زاڵنەبێـت.

ئـەو پێـوەرە بەسـەر ئـەم کتێبـەی بەندەشـدا دەچەسـپێ، جیـاوازی ئەوەیـە مـن تەنیـا - بـەزۆری- قسـەم لەسـەر ئـەو بابەتانـە کـردووە، کەخـۆم شـاهێدی بـووم و وەك خۆیـم باسـکردووە.

دەمـەوێ سوپاسـی بـێ پایانم پێشکەشـی مامۆسـتا (موحەمـەد جمیل) بکـەم، کەپێشکەشـکاری بەرنامـەی (هـەوراز و نشـێو) بـووو سـوپاس هەریـەك لـە بەڕێـزان مامۆسـتا حسـن بابکـر و کاك شـوان هەورامـی و کاك شـەریف وەرزێـری دەکـەم کـە هـەر یەکەیـان لـە بـواری خۆیـدا بەسـەرنج و تێبینەکانیـان بابەتەکەیـان دەوڵەمەنترکـرد هەروەهـا سـتافی کەناڵـی هەولێـری تەلەفزیۆنـی کۆمـەڵ کـە زەحمەتیـان کێشـا، هەروەهـا سوپاسـی مامۆسـتا (موحەمـەد حسـین خەتـێ)ش دەکـەم کـە هـەر (١٠)

ئاڵقەکـەی خستەسـەر کاغـەز، منیـش پێیـدا چوومـەوە و بـە پەسـەندم زانـی، کەبکـرێ بەکتێـب و لـە جوغـزی پرسـیار و وەڵام بچێتـەدەر.

سـوپاس بـۆ خـوا ئـەو ئامانجـەش هاتەدیـی، هیواخـوازم بـۆ ئێـوەش سـوودی هەبێـت.

عەبدوستار مەجید

٢٠٢٠/٧/٤

# خەڵکی کوێم؟

**ئێمە خەڵکی گوندی "ئەشکەوت سەقا"ین[١]، کە سەر بە "ناحیەی دێگەڵە"یە، دێگەڵەش "ناحیەی شۆڕش"یان پێدەگوت، کە سەر بە "قەزای کۆیە"یە.**

**ساڵی ١٩٧٠، پاش بەیانی (١١)ی ئازار، لەدایك بوومە. باب و باپیرانم هەر خەڵکی ئەو گوندە بوون و سەر بەعەشیرەتی "گەردی"ن[٢]، بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریك بوونە، هەرچەندە ژیانیان سەخت بووە، بەڵام لەدەروونەوە ئاسوودە بوون، کە**

---

(١) ئەشکەوت سەقا، یا ئەشکەوسەقا، لە «هەنبانە بۆرینە»دا هاتووە:ئەشکەو واتە دەفری سواڵەت یا گڵینە، سەقا : واتە ئاوکێش، کە پێکەوە دەبێتە دەفری ئاوکێش، لەشێوەزاری بادینییدا «سەقا» بەمانای باری کەش و هەوا دێت. هەندێکیش دەڵێن «ئەشکەوت سەقا، کەگوایە ئەشکەوتێکی تێدابووە کە ئاویان لێوە هێنابێت، ئەگەر ئێستا ئەشکەوتێکی وا نەبێت بەو مانایە نییە کە نەبووبێت، بۆی هەیە کاتی خۆی هەبووبێت و وشکی کردبێت، لەڕاستیشدا هەندێ ئەشکەوتی هەیە کە تەنیا شوێنەواریان ماوە، باسی ئەشکەوتێك دەکرێت کە کەوتووەتە بناری شاخی «باوەجی»و ئاوی هەبووە و خەڵك سوودیان لێوەرگرتووە، بۆیە پێدەچێت ناوەکە لەوەوە هاتبێت.

(٢)ئەم عەشیرەتە بە یەکێك لەگەورەترینی عەشیرەتەکانی کوردستان لەقەڵەم دەدرێت، چونکە تائێستاش لەنێوان گۆمی وان و ورمێ و هەولێر و ئامەد و ماردین بوونیان هەیە، سەرەتا لەناوچەی «بۆتان»ی باکووری کوردستان ژیاون، دواتر کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی «شەمزینان»، بەهۆی ژیانی رەوەندیی و جەنگ و کوشتارەوە بڵاوبوونەتەوە بەپارچەکانی کوردستاندا، هەندێ دەڵێن ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشا «گۆرد»ی پێش هاتنی ئیسلام کە لەناوچەی شەمزینان دەسەڵاتدار بووە، کە بەتێپەڕینی کات ناوەکە گۆڕاوە بە گەردیی. ئەم بابەتە توێژینەوەی زانستیی و ئەکادیمیی پێویستە و ناتوانین لەپەراوێزێکدا مافی خۆی بدەینێ و ساغی بکەینەوە

منیش تۆزێکم لەبیر دێ. ژیانیان بەشێوەیەك سەخت بووە، بابم[١] بۆی دەگێڕامەوە، دەیگوت: زۆرجار دەچووینە "چیای باوەجی[٢]" بارەدارێکمان دەهێنا، پێش نانخواردن و زۆرجار پێش نوێژی بەیانی، دەیگووت ئەم بارەدارە لەسەر حسابی کاری ڕۆژێ نەبوو، یانی ئیشی ئەوان دروێنە و ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ و مەڕداریی و ئەو شتانە بووە.

ئەو گوندەی ئێمە لەلایەن حکومەتەوە سێ جار سوتێنراوە و خەڵکەکەشی ڕاگوێزراوەتەوە و بەناچاریی هاتوون بۆ شار، من لە شار لەدایك بووم. ئەو کاتانەی کە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کورد هەبووە، ئەو گوندە هەمیشە پشتیوانی پێشمەرگە و ڕێڕەوی چالاکییان بووە، لەودیوی گوندی و لەگوندەکانی کێشکە و سووسێ و دۆڵی سماقوڵی دەهاتن بۆ ئەم دیوەی دەشتی کۆیە بەگشتیی، جا ئەم گوندەمان (ئەشکەوت سەقا) یەکێك بوو لەگوندەکانی سەر ڕێ، زۆرجار پێشمەرگە لەوێ لایداوە و ماوەتەوە و نانیان خواردووە، جاری وا هەبووە لەولای دەربەندی گۆمەسپان، یان بەلای دێگەڵەوە کەمینیان داناوەتەوە و تەقەیان لەچەکدارانی ڕژێمی بەعس

---

(١) - باوکی ڕەحمەتییم مام حاجی مجید گەردی، پیاوێکی بەدین و ڕووڵەخوا و حەڵاڵ خۆر و بێ وەی و سەلامەت بوو، ڕۆژی ٢٠٢١/١/١٣ لە هەولێر دوای نەخۆشیەکی سەخت، کۆچی دوایی کرد، سوپاس بۆ خوا ئەوەندەی پێم کرا بەتایبەت ئەوکاتانەی نەخۆش بوو، لە خزمەتیدا بووم، خوای گەورە لێی خۆش بێ و جێگەی فیردەسی ئەعلا بێ.

(٢) چیای ( باواجی ) ئەو زنجیرە شاخەیە کە هەر لە دەربەندی گۆمەسپان هەتا پشتی کۆیە درێژ دەبێتەوە بەڵام لەهەر ناوچەیەك یان ئاستی هەر گوندێك ناوێکی خۆی هەیە بۆ بمونە لە ئاست ناحیەی دێگەڵە و ئەم لاو ئەولای پێ ی دەڵێن( کوڕەدێر)، لە ئاست گوندی ( ئەشکەوت سەقا ) زنجیرێك هەیە پێ ی دەڵێن( وەسمان کوژرای ) لەو لوتکە شاخە کوژراوە.

کـردووە، جـا بەزۆریـی لەبـەر ئـەم هۆکارانـە حکومـەت ئـەم گوندانـەی دەسـووتاند و ڕایدەگواسـتن، بۆیـە ئێمـە هاتینـە هەولێـر و لـە هەولێریـش لەدایـك بـووم، دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە تاڵـەش ئامـاژە پـێ بـدەم، لەشـەڕی ناوخـۆدا جارێکـی تـر ئـەو گونـدە بـووە گۆڕەپانـی جەنـگ و زیانـی زۆری بەرکـەوت.

# قوتابخانەکانم

چوونـە خوێندنیشـم بـەو شـێوەیە بـوو، پـاش ئـەوەی لـە سـاڵی "١٩٧٤" ئـاوارەی ئێـران بوویـن، دواتـر کەهاتینـەوە لەسـاڵی "١٩٧٥" منیـان نـاردە قوتابخانـە، بـەڵام وەریـان نەگرتـم، گوتیـان: گچکەیـە. منیـش دیـار بـوو گریابـووم و نارەحـەت بووبـووم، چونکـە خزمەکانیشـم هەمـوو چووبوونـە قوتابخانـە.

خاڵێکـم هەبـوو نـاوی "سـەرتیپ" بـوو، (بـە ڕەحمـەت بـێ) ئـەو دەسـتی گرتـم و گوتـی: چـۆن وەرت ناگـرن! بردمیـە قوتابخانـە، لـەوێ تۆزێـك خـۆی تورەکـرد و بردمیـە لای بەڕێوەبەرەکـە و بـەو شـێوەیە وەرگیـرام.

خوێندنـی سـەرەتاییم لـە قوتابخانـەی "سـێتاقان"و "بلێسـە" بـوو، دواتریـش ناوەندیـم لـە قوتابخانـەی "کیفـاح"ی گەڕەکـی برایەتـی تەواو کـرد[1]، پاشـان ئامادەییـم لـە "ئامادەیـی کوردسـتان" تـەواو کـرد، بـەڵام لـە ئامادەیـی کوردسـتان پۆلـی شەشـم تـەواو نەکـرد، چونکـە ئـەوکات بیرۆکـەی بوونـە پێشـمەرگە و چوونـە شـاخم بـۆ دروسـت بـوو، تاقـی کردنـەوەی سـەری سـاڵم نـەدا، هەرچەنـدە تاقـی کردنـەوەی نیـوەی ساڵیشـم دابـوو.

---

(١) ئێسـتا نـاوی ئـەو قوتابخانەیـە گـۆڕاوە بـە «خواکـورك»و نـاوی گەڕەکەکـەش بـووە بـە «خانـزاد».

# گۆڤاری (science in USSR)

کاتــی خــۆی زۆر گرنگیــم بــە خوێنــدن دەدا و پێیــەوە ســەرقاڵ بــووم، بۆیــەش تــا پۆلــی شەشــی ئامادەیــی لەهەمــوو قۆناغــەکان لەتاقیکردنــەوەکان دەبــووردرام، چونکــە دەمخوێنــد و حــەزم لەخوێنــدن بــوو، حەزیشــم لــە وەرزش بــوو، لەگــەڵ برادەرەکانــم یــاری فتبۆڵــمان دەکــرد.

لــەو قۆناغــەدا زۆر بابەتــی زانستیشــم دەخوێنــدەوە، برادەرێکــم هەبــوو نــاوی (دارا) بــوو، لــە پۆلەکانــی ئامادەیــی بەیەکــەوە بوویــن، وەکــو دواتــر بــۆم دەرکــەوت، ئــەو بنەماڵەیــە "شــیوعیی" بــوون، لــەدەرەوەی وڵات گۆڤارێکیــان بــۆ دەهــات، کــە لەســەری نووسرابــوو: (science in USSR)، واتــە: "زانســت لــە یەکێتــی کۆمــارە سۆسیالیســتییەکانی سۆڤیەتی" ئەوســەردەمە ئەگــەر قوتابــی تا ئاســتی ئامادەیــی بیخوێندبایــە، هــەم ئاســتی خوێندنــی بــەرز بوو،هــەم ئاســتە زانستیەکەشــی، لەڕووی زمانەوانیشــەوە زمانــی عەرەبــی بــاش دەبــوو، چونکــە زۆربــەی کتێبــەکان بەعەرەبــی دەخوێنــدران، ئینگلیزییەکەشــی بــاش بــوو، منیــش بــە پرســیار و فەرهەنگــی زمــان ئــەو گۆڤــارەم دەخوێنــدەوە، چونکــە گۆڤارەکــە بەئینگلیــزی بــوو، لــەو گۆڤــارەدا هەندێ وتــاری زانســتییم بەرچــاو دەکــەوت، کــە لەگەڵــی دەنــووسرا " دەڵێــن لــە قورئانەکــەی موســڵمانانیش ئەوەنــدە ســاڵ پێــش ئێســتا باســکراوە".

منیــش زۆرم پــێ ســەیر بــوو، کــە لەڕاســتییدا گەلــی ئێمــە لەئاســت تێگەیشــتنمان لــە قورئان نەك هــەر خەمســاردین، بەڵکو بەپێچەوانەشــەوە

پێناسـەی ئەرکەکـەی دەکەیـن، واتـە خەڵـك وا تێگەیشـتبوو قورئـان تەنیـا دەبـێ لەسـەر گۆڕسـتان و پرسـە و بـۆ ژنـی زەیسـتان بخوێنـدرێ و، لەسـەر ڕەفـەی مزگەوتـەکان دابنـرێ و تـۆزی لەسـەر بنیشـێ، ئەگـەر زۆریـش ڕێـزی لـێ بگیـرێ لەبەرگـی سـەوزەوە بپێچـرێ و خەڵـك لەدەسـت لێدانـی بترسـێنرێ، چ جـای ئـەوەی بیخوێنێتـەوە و لێـی ڕامێنـێ و لێـی تێبـگات و بیکاتـە بەرنامـەی ژیانـی خـۆی.

لـە ئامادەیـی کوردسـتان، ژوورێکـی لـێ بـوو، بچـووك بـوو، پێـم وابـوو کـۆگا بـوو بەشـێکیان کردبـووە شـوێنی نوێژکـردن، ژمـارەی قوتابیانیـش زۆر بـوون، بـەڵام هـەر "٥ - ٦" کەسـێك دەچوویـن نوێـژی بەکۆمەڵـمان دەکـرد.

ئـەو کات زیاتـر مارکسـییەت و، ڕەگەزپەرسـتیی و، سۆشـیالیزمی بەعـس بـاو بـوون و کاریگەرییـان هەبوو. هۆشـیاریی ئیسـلامییش زۆر لاواز بـوو، خەڵکـی زانـا و بانگخـواز کـەم بـوون و هۆشـیاریی ئاینیـی زۆر لاواز بـوو، ئـەوەش کـە هەبـوو نەیدەوێـرا بـاش باسـی ئیسـلام بـکات و ڕاسـتی بخاتـە ڕوو، چونکـە دەگیـرا و بەتۆمەتـی داتـاشراو لەزینـدان توونـد دەکـرا، یـا لەژێـر ئەشـکەنجەدا دەکـوژرا، یـا بڕیـاری لەسـێدارەدانی بـۆ دەدرا.

جـا کـە بابەتەکانـی ئـەو گۆڤـارەم دەخوێنـدەوە و ئـەو شـتانەم لـێ دەبینـی، منیـش تۆزێـك تێیـدا سەرسـام دەبـووم، کەچـۆن ئـەو قورئانـە لەپێـش نزیکـەی «١٤٠٠» سـاڵ پێـش ئێسـتا باسـی ئـەم بابەتانـەی کـردووە!!

# چۆن دەستم پێکرد

ڕۆژێـك بەدایکمـم گـوت: ئەگـەر زەحمـەت نەبـێ بزانـە قوڕئانێکـم بـۆ ناکـڕی، ئەویـش هـەر لەسـەر کەلتـووری عەشـایەری گوتـی: کـوڕم قوڕئـان ناکـڕدرێ، هەدیـە دەکـرێ، گوتـم: باشـە قوڕئانێکـم بـۆ بەدیـاری بێنـە.

ئەویـش گوتـی: ئاخـر دەبـێ هەمیشـە دەسـتنوێژت هەبـێ و نوێژەکانت بەڕێــك و پێکــی بکــەی، منیــش ئــەوکات نوێژەکانــم بــەو شــێوەیە نەبــوو، بۆیــە گوتــم: باشــە بەســەرچاو، لەدڵــی خۆمــەوە دەمویســت، لێکۆڵینەوەیــەك لەســەر قوڕئــان بکــەم، بەڵکــو بابەتێکــی زانســتی بدۆزمــەوە و منیــش داهێنانێکــی زانســتیی بکــەم، خــۆم نــاودار بکــەم و بڵێـم خەڵکینـە منیـش ئـەو بابەتـە زانسـتییەم دۆزیوەتـەوە، بەبـێ ئەوەی باسـی قوڕئـان یـان هیـچ سـەرچاوەیەکی دیکـە بکـەم، وامدەزانـی ئـەم قوڕئانـە هیـچ کـەس توێژینـەوەی لەسـەر نەکـردووە و بابەتـە زانسـتییە فـرە رەهەندەکانـی لـێ دەرنەهێنـاوە! هـەروا زۆر بـە سـادەیی چوومـە نـاو بابەتەکـەوە.

جـا دایکـم قوڕئانێکـی پـەڕ زەردی بـۆ هێنـام، کـە (عێراقی)یـان پـێ دەگـوت، منیـش لـەلای سـوڕەتە کورتـەکان (لە سـوڕەتی الناس) دەسـتم پـێ کـرد، هـەر خوێندنەوەیەکـی ئاسـایی دەمخوێنـدەوە، عەرەبییەکـەم خـراپ نەبـوو. تـا گەیشـتمە سـوڕەتی (الحدیـد)، ئـەو ئایەتـەی کەخـوای گـەورە دەفەرمـووێ: ”وَأَنزَلۡنَـا ٱلۡحَدِيـدَ فِيـهِ بَـأۡسٌ شَـدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ».

منیــش زۆر لێــی وردبوومــەوە، باشــە ئاســن چــۆن لــە ئاســمانەوە هاتۆتــە خــوارێ، هاتمــە ســەر ئــەوەی کــە ئــەوە بابەتێکــی زانســتی بــێ، دەزانیــن کــە ئاســن یەکێکــە لــە پێکهاتەکانــی زەوی، لــە خــاك، بــەڵام چــۆن لــە ئاســمانێ دابەزیــوە و هاتۆتــە خــوارێ!

گوتــم: ڕەنگــە ئــەوە بابەتێکــی بــاش بــێ و، باســی بکــەم و ڕاییگەیەنم کەمنیــش داهێنانێکــی زانســتیم کــردووە. دواتــر گوتــم: باهەندێــك نامیلکــە و کتیبــی تــر بخوێنمــەوە بزانــم ئــەو بابەتــە چۆنــە.

هەندێــك کتێبــم پەیــدا کــرد دەربــارەی بابەتــی زانســتیی و زانســتی قورئــان، بــۆ نمونــە ئــەوکات مامۆســتا شــاکر عەبدولجەبــار کتێبــی دەنووســی دەربــارەی بابەتــە زانســتیەکانی قورئــان، لەوانیــش کتێبــی «القــران و الکــون»ی هەبــوو، کتێبەکــەم کــڕی و خوێندمــەوە.

نووســەرێکی تــر کــە خەڵکــی نەجــەف بــوو، کتێبــی «القــران یفــك لغز الارض»، ئەویــش باســی هەندێــك بابەتــی زانســتی تێدابــوو، هەندێــك نامیلکــەی کورتیــش هەبــوون دەربــارەی ئــەو بابەتانــە.

جــا بەم شــێوەیە دەســتم پــێ کرد و بــۆ ئەوە چووبــووم، بــەڵام وردە وردە تێگەیشــتم کــە قورئــان بــۆ ئــەوە نەهاتــووە، ئــەوە وەزیفــەی قورئانیــش نیــە، ئــەوە ڕەنگــە بەشــێکی گچکــە بێــت لەزانســتەکان و لەپڕۆگرامــی قورئــان، کــە ئامــاژەی بەهەندێــك بابەتــی زانســتیی کــردووە، کەڕەنگــە هەندێکیشــی گۆڕانــی بەســەردا بێــت.

بــەو شــێوەیەی کەباســم کــرد، بــەو هــۆکارە لەبابەتــە جەوهەرییەکــە نزیــك بوومــەوە، هەندێــك برادەریشــم هەبــوون، کــە خەڵکــی هۆشــیار بــوون، بەتایبەتــی ئەوانــەی لەگــەڵ «مامۆســتا ئەمیــن پیــرداود» بــوون، مامۆســتا ئەمیــن پیاوێکــی شــارەزا بــوو لــە تەفســیری قورئــان، لــە مێــژوو، لەفەرمــوودە.

کاك «جەمیل حمدامین» بەیەکەوە قوتابی بووین هەر لە پۆلی (٢) ی سەرەتایی، تاوەکو (٦)ی ئامادەیی، کوڕێکی شارەزابوو، قورئانێکی زۆریشی لەبەر بوو، ئەو و هەندێك برادەری دیکەش، لە گەڕەکی خۆمان (گەڕەکی گڵکەند) ئەندازەیەك هۆشیارییان هەبوو سەبارەت بە دین، بەتایبەتی (مامۆستا مەلا موحەمەدی کونەفلوس)ەیی[1]، ئەو پیاوێکی شارەزا و دڵسۆز بوو، حکومەتی بەعس لەسێدارەی دا، بەهۆی وانەکانییەوە هاتووچۆی ئەویشم دەکرد، جار جار لەمزگەوتی «حاجی قەرەنی» دەرسمان لەلا دەخوێند، هەندێ جاریش لە ماڵی خۆیشی بەخزمەتی دەگەیشتین و باسی بابەتی ئیسلامیی بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کەباسی جەنگ و جیهاد و قوربانیدان و خزمەتی خەڵك و خاك و زۆر شتی دیکەی بۆ باس دەکردین، مەترسی بەعسمان لەسەربوو، هەرچەندە ئەوکات تا«١٩٨٨»زۆر لەسەر ئیسلامییەکان تووند نەبوو.

---

[1] مامۆستا مەلا محمدی کونە فلوسەی، زانایەکی گەورە و پیاوێکی خواناس و لەخواترس بوو، سەرپەرشتی ڕێکخراوەکانی هەولێر و موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری دەکرد و لە بابەتی چالاکییەکان وێرای پرس و ڕاوێژ پێکردن، فەتواشی لێ وەردەگیرا.لە ڕۆژی ١٩٩٠/٢/١٤ دەزگای ڕژێمی ئەمنی بەعس بەسەر ماڵی مامۆستا محمدی کونەفلوسەیی دا دەدەن و دەستگیری دەکەن و ڕەوانەی زیندانی ( ئەبوو غرێب )دەکرێ و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر سەخت سەرەنجام ئەو و قارەمان و شۆڕشگێری تر لە سێدارەدەدرێن و لە ١٩٩٠/١٢/٢٦ شەهید کراوە و تەرمەکەی وەردەگرێتەوە و لە هەولێر بە خاك دەسپێردێ.

# کرێکاریی و شوانیم کردووە

زۆرجـۆری کرێکاریـم کـردووە، کاری بلـۆك کێشـان، بەردەسـتیی وەسـتا، جـاری وا هەبـوو بلۆکـمان بۆسـەر دوو قـات و سـێ قـات سەردەخسـت، خزمێکـمان هەبـوو بەنـاوی "ئەکرەمـی مـام حاجـی خدری" کاری خەباتـەی دەکـرد، لەگـەڵ خـۆی دەبـردم، هەرچەنـدە ئـەو کات گچکـە بـووم، بـەڵام جەسـتەم تۆزێـك بەهێـز بـوو، خزمیـش بوویـن، خزمایەتیـش ڕۆڵـی دەبینـی، بۆیـە لەگـەڵ خۆیـان دەبـردم.

جـا باقسـەیەکی خۆشـی ئـەو کات بگێڕمـەوە: بێگومـان (خەباتـە) ئەگـەر بشـکێ لەسـەر ئیشـێ دەشـکێ، کاك ئەکـرەم - یـادی بەخێـر ئێسـتاش هەرمـاوە- جـاری وا هەبـوو کەخەباتـە دەشـکا، زۆر نارەحـەت دەبـوو، جنێـوی بەخـۆی و بەخەڵـك دەدا، دەیگـوت: پێـم ناخۆشـە خەباتـە لەسـەر ئیشـێ بشـکێ. ئەوانەشـی کـە لـەوێ بـوون، دەیانگـوت: کاك ئەکـرەم ئـێ خـۆ خەباتـە ئەگـەر بشـکێ هـەر لەسـەر ئیشـێ دەشـکێ.

جاروبـار شوانیشـم کـردووە، لـەو گونـدەی خۆمـان، بەتایبـەت هاوینـان، سـەرەتای هاوینێـك "مـام حاجـی عـەوڵا"ی مامـی بابـم ( خـوا لێیـان خـۆش بێـت) شـوانی نەبـوو بـۆ کار و بەرخـان، داوای لەبابـم کـرد منـی بـۆ بنێـرێ، تـا ئـەو چەنـد مانگـەی قوتابخانـە نیـە شـوانیی بـۆ بکـەم.

منیـش چـووم، بـۆ ئـەو دوو - سـێ مانگـە، کـە مـام حاجـی عـەوڵا مانگـێ دە (١٠) دینـاری سویسـڕی ئەوکاتـی دەدامـێ، پارەکـە زۆر نەبـوو، چونکـە کرێـی ڕۆژانـەی کرێـکاری ئـەو کات "٣-٩" دینـار بـوو،

مانگانـە یـا دوو-سـێ مانـگ جارێـك پێڵاوێکیشـی بـۆ دەکڕیـم، نـان خواردنیشـم لەماڵـی ئـەوان بـوو.

ئێوارەیەکیـان، کاروبەرخـم بردبوونـە نـاو پەرێـزی نـۆکان، جـا کاروبـەرخ نۆکـی زۆر پـێ خۆشـە و بـاش دەیخـۆن. بەرەبـەری ڕۆژئـاوا بـوو، منیـش تۆزێـك دانیشـتم و مانـدوو بـووم و پاڵـم بەگیشـە نۆکەکان داو خـەوم لـێ کـەوت، کـە هەسـتام دەبینـم کاروبـەرخ لایەکـی گیشـە نۆکیـان خـواردووە، منیـش دەنگـم نەکـرد، هەرچۆنێکـی بێـت تۆزێکـم چاککـردەوە و کار و بەرخەکانـم هێنانـەوە، "مـام حاجی"یـش وێـڕای ئـەوەی کەپیاوێکـی چـاك و قسـە خـۆش بـوو، بـەڵام زۆریـش بەدەنگـە دەنـگ و هـەرا بـوو، خەڵکـی گونـد بـە گشـتی ڕۆژانـە دەگەڕان بەسـەر کارەکانـی خۆیـان، مـام حاجیـش ڕۆژانـە دەگـەڕا بەسـەر بێسـتان و پەرێـزی نـۆکان و شـتەکانی خـۆی، دیـار بـوو سـوڕابوو جەولەیەکـی کردبـوو بینیبـووی کـە ئـەم گیشـە نۆکانـە خـوراوە، پێیـەوە دیـار بـوو. هاتـەوە، گوتـی: ئـەو نۆکانـە ئەتـو خواردووتـە؟ گوتـم: ناوەڵـڵا، کار و بـەرخ خواردوویەتـی. گوتـی: نـۆك هـەر نەمـاوە، ئـەوە چـۆن وا دەبـێ، دیاربـوو هـەر لەبەرخۆیـەوە دەیگـوت: ئەمـن مانگـی (١٠) دینـارم دەدایـێ، پێـڵاوم بۆدەکـردی و نانـت لەسـەر مـن بـوو، تـۆ ئـەو نۆکانـەت بـۆ هەمـوو خـوارد، ئـەو مەبەسـتی وابـوو دەبـێ ئـاگام لـە کار و بەرخان بـێ و لێیـان غافـڵ نەبـم، بـەڵام قسـەکەی وابـوو کـە مـن خواردوومـە.

جـا کـە ڕۆیشـتم و هاتمـەوە قوتابخانـە، زۆرجـار لـە مەجلیسـان هـەر بـۆ خۆشـی دەیگێـڕاوە، دەیگـوت: مانگـێ دە (١٠) دینـارم دەدایـێ و پێـڵاوم بـۆ دەکـرد و نانـم دەدایـێ، نۆکیشـی هەمـوو لـێ خـواردم.

# تیپی تۆپی پێ ی چوارچرا

لـە گەڕەکـی ئێمە دوو تیـپ هەبـوون، یەکێکیان بەنـاوی "ڕاپەڕین"و ئـەوی دیکـەش "سـەفین"، گچکـە بوویـن بەیەکـەوە یاریـمان دەکـرد، دوایـی کـە تۆزێکـی پێچـوو باشـتر بـووم، لـە قوتابخانـەش بـاش بـووم، دووجـار پلـەی یەکەمـمان بەدەسـتهێنا، چ لـە قوتابخانـەی "کیفـاح)" و چ لـە "ئامادەیـی کوردسـتان".

کاك فازیـل عەببـاس لـە تیپـی "چـوار چـرا" بـوو، کـە ئـەم تیپـە یەکێـك بـوو لـە تیپـە بەهێزەکانـی هەولێـر، ئـەو چەنـد جارێـك یـاری منـی بینـی بـوو، بۆیـە بانگهێشـتی کـردم و چوومـە تیپـی ئـەوان. کاك فازیـل عەببـاس یارێزانێکـی بەتوانـا بـوو، ماوەیـەك یاریزانـی یانـەی شـورتە (شرطـة) بـوو، دواتـر بـووە یاریزانـی هەڵبـژاردەی "ب"ی عێـراق، ئێسـتاش ڕاهێنەرێکـی بەتوانایـە، لـەوێ مامـەوە، چونکـە زۆر گرنگـی بـە یاریـزان دەدا. تـا چوومـە یانـەی "عـمال"- کـە "شـباب اربیل"یـان پـێ دەگـوت، لەکۆتاییشـدا ناویـان نووسـیم بـۆ یانـەی هەولێـر، بـەڵام نەچـووم و بوومـە پێشـمەرگە، ئێسـتاش ناوە نـاوە لەگـەڵ هاوتەمەنەکان و یاریزانـە دێرینـەکان دووگۆڵـی دەکەیـن.

# پەیوەندیی کردنم بە "بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان"یەوە

وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، من هەر لە ساڵی "١٩٨٦"ەوە ئەو بۆچوون و بڕوایەم بۆ درووست بوو، گەڕانەوە بۆ ڕێبازی ئیسلام و خزمەتکردنی و پابەندبوون پێیەوە، ڕێگەی ڕاست و دروستی ژیانە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەتایی و زۆر ئاسایی و ڕووکەش لێی تێگەیشتبووم.

ئەو کاتە هەموو خەڵك دەیانزانیی ڕژێمی بەعس، ڕژێمێکی ستەمکارە، ڕێگەی بەهیچ جۆرە بۆچوونێکی جیاواز نەدەدا، هەرکەسێکیش بۆچوون و بیروباوەڕێکی جیاوازی هەبوایە، چ لە قوتابخانە یا لەنێو گەڕەکەکان، کە موختاری هەبوو، یا چاودێری ئەمنی هەبوو، هەواڵگریی سەربازیی و مەدەنیی هەبوو، بە تۆمەتی ئامادەکراو دەستگیر دەکرا، لە کۆتاییدا ئەگەر لەژێر لێدان و ئەشکەنجەی سەختدا شتێکیان بەسەریدا ساغکردایەتەوە، ئەگەری بەهێز، لەناوبردنی بوو، یا بەندکرانی هەتا هەتایی.

ئەو ستەمانەی بەعس یەکێك لە هۆکارەکان بوو، کە من ببم بە پێشمەرگە، وێڕای ئەوەی کە وەکو باسمکرد، کە تەماشای قورئانم دەکرد، تەماشای هەندێ لەفەرموودەکانی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم)م دەکرد، ئەو مامۆستایانەی کە گیانێکی شۆڕشگێڕانە و جیهادییان هەبوو، وەکو مامۆستا مەلا موحەممەدی کونەفلوسەیی، زۆر کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەبوو.

وتارەکانی ئەو سەردەمەی مامۆستا "مەلا فەتاح"ی مزگەوتی ڕاستی - کە زۆرجار دەچووین بۆ ئەوێ - و وتارەکانی مامۆستا مەلا "عەبدولغەنی تاها" لە مزگەوتی " عەدالە"- کە هەندێ جاریش دەچووین بۆ ئەوێ - کاریگەرییان لەسەرمان دادەنا، بەو ئاڕاستەیەی کەخەڵکیان هاندەدا، بەهەڵوێستبن و پابەندبن بە ئیسلام و بەرگریی لە ئیسلام و گەلی چەوساوە بکەن و دژی زۆرداریی بن، ئەوانە کاریگەرییان هەبوو کە ئێمە پەیوەندی بەچالاکیی پێشمەرگایەتیی و بزووتنەوەی ئیسلامییەوە بکەین.

بەتایبەتیی هەندێ برادەریشم هەبوون، بۆ نمونە "شەهید مەلا عومەر"[1]، کە کاتی خۆی بەیەکەوە یارییمان دەکرد و ئەو لە تیپی "سمود" بوو لە هەولێر، شەهید "نەوزاد" و شەهید "هیوا" کە بەیەکەوە لە قوتابخانە بووین و لە یەك تیپیش یارییمان دەکرد، ئەویش هەر ڕژێمی بەعس لە سێدارەیدا، ئەوانە کە دەهاتنەوە یەکترمان دەبینیی، بەتایبەتی شەهید "هیوا" باسی بارودۆخی دەرەوە و پێشمەرگایەتیی بۆ دەکردین، ئێمە دەمانزانی کە شەهید "هیوا" پێشمەرگەیە، بەڵام بەشێوەیەك دەهاتەوە، کاوبۆیەکی لەبەردەکرد و عەینەکێکی تاریکی لەچاو دەکرد و، بە گەڕەك و شار و شوێنەکاندا دەگەڕا و لەچاوی پیاوانی بەعس ون دەبوو، زۆر کەس پێیاندەگوت کە نابێ کەمتەرخەم بی، چونکە خەڵکێك هەیە دەزانێ ئەو پێشمەرگەیە، بەڵام ئازایەتیی و نەترسان هەندێ جار مرۆڤ

---

[1] لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی پونگینە سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە لە ساڵی ١٩٨٧/٦/٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی کرد لە هێزی ( شافعی ) لە داستانی کۆڕێ لە ڕۆژی ١٩٩١/٤/١١ لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی ڕژێم شەهید بوو، بەڕاستی پیاوێکی مەند و ئازا و بەویقار بوو .

بەئاراستەی پێچەوانەدا دەبەن، بۆیە ناوبراو دەستگیرکرا و بەعس لەسێدارەی دا.

پێموایە ئەو بوێریی و ئازایەتیەی بەرامبەر بەعس بێ وێنە بوو، بەعس بەو هەموو هێز و ستەمەی کە زۆر کەسی زاڵەترەك دەکرد، کەچی پێشمەرگە دەهات و بەڕۆژی رووناك چالاکیی لەناوجەرگەی شاردا دەکرد و دووژمنی تووشی ترس و شڵەژان دەکرد ودەگەڕایەوە.

ڕاستە بەعس زۆر ستەمکار و زلهێز بوو، بەڵام پێشمەرگە زۆر ئازابوو، شەوان دەهاتن لە دەرگایان دەدا و باسی پێشمەرگایەتیی و بزوتنەوەی ئیسلامییان بۆ ئێمە دەکرد، باسی چالاکیەکانیان دەکرد و، خەڵکیان هاندەدا کەپەیوەندییان پێوە بکەن، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ هۆشیاربوونەوەی خەڵك و پەیوەندیی پێوەکردنیان.

# کێشەم لەگەڵ بەعس

دووجار تووشی کێشە بووم:

ڕووداوی یەکـەم: ڕۆژێکیـان لـە سـاڵی ١٩٨٧ برادەرێـك بەنـاوی "کامـەران شـوکر" - کەئێسـتا لەئاسایشـی کۆیـە فەرمانبـەرە- پێکـەوە لەقوتابخانـە بوویـن، هاوپۆل بوویـن لـە ئامادەیـی کوردسـتان، کەتـەواو بوویـن ئێـوارە پیاسـەیەکی نـاو بازاڕمـان کـرد بەجلـی قوتابخانـەوە و کتێبیشـمان پـێ بـوو، چووینـە نـاو بـازاڕی هەولێـرو "دەڵاڵخانـە"، پڕبـوو لـە پۆلیسـی سـەربازیی، داوای ناسـنامەیان لێکردیـن، ئێمـەش ناسـنامەمان پێنەبـوو، ئەگـەر هەڵـە نەبـم ناسـنامەیان لـێ وەرگرتبوویـن، چونکـە بەرلـەوەی ببینـە هـەژدە (١٨) سـاڵ، "دەفتـەر خیدمە"[1] یـان بـۆ دەردەهێنایـن .

ئێمـەش گوتمـان: ئێمـە قوتابیـن لـە "ئامادەیـی کوردسـتان"، دەتوانـن پەیوەنـدی بکـەن تادڵنیابـن کـە قوتابیـن.

گوتیـان: نەخێـر، یەکێکیـان گوێـی گرتـم و ڕایکێشـا، منیـش دەسـتم لابـرد، یەکسـەر زللەیەکـی لێـدام، منیـش ئـەو کتێبانـەی پێمبـوو، کـە بـە لاسـتیکێك بەسـترابوون و جانتامـان هەڵنەدەگـرت، لەتووڕەییـدا

---

[1] دەفتـەری خزمـەت ( دفـتر الخدمـە) : ئـەو بەڵگەنامەیـە بـوو، دەبـوو هـەر پیاوێکـی عێراقیـی لەتەمەنـی ١٨ سـاڵیدا، لەفەرمانگـەی سـەربازگیرییدا وەریگرتبایـە، بـۆ ئـەوەی حاڵەتـی روون بکاتـەوە، چونکـە هـەر عێراقیـەك دەبـوو لـەو تەمەنـەدا بچێتـە خزمەتـی سـەربازیی و دووسـاڵ زیاتـر سـەربازیی بـکات، مەگـەر بەهـۆی خوێندنـەوە سـەربازییەکەی دواخرایـە .

دام بە دەموچاویدا و لێیان بوو بە شەڕ، هەرچی پۆلیس (إنضباط) هەبوو لەوێ کۆبوونەوە و ئێمەیان برد بۆ مەرکەزێك، لەلای "سینەما حەمرا"، لەوێ بەندیان کردین، خەڵکی دیکەشیان زۆر هێنابووە ئەوێ، هەبوو ناوی هاتبۆوە بۆ سەربازیی و نەچووبوو، هەبوو لەسەربازی هەڵاتبوو، ئێمەیان لەگەڵ ئەوان تێکەڵکرد.

ئەفسەرێك هات ناوی ئەوانی دەنووسی و، ئۆتۆمبێلێکی سەربازییشیان ڕاگرتبوو، ئەو خەڵکەیان سوار دەکرد، جا کەناوی من و کاك کامەرانی نووسی، گوتی: لەکوێن؟ گوتم: لە ئامادەیی کوردستانین. گوتی: قوتابین؟ گوتم: بەلێ. گوتی: ئەی بۆ لێرەن. گوتم: نازانم، لەوانە بپرسە. کابرای ئەفسەر کورد بوو، بەڵام پۆلیسە سەربازییەکان عەرەب بوون. ئەوانیش زۆر بە مۆنی سەیری ئێمەیان دەکرد و چاوەڕێی بەندکردنی ئێمەبوون، کابرای ئەفسەر گوتی: لەولاوە ڕاوەستن، ئێمەش لەلایەك وەستاین، تا ئەوانیان بەڕێ کرد و دواتر بابای ئەفسەر هات و ئێمەی بەڕێکرد.

ڕاستە ڕووداوەکە زۆر گەورە نەبوو، بەڵام زۆر کاری تێکردم، چونکە ستەم کە مرۆڤ بە چاوی خۆی دەیبینێ و لەگەڵ خۆیدا دەکرێت، جیاوازە لەوەی دەیبیستێ و تەنانەت دژی ئەوانی تر دەیبینێت.

ڕووداوی دووەم: ئێمە پۆلی شەش (٦) بووین، ساڵی خوێندنی " ١٩٨٧-١٩٨٨ "، کەمێ پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگە، ساڵانە سەرەتای خوێندن، یاری قوتابخانەکان دەستی پێدەکرد، من لەو تیپەی ئامادەیی کوردستان کاپتن بووم، کۆتا یارییمان بوو لەگەڵ خانەی مامۆستایان (دار المعلمین)، کەمێك دواکەوتین، ئەوکات لە چوارڕیانی یاریگەکە پردێکی پەڕینەوەی لێ بوو، بەیانی زوو پێش

سـەعات هەشـت (٨) بـوو، چونکـە سـەعات هەشـت یارییەکـە دەسـتی پـێ دەکـرد، ئێمـەش دەمانویسـت بپەڕینـەوە ئەوبـەر بـۆ لای یاریـگا، پۆلیسـی هاتووچـۆ (مـرور) گوتـی: بگەڕێنـەوە. ئێمـەش دوو شـەقامان بڕی بـوو، جـا یاسـای ئەوکاتـی بەعـس (١٩٨٧)، لـەوەی ئێسـتا (٢٠١٩) ڕێکوپێکـتر بـوو، کـە ئـەوکات سـەیارە زۆریـش نەبـوو، دەبوایـە بەسـەر پـردا بپەڕیبایـەوە، بـەڵام ئێسـتا لەگـەڵ ئـەو قەرەباڵغیـە پـرد هەیـە و زۆرێـك لەخەڵـك بەسـەریدا ناپەڕنـەوە، زۆر شـوێن پێویسـتی پێیەتی،بـەڵام بـۆی دروسـت نەکـراوە و زیانـی گـەورەی گیانـی بەخەڵك دەکەوێـت.

پۆلیسـەکە گوتـی دەبـێ لەسـەر ئـەو پـردەوە بپەڕنـەوە، ئێمـەش گوتمـان: ناچیـن، بـوو بـە مشـتومڕمان، تـا بـوو بەشـەڕمان، ئەوکاتیـش لـەو چوارڕیانانـە هێـزی هاوبەشـی تێدابـوو، کەپێکهاتبـوو لـە هێـزی ئەمـن و هەواڵگریـی و پۆلیـس و پۆلیسـی سـەربازیی.

دەورەیـان دایـن و ئێمەیـان گـرت، چونکـە شـەڕمان کـرد و لێکمانـدا، بۆیـە ئەگـەر بیانبردبایـن سـزایەکی توندیـان دەدایـن، بۆیـە گوتـم: ئەمـن خزمـی "ڕائیـد کاکل"م[1]، لەگـەڵ ئـەو قسـەیەم کـرد ئـەوان هەڵوەسـتەیەکیان کـرد، ئەگـەر ئـەو قسـەیەم نەکردبـا خراپیـان بەسـەر دەهێنایـن.

گوتیـان: مـادام خزمـی ئـەوی، ئـەو بەرپرسـێکی گـەورەی حکومەتـە دەبـێ زیاتـر پابەنـدی یاسـا بـی و، ئـەو قسـانەیان کـرد و، بۆماوەیـەك

---

(١) ڕائیـد کاکل، بـەو نـاوە نـاسراو بـوو، پلـەی ( عقیـد ) بـوو، خاڵـی دایکـم بـوو پێـش ڕاپەڕینیـش لـە سـاڵی ١٩٨٩ کرایـە پارێـزگاری سـلێمانی و خەڵکەکەیـان پێیـان دەگـووت ( پاشـا ) وەك مـن بیسـتوومە خەڵکـی سـلێمانی لـێ ڕازی بوون وە لـە ڕاپەڕیـن خـۆی و دوو کـوڕ و دوو بـرازای لـە دائیـرەی ئەمـن کـوژران کـە ئێسـتا پێـی دەڵێـن ( ئەمنـە سـوورەکە ).

بەندیـــان کردیـــن، تـــا مامۆســـتای وەرزشـــمان هـــات، کاك (ســـەرتیپ) کـــە ئەویـــش یاریـــزان بـــوو بەوێـــدا تێپـــەڕی بـــوو، ئـــەو خەبـــەری ئـــەو شـــەڕەی ئێمـــەی بـــە مامۆســـتاکەمان گەیاندبـــوو، کـــە زانیبـــووی بووەتـــە شـــەڕمان و ئێمەیـــان دەســـت بەســـەرکردووە، مامۆســـتایەکەمان عـــەرەب بـــوو، پێموابـــێ دەســـتی لەگـــەڵ بەعـــس و موخابـــەرات تێکـــەڵ بـــوو، زۆر بـــێ منـــەت بـــوو لێیـــان، هەندێـــك قسەشـــی پـــێ گوتـــن، ئێمـــەی لـــە بەندکردنەکـــە دەرهێنـــا، یارییەکەشـــمان تۆزێـــك دواکـــەوت.

ئـــەو ڕۆژی هـــەر بۆخـــۆم بێتاقـــەت بـــووم، لەبـــەر ئـــەو فیکرانـــەی کـــە هەمبـــوون، ئـــەم ڕووداوەش کـــە ڕوویـــدا، زیاتـــر بێتاقەتـــی کـــردم، ئەگەرنـــا ئێمـــە تیپێکـــی بـــاش بوویـــن و زۆریـــش پشـــتیان بەمـــن دەبەســـت، بـــەڵام بەداخـــەوە بـــە ســـێ (٣) گـــۆڵ بەرامبـــەر دوو (٢) گـــۆڵ دۆڕایـــن بەتیپـــی خانـــەی مامۆســـتایان و پیرۆزیـــان بێـــت.

# ئەو نامەیەی بۆ ماڵەوەم جێهێشت

جاری وا هەبوو بۆ نوێژی هەینی دەچووین بۆ مزگەوتی عەدالە، ئەوكاتیش هۆكارەكانی گواستنەوە و هاتوچۆ كەم بوو، ماوەیەك بەپێیان دەڕۆیشتین، دواتر بە پاسێك دەچووینە بازاڕ، لەبازاڕیش سواری پاسێكی دیكە دەبووین و دەچووینە گەڕەكی عەدالە، واتە كەدەچووین دەبوایە بەیانی بەڕێ كەوتباین تا عەسریش نەدەهاتینەوە، كە لەوێ لەگەڵ شەهید «هیوا» ڕێككەوتین، تا ڕۆژی هەینی دەرچین بۆ شاخ و منیش ببمە پێشمەرگە، شەهید «هیوا» خۆی پێشمەرگە بوو، بەڵام بەدوای مندا هاتبوو.

نامەیەكم لەلای (عەبدوڵڵای حاجی ئیبراهیم)، بەجێهێشت، مام حاجی ئیبراهیم (بەڕەحمەت بێت) كە برای مامۆستا مەلا موحەممەدی كونەفلوسەیی بوو.

گوتم من دەچم و دەبمە پێشمەرگە، ئەگەر زەحمەت بكێشی ئەو نامەیە بگەیەنیە ماڵی باوكم، تا زۆر نەشڵەژێن و بزانن بوومەتە پێشمەرگە و بەدوامدا نەگەڕێن.

ئەوكات ماڵەوە قەبوڵیان نەدەكرد و گەنج نەیدەتوانی لە قسەی دایك و باوكی دەربچێ، بەڵام بۆ پێشمەرگایەتیی وا حاڵیی بووین، كە ئەوە ئەركێكی شەرعیی و واجبێكی ئیسلامییە و دەبێ جێبەجێ بكرێ، بۆیە پێویست بەڕەزامەندیی دایك و باوك ناكا، ئەگەر مۆڵەتیشیان نەدای، دەتوانی بەقسەیان نەكەی، كە ئەوەش حەقیقەتێكی شەرعیە لەئیسلامدا، بەڵام دەبێ بەشێوەیەكی گونجاو گفتوگۆیان لەگەڵ بكرێت.

ئــەوە بــوو لەگــەڵ شــەهید «هیــوا» ڕۆیشــتین، لەســەر شــەقامی (کۆیە-هەولێــر) ســواری جێبێــك بوویــن، لــەلای گونــدی (باقرێــن) ی نزیــك گوندەکــەی خۆمــان دابەزیــن، دۆڵــی ئارغــان هەیــە، کاتێــك کەدابەزیــن، کاکــی سایەق گوتــی: لێــرە دامەبــەزن، خــۆ ئاوەدانــی لــێ نیــە و ئــەو ناوچەیــە هەمــوو چــۆڵ کرابــوو، گوتمــان: ئێمــە دادەبەزیــن و کارمــان هەیــە و خەڵکــی ئــەو ناوچەیەیــن.

ئــەوە بــوو لــەو دۆڵــە دابەزیــن، کــە باریکــە ڕێیــەك بــوو دەچــووەوە دۆڵــی ســماقوڵی، بەوێــدا ســەرکەوتین و بــەرەو ســماقوڵی بەڕێکەوتیــن.

بــەڵام کاك «عەبدوڵــڵا» نامەکــەی نەبردبــوو، ترســابوو لــەوەی ئــەو گرفتــار بکــەن و تاوانبــاری بکــەن، ئــەو ڕۆژە تــا درەنگــی شــەو نامەکەی نەگەیاندبــوو، جــا ئەوکاتــی کــە شــەو داهاتبــا، کــەس لــەدەرێ نەدەمــا، خەڵــك هەمــووی لــە ماڵــێ بــوو، کــە مــن لــە بەیانییــەوە ڕۆیشــتبووم و نەگەڕابوومــەوە، ماڵــی باوکــم پرســیاریان کردبــوو لــە برادەرەکانــم، لــە خزمەکانــم، کەببــوە نیوەشــەو، چووبوونــە نەخۆشــخانەکان، پەیوەندییــان بــە فەرمانگــەی ئەمــن کردبــوو، گوتبوویــان: ئێمــە ئــەو کوڕەمــان بــزر بــووە، لەبــەر نەبوونــی هــەواڵ خزمــەکان کۆدەبنــەوە و لەماڵــی ئێمــە دەبێتــە پرســە.

کاك «عەبدوڵــڵا» درەنگانــی شــەو بەمنداڵێکــدا نامەکــەی ڕەوانــەی ماڵــی باوکــم کردبــوو، منداڵەکــە لــەدەرگای دابــوو، ویســتبووی نامەکــە فــڕێ بــدات و هەڵبێــت، بــەڵام بابــم لەپشــتی دەرگاوە دەبــێ، یەکســەر دەســتی گرتبــوو و پێــی ئاشــکرا کردبــوو کــە کــێ ئــەم نامەیــەی پێــداوە، جــا کــە ئەوانیــش چووبوونــە ســەر ماڵــی کاك عەبدوڵــڵا، لێیــان ببــووە کێشــە و ناکۆکیــی، گوتبوویــان عەبدوڵــڵا کوڕی ئێمــەی ڕەوانــە کردووە بــۆ دەرێ، خەتــای ئــەوە کــە بۆخــۆی نەدەچــوو بۆکــوڕی ئێمــەی ڕەوانــە

کـردووە، ئەوەتـا نامـەی داوەتـە ئـەو منداڵـە ئـەوە بـوو بـە کێشـەیەك، بـەڵام مامۆسـتا مـەلا موحەمـەد کونەفلوسـەیی، نێوەندگیریـی کردبـوون و کێشـەکەی بـە نەرمونیانـی چارەسـەر کردبـوو.

خزمەکانـم لەڕێـی ڕائیـد کاکل (کـە خاڵـی دایکمـە)، لەبـارەی منـەوە پرسـیاریان لـە دائیـرەی ئەمـن کردبـوو، ئـەوان یەکسـەر زانیبوویـان و گوتبوویـان کەبووەتـە پێشـمەرگە، نازانـم چۆنیـان زانیبـوو!!

جـا کـە ئێمـە ئاودیـو بوویـن بـۆ دۆڵـی سـماقولی، تراکتۆرێـك هـات، سـەیاقەکەی نازنـاوی «نـاسراو» بـوو، ئـەو پیـاوە بەڕەحمـەت بـێ نەمـاوە، پیاوێکـی زۆر سیاسـیی و تێگەیشـتوو بـوو. ئـەو پیـاوە شـەهید هیـوای دەناسـی و پێکـەوە لەیـەك بـارەگا بـوون، گوتـی: وەرن سـوار بـن، گوتـی: نـاوت چییـە؟ منیـش نـاوی خـۆم پـێ گـوت. گوتـی: ئـەو نـاوە نابـێ. گوتـم: بـۆ؟ گوتـی: دەبـێ ناوێکـی دیکـەت هەبـێ، دەبـێ ناوێکـی نهێنیـت هەبـێ، لـە داهاتـوو ئەگـەر کەسـێك تەسـلیم بـووەوە، نابـێ بتناسـنەوە و ببێتـە هـۆکاری گرفتاریـی خێـزان و خزمەکانـت، لەگـەڵ ئـەو چوومـە بـارەگای سـماقوڵی گرتـك.

پێموابـێ کەچووینـە ئـەوێ لەگـەڵ شـەهید جیهـاد - بەڕەحمـەت بێـت - گوتـی: بـا نـاوت «بازیـار» بـێ، سـەرەتا ئـەو ناوەیـان بـۆ دانـام، لـە خۆشەویسـتی مـن کوڕێکیـان بـوو ناویـان لێنـا «بازیـار»، دواتـر هەندێـك برادەرمـان هاتنـە بارەگاکـە، هەندێکیـان خۆیـان ڕانەگـرت و ئەنفالەکانـی بەسـەردا هـات، بەعـس هاتـەوە و پێشـمەرگەی هەڵبـڕی، پێـش ئـەوەی ئێمـە ئـەو ناوچانـە چـۆڵ بکەیـن، هەندێکیـان تەسـلیم بوونـەوە، پێدەچـوو هەندێـك نـاوی خەڵکیشـیان دابـێ. بۆیـە زۆربەمـان ناچـار بوویـن ناوەکانمـان بگۆڕیـن، ئەوکاتـە نـاوی «عبدالسـتار»م لـێ نـرا.

# سەرەتای پێشمەرگایەتیی

یەکەم بارەگا کەتووشی بووم، هێزی «شافیعی» بوو، « مامۆستا عبدالقادری برایەتیی و مامۆستا سەلمان « بەرپرسی ئەو هێزە بوون و «مامۆستا ئەمینی جیهاز» و «مامۆستا وریای خەتێ»ی لێبوون، کاك «موحەمەد هەولێری» یشی لێبوو، کە ئەوکاتە لە «مەلەکان» بوو.

ئەو هێزە سێ بارەگای هەبوو، بارەگایەکیان لە سماقولی بوو، یەکێکیشیان لە (شیرێ) بوو، ئەوی دیکەشیان لە سەروچاوەی مەلەکان بوو.

کەم بووین، هەمووی « ١٠-١٢ « کەسێکی لێبوو لە بارەگای سماقولی، من لەگەڵ کاك هیوا چووم، لەڕێگەی ڕێکخستنەوە نەچووم، ئاسان نەبوو کە تەزکیە بکرێی و ببیە پێشمەرگە بەبێ ناسین، چونکە هەمیشە بەعس خەڵکی جاسوسی دەناردە ناو پێشمەرگە، بەڵام من لەڕێگەی کاك هیوا چووم.

کۆتایی ساڵی «١٩٨٧» بوو، کە من ئەو کات گچکە بووم، کاك مەلا سەلمان و کاك مەلاعەبدولقادر و ئەوان، گوتبوویان: ئەوە زۆر گچکەیە، با لەو بارەگایە نەمێنێ، ئێرە ئاسانە بۆ تەسلیمبوونەوە، یان دایك و بابی بێن بیبەنەوە، چونکە خەڵك زۆر دەهات و کوڕەکانیان دەبردەوە، زۆر هەبوو کە دایك و بابی دەهات و دەگریان و دەپاڕانەوە، کوڕەکەش خۆی بۆ ڕانەدەگیرا و دڵی نەرم دەبوو، لەگەڵیان دەچووەوە، بۆیە منیان گواستەوە بۆ بارەگای مەلەکان.

لەبەر ئەو هۆکارە هەر « ٣ - ٤ « رۆژێ لەبارەگای سماقولی مامەوە، زوو منیان گواستەوە بارەگای مەلەکان، کاك موحەمەد هەولێری بەرپرسی ئەو بارەگایەبوو، لەگەڵ چەند کەسێك دەگەڕانەوە مەلەکان، منیان لەگەڵ خۆیان بردە مەلەکان، ئەوکات سەرما دەهات و بەفر دەباری.

لەمەلەکان تەنیا « ٦ - ٧ « کەس بووین، کەبریتیی بوون لە کاك « موحەمەد هەولێری « و «مام ناسر « و کاك « موحەمەدی برای مامۆستا حەسەن عەلی بۆسکێنی»و «مەلا سەعید» و « مەلا هێمن (مەلا هەمزەی سوسێ)» و کاك «بەختیار» و»کاك سەیاف» بوون.

# شەڕی شاخی دەرە شیر(١٩٨٨)

چەنـد مانگێـك لـە "مەلـەکان " مامـەوە، سـەرەتای چوونـم لـە وەرزی زسـتاندا بـوو، زۆر سـارد بـوو، بەفـر کەوتبـوو، ئیـش وکارێـك نەبـوو بەهـۆی سـەرما و بەفـری زۆرەوە، تەنیـا خەریکـی خوێندنـەوەی قورئـان و کتێبـی تـر بوویـن، جـار جاریـش دەچووینـە شـاخ بـۆ دار هێنـان بـۆ سـوتاندن و خـۆ گەرمکردنـەوە و پێداویسـتیی تـری بـارەگا، ئـەو سەرماوسـۆڵەیە تـا مانگـی ئـازار بـەردەوام بـوو، بەتایبەتیـی ئـەو سـاڵە ڕێـژەی بەفـر و بـاران زۆر زیاتـر بـوو لەسـاڵانی تـرو یەکێـك بـوو لـەو سـاڵانەی کـە بەنـداوی دوکان سـەرڕێژی کـرد.

لـە مانگـی ئـازاری ١٩٨٨دا حکومەتـی بەعـس هێرشـی بـۆ ناوچەکـە هێنـا، هێشـتا شـەڕی ئێـران و عێـراق بـەردەوام بـوو، کەسـوپای ڕژێـم خـۆی ئامـادە دەکـرد بـۆ ئەنفالـەکان، سـەرەتای شـەڕ لەدۆڵـی بالیسـان هەڵگیرسـا، ئێمـەش خۆمـان ئامادەکـرد و چوویـن، بەعـس هێرشـی هێنـا بۆسـەر بـارەگاکان، لـەوێ بارەگاکانـی "یەکێتیـی" لێبـوو، وابزانـم "حیزبـی شـیوعی"یش بارەگایەکـی لـە دۆڵـی سـماقوڵی هەبـوو، ئەگەرنـا ئەوانـی دیکـە بـەو شـێوەیە نەبـوون.

ئێمـەش چووینـە سـەر شـاخی دەرەشـێر، کـە بەسـەر لای "زێـوە"و "هەرتـەل"دا دەڕوانێـت، شـەڕ هەڵگیرسـا، ئێمـە لەسـەر لوتکـەی شـاخەکان بوویـن، بەفرێکـی زۆریـش باریـی بـوو، لەوێـوە و لەمەودایەکـی دوورەوە خەڵکێکـمان لەخـوارەوە بینی، هەسـتم کـرد ئەوان چەکـداری ڕژێـم بـن، مـن چەکێکـی "BKC "م پێبـوو، بەبرادەرەکانم

گـوت: ئەوانـەی دیـارن چەکـداری ڕژێمـن بـا تەقەیـان لـێ بکـەم، گوتیـان: نـا، ئەوانـە کاروانچیـن، گوتـم: ئـەوە شـوێنەکەیان سـەختە و بـە وڵاخ هاتـوون و کاروانچـی لـەوێ چیـی دەکـەن؟ بـا سـەرەتا تەقـەی ئاسـمانییان بەسـەردا بکـەم، ئەگـەر چەکـدار بـن، وەڵامـی تەقـەکان دەدەنـەوە، کاروانچییـش بـن بـڵاوەی لـێ دەکـەن.

ڕسـتە "BKC"یەکـم بەسـەریاندا تەقانـد، ئەوانیـش کردیانـە تەقـە، دەرکـەوت چەکـداری ڕژێمـن، مـن گچکـە بـووم، ئـەوە یەکـەم شـەڕی چەکداریـی بـوو کەتووشـی بـووم.

بـوو بەشـەڕ، ئەوانیـش هێرشـیان هێنـا، لەخـوارەوە چیـای "مۆتـە"ی لێبـوو، لـەوێ شـەڕ زۆر گـەرم بـوو، کاك "مـەلا هێمـن "(مـەلا هەمـزەی سوسـێ)ی لێبـوو، کەپیاوێکـی زۆر ئـاواز و دلێـر بـوو، شـەڕێکی زۆر قارەمانانـەی کـرد.

# ویزە ویزی گوللە

شـەڕ زۆر گـەرم بـوو، منیـش سـەرەتای چوونـە نـاو شـەڕم بـوو، شـارەزاییەکی وام نەبـوو، جـاری وا هەبـوو کـە فیشـەك گیـزەی دەهـات لەبـن گوێـم، ئینجـا خـۆم لادەدا و خـۆم دەخسـتە پەنـا بەردێـك، کاك موحەمـەدی بـرای مامۆسـتا حەسـەن عەلـی بۆسـکێن پێدەکەنـی، گوتـم: بەچـی پـێ دەکەنـی؟ گوتـی: تـۆ، ئـەو کاتـەی فیشـەکەکە دەڕوا، خـۆت دەشـارییەوە و خـۆت لادەدەی، خـۆ ئەگـەر پێـت کەوتبـا، ئـەوا کاری خـۆی دەکـرد، بۆیـە پێـش فیشـەکەکان، وەرە پەنـا بەردێـك، منیـش نەمدەزانـی خـۆم بشـارمەوە و خـۆم پەنـا بـدەم.

# دەمەقاڵەی من و چەکدارانی یەکێتی

لەوێ لەگەڵ هەندێ پێشمەرگەی یەکێتیی تێکگیراین، ئەوان کە شەڕ گەرم بوو، داوای "BKC"یەکەیان لەمن کرد، گوتیان: ئەو "BKC"یەمان بدەرێ، گوتم: کاکە منیش وەکو ئێوە لەشەڕەکەدام و وا تەقەی پێ دەکەم، پێموابوو منیان پێ گچکە بوو، ئەوە یەکەمجاریش بوو شەڕ ببینم و ئەزموونم نەبوو، بۆیە گوتم: نایدەم، ویستیان بەزۆر "BKC"یەکەم لێ بستێنن. منیش ناچار لوولەی "BKC"ەکەم تێکردن و گوتم: یەك هەنگاو بێنە پێشەوە دەتانکەمە(سەرەد و بێژینگ) [1]، وا دەبینن شەڕی پێ دەکەم، ئەوە بەدبەختی کوردبوو، دەیانبینیی وا هێزەکانی بەعس هێرشمان دەکەنە سەر و منیش شەڕ بە "BKC"یەکە دەکەم، کەچی ئەوان خەریك بوو بیکەنە شەڕێکی خوێناویی گەورە و لەوێش بۆ جارێکی تر دەستیان بەخوێنی کورد سوور بکەنەوە، ئەوێ رۆژێ هێزەکانی یەکێتیی غروریان زۆر بوو، خۆیان بەکوێخای هەموان دەزانیی.

شەڕ تەواو بوو، هێزەکانی دووژمن تێکشکان و نەیانتوانی سەرکەون و لەدوو سێ قۆڵ بەشپرزەیی پاشەکشەیان کرد، لەقۆڵی ئێمەوە و لەخواری شیرێ شکا، بە سەروچاویانەوە دیاربوو ئەو برادەرانەی یەکێتی رووداوەکەیان لەسەر دڵ قورس بوو، بۆیە

---

[1] سەرەد و بێژینگ: ئەو دوانە بۆ لە بێژینگ دانی گەنم و ساوار و نیسك بەکاردێن، سەرەد کونەکانی درشتترە، هەرچی بێژینگە کونەکانی وردترە، بۆیە کوردەواری هەندێ جار دەڵێ: بەری ڕۆژێ بە بێژینگ ناگیرێ.

ڕۆژێکـی تـر هاتنـەوە سـەر بارەگاکەمـان لـە مەلـەکان، منیـش لـە ژووریَ بـووم، دیـار بـوو لـە پشـتی بـارەگا بـوو بـە دەنگـە دەنـگ و غەڵبـە غەڵـب، "کاك موحەمـەد هەولێـری" و "مـام ناسـڕ"و ئـەوان چووبـوون، منیـش لـە ژوورەوە دەسـتمدایە تفەنـگ و ویسـتم بچـم، ئەوانیـش لێنەگـەڕان، چونکـە دەیانزانـی بابەتەکـە پەیوەندیـی بەمنـەوە هەیـە، نەیاندەویسـت چاویـان بەمـن بکـەویَ، تـا بابەتەکـە گەورەتـر نەبـێ، زۆر هەوڵمـدا بچـم، بـەڵام نەیانهێشـت و بـۆ خۆیـان کێشـەکەیان چارەسـەر کـرد.

دیـار بـوو ئـەو برادەرانـە بەبـڕوای خۆیـان بـۆ ئـەوە هاتبـوون، مـن قۆڵبەسـت بکـەن و بەحسـابی خۆیـان تۆڵـەی ئـەو لاسارییەم لێبکەنەوە، ئـەوان دەیانگـوت: ئـەوە ویسـتوویەتی بمانکـوژێ، داوای "BKC"یـمان لـێ کـردووە، ئەویـش کاردانـەوەی زۆر تونـد بـووە بەرانبەرمـان، منیـش گوتـم: ئـێ خـۆ ئێمـەش بـە "BKC"ەکـە شـەڕمان کـردووە، خـۆ هەڵنەهاتوویـن.

لەڕاسـتییدا لەبـەر ئـەوەی گچکـە بـووم و خوێـن گـەرم بـووم، نەدەترسـام و نەمدەزانـی بترسـم، ئەوانیـش ئەوەیـان زۆر پێناخـۆش بـوو، کـە "BKC"ییـان لـێ بەرزکرابـووەوە، کـەس پێشـتر ئـاوای پێنەگوتبـوون، هەرکەسـیان کوشـتبێ و یەخـەی هەرکەسـیان گرتبـێ، بۆیـان چووبـووە سـەر، بـەڵام سـوپاس بۆخـوا کۆتایـی پـێ هـات، چونکە ئێمـەش پێـمان خـۆش نەبـوو لەگـەڵ ئـەوان ببێتـە شـەڕو کێشـە و لەکاتـی رووبەڕووبوونـەوەی بەعـس و دووژمنـی گەلەکەمانـدا خوێنـی کـورد بەدەسـتی کـورد بـڕژێ.

# بەزمی هێستره شێتەکە

لـەوێ لـە سـەروچاوەی مەلەکـەکان هێسـترێکمان هەبـوو، پێیـان دەگـوت: هێسـتره شـێتەکە، جـار جـار لێـمان بـەڕەڵا دەبـوو، بەکـەس نەدەگیرایـەوە، منیـش گچکـە بـووم و تۆزێـك بەجووڵـە و لـە ڕۆیشـتن ئـازا بـووم، بۆیـە کـە بـەڕەڵا دەبـوو، منیـان دەنـارد بـۆ گرتنـەوە و هێنانـــەوەی.

ماوەیـەك دوای ڕاپەڕیـن، وابزانـم سـاڵی "١٩٩٦" بـوو، ڕۆژێـك یەکێـك هاتـە مەڵبەنـدی هەولێـر، گوتـی: مـەلا هێمنـی سوسـێ سـەلامی لـێ دەکـردی و گوتـی: ئـەوە بـۆ فـڵان کـەس ئـاوا لەخۆبایـی بـووە و خـۆی پـێ گەورەیـە، هیـچ نەبـێ هـەر سـەردانێکمان بـکات، مەگـەر هەر ئـەو نەبـوو کاتـی خـۆی لـە بـارەگای مەلـەکان هێسـتره شـێتەکەمان تەنیـا بـەو دەگرتـەوە، منیـش گوتـم: بەڵـێ هـەوم.

کابـرا ڕۆیشـت، منیـش ڕۆژێـك لەگـەڵ چەنـد برایەکـی مەڵبەنـد، چوومـە ماڵـی کاك مـەلا هێمـن لـە بەسـتۆڕە، لـە دەرگامانـدا، یەکێـك لـە کوڕەکانـی - نازانـم کاك "مەهـدی" بـوو یـان کاك "حەمـدی" بـوو- دەرگای کـردەوە، گوتـی: فەرمـوو، گوتـم: بابـت لەوێیـە؟ گوتـی: بڵێـم کێیـە؟ گوتـم: بڵـێ ئـەو بـرادەرەی کـە کاتـی خـۆی لـە مەلەکان، هێسـتره شـێتەکەتان پـێ دەهێنایـەوە، ئێسـتا لەبـەر دەرگایـە، مـەلا هێمـن هاتـە دەرەوە و باوەشـمان بەیەکـدا کـرد و، گوتـی خۆشـمدەوێیی و غەریبیـم کـردی، نەمدەزانـی چـۆن بتبینـم، بۆیـە ئـاوام گوتبـوو، پێـم خۆشـبوو هەسـتت بجوڵێنـم سـەردانم بکەیـت.

# تفەنگ خاوێن کردنەوە

گێڕانـەوەی بیرەوەریـی تەنیـا چیرۆکـی ژیـان نییـە، بەڵکـو دەبـێ پەنـد و وانـەی لێوەربگریـن، بـۆ ئـەوەی بیکەینـە چـرای ڕێنمایـی بـۆ داهاتـوو، مەخابـن زۆربـەی ڕووداوە دڵتەزێنـەکان - چ گـەورە بـن چ گچکـە - هۆکارەکـەی ئەوەیـە کاراکتەرەکانـی ئێسـتا یـا داهاتوو، سـوود لـە وانەکانـی رابـردوو وەرناگـرن.

ئـەو سـەردەمەی پێشـمەرگایەتیی زۆر سـەخت بـوو، کاتـێ یەکێکمان دەیویسـت خـۆی یـا جـل و بەرگەکانـی بشـوات،کارێکی ئاسـان نەبـوو، دەبوایـە تـەواو بچینـە خوارێ،کـە لـە بـارەگای سـەروچاوەی مەلـەکان بـووم بەتەنەکـە لەسـەر ڕووبـار ئـاو بهێنیـن و دواتـر لەبەرهەیوانـی بـارەگا بـە ئاگـری دار گەرمـی بکەیـن، چونکـە دونیـا هەمـوو بەفـر و سـەرما و سـۆڵە بـوو، ڕۆژێکیـان مـن بـەو شـێوەیە لەبـەر هەیوانەکـە ئـاوم گـەرم دەکـرد چونکـە بەفرێکـی زۆر کەوتبـوو، برادەرێکیشـمان (کاك ڕێبـوار) لەبـەر دەرگای بارەگاکـە تفەنگەکـەی خاوێـن دەکـردەوە، منیـش پێمگـوت ئـەو تفەنگـە لێـرە خاوێـن مەکـەوە، ئێـرە شـوێنی خاوێنکردنـەوەی تفەنـگ نییـە، گوتـی ئاسـاییە و شـتێکی ئەوتـۆ نییـە، منیـش ئاگرەکـەم هەڵگیرسـاندبوو، تەنەکەکـەم لەسـەر ئاگرەکـە دانـا و سـەرم تـەواو نـزم کردبـووەوە، لەگـەڵ سـەر بەرزکردنـەوەدا، لەنـاکاو فیشـەکێك تەقیـی و وەنێـو لاقـم کـەوت، ئەگـەر ئـەو چەنـد سـانتیمەترە سـەرم بـەرز نەکردایەتـەوە قەپاغـی سـەری هەڵدەگرتـم.

لەڕاستییدا ئەو گەلانەی کە لەقۆناغێکدا ناچار دەبن خەباتی چەکداریی بکەن - ئەگەر زۆر کورت و سەرەتاییش بێت - پێویستە خولی تایبەتی ئەو چەکانە فێری چەکدارەکانیان بکەن بۆ ئەوەی بزانن چۆن بەکاری دەهێنن و فێری دیسپلینی سەربازیی ببن، مەخابن ئەو بابەتە لەنێو شۆڕشی درێژخایەنی گەلەکەماندا زۆر کەم بووە، بۆیە هەمیشە چیرۆکی دڵتەزێنمان بەردەوام دووبارە بوونەتەوە، جا ئەو رووداوە ئەو زەنگە بوو، کەتائێستاشی لەگەڵدابێت کاتێ دەبینم کەسێ چەکەکەی پاك دەکاتەوە، یا دەمانچەکەی لەبەردەستی کەسانی تردا جێدەهێڵێت، یەکسەر ترسی ئەوە دامدەگرێ کە منداڵێك یا کەسێکی ناشارەزا دەسکاریی دەکات و بەدەرچوونی فیشەکێك تراژیدیایەك دەخوڵقێنێت، وەك زۆر جار لە کوردەواری ڕویداوە.

# گواسترامەوە بارەگای سماقوڵی

دوای ئـەو شـەڕەی مانگـی ئـازاری ١٩٨٨، شـاخی دەرە شـیر بەرپرسـانی هێـزی شـافیعی منیـان گواسـتەوە بـۆ بـارەگای سـماقوڵی، گوتیـان: تـۆ بـڕۆ سـماقوڵی، لـەوێ کاریـان پێتـە، کەچوومـە ئـەوێ ئیش و کار فراوانـتر بـوو، ناوچەکـەی سنووردار نەبـوو، مەفرەزەمـان دەکـرد، دەهاتینـە سـەر ڕێگـەی سـەرەکیی "هەولێـر - کۆیـە "و ئۆتۆمبێلـمان ڕادەگـرت، پێناسـمان لەخەڵـک وەردەگـرت، بـۆ دەسـتگیرکردنی ئەوانـەی سـەر بـە ڕژێـم بـوون و هەروەهـا گەیاندنی پەیامـی خۆشـمان بەجەماوەر.

دەهاتینـە نـاو شـار بـۆ کاروچالاکیـی، بـۆ بینینـی ڕێکخسـتنەکان، دەچووینـە ناوچەکانـی دەوروبەرمـان: حوجـران و کـۆڕێ و چوارقوڕنـە و سـەروچاوە و دەشـتی کۆیـە و هەمیشـە بـە ڕێگاوەبوویـن.

# چالاکییەکانی ناو شار

ئێمە چەند جارێك دابەزین بۆ ناو شار، ئەوکاتە یەکێك لە دیاردەکانی ناسینەوە و شوناسی هێزێکی شۆڕشگێڕی شاخ، ئەوەبوو کە تاچەندە دەتوانێ چالاکیی لەناو شاردا ئەنجام بدات، بۆیە بۆ لێدانی هێزەکانی بەعس چەند جارێك هاتینە ناو شار، هەندێ جاریش بۆ بینینی ڕێکخستنەکانی خۆمان بوو، ڕەنگە نەکرێ هەموو شتێك باس بکەم، جاری وا هەبووە لەخەڵکی بەعسییهانداوە، ئۆتۆمبێلهان لێسەندووە و خۆی و ئۆتۆمبیلەکەمان بردووە بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

یەکێتیی ئەو کاتە ناودارbوو بەو جۆرە چالاکیانە، سەبارەت بە ئێمەش پرسیار لە سەرکردەکانی یەکێتی بکەن، کە ئایا مەفرەزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی - بەرانبەر چەکدارانی بەعس- چەندە چالاکیان هەبووە لەناو شار، دڵنیام بەویژدانەکانیان ناتوانن پێچەوانەی ڕاستییەکان شاهێدی بدەن، بەتایبەتی: چالاکییەکانی شەهید جیهاد، شەهید نەوزاد، شەهید هیوا، منیش زۆرجار لەگەڵیاندا بووم، ئەوانە لاپەڕەی پرشنگداری ئەو قۆناغەن.

# پێوەرەکانی چالاکیی ناو شار

ئـەو لێدانانـە دەبوایـە لـە دوو لایەنـەوە پەسـەند کرابـان، یەکێکیـان لەڕێکخسـتنەکانەوە، واتـە: دیـاری کردنـی ئـەو کەسـانەی کـە زۆر خراپـن بەرانبـەر بەخەڵـك و کاری هەواڵگریـی و سیخووڕییان دەکـرد و ماڵـە پێشـمەرگەکانیان ئـازار دەدا و ناویـان دەدانـە دەزگاکانـی بەعـس و دەسـتیان هەبـوو لـە کوشـتنی پێشـمەرگەدا، بەهـۆی ئـەو خراپەکارانەوە، هەنـدێ خەڵکـمان شـەهید کـران، وەکـو: شـەهید "حاجـی مونـەوەر"و شـەهید "دکتـۆر خالـس"و حاجـی حـازم و شـەهید "کرێـکار"[1]، ئەوانـە خـۆ هـەر لەنـاو شـار بـوون، بـەڵام ناویـان دەدراو ڕژێـم دەسـتگیری دەکـردن و لـەدوای ئەشـکەنجەی زۆر، لـە سـێدارەی دەدان.

لایەنـی دووەمیـش دەبوایـە لـەڕووی شـەرعییەوە فەتـوا وەرگیرایـە، بـۆ ئـەوە هەتـا ئەو کاتـەی مامۆسـتا "مەلا موحەمـەدی کونەفلووسـەیی" مابـوو، یەکێـك بـوو لـەو زانایانـەی فەتـوای لـێ وەردەگیـرا، پـاش ئەویـش مامۆسـتایانی دیکەمـان هەبـوون، دەبوایـە فەتوایـان دابایـە، کەئایـا ئـەوکار و چالاکییـە دروسـتە یانـا؟ ئێمـەش ئـەوەی لەدەسـتمان هاتبـا و پێـمان کرابایـە دەمانکـرد، بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئـەو ڕێـکار و هەنگاوانـە هەنـدێ سـەرنجی خۆمـم هەبـوو.

---

[1] ئـەم برابەڕێزانەمـان مامۆسـتا محمـد کونەفلوسـەیی و دکتـۆر خالـص محمـد و عبدالصمد(هیـوا)و حاجـی حـازم و ئەنـوەر حیـدەر و عبداللـە گارق و محمـد صالـح، لـە ١٩٩٠/١٢/٢٦ لـە زیندانـی ( ئەبـو غرێـب ) لەسـێدارەدران.

# بەگژداچوونەوەی بەعس لەناوشار

چەند جارێك ئێمە دابەزینە ناوشار، ڕۆژێکیان لە هەولێر لە کابرایەکی بەعسماندا، دوای ئەوەی ڕێکخستنەکان پەسندیان کردبوو، من و شەهید جیهاد بووین و برایانی ڕێکخستنیش ماڵەکەیان نیشاندابین، لەگەڵمان بوون، بەڵام لە دوورەوە چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد.

ئۆتۆمبێلی کابرای بەعسییمان هێنا، هاتینە چوارڕیانی کۆیە، ئەوکاتیش "ترافیك لایت" هەبوو، هێزی هاوبەش لەهەموو سەر شەقامێك هەبوو، لەدوای تەقەکە هێزی فریاکەوتن (نجدە)و هێزی هاوبەش هەموو ئامادەییان وەرگرت، ئێمەش هاتینە چوارڕانی کۆیە، ترافیکەکە سوور بوو، نەمانتوانی بڕۆین، لەو کاتەدا کاك جیهاد ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕیی، بۆیە بە کاك (جیهاد)م گوت: مەوەستە و بڕۆ، لەوێ سەیارەیەکی "مستەربۆشیی" و "سۆپەر"ێك ڕاوەستابوون، کەلێنێك هەبوو، بەڵام تەسك بوو، گوتی: دەرناچین، گوتم: با دەردەچێ.

خۆی تێکرد و ڕۆیی، بەڵام خۆی لەئۆتۆمبێلەکان خشاند. کەخۆمان لەوانە خشاند، ئەو دوو ئۆتۆمبێلە دوامان کەوتن، ئێمە کێشەمان ئەو دوو ئۆتۆمبێلە نەبوو، بابەتەکە ئەوە بوو بەعس بەدوامانەوە بوو، بەهۆی ئەوانەوە زیاتر ئاشکرا دەبووین، ڕۆیشتین تا گەشتینە لای مزگەوتی حاجی قەرەنی، ئەو کاتە شەقامەکە گڵ بوو، ئەو دوو ئۆتۆمبێلەش هەر بەدوامانەوە بوون، کلاشینکۆفێکم

لەنــاو تەلیســێکدا دانابــوو، گوتــم: ڕاوەســتە دوو-ســێ تەقەیــان بەسـەردا دەکەیـن و لەکۆڵـمان دەبنـەوە، چونکـە ئەوانـە وادەکـەن بەعـس بمانبیننـەوە و پێـمان بزانـن، لـە مەترسـیی بەعـس دەرچووبوویـن کـە بزانــێ لەکوێــوە و بــەرەو کــوێ دەرچوویــن.

چەکەکـەم دەرهێنـاو ویسـتم تەقـە بکـەم، ئـەوان ڕاوەسـتان، گوتـم: بابڕۆیــن چــی دیکــە بەدوامانــدا نایــەن، واشــبوو چیدیکــە بەدوامانــدا نەهاتــن، تائێســتاش بەهیــوام ئەگــەر ئــەو دوو کەســە لەژیانــدا مابــن، خۆیــان ئاشــکرا بکــەن تــا گەردەنــی خۆمانیــان پــێ ئــازا بکەیــن.

کاك شـەهید جیهـاد کاتـی خـۆی پێـش پێشـمەرگەیەتی ماڵیـان لەلای "کونەگـورگ" و "دارەتـوو" بـوو، شـۆفێری شـۆفەڵ بـوو، لـە ڕێگاکانـدا کاری کردبـوو، هەمـوو ڕێگاکانـی پێدەزانـی، چووینـەوە دارەتوو، پشـتی کەسـنەزان، بازگەیـەك لـەلای نەخۆشـخانەی ڕزگاری هەبـوو ئەومـان تێپەڕانــد، بــەڵام بازگــەی "دەربەنــدی گۆمەســپان" هیــچ چارەیەکــمان نەبـوو، هـەر دەبوایـە پێیـدا تێپەڕیـن.

گەیشــتینە بازگەکــە، لــەوێ ڕایانگرتیــن، ئێمــە گوتمــان لەوانەیــە بەعـس هەواڵـی پێدابـن و پێیـان زانیبیـن، یەکێکیـان کـورد بـوو، هاتـە نزیکــەوە و ســەری نــزم کــردەوە و گوتــی: لوقــمان، کاك "جیهاد"یــش نــاوی ئەســڵی خــۆی "لوقمان"بــوو. گوتــی: ئــەوە تــۆی؟ گوتــی: بەڵــێ، گوتــی: چــی دەکــەی لێــرە؟ کاك "جیهاد"یــش گوتــی: تەســلیم بوویمــەوە، گوتــی: بەڕاســت؟ کاك جیهادیــش بــۆ ئــەوەی قســەکان درێــژە نەکێشــێ و نەبێتــە پرســیار و وەڵام، گوتــی: کارت نیــە؟ یەکســەر ڕۆیشــتین و ئۆتۆمبێلەکەمــان بــرد.

بۆیـە لەئێسـتادا سـتەمێکی گـەورەیـە، ئەگـەر باسـی چالاکییەکانـی بزووتنـەوەی ئیسـلامیی نەکـرێ، هـەر لـە چالاکییەکانـی نـاو شـارەوە

تـا شـەڕەکانی شـاخ و قارەمانێتییەکانـی نـاو زیندانەکانـی بەعـس، کەبیسـتوومە لـە کەسـانی هاوزیندانیـی کەسـێکی وەکـو شـەهید "موحەمـەدی حاجـی مەحمـوود" لـە ئەمنـی سـلێمانیی، کـە بـۆ خۆیـان بیرکردنـەوە و فیکـری جیاوازیـان هەبـووە، بـەڵام سـەرچاوەی ئیلهـام و خۆڕاگریـی بـووە بـۆ بەرزکردنـەوەی ورەی هەمـوو زیندانیـەکان بەجیاوازیـی بیروبۆچوونەکانیـان، ئـەو قارەمانـە بەئەندازەیـەك ئەشـکەنجەیان دابـوو، هاوڕێکانـی دەیانـبردە تەوالێـت، چونکـە دەسـت و مەچەکـی هێزیـان تێـدا نەمابـوو، هـەر جـارەی دەیانـبردە ژووری لێکۆڵینـەوە بەئەندازەیـەك ئەشـکەنجەیان دەدا کـە لەهۆشـی خـۆی دەچـوو، بـەڵام ئـەوەی کە ئـەو بـە بەعسـییە ئەشـکەنجەدەرەکانی دەکرد، بـا بـەدەواری شـڕی نەکـردووە، چونکـە بـەردەوام وەکـو ئـەوەی کـە ئـەو بەعسـییەکانی زیندانیـی کردبێـت، قسـەی لەگەڵـدا دەکردن و ئـاگاداری دەکردنـەوە ئاکامـی تاوانەکانیـان کـە لەناوچـوون و ریسـوابوونە، بۆیـە جەلـلادەکان بـەر لـەوەی جەمـاوەری سـلێمانیی تۆماریـان بپێچنـەوە، دواجـار شـەهیدیان کـرد و تێزابیـان بەسـەر لاشـەکەیدا کـرد!

# موعجیزەئاسا ڕزگار بووین

ساڵی ١٩٨٨ ئەمن و کاك هیوا و کاك کرێکار بووین، کاك کرێکار ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی و هی خۆی بوو، بۆ چالاکیەك لەناو شاری هەولێر بووین. لە شەقامی " ٦٠ مەتریی" بووین، بەرەو مەعەسکەر دەڕۆیشتین، پێش ئەوەی بگەیە نەخۆشخانەی کۆماریی، لەوێ مەفرەزەی هێزە هاوبەشەکان هەبوو، هیچ مەودایەکیش نەبوو تابیر بکەینەوە بەنێو کۆڵان و لایەکدا بگەڕێینەوە و خۆمان لابدەین، چونکە لەناکاو تووشیان بووین، ئێمەیان ڕاگرت و کابرایەکی عەرەب هات، داوای پێناسەکانی کردو پێماندا، ئەو کات پێناسەکانمان تەواو ببوون، گوتی: سندوقی ئۆتۆمبێلەکە بکەنەوە، سندوقیش پڕ بوو لەچەك و (TNT)، بۆخۆشمان دەمانچە و کلاشینکۆفمان پێبوو، خۆمان ئامادەکرد بۆ شەڕی دەستەویەخە، (سبحان اللە) هەر لەو ساتەدا، پیاوێك هات، کە لەگەڵ ئەواندا بوو، خزمێکی ئێمەبوو، ناوی "مام ڕەسوڵ" بوو، پێیان دەگوت: (مامە)، خەڵکی گوندی (ئەشکەوت سەقا) بوو، هاتە لامان و منی ناسییەوە، گوتی: ئەوە تۆی؟ ئەوە لێرەی؟ ئەمنیش دەرسم وەرگرتبوو لە قسەکەی کاك جیهاد، کە لە بازگەی "دەربەندی کۆمەسپان" کردبووی، گوتم: بەڵێ، تەسلیم بوویمەوە، گوتی: تەسلیم بوویەوە؟ گوتم: بەڵێ، بەڵێ. گوتی: چەند دەبێت؟ گوتم: نزیکەی هەفتەیەك دەبێ، هەستم کرد بڕوای نەکرد!

دیـار بـوو بەکابـرای عارەبـی گـوت: ئـەوە خزمـی منـن، لێیانگـەڕێ بابـڕۆن، ئـەوە چاکەیەکـی زۆر گـەورە بـوو، کـە لەگەڵـی کردیـن، دەنـا هەرسـێکمان لـەوێ دەکوژرایـن، چونکـە دەبـووە شـەڕ و، ئەوانیـش گەلێـك زۆر بـوون چـل تـا پەنجـا (٤٠-٥٠) چەکـدار دەبـوون، دوای ڕاپەڕیـن چوومـە ماڵیـان -ماڵـی ئەو مام رەسـوڵە- بـەڵام وەفاتـی کردبوو، چەنـد جارێـك کوڕەکانیـم بینـی و پێمگووتـن کەچیتـان پێویسـت بـێ و بەمـن بکـرێ لـە خزمەتتانـدام، چونکـە بابتـان چاکەیەکـی زۆر گـەورەی لەگـەڵ ئێمـە کـردووە.

# بابم دەستگیر کرا

لەساڵی (١٩٨٨) ڕۆژێك لەسەر ڕێگەی کۆیە - هەولێر جێبێکی ستێیشن هات، دواوەی پڕ لە نەفەر بوو، منیش دەرگایەکەم کردەوە تا ناسنامەیان لێوەرگرم و بزانم کێن، بەعسییان لەگەڵە یان نا؟ زۆر بە وردیی تەماشام نەکرد، هەمووی پیرەژن و پیرەمێرد بوون، گوتم: بڕۆن.

تۆزێك ڕۆیشت، دواتر جێبەکە ڕاوەستا، پیاوێك هاتە خوارێ، دەستی بەرزکردەوە، گوتی: دەرێم زللەیەکت لەبنی گوێی بدەم، زۆر باش بیرم نەماوە، ئەگەرنا ئەو پیاوە - کە مام عەلی کێشکەیی بوو- لەو دواییانەدا دەیگوت: ئەو کات زللەیەکیشم لێدای، ئەمنیش گوتم: ئەتو مامی منی، لە پەرۆشیانت بووە.

گوتی: بڕۆ خێرا، بابتیان کوشت، ئەمنیش گوتم: بابم بۆ دەکوژن؟ گوتی: یەکێتی گرتوویانە و بردوویانە بیکوژن.

بابم قەلابەیەکی سەڵاحەدینی پێ بوو، یەکێك ناوی دابوو، گوتبووی ئەوە خزمی ماڵی "ڕائید کاکل"ە، ئەو قەلابەیەش هی ئەوانە، بێگومان قەلابەکە هی بابم بوو، کەسابەتی پێدەکرد، من و شەهید "جیهاد"و شەهید "نەوزاد"یش، تەکسییەکمان ڕاگرت، گوتمان: لەگەڵمان وەرە، گوتی: نایەم، ئەوەبوو لەگەڵمان نەهات و، گوتمان: سویچەکەمان بدەرێ، حیزبی یەکێتی بارێکی زۆریان دەستکەوتبوو، لە خەڵکیان ستاندبوو و هەندێکیشیان بۆ هاتبوو، لەمریشك و تەماتە و پێداویستیی تر، پڕی قەلابەکەیان کردبوو،

لەڕێــگادا قەلابەکــە چەقــی بــوو لەنێــو قــوڕێ، بــەرەو گۆپتەپــەی دەچــوون.

ئێمــەش کــە گەیشــتین زۆر بەزەییــم بــە بابمــدا هاتــەوە، ماوەیەکیــش بــوو نەمدیتبــوو، ئــەو هەمــوو چەکــدارە دەورەیــان لێدابــوو، قەلابەکــەی عاســێ ببــوو، یەکســەر میلــی ســیلاحەکەم هێنایــەوە و ڕووم تێکــردن، گوتــم وەرنــە خــوارێ، بــۆ بابمتــان وا لێکــردووە؟ شــەهید "جیهــاد"و شــەهید "نەوزاد"یــش گوتیــان: نەکــەی.

"کاك جەلالــی ئیلینجاغ"یــش، بەرپرســیان بــوو، گوتــی: ڕاوەســتە، ئــەوە چــی دەکــەی؟ گوتــم: وەرنــە خــوارێ، ئــەوە بابمــە و هــەر کەســێکیش دەســت بــۆ چەکەکــەی ببــا تەقــەی لــێ دەکــەم، یەکێکیــان گوتــی: چــۆن بزانیــن ئــەوە بابتــە؟ ناســنامەمان بــدەرێ، گوتــم: ئێمــەش وەکــو ئێــوە پێشــمەرگەین، ئەگــەر وابــێ تــۆش ناســنامەت بــدە بەمــن.

شــەهید جیهــاد و شــەهید نــەوزاد لەگەڵیــان ڕێککەوتــن، کــە بارەکەی تــا "گۆپتەپــە" پــێ ببــەن و ئیزنــی بــدەن، جــا ئــەوان ڕۆیشــتن و ئێمــەش لەســەر ڕێــگای کۆیــە چاوەڕێــیان کــرد، بابــم هاتــەوە، مەفرەزەکانــی خۆشــیان ئیزنــدا بــوو، مــن و شــەهید جیهــاد لەگــەڵ بابــم ماوەیــەك لــەلای قەلابەکــە ماینــەوە، زۆری هەوڵــدا کــە بچمــەوە، بــەڵام بــێ ســوود بــوو، مــن ســوور بــووم لەســەر مانــەوە.

گوتــی: مــادام وایــە هەندێــك پــارەت دەدەمــێ، بــا لــەلات بــێ و پێویســتیت پــێ دەبــێ، گوتــم: پێویســتیم پــێ نیــە، بــەڵام بیــدە بــە کاك جیهــاد، ئــەو مــاڵ و منداڵــی هەیــە و پێویســتترە، ئێســتاش لەبیرمــە، بابــم ســەد دینارێکــی بــۆ ڕاگــرت و هەرچەنــدی هەوڵــدا شــەهید جیهــاد پارەکــەی وەرنەگــرت.

بابــم پێیگــوت: لەگــەڵ عەبدولســتار فەرقتــان نیــە، وەری بگــرە و پێکــەوە ســەرفی بکــەن، پارەکەمــان وەرنەگــرت.

# پێشمەرگە و سەردانی ماڵەوە

سەردانی ماڵەوە زۆر زەحمەت بوو، ئەگەر بهاتبایەوە تووشی کێشە و مشتومڕێکی زۆر دەبووی، لەگەڵ باوك و دایك و خزمەکان، بەر لەشاڵاوی ئەنفال تەنیا یەك جار سەردانی ماڵی باوکم کرد، ئەویش بەیانیەکەی زوو بەڵێنم دابوو دەبوو بڕۆم، زۆر هەوڵیاندا کە نەچمەوە، شەو کەزانیان هەر قەناعەت ناکەم، خزمێکمان هەبوو ناوی "مام حسێن" بوو، ئامۆزای بابم بوو، زۆر یەکترمان خۆشدەویست، ئەو هات و زۆر تەکلیفی لێکردم، دەیگوت: هەرنا بەزەییت بەبرا و خوشکەکانتدا بێتەوە، دەیانگرن و دەیانبەنە "سەماوە"، چونکە ئەو کات حزبی بەعس ماڵ و منداڵی پێشمەرگەی دەبردە بیابانی سەماوە، گوتم: ناتوانم و نامێنمەوە، متمانەشم بە بەعس نیە، بەیارمەتی خوا هیچ روو نادات.

پیاوێکی پیاوانە بوو، کە زانیی هەر نامێنمەوە، دەستی بەگیرفانیدا کرد و سەدو پەنجا (١٥٠) دیناری سویسڕی دەرهێنا، گوتی: مادام هەر نامێنییەوە، با ئەو پارەیەت پێ بێ، پێویستت پێدەبێ، با چاوت لەدەستی خەڵك نەبێ. منیش زۆر ئینکاریم کرد و، گوتم نامەوێ و پێویستم پێی نییە، دایکیشم زۆر گوتی وەری بگرە و لێی قەبوڵ بکە، بەڵام هەر وەرمنەگرت، خوا لێی خۆش بێ، بە ڕاستی پیاوێکی بەشەهامەت بوو.

تەنیا ئەوجار توانیم سەردانی ماڵێ بکەمەوە، چونکە بارودۆخەکە تەواو نەبوو، نەدەگونجا، زۆرجار گومان لەسەر شتەکان دروست دەکرا، ڕێکخستنەکانیشمان زۆر بەهێز نەبوون، ڕاستە بۆ کار و چالاکی باش بوون، بەڵام بۆ بابەتی هەواڵگریی لاواز بوون.

# گومان لەسەر من هەبوو

ڕۆژێکیان من و کاك هیوا دابەزینە ناو شارو لەگەڵ ڕێکخستنەکان دانیشتین، بۆ ئەوەی کە بەرنامە و نەخشە دابنرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکیی، یەکێکیان وێنەیەکی گچکەی منی هێنا، زۆر گچکە بوو، پێدەچوو هی پۆلی سێی (٣)ی ناوەندی بووبێت، گوتی: ئەو وێنەتان بدەمێ، ئەوە ناوی فلان کەسە و خوارزای "ڕائید کاکڵ"ە، ئەوە بەعس ناردوویانە و ئاگاتان لێی بێت. منیش دەنگم نەکرد، کاك هیوا وێنەکەی منی ناسییەوە و ویستی قسە بکات، ئاماژەیەکم دایە و نەمهێشت قسە بکات، بەڵام هەر خۆی پێنەگیراو گوتی: ئەو وێنەیە فلان کەسە.

کاك "عەبدولباسیت" هەر ماوە و "عەبدولباسیت کوشینچی" پێدەڵێن، پیاوێکی چالاك و ئازا و بوێر بوو، گوتی: ئەوە دراوسێمانە و دەیانناسم، خێزان و بنەماڵەکەیان خەڵکی بەڕێز و باشن، گوتم: کێشە نیە، وێنەکە هەر ببەن بۆ کاك "مەلا قادر"و "مەلا سەلمان"، با ئەوان لێکۆڵینەوە بکەن، تا کەسێك دێتە ناویان لێکۆڵینەوە بکەن و سەرەتا با بۆ ماوەیەك چاودێریی بکەن، چونکە بەعس زۆر هەوڵی دەدا کەسانی خۆی بخزێنێتە ناو حیزبە نەیارەکانیی و هێزەکانی پێشمەرگە.

جا مەبەستم ئەوە بوو، کە من بۆ چالاکی هاتبوومە ناو شار، ئەوانیش وێنەی منیان دەگۆڕییەوە و گومانیان خستبوومە سەر، جا خوا دەزانێ چەند کەس ئاوا گومانی خراوەتە سەر و دووریش

نییــە غافڵکــووژ کرابێــت و نــە کــوژراو زانیویــە بۆچــی کــوژراوە و نــە بکووژیــش دڵنیابــووە لــە زانیارییەکانیــی و هــەر بەگومانێــك ئــەو تاوانــەی ئەنجامــداوە.

خێــزان و بنەماڵــەی ئێمــە هــەر پێشــمەرگە بوونــە، بابــم هەرگیــز نەبۆتــە چەکـداری ڕژێـم و هـەر پێشـمەرگە بـووە. زۆریشـیان تەکلیـف لێکــرد، بــەڵام ئامــادە نەبــوو چــەك بــۆ ڕژێــم هەڵبگــرێ.

# شاڵاوی بەناو "ئەنفال"

ئەوکاتە من لە سماقوڵی بووم، کە شاڵاوی بەناو "ئەنفال"ەکان دەستی پێکرد، ناوچەیەکی ئازادکراوی زۆر بەدەست هێزی پێشمەرگەوە بوو، پێشمەرگە تێیدا ئازادبوو، ڕاستە ژیان تیایدا زۆر سەخت و دژوار بوو، خواردن بەزەحمەت بە بارەگاکانی پێشمەرگە دەگەیشت، بەڵام ئازاد بووین و چەندە باڵندەی دەرچوو لەقەفەس و دیلیی خۆشحاڵە، ئێمە زۆر زیاتر خۆشحاڵ بووین، بۆیە شانازییمان بەو شێوازی ژیانەوە دەکرد و لەو ئازادییەوە جیاوازیی خۆمان و ئەوانیترمان دەبینیی و دەمانەویست ئەوانی تریش بەو چێژی ئازادییە بگەن، کە مەخابن عاشقانی زێڕو زیو دواتر جەوهەری ڕاستەقینەیان دەرکەوت و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەیان داکەند و جێگەی ئەوانەیان بەزیادەوە گرتەوە گوایە خەباتیان بۆ لادانیان دەکرد، بۆ ئەوەی گەل ئازاد بژیی و ببێتە خاوەنی مافی چارەنووس و سەروەریی!!

هەمیشە ڕژێمە عەلمانیی و ستەمکارەکان، زاراوەو ناوە ئیسلامییەکانیان بەکارهێناوە بۆ شەرعیەتدان بەکارە دزێو و ناشەرعیەکانیان، ئەوەش بۆ چەواشەکردنی خەڵکی سادە و ئەوانەی هێشتا لەنێوەرۆکی ئەوان تێنەگەیشتوون، جا ئەو ساختەکاریی و چەواشەکارییە هەمیشە بەردەوامە و ڕژێمە دیکتاتۆرەکان تا ئەم ساتەش بەکاری دەهێنن، تا لەو ڕێگەیەوە بەرژەوەندییە شەیتانییەکانیان دەستەبەر بکەن.

یەکێك لەو زاراوانە کە بەعس بەکاری هێناو هەندێ لە گەلانی سادەی موسوڵمانی پێ چەواشەکرد، زاراوەی قورئانیی " ئەنفال " بوو، پێشتریش شەڕی ٨ ساڵەی لەگەڵ "ئێران"دا ناونابوو"قادسیەی دووەم"، بۆ چەواشەکردنی رای گشتیی، کە ئەمیش درێژەپێدەری هەمان قادسیەی یەکەمە، کە لەشکری ئیسلام توانیی بیکاتە دەروازەی رووخاندنی دەوڵەتی زلهێزی ساسانیی، تەنانەت بەعس یەکە سەربازییەکانیشی بەناوی هاوەڵانی پێغەمبەر و پیاوچاکانی مێژووی ئیسلامییەوە ناو دەنا، بۆ ئەوەی لەڕێگەی کوشتاری ئەو هێزانەوە خەڵك بەرانبەر ئیسلام بەدبین بکات، کەچی نەخۆشخانە و بەرزە پرد و کارگەکان و زانکۆکانی ناودەنا سەدام و زاراوە بەعسییەکان!

کە شاڵاوی "بەناو ئەنفال"ەکان دەستیان پێکرد، ئێمە لە بارەگاکان بووین، سەرەتا لەنیسانی ١٩٨٨داو لە گەرمیان و قەرەداغەوە قۆناغی یەکەمیان دەستی پێکرد و لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا لە بادینان کۆتاییان هات، شەڕی "عێراق و ئێران" لە ٨-٨-١٩٨٨ کۆتایی هات، دوای تەواوبوونی ئەو شەڕە بەعس زیاتر دەستی ئاوەڵا بوو بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، لەڕاستییدا ئەگەر بەکارهێنانی بەربڵاوی چەکی کیمیاویی و چاوپۆشیی نێودەوڵەتیی نەبوایە، بەو شێوەیەش بەعس نەیدەتوانیی هێزی پێشمەرگە تێکبشکێنێت، بۆیە دەتوانم بڵێم حیزبەکان و فەرماندەی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان بەخوێندنەوەی دۆخەکە پاشەکشەیان کرد بۆ سەر سنوورەکان و رژێمیش بەسووتاندنی ناوچە ئازادکراوەکان و گرتن و شوێن بزرکردنی هەزاران هاووڵاتیی - کەتا ئێستاش چارەنووسی زۆرینەیان دیارنییە- ئەو هێرشانەی تەواو کرد و ناوچەکەی کۆنترۆڵ کردەوە!

# بەسەرهاتێکی خۆش

کاک "نـاسراو"، کـە "موحەمـەد" و " شینە"یشـیان پـێ دەگـوت، بیرەوەریـی زۆرمـان هەیـە، بـا لەسـەر ئـەو ناوانـە بەسـەرهاتێکی خۆشـتان بـۆ بگێڕمـەوە:

جارێکیـان ئـەو کاک نـاسراوە لەگـەڵ مەفـرەزەی حیزبێکـی دیکـە بـەرەو ئێـران دەرچووبـوون، لـەو ڕێگایانـەی کوردسـتان تووشـی خەڵکانێکـی نـاسراوی ئـەو برایـە بووبـوون، لەشـوێنێك گوتبوویـان: چۆنـی کاك نـاسراو، لەشـوێنێکی دیکـە گوتبوویـان: چۆنـی کاك موحەمـەد، ماوەیەکی دیکـە ڕێیـان کردبـوو، کەسانی دیکـە گوتبوویان: چۆنـی کاك شـینە؟

ئەوانـەی لەگەڵیـدا بووبـوون، گوتبوویـان: وەرە کاکـە بـا بزانیـن تـۆ کێـی و نـاوت چیـە، ئێمـە بۆمـان ڕوون نەبـۆوە کـە تـۆ نـاوت چیـە؟!

ئـەوەش بـۆ ئەوانـەی لـەدەرەوە بـوون و نەیـاری ڕژێمـی بەعـس بـوون، نـەك لەترسـی خۆیـان بەڵکـو بـۆ پاراسـتنی بنەماڵـە و خێزانییـان ئـەو ناوانەیـان بـەکار دەهێنـا، تـا کـەس و کاریـان لـە ستەمکاریی ڕژێم بپارێـزن، کـە لـەدوای هـەر گـورز و هەڵمەتێکـی قارەمانانـە، بەعـس و نۆکەرانـی بـەدوای تۆڵـەدا دەگـەڕان لـە کـەس و کاری پێشـمەرگە.

ڕۆژێکیـان کاک "ناســـراو" گوتـی: وەرە سـەفەرێکمان هەیـە بـۆ لای چوارقوڕنـە، تراکتۆرێکیـان هەبـوو، ســـواری تراکتۆرەکـە بوویـن، بـەلای ســـکتان و ئـەو ناوچەیـەدا بـەڕێ کەوتیـن، گەیشـــتینە

چوارقــــوڕنە، چــــــــووینە ماڵـی "مـەلا بیـلال" ی قـەڵادزێ، ئـەو کاتـە ماڵـی لـەوێ بوو، دواتـر ســــــــەردانی "ســـــــەروچاوە"و "کفرەدۆڵ" و "کانــی ماران"مــان کـرد.

لـەوێ ژمارەیەك"تۆپـی نەمسـاوی "مـان بینیـی، کـە لـە چوارقوڕنەوە بـەرەو ڕانیـە و پشـدەر بـەرێ دەکـران، ئەمنیـش گوتـم: ئەو تۆپانـە چین؟ دەبـێ بۆچییـان بـێ ؟ کاك نـاسرا و گوتـی: بـۆ نازانـی؟ گوتـم: ناوەڵـڵا. مـن گچکـە و کـەم ئەزمـوون بـووم، ئـەو زانیارییـە سـەربازییەم نەبـوو، ئـەو شـارەزا بـوو، گوتـی: ئـەو لولـە گەورانـە، هەمـوو بـۆ ئێمەیـەو دوای ماوەیەکی کـەم ڕووی لەئێمـە دەکرێ. گوتـم: چـۆن؟ گوتـی: ئـەو ڕێگایـەی لای کورتـەك و دۆڵـی شـەهیدانمان لێدەگـرن و لەوێـی دادەنێن و تۆپبارانمـان دەکـەن، گوتـم: لەوانەیـە بـۆ دژی ئێـران بـێ، گوتـی: نـا لەگـەڵ ئێرانـێ شـەڕ ڕاوەسـتاوە.

ئەوەبـوو حکومـەت هێرشـی هێنـا، بەرگریی نەکـرا، چونکـە حکومەت هەرچـی هێـزی هەبـوو لـە جـاش و لە سـوپا، هەمـووی بەگژ پێشـمەرگەدا کـرد، شـەڕێکی نابەرانبـەر بـوو، پێشـمەرگە نەیدەتوانـی ڕووبـەڕووی ئـەو هەمـوو هێـزە ببێتـەوە، بەتایبـەت مـن باسـی ناوچەکانـی دۆڵـی سماقولی و سـەروچاوە و مەلـەکان و بالیسـان و ئـەو ناوچانـە دەکـەم، سـوپای عێـراق لـەدوای جەنگـی ٨ سـاڵەی دەسـتی بەتـاڵ بـوو بـۆ لێدانـی پێشـمەرگە و ناوچـە رزگارکـراوەکان، زلهێزانـی جیهانییـش چاوپۆشـیی تەواویـان دەکـرد لەتاوانەکانـی بەعـس و بەکارهێنانـی بەربـڵاوی چەکـی کیمیاویـی، پێشـمەرگەش لـە هەلومەرجێکـی ئـاوادا نەیدەتوانـی جەنگـی بەرەیـی بـکات، بەتایبەتیـی بەرانبـەر چەکێکـی ترسـناکیی سـتراتیژیی وەکـو چەکـی کیمیاویـی.

ئـەو کاتـە بەناچاریـی بارەگاکانمـان چـۆڵ کـرد، بـەرەو شـاخەکان هەڵکشـاین، لەشـاخی بەرانبـەر بارەگایەکـی دیکەمـان کردبـووەوە، کـە "ئاوەگـرد"ی پـێ دەگووتـرا، لەسـەر شـاخ تەماشـامان دەکـرد، هێـز و بارەگاکانـی پێشـمەرگە بـە ناچـاری پاشەکشـەی کـرد بـۆ سـەر سنورەکانی ئێران-عێـراق، وردە وردە خەریکـی بـارەگا دروسـتکرد و خـۆ کۆکردنـەوە بوویـن.

سـوپا هـات و بارەگاکـەی تەقانـدەوە. لـە شـاخی "ئاوەگـرد"ماینـەوە، بارودۆخـمان زۆر ناخـۆش بـوو، نانمـان نەبـوو، ئاومـان لـێ دوور بـوو، چەنـد ڕۆژێـك بەبـێ نـان و ئـاو ماینـەوە، جگـە لـەو وردە نـان و کەمێـك ئـەو ئـاوەی کـە پێشـمەرگەکان لەنـاو مەتـارە پێیانبـوو، هیـچ پێخۆرێکیـش نەبـوو.

# ”ترێ“ی سووتاو

بە دووربین تەماشامان کرد، سوپای بەعس هەموو ئەو لوتکە و شوێنانەی گرتبوونی، هێزی تێدا جێگیر کردبوون، لەبن ڕەبایەکی دووژمن و دووربەدوور ڕەزێکمان بینیی، گوتم: شەوێ دەچم، بەڵکو هەندێك ترێ بهێنم، شەو لەگەڵ برادەرێك چووین، جەمەدانیمان بردبوو، کە پڕی ترێی بکەین و بیهێنینەوە، نزیك بووینەوە لە ڕەزەکە، شوێنەکەی زۆر نزیکی ڕەبایەکە بوو، نزیکەی سەعات“ ١٢-١ ”ی شەو بوو، هەر دەنگیان دەهات و خەریکی هەڵپەڕکێ بوون، ئێمەش لەناو ڕەزەکە دەگەڕاین، بەڵام ترێی کەمی پێوە مابوو، چونکە ساڵ درەنگ بوو.

خەریکی ترێ لێکردنەوە بووین، دەنگیان نەماو چۆن بڵێی ڕاوەستان، وابزانم هەستیان بەچرپە چرپی ئێمە کردبوو، بۆیە ”نارنجۆك“ێکیان هەڵدایە خوارەوە، لەناو تەپ و تۆزی خۆڵدا نوقم بووین، ئێمەش تەقەمان نەکرد، چونکە کەڵکی تەقەی نەبوو، هەرچۆنێکی بێت هەندێك ترێمان لێکردەوە و هێنامانەوە، بەرەبەیان گەیشتین، بەیانی تەماشامان کرد ترێیەکە هەمووی سووتابوو، تومەز پێشتر ڕەزەکە سووتابوو، جا ترێ ئەگەر بسووتێ ناخورێ.

پەڕینەوە بەرەو شاخی هەورێ و دۆڵی هیران، کاتی خۆی پێشبینی دەکرا کە شەڕی عێراق و ئێران ڕابوەستێ، حکومەت

هێـرش بـکا، لەچیـای هـەورێ و بەدیـوی "کونەفلوسـە"دا ئەشـکەوتێك هەبـوو، هەنـدێ ئازووقـە و ئـارد و کـەل و پەلمـان لـێ دانابـوو، گوتمـان بـا بپەڕینـەوە، لـەوێ نانمـان هەیـە، دەنـا لەبرسـێتییدا هـەر دەمریـن، سـوپاش هەمـوو جـادەی دۆڵـی هیرانێـی گرتبـوو، هێزێکـی یەکجـار زۆری هێنابـۆوە ئـەو ناوچانـە.

هەوڵمانـدا بپەڕینـەوە، هێزەکانـی ئێمـە چووبـوون بـەرەو سـنوورەکان، بـەڵام ئێمـە مابووینـەوە بۆ لێدانـی بەعس. لەنـاکاو لەڕێگادا ڕاوەسـتاین، ئـەوەی پێشـەوەمان هات و گوتـی: ئەوە ئیڤایـە و ئۆتۆمبێلی سـەربازییە، ناتوانیـن بڕۆیـن، بۆیـە گەڕاینـەوە شـوێنی خۆمان.

بـۆ ڕۆژەکـەی سـوپا بەسـەرکەوت، بەفیشـەکی گـڕدار هەمـوو شـوێنەکەیان ئاگـر تێپـەردا، ئێمـە لـە دۆڵێـك بوویـن، شـەهید جیهـاد هەڵسـا قوچەکێکـی کـردە سـەر ڕێـی ئـەو دۆڵـە، گوتمـان: ئـەوە چییـە؟ گوتـی: ئـەوە مانـای ئەوەیـە، نەوەکـو جـاش و سـوپا بێـن، ئـەوە مانـای ئەوەیـە کـە ڕێـگا نییـە!!

بەئاسـاییمان وەرگـرت، ڕەنگـە هەندێکیـش پێکەنیـن گرتبنـی، کـە سـوپا سـەرکەوت، بـە تەقـە و فیشـەك ئـەو ناوچانـەی هەمـوو ئاگـر تێبـەردا، ئێمـەش لەدۆڵێـك لەپەنـای بـەرد بوویـن، یەکێکیـان بانگـی بەرپرسـەکەی خـۆی کـرد، پێموایـە "میـرزا کۆیـی" بـوو، چونکـە گوتیـان جەماعەتـی میـرزا کۆیـی لـەوێ بـوون.

گوتـی: کاك میـرزا، کاك میـرزا ؟ ئەویـش وەڵامـی دایـەوە، گوتیـان: بـا بچینـە ئـەو دۆڵـەوە، ئەویـش گوتـی: ڕاوەسـتن لەخـۆوە مەڕۆنـە ئەمـلا و ئـەولا، بـا مـن بێـم.

ئێمـەش هەمـوو چەکمـان ئامادەکردبـوو، کـە بێنـە خـوارێ لێیـان بدەیـن، دیـار بـوو، گوتـی: ئـەوە کـوا ڕێیـە، ئـەدی ئـەو قوچەکـەت

نەبینیــووە؟ گوتــی: بــۆ؟ گوتــی: ئــەو قوچەکــە یانــی ڕێــی ئاژەڵانیــش نییــە، چــۆن مرۆڤــی پێــدا دەڕوا؟ وەرن وازی لــێ بێنــن، ئیــتر گەڕانــەوە، جــا ئەوکاتــی ناومــان لــەو دۆڵــە نــا، دۆڵــی میــرزا.

ئــەو ڕۆژی مــن بــە دووربیــن تەماشــای هەمــوو ڕەبایەکانــی بەعــس و ئــەو نوقتانــەی کــە لێــی مــۆڵ ببــوون کــرد و، بیــرم لــەوە دەکــردەوە کــە بەکوێــدا بڕۆیــن و چــۆن بڕۆیــن، هاوڕێیانــم گوتیــان: دەڵێــی ڕێگایەکــت دۆزیوەتــەوە؟ گوتــم: بەڵــێ، بــەڵام بــەو مەرجــەی دەڕۆیــن، یــان دەبــێ دەربچیــن، یــان لەگــەڵ بەعــس دەبێتــە شــەڕمان و بــۆی هەیــە تیابچیــن، چونکــە هیــچ چارمــان نیــە، ڕێگــەی ســێیەم مانــەوە و مردنــە لێــرەدا.

# چۆن پەڕینەوە

ئەوە بوو لەو دۆڵە بەڕێ کەوتین، پێشیان کەوتم، بەڵام شوێنێك هەڵدێر بوو، بە دووربینیش کە تەماشای دەکەی شوێنی هەڵدێر نابینی، ئەگەرنا من حیسابی دار بەدارم کردبوو، بەیانی تا ئێوارە تەماشام کردبوو، شەوەکەشی مانگەشەو بوو، جا ئەو شوێنەی کە هەڵدێر بوو، نەمانزانیبوو، من یەکەم کەس بووم تێیدا کەوتمە خوارەوە و خلۆربوومەوە، ئەوانیش یەك یەك کەوتنە خوارەوە و بەدوای یەکدا خلۆر بووینەوە.

لەوێدا یەك دوو برایان گوتیان: ئەوە کەی ڕێیەو ناگونجێ و، ئێمەت بۆ کوێ هێناوە؟ گوتم: ئێمە تا ئێرە بەسەلامەتیی هاتووین، هیچ چارەمان نییە و بڕیارمانداوە بڕۆین، ئەوەی کە لەخۆی ڕانابینێ و حەزناکا، دواتر نەڵێ ئێمەت بە هیلاکدا برد، با بچێ لەو دۆڵە بمێنێتەوە- بارودۆخەکە زۆر ناڕەحەت بوو، هەردەبوایە وا بڵێم- گوتیان: با بڕۆین، هەموومان دێین.

پێشیان کەوتم و ڕۆیشتین، کەوتینە نێو ئۆتۆمبێلی ئیڤا و خێوەت و هێزی عەسکەریی رژێم، گوتم: دەبێ لێرە بڕۆین، نەبادا تووشی شەڕ بین، زۆر بە هێمنیی و لەسەر چیچکان و هەندێکی بە سکەخشێ ڕۆیشتین، تا لە جادە پەڕینەوە، جا کە پەڕینەوە و دەرباز بووین، یەکێك گوتی: تەکبیر، گووتم: ئەوە کەی جێی تەکبیرە. لەوێ پەڕینەوە و چووینە کونەفلوسە و گەیشتینە ئەو ئەشکەوتەی کە پێشتر باسمکرد.

# بارودۆخمان سەختتر بوو

تـا " ١٩٨٨/١٠/٢٠" لـە چیـای هـەورێ ماینـەوە، سـەرما داهـات، ئەگەرنـا لـەوێ کـەل و پـەل و خواردنـی پێویسـتمان هەبـوو، کـە بەکاری بێنیـن. دوو - سـێ ڕەزی لـێ بـوو، تەماتـەی دێمیـی و زۆر شـتی سـەیری لـێ بـوو، زۆر سـوودمان لەوانـە بینـی، بۆیـە لـەوێ کێشـەی خواردنمـان نەبـوو، بـەڵام وەرزی سـەرما داهـات، نەمانتوانـی لـەوێ بمێنێینـەوە.

تەگبیـری ئەوەمـان کـرد چـۆن بـەرەو سـنوورەکان بڕۆییـن، چیبکەیـن بـۆ ئـەوەی بگەینـە بـرادەران؟ ئـەو سـەفەرەی کـە لەگـەڵ "کاك نـاسراو" کردمـان بـەرەو چوارقوڕنـە و کانـی مـاران و سـەروچاوە، زۆر بـە سـوود بـوو، گوتـم: مـن دەچـم، ڕاوێژێـك لەگـەڵ ئـەو خزمانـە دەکـەم، بزانـم چیـی دەڵێـن؟

چـەك و تاقمـم دانـاو جـل و بەرگـی دیکـەم لەبـەر کـرد، چوومـە کانی مـاران، ماڵـی "کاك ئیسـماعیل" کـە برایەکـی لەگـەڵ ئێمـە پێشـمەرگە بـوو، نـاوی "سـەنگەر" بـوو، ئـەو گونـدە زۆربەیـان لـە خزمانـی بۆڵـی بـوون، لەوێـوە چـووم بـۆ سـەروچاوە، بـۆ لای خزمانـی ئـەوێ، لێـم کۆبوونـەوە و تەگبیرمـان کـرد، گوتیـان: ئەگـەر چەکدارەکان بێـن بـۆ لای سـەردۆڵ و ئـەو ناوچانـە، بیانهێنـە ئـەو بەسـتەی کـە بەسـەر سـەروچاوە و قورەبـەرازەدا دەڕوانـێ، ئێمـەش خەڵکـی دەنێریـن بەبـێ چـەك وەریـان دەگـرێ.

تراكتۆرێكیـان وێـدام و گوتیـان: ئەگـەر حـەز دەكـەن چەكەكانـی پـێ بێنـن بـۆ ئێـرە (سـەروچاوە) تـا ئەوكاتـەی كـە خۆتـان دەڕۆن بـۆ سەرسـنوورەكان، بـا چەكـی خۆتـان پـێ بـێ، گوتـم: باشـە.

تراكتۆرەكـەم هێنـا، چەكەكانمـان لـێ بـار كـرد و بردمانـە ئـەوێ، لەوێـش بەسـەر هەندێـك مـاڵ دابەشـیان كـرد بـۆ هەڵگرتـن، ماڵـی "مامۆسـتا سـدیق"ی بۆڵـی، ماڵـی "حاجـی ئیبڕاهیمـی ئایشـوكێ"، ماڵـی كاك "عەبدوسسـەتار"، هەندێـك ماڵـی دیكەشـن كـە بیـرم نەمـاوە، ئـەوەش قوربانیدانێكـی زۆر گـەورە بـوو، كـە لەگـەڵ ئێمـە كردیـان، ئەگەرنـا هـەر ماڵێكیـان ئاشـكرا ببوونایـە، ئـەوا لەسـێدارەیان دەدان، بـەڵام خەڵـك دڵسـۆز بـوون و نەدەترسـان.

منیـش دەبـوو عارەبانـەی تراكتـۆر ببـەم و چەكـەكان بێنـم بـۆ سـەروچاوە، دوو بازگـەی لـێ بـوو، یەكیـان لەسـەر پـردی نێـوان كانـی مـاران و قەرەنیاغـا، ئـەوی تریـش لـە سـێ ڕیانـی حاجیـاوە بـوو، بـەڵام ئـەوەی دەروازەی حاجیـاوا، گوتیـان ڕێیەكـی باریك هەیە، لێـی لادەدەی، بـەڵام دەبـێ لایـت بكوژێنیـەوە، چونكـە دەبـوو بـە شـەو بكەومـە ڕێ.

# کابرای خاوەن قەسەڵ

لەسەر دۆڵ کاتی شێوان بوو، کابرایەك خەریکی قەسەڵ کۆکردنەوە بوو، منیش قەسەڵم پێدەویست، بۆ ئەوەی لەبن چەکەکانی ڕابخەم و، لەسەریشی دابنێم، بۆ ئەوەی تەقەتەق نەکەن. چووم بۆ لای کابرا، گوتم: هەندێك قەسەڵم دەوێ، پێم بفرۆشی، گوتی: نایفرۆشم، گوتم: عارەبانەی چەندت دەوێ دەتدەمێ، بەس پێم بفرۆشە، گوتی: نایفرۆشم، قەسەڵی خۆی بارکرد و ڕۆیشت، لەدوای ئەو ئەمنیش زۆر ناچار بووم، هەندێك قەسەڵم بارکرد و ڕۆیشتم، لێرەوە گەردەنی خۆمی پێ ئازا دەکەم، چونکە بەڕاستی ناچار بووم وابکەم، هەندێك قەسەڵم بارکرد و پەستامەوە و شەو لە سەردۆڵ بەرەو سەروچاوە بەڕێکەوتم.

# بازگەی بەعس

هاتمە لای بازگەی سەر پردەکە نێوان کانی ماران و قەرەنیاغا، کەهیچ ڕێگایەکی دیکە نەبوو، هەر دەبوایە بەوێدا تێپەڕم، ئینزباتێکی عەرەب هات و گوتی: چی تێدایە؟ گوتم: هیچ، گوتی: ئەوە چییە؟ گوتم: عەلەفی مەڕومالات، گوتی: بنی چی تێدایە. گوتم: هیچ، گوتی: شیشی لێدەدەم، گوتم: باشە.

لەڕاستییدا ئێمە پەرۆشیمان بوو بۆ ماڵی موسڵمانان (بیت المال)، کە ئەو چەکانە دەرباز بکەین، ئەگەرنا چەك ئەوەندە ناهێنێ گیانی مرۆڤی لەسەر دابنرێ، کەدواتریش چەکەکان هەر فەوتان، بەڵام لەوێ خوا بەزەیی پێماندا هاتەوە و ئاشکرا نەبووین و کابرا وازی لێ هێنانین و گوتی: بڕۆ.

چووم و گەیشتمە بازگەکەی دەروازەی حاجیاوە، لەوێ لایتم کوژاندەوە و، بە لەسەرخۆیی لە ڕێیە باریکەکە لامداو وردە وردە ڕۆیشتم، تا گەیشتمە سەروچاوە، درەنگی شەو بوو خزمان لە ماڵێك کۆببوونەوە، چووم سەلامم کرد و دانیشتم، گوتیان: تراکتۆرەکەت هێنایەوە؟ گوتم: بەڵێ ئەو (کا)ت هێنا؟ گوتم بەڵێ گوتیانئەی ئاگری بن (کا) یێ گوتم: ئەویشم هێنا!! مەبەستیان چەکەکان بوو، ئەوە بوو چەکەکانم رادەست کردن وئەوانیش شاردیانەوە، بەڵام پاش ماوەیەك لەو شوێنەی کە شاردبوویانەوە، شۆفەڵ ئیشی لێکردبوو، چەکێك دەرکەوتبوو، بەو شێوەیە بەشێك لە چەکەکان فەوتان.

# دابەشی سەر ماڵان کراین

ئیدی ئاوا دابەش بووین، تا وردە وردە ڕێگامان دۆزییەوە بۆ سەرسنوورەکان ولای بارەگاکانی خۆمان، چووینەوە لایان، لای هێزی شافیعی و، مامۆستا قادر و مامۆستا سەلمان و، مامۆستا وریا و برایانی دیکە.

دەبێ ئەوەشم بیر نەچێت، ماوەیەك لەلای خزمانی سەروچاوە مامەوە، خوا پاداشتیان بداتەوە، بەڕاستیی لەناخی دڵەوە سوپاسیان دەکەم، لەوێ ماوەیەك مامەوە و ئیش و کارم لەگەڵ دەکردن، هەروەکو کوڕی ئەوانم لێهاتبوو، جا لەو ماوانەدا لە سەروچاوە، لەگەڵ کەسێکیان، برای کاك سوارە، کە ناوی کاك "حسێن"ە باسم کرد، گوتم: من حەقم لەسەر ئێوە هەیە؟ گوتیان: حەقی چی؟ گوتم: کاتی خۆی لێرە گوڵەبەڕۆژەی زۆرتان بەمن داتەکاندووە، چونکە ئەوکات وەختی گوڵەبەڕۆژە داتەکاندنێ بوو، پایز بوو، ئێواران تا درەنگ گوڵەبەڕۆژەیان دادەتەکاند.

لێرەدا پێویستە سوپاسی بێ کۆتایی ئاراستەی خزمانی ئەو ناوچانە بکەم، زۆر پێمانەوە ماندوو بوون، ماڵی وا هەبوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژ "١١" پێشمەرگەی لە ماڵەکەی هێشتۆتەوە و خزمەتی کردوون، وەکو ماڵی "مامۆستا مەلا تەها"ی کفرە دۆڵ.

# جوامێریی "خاڵ ئەحمەدە ڕەش"ی ماخۆ بزنان

وەکو باسم کرد، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا، ناچار بووین بەسەر ماڵی ڕێکخستنەکانماندا دابەش ببین، بەتایبەتی لە دەڤەری ڕاپەڕین، هەندێکیش لە برایانمان لە هێزی پێشمەرگە، لەسەر سنوور یا ئەو دیوی سنوور بارەگایان دانابوو، هەندێك لە برایان بە ئەرك ڕەوانەی ناو شار کرانەوە، هەندێکیشمان چووینەوە سەر سنوورو ئەو دیوی سنوور، بۆ خۆڕێکخستنەوە و دانانی بارەگا و خۆ سازدانەوە، چونکە قۆناغی دوای ئەنفالەکان دۆخێکی سەختی بۆ خەباتی پێشمەرگانە و خۆ ڕێکخستنەوە دروست کردبوو، دەبوو بەشێوەیەکی تر خۆمان سازبدەینەوە بۆ خەبات و رووبەڕووبوونەوەی بەعس و بەرنامەکانی.

بەڕاستیی ڕێکخستنەکانمان و لایەنگرانمان لەو دەڤەرە و لەشوێنەکانی دیکەش بەهەڵوێست و خواویست و خۆنەویست بوون، دەتوانم بڵێم ئەوان بناغەی شۆڕش بوون و بەردەوامبوونی ئێمەش بەرهەمی گەرموگوڕیی ئەوان بوو، مەگەر هەر خوا پاداشتیان بداتەوە.

ئەگەر باسی خۆم و هەندێ لە هاوڕێیانم بکەم، دوای ئەوەی کەماوەیەك لە سەرووچاوە لای ئەو خزمانە ماینەوە، ئەوەبوو خاڵ ئەحمەدە ڕەش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، کە ئەوکاتیش ئەندامێکی دیاری ڕێکخستنەکانی خۆمان بوو و چەکداریش بوو، ڕۆژێك هات، سەیارەیەکی (شلە خەجێ)ی پێ بوو لەگەڵ شۆفێرێك، چەکێکیان بەمندا، گوتیان: ناچارین، کە ئەم چەکەت پێ بدەین تا دەگەینە

سـنووری ئـەو دیـوی پشـدەر، ئیـدی بـەو شـێوەیە ئێمەیـان گەیانـدە دیـوی پشـدەر.

ڕێگەکـە بازگـەی دەربەنـدی نێـوان ڕانیـە و پشـدەری لـێ بـوو، بەڵام "خـاڵ ئەحمـەدەڕەش" ناسراوبـوو، زۆر بەئاسـایی پەڕینـەوە و چوویـن بـۆ ناوچـەی ژاراوە، لـەوێ لەماڵـی کاك "حاجـی شـوان (موحەمـەد)"ی ژاراوە و کاك "وەسـتا حوسـێن"ی ئاسـنگەر دایانناییـن، ئەوانـە ئـەم خەڵکـەی ئێمەیـان بەخـۆوە دەگـرت، خزمەتیـان دەکـرد، پاشـانیش لەگەڵ ئـەو کەسـانەی کـە کاروانچیـی بـوون و شـارەزای ڕێـگا بـوون، بـەرەو سـنوورەکان و ئـەو دیـو ڕەوانەیـان دەکردیـن.

# ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەکان و بارەگاکان

دوای ئـەوەی کـە کەوتینـەوە سـەر سـنوورو ئەودیـوی سـنوور، خەریکـی خۆکۆکردنـەوە و دانانـەوەی بنکـە و بـارەگاکان و ڕێکخسـتنەوەی هێزەکانمـان بوویـن، بەتایبەتـی پێشـمەرگەکانی "هێـزی شـافیعی" و "هێـزی حەمـزە"ش بەهەمـان شـێوە، لـەوێ هەنـدێ بـارەگا دانـران، پێشـتریش هەنـدێ بـارەگا لـەوێ هەبـوون، ماوەیـەك پێشـتر لـە "سەردەشـت" و لـە "خانـێ" بـارەگا دانرابـوون، بەتایبەتـی ئەوانـە زیاتـر بـۆ کاروبـاری لۆجسـتیی و بابەتـی ڕاگەیانـدن بـوون، چونکـە ئێمـە بنکەیەکمان هەبـوو لـە خانـێ (پیرانشـار) هـەر زیاتـر کاری ڕاگەیاندنـی دەکـرد نـەك سـەربازیی.

بـارەگای سـەرەکی "هێـزی شـافیعی" لەسـەر سـنوور، لـە گونـدی "گەزگەزکـی شـێخ" بـوو، کـە گوندێکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە، کـە بەرێگایەکـی دوورودرێـژ دەگاتـەوە "شـێخ ئایـش" و قەندیـل.

دواتـر ئێمـە هاتیـن، "هێـزی شـافیعی" و "هێـزی حەمـزە"، لـە دۆڵـی خـدراوە بارەگامـان کـردەوە و ئـەو شـوێنەمان ئـاوەدان کـردەوە، کـە دەکەوێتـە نێـوان سەردەشـت و خانـێ و لەسـەر سـنوورە، یانـی دوای ئێمـە هیـچ هێزێکـی دیکـەی ئێرانیـی و سەرسـنووری لـێ نەبـوو، یەکسـەر دەهاتیـە نـاو خاکـی عێـراق، هەڵبژاردنـی ئـەو ژیانـە سـەختەی "خـدراوە"ش بـۆ خۆمـان و خێزانەکانـی پێشـمەرگە بـۆ ئـەوە بـوو سـەربەخۆیانە بتوانیـن هاتوچـۆی پێشـمەرگانە ئەنجـام بدەیـن، بەتایبەتیـی دوای راوەسـتانی جەنگـی عێـراق و ئێـران، هاتووچـۆی

نێـوان شـارەکانی ئێـران بـۆ پێشـمەرگە و بنەماڵەکانیـان ئاسـان نەبـوو، دەبـوو بەرپرسـان بزانـن و بـە بەرگـە هاتووچـۆ بکـەن.

بـارودۆخ زۆر دژوار و کەشـوهەوار زۆر سـارد بـوو، زسـتانی ئـەو سـاڵی زۆر سـەخت بـوو، ئێمـەش تـازە خۆمـان کۆدەکـردەوە و بنکـە و بارەگامـان دانابـۆوە، پێشـمەرگەکانمان کۆدەکـردەوە، ئـەوەی کـە خاوەنـی خێـزان بـوو، دەبوایـە جێگـە و ڕێگەیـەك پەیـدا بـکات.

بێگومـان ئـەوە دوای ئـەوەش بـوو، کـە جەنگـی "عێـراق – ئێـران" کۆتایـی هاتبـوو، هـەردوولا لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتبـوون، بەرهەڵسـتکارەکانیان لاواز بکـەن، ئەگـەر بشـمێنن، وەکـو پەنابەرێـك لـەو وڵاتانـە بمێنـن، بـۆ ئێـران بێهێزکـردن و دوورخسـتنەوەی حیزبـی دیموکـرات و کۆمەڵـە و موجاهیدینـی خەڵـق و هتـد مەبەسـت بـوو، ئـەوەش کـە بـۆ عێـراق گرنـگ بـوو بێهێزکردنـی هێـزی پێشـمەرگە و حیزبـە کوردسـتانیەکان و ئەنجوومەنـی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامیی عێـراق و باڵـە سـەربازییەکەی (لەشـکری بـەدر) و پارتـی دەعـوە و ئەوانـی تـر بـوون . ئەگـەر ڕووداوی داگیرکردنـی کوەیـت نەبوایـە، لەوانەبـوو هـەردوولا بەپێـی ڕێکەوتنامـەی جەزائیـر[1]، ڕێگـەی توندتریـان بـۆ لێدانـی نەیارانـی یەکـتر بگرتایەتەبـەر.

---

[1] ڕێکەوتنی جەزائیـر، لـە ٦ی ئـازاری ١٩٧٥ دا لەنێـوان «سـەدام حوسـەین» ی جێگـری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی بەعـس و « موحەمـەد ڕەزا شـای پەهلەویـی» شـای ئێـران و بـە نێوەندگیریـی «هـاواری بومیدیـەن»ی سـەرۆکی جەزائیـر، لەپەراوێـزی کۆبوونـەوەی وڵاتانـی ئەندامـی ڕێکخـراوی «ئۆپێـك» واژۆ کـرا، لەبەرانبـەری پێدانـی هێڵـی قوڵایـی (تالیـوك) لـە ڕووباری شـەتولعەرەب -وەکـو سـنووری نێودەوڵەتیـی – بەئێـران، ئـەو وڵاتـەش پشـتیوانی خـۆی لەشۆڕشـی مـەلا مستەفای بارزانیـی کشـاندەوە و بـەو شـێوەیە شۆڕشـەکەی تووشـی هەرەسـهێنان بـوو.

# هێزی شافیعی

هێـــزی شـــافیعی زیاتـــر لـــە ســـەد (١٠٠) پێشـــمەرگە دەبوویـــن، ســـەرکردەکانیش: "مامۆســـتا عەبدولقـــادری برایەتـــی" و "مامۆســـتا ســـەلمان" و "مامۆســـتا ئەمیـــن" و "مامۆســـتا وریـــای خەتـــێ" و کاك "موحەمـــەد هەولێـــری" و شـــەهید "مـــەلا عومـــەر" و شـــەهید "نـــەوزاد" وشـــەهید "جیهـــاد" بـــوون .. زیاتـــر ئەوانـــە هێزەکەیـــان بەڕێـــوە دەبـــرد، برایانـــی دیکـــەی ئـــازا و بەجەرگیـــش زۆربـــوون، بـــەڵام نـــاوی هەموویـــان لێـــرەدا ناگوتـــرێ.

# مەرجەكانی حكومەتی ئێران

دوای جەنگی هەشت ساڵەی "عێراق- ئێران"[١]، حكومەتی ئێران چەند مەرجێكی بۆ حیزبەكان دانا، بە نامەی فەرمی و نووسین نەبوو، بەڵام عێراق و ئێران ڕێككەوتبوون لەسەر ئەوەی نەیارانی یەكتر لاواز بكەن.

---

[١] لەدوای ئەوەی سەدام لەڕۆژی ١٧/ ٩ / ١٩٨٠داو لەبەردەمی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا ڕێكەوتنامەی ١٩٧٥ی جەزائیری یەك لایەنە هەڵوەشاندەوە، لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا بەبۆمبارانی چەندین بنكەی ئاسمانیی هێزی ئاسمانیی ئێران، هێرشی بەرفراوانی وشكانیی و دەریایی بۆ سەر ئێران دەست پێكرد و ئەو جەنگە خوێناوییە ٨ ساڵی خایاند و بەپێی بڕیاری «٥٩٨»ی ئەنجوومەنی ئاسایش و لەڕۆژی ٨ / ٨ / ١٩٨٨ دا بەقبوڵكردنی لەلایەن ئێرانەوە ئاگربەست ڕاگەیەنرا، جگە لە زیانە دوو ملیۆنییەكەی كوژراوو بریندارى هەردوو وڵات، زیانە مادییەكانی جەنگەكە ئێجگار بەربڵاوبوون، كەبەپێی لیژنەی پێكهێنراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كەعێراقی بەهەڵگیرسێنەری جەنگەكە ناساند، تەنیا زیانە مادییەكانی ئێرانی بە ١٠٠٠ ملیار دۆلار خەمڵاند، كەچی دوای داگیركردنی كوەیت، هەر سەدام بۆ خۆی بەنامەیەك كە ئاراستەی «هاشمی ڕەفسەنجانیی» سەرۆك كۆماری ئەو كاتی ئێرانی كرد، گەڕانەوەی عێراقیی بۆ ڕێكەوتنامەی جەزائیری ڕاگەیاندەوە!!

# فشاری دەوڵەتی ئێران

ئێرانیەکان لە گوندی خدراوای سەر سنووری ئێران-عێراق سەردانیان کردین و لەگەڵمان دانیشتن، جارێکیش بانگهێشتیان کردین، بەئاشکرا پێیانڕاگەیاندین کە ئێمە لەگەڵ عێراق ڕێککەوتوین، ئێوەش سێ ڕێگاتان لەپێشە:

یەکەم: ئەگەر حەز دەکەن بچن بۆ ئەوڕوپا، ئەوا لە ڕێگەی "UN" ناوتان دەنووسین و دەتوانن بچن بۆ دەرەوە. ئەوکاتیش ئەوە زۆر ئاسان بوو.

دووەم: ئەگەر دەتانەوێ لەئێران بمێننەوە، دەبێ چەکەکانتان دابنێن و بچن لە ئۆردوگاکاندا دابنیشن، وەکو پەنابەر.

سێیەم: ئەگەر دەشتانەوێ درێژە بەشۆڕش و پێشمەرگایەتیی بدەن، ئەوە دەبێ بچنەوە ناو خاکی عێراق، نابێ هیچ بنکە و بارەگایەکتان لە ئێران بمێنێ.

ئەوە بەنیسبەتی ئێمە -وەکو بزووتنەوەی ئیسلامیی- بەو شێوەیە بوو، پێموایە بەنیسبەتی هێز و لایەنەکانی دیکەش وابوبێت، ئێمە دەستبەجێ هەر ئەو کاتە وەڵامان دانەوە، گوتمان: ئێمە شۆڕش و پێشمەرگایەتی هەڵدەبژێرین، نەدەچین بۆ ئەوڕوپا، نە لە ئۆردوگاکانیش دادەنیشین، بەڵکو دەچینەوە ناو خاکی عێراق.

# بڕوایان بە شۆڕش نەمابوو

مـن پێـم وانیـە ئێـران لەسـەر ئـەو بڕیـارەی زۆر سـوور بووبـێ، بـە بەڵگـەی ئـەوەی کـە هەندێـك بنکـە و بـارەگا لەسـنووری ئێـران مابوونـەوە، هەرچەنـدە گوشاریشـی هەبـوو لەسـەر هەمـوو لایەنـەکان، کـە یەکێـك لـەو سـێ ڕێگایـە هەڵبژێریـن.

لـەو ڕۆژانـەدا زۆر کادر و پێشـمەرگەی لایەنەکانـی دیکە لەشـۆڕش و پێشـمەرگایەتیی و دروسـتکردنەوەی شـۆڕش بێهیـوا ببـوون، دوای ئاگربەسـتەکەی هـەردوو وڵات، هیوایـان بـە شـۆڕش و پێشـمەرگایەتی نەمابـوو، بۆیـە ژمارەیەکـی زۆریـان ڕێگـەی هاندەرانیـان گرتەبـەر.

ئەگـەر ئێسـتا سـەرنج بدەیـن، هەنـدێ لـە سـەرکردەکانی ئـەو کاتـە ئـەو هەلەیـان قۆسـتەوە و مافـی نیشـتەجێ بـوون (إقامـە)ی هەندێـك وڵاتـی ئەوڕوپیـان وەرگـرت، کـە لـە ڕێگـەی ”UN“ چـوون بـۆ دەرەوە.

بەشـێکی دیکەشـی، کـە هەنـدێ سـەرکردەی ئێستاشـی تێدابـوون، هەیانبـوو چێشـتخانەی دانابـوو، بەشـێکیش هەبـوو تەسـلیم بـە ڕژێمـی بەعـس بوونـەوە، لەهێزەکانـی ئێمـەش کەمێـك هەبـوون، چووبوونـەوە، یـان تەسـلیم بـە بەعـس بوونـەوە، چونکـە پێشـمەرگایەتیی زۆر ناخـۆش و سـەخت بـوو، جگـە لـە گوشـارەکانی دەوڵەتێکـی زلهێـزی وەکـو ئێـران، ژیانیـش زۆر سـەخت ببـوو، بـۆ نمونـە: ئەگـەر ئێمـە ڕۆژێـك ”شـلە و برنج“مـان هەبووایـە، واماندەزانـی جەژنـە، بەتایبەتیـش ژیانـی کەسـانی خـاوەن خێـزان زۆر سـەختتر بـوو.

# وره دابەزین

وێـــڕای خۆڕێکخســـتنەوە، خەریکـــی وانـــە و خوێندنیـــش بوویـــن، خەریکـی خولـی پێگەیانـدن و تێگەیاندن لە ئیسـلام و لە قورئـان بووین، هەندێـك وانـەی پەروەردەیـی کـە ورەی ئـەو خەڵکـە بەرزبکاتـەوە، چونکـە خەڵکەکـە ورەی زۆر دابـەزی بـوو، لەهەمانکاتـدا بەشـێوەیەك خۆمـان ڕێکخسـتەوە، بەشـێك لـە ئێمـە هیـوا و ورەمـان بـەرز بـوو، پێمانوابـوو دەبـێ درێـژە بـەو خەباتـە بدەیـن، بەڵگەشـمان لەسـەر ئـەو قسـەمان سـاڵی (١٩٩٠) مەفرەزەیەکـی یـازدە (١١) کەسـیمان ڕێکخسـت، یەکێـك لـەو سـەرکردانە ”مـەلا ئەمینـی جیهـاز“ بـوو، ئەویشـمان لەگەڵدابـوو.

ئـەو مەفرەزەیەمـان ڕێکخسـت و شـوێنێکمان دیـاری کـرد لـە ”کورتـەك“، لـەلای دۆڵـی شـەهیدان، لـەوێ فەوجێکـی حکومەتـی بەعسـی لـێ بـوو، بڕیارمانـدا شـەوێك بەسـەر ئـەو فەوجـەدا بدەیـن.

# بەسەر ئەلغاماندا کەوتین

٣٠-١١-١٩٩٠"بوو، دوای دانانی بەرنامە، یازده "١١" کەس بووین لە "خدراوە"وە بەڕێ کەوتین، هاتین بەرەو قەندیل و بەرەو تاتی دۆی، لە زنجیرە شاخی قەندیل، ئەو ساڵە پەڵە دوادەوتبوو بەڵام لە قەندیل پووشەی بەفر دەهات و وزر سارد بوو، دوای ئەو بەرواره بەفرێکە ئێجگار زۆر باری، لەلای تاتی دۆی، بەسەر ئەلغاماندا کەوتین، - نازانم ئەلغامەکان کێ دایناںبوونەوە، هی حکومەتی بەعس بوو، یا هی ئێران - کاك "حەمەدەمین ژاراوە" زۆر بەسەختیی بریندار بوو، بۆیە بەناچاریی گەڕاینەوە، هەرچەندە پێشمەرگەیەکمان لەگەڵدا بوو بەناوی "ئیبراهیم ئەحمەد" تۆزێك شارەزایی لە برینپێچییدا هەبوو، بەڵام برینەکەی زۆر سەخت بوو.

هێزو پێشمەرگە و لایەنەکان، بەئەندازەیەك بێ هیوا ببوون، گاڵتەیان بەو مەفرەزەی ئێمە دەکرد، دەیانگوت ئەوانە بەتەمای هەڵسانەوەی شۆڕشن، ئەوانە بەتەمانە بەعس بڕوخێنن، کە ئێران هەشت ساڵ دەرەقەتی عێراق نەهات، بەڵام ئێمە قەناعەتمان هەروابوو، ئەگەر چنگێکیش بین، هەر درێژە بەم شۆڕش و جەنگ و جیهادە بدەین، هەتا خوا دەروویەکمان لێ دەکاتەوە، لەڕێگە چەند جارێك بە کاك (حمدامین ژاراوەی)م گوت: تۆ پێش مەکەوە: هەزار موقەدەر هەیە تۆ ماڵ و منداڵتان هەیە بەڵام هەر ماوەیەك دەهاتە دواوەو پاشان دەچۆوە پێشەوە.

# هەڵبژاردنی فەرماندەی تیپ

مـن پێشـمەرگەی هێـزی شـافیعیی بـووم، لـە خزمـەت مامۆسـتا عەبدولقـادری برایەتیـی و مامۆسـتا سـەلمان و مامۆسـتا وریـای خەتـێ و مامۆسـتا ئەمیـن و کاك موحەمـەد هەولێریـی بـووم و ئەوانـە بەرپرسـیان بـوون.

دوای ئـەوەی کـە کەوتینـە سـەر سـنوورەکان و ئەودیـوی سـنوور، مامۆسـتا عەلـی باپیـر، وێـڕای ئـەوەی کـە شـوڕایەکی یەکگرتـووی دروسـت کـرد، ئـەوکات هەندێك کێشـەمان هەبـوو لەگەڵ سـەرکردایەتی خۆمـان، سـەرکردایەتیی لـە "سـنە" بـوو، ئێمـەش لەخاکـی عێـراق و لەسـەر سـنوورەکان بوویـن، پێویسـت بـوو ئـەو سـەرکردایەتییە لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگە بێـت و لەنـاو خەڵکەکـەی خـۆی بـێ، بەهـەر حـاڵ زۆر لێـك دوور بوویـن.

جـا مامۆسـتا عەلـی باپیـر شـوڕایەکی دروسـت کـرد، وەك سەرپەرشـتیاری هێـزی شـافیعیی و حەمـزە، شـورایەکە پێکهاتبـوو لـە: مامۆسـتا شـەریف، مامۆسـتا عەبدولقـادری برایەتیـی، مامۆسـتا سـەلمان، مامۆسـتا حەسـەن بابەکـر.

ئـەو شـوڕایە هەڵبژاردنێکـی بـۆ ئێمـە ئەنجامـدا، دەبوایـە فەرمانـدەی تیـپ لـە هێـزی شـافیعیی هەڵبژێردرابـا.

هەڵبـژاردن کـرا و برایـان دەنگیـان بەمـن دا، بـەڵام ئـەو کاتـە لەدڵـەوە پێـم ناخـۆش بـوو، گوتیشـم ڕەتـی دەکەمـەوە، مامۆسـتا ئەمیـن و برایـان

شاهیدی ئەو بابەتەن، بەڵام گوتیان ئەوە هەڵبژاردنە و دامانناوە، بۆیە وێڕای ئەوەی کە ئەندامی ئەو شوورایە بووم کە بۆ هێزی شافیعی و حەمزە دانرابوو، بووم بە فەرماندەی تیپی (٩٩)ی سەربەستی کە دوای ئەوەی مەڵبەند دروست کران هێزەکان بوون بە تیپ.

# شورای یەکگرتوو

ئـەو شـورایەی پێشـوو تایبـەت بـوو بەهێـزی شـافیعیی و حەمـزە، بێجگـە لـەوە شـوڕایەکی یەکگرتـووی دیکەمـان هەبـوو کـە بەشـێك لـە هێزەکانـی دیکـەی وەك: ”سـەلاحەدین“ و ”نـەسر“ی ئەولاشـی تێدابوون.

هەندێـك نیگەرانـی هەبـوو لەلایـەن ئێمـەوە بەرامبـەر بـە سـەرکردایەتیی خۆمـان، وەکـو باسـم کـرد، لەلایـەك سـەرکردایەتیی لەقوڵایـی ”ئێـران“دا بـوو، لەلایەکـی دیکـەوە کەمـتر دەیانتوانـی لەنزیکـەوە سەرپەرشـتیی هێزەکانـی ئـەو کاتـی بزووتنەوەی ئیسـلامیی بکـەن.

پێشـمەرگە لەکێشـەیەکی زۆردابـوون، لەلایەنی دەروونیـی و ماددیی و دووریـی لـە وڵات و خـزم و کەسـوکار، کاتـی خـۆی هەرچۆنێـك بـێ لەناوچـە ئازادکـراوەکان، پێشـمەرگە دەهاتـە نـاو شـار، خەڵـك دەهاتـە لای پێشـمەرگە، خـزم و خانەوادەکانمـان دەبینـی.

حاڵەتێکـی ناخـۆش بـوو، بـارودۆخ بـەم شـێوەیە بێـت و سـەرکردایەتیش سەرپەرشـتیت نـەکات و لێـت دوور بـێ و ئـاگای لێـت نەبـێ، ئـەوە بـوو ناڕەزایـی زۆر بـەرز ببـۆوە.

# تێکگیران لەگەڵ یەکێتی

بەتایبەتی تریش بەنسبەت ئێمە هێزی شافیعیی و حەمزە، لەگەڵ برادەرانی یەکێتی، لەسەر بنکەیەکی سەربازی لە گوندی "قوڵە هەرمێ" تێکگیراین، هێزی حەمزە خەریکی درووستکردنی خانوو بوون بۆ بارەگا، دوو خێوەتی هێزی حەمزەش لەوێ هەڵدرابوو، دیار بوو برادەرانی یەکێتیی بەوە نارازیی بوون .

لەسەر ئەوە لەنێوانماندا بووە کێشە و ناکۆکیی، بەڵام نەگەیشتە پێکدادانی سەربازیی، کەمەخابن زۆربەی قۆناغەکان پێشمەرگەی لایەنەکان لەسەر شتی زۆر بچووك و بێ بەها خوێنی یەکتریان رشتووە، واتە هەندێ شتی لاوەکیی کراوەتە بیانووی جەنگی ئایدیۆلۆژیی، ئەوەش کاریگەریی لەسەر گەرمتر بوونی نارەزاییە ناوخۆییەکان هەبوو، سەرەڕای هۆکارەکانی پێشتر.

# گۆڕینی هێز بۆ تیپ

لەکۆتایی ١٩٨٩ لە سەرەتاکانی١٩٩٠ لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیی سیستەمی مەڵبەندەکان دانرا، کە ئەوکاتی مەڵبەندمان نەبوو، تەنها هێزمان هەبوو.

سێ مەڵبەند دانران، مەڵبەندی یەك و دوو و سێ، مەڵبەندی سێ بۆ سەرپەرشتی کردنی دەڤەرەکانی ڕانیە و پشدەر و قەڵادزێ و هەولێر و دهۆك بوو، "مامۆستا جەمالی قولەڕەش"[(١)] بوو بە بەرپرسی مەڵبەند، ئەو کاتە ئێمەیش سیستەمە سەربازییەکەمان لە "هێز"ەوە گۆڕیی بە"تیپ" هێزی شافیعیی بووە تیپی "٩٩ی سەربەستی". هێزی حەمزەش کرایە تیپی "٦٣ی باوەڕ". وە هێزی ئازادیش کرایە تیپی( )

بارەگاکانمان لە "خدراوە"و "قاسمە ڕەش"و "نۆکان"و "پشکاوێ"و "بێ دەلان" دانا، هەریەکەش لە "سەردەشت" و "خانێ" بارەگامان هەبوو بۆ کاری ئیداریی و ئازووقە و لۆجستیی، بارەگایەکی "ڕاگەیاندن"یشمان لە خانێ هەبوو.

---

(١) مامۆستا جمال احمد فتاح لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی (قولە ڕەش) ی شارباژێر لەدایك بووە لە (١٩٨٥/٥/٥) دەبێت بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە (١٩٩١/٥/٦) شەهید دەبێ، مامۆستا جمال پیاوێکی قسەخۆش و ئازاو ڕووح یووك بوو، خوا لێی خۆش بێ.

# پەیوەندی کردن بە ڕێکخستنەکان

لەو سەروبەندەیدا پەیوەندیی کردن بە ڕێکخستنەکانەوە لە جاران سەختتر ببوو، دەبوو سنوورێك ببڕی، پێشتر پشدەر ئاوەدان بوو، بەڵام لە ساڵی "١٩٨٨"دا ئەوێش چۆڵ کرا و ڕاگوێزرا، بۆیە هاتنەوە بۆناو شارەکانی کوردستان و پەیوەندیی کردن بەڕێکخستنەکان و لایەنگران زۆر قورس بوو.

لە ساڵی "١٩٨٩"دا لەگەڵ شەش هاوڕێی ترم: "کاك خالید پشتاشانی، شەهید مەلا عومەر، شەهید بێستوون، شەهید سەمیر، کاك حاجی لوقمان، سەید مەغدید" هاتینەوە بۆ ناو عێراق.

دابەش بووین، هاتینەوە دەڤەری ڕانیەو هەولێر، بۆ پەیوەندیی کردن بەڕێکخستنەکانمانەوە. کۆمەڵێك نامیلکە و بڵاوکراوەمان پێ بوو، یەکێك لە بڵاوکراوەکان "دەرد و دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی" هی مامۆستا علی باپیر بوو، یانی چاکسازیی کردن لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامیی، کە پێویستی پێی هەبوو.

# حوكمی گەڕانەوە ژێر نیری تاغوت

مامۆستا عەلی باپیر نامیلكەیەكی نووسی بوو، بەناوی: "حوكمی گەڕانەوە ژێر نیری تاغوت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە"، لەسەرووبەندی ئەوەی كە ژیان ئاوا سەختبوو حكومەتی بەعسیش لێبووردنێكی گشتیی دەركرد، خەڵك خۆیان رادەستی بەعس دەكردەوە، لەلای ئێمەش خەڵك هەبوون تەسلیم دەبوونەوە.

# دەمەقاڵە لەگەڵ کاروانچییەکان

مامۆستا عەلی باپیر، کاك حەسەن هەڵشۆیی ڕاسپارد، کە مەفرەزەیەکمان دەچێتەوە ناو شار، داوای لێکردبوو کە هاوکاریمان بکات، چونکە ئێمە شارەزا نەبووین، قسەم لەگەڵ کاك حەسەن هەڵشۆیی کرد و، چووینە سونێ لە دۆڵی قاسمە ڕەش، کاروانچییەکان لەوێ مزڵیان[١] هەبوو، لەوێ ڕێککەوتین لەگەڵ کاروانێکی خزمانی هەڵشۆیی بێین بۆ خوارەوە، کاك خالید پشتاشانی، گوتی: من لە چەمی ژاراوە تا دەچینەوە ماخۆبزنان و ڕانیە شارەزام، بەڵام لەولاوە شارەزا نیم.

ئەو ناوچەیەش چۆڵ بوو، ڕێککەوتین کە ئەوان ڕێنیشاندەرمان بن هەتا ئەوێ، لەوێش ئێمە شارەزاین، ئەوان پێشکەوتن، هاتینە دەشتی قەڵادزێ، حکومەت لە دەشتی قەڵادزێ سەربازگە و مۆڵگەی چەکدارەکانی هەبوو، وابزانم زرێ پۆش بوو، "پلاجکتۆرێك"ی لەسەر بوو، پلاجکتۆرەکەی هەڵکرد، ئێمەش لەو دەشتە بووین و کەوتینە بەر تیشکی پلاجکتۆرەکە، ئەو کاروانچییانەش وڵاخەکانیان تاودا، ئێمە دوو وڵاخمان پێ بوو، ئەوانی دیکەمان بە پیادە بووین، حەوت کەس بووین، لەگەڵ کاروانچییەکانی هەڵشۆیی، لەو تاریکە شەوە

---

[١] «مزڵ» جیایە لەخانوو، بەو سەرپەنایە دەوترێت بەنایلۆن سەریان گرتووە و سادە و ساکارە، بۆ کەمێك حەوانەوە و پاراستنی کەلوپەل و شمەکیانە لە باران و سەرما تا دەیانگەیاندە دیوی عێراق و بەپێچەوانەشەوە دەیانهێنایە ئێران. پێدەچێت «مزڵ» کورت کراوەی مەنزڵ بێت، واتە قۆناغی نێوان ڕێگای کاروان.

پەرشـوبڵاوبووین و لەیـەك دابڕایـن، ئەمنیـش تۆزێـك تـوڕە بـووم، دوای ئـەوەی کـە هاوڕێکانـی خـۆم دۆزیـەوە، کاروانچییەکانیشـم بینیـەوە، گوتـم: ئـەوە شـوورەیی نەبـوو بـەو شـێوەیە ئێمەتـان بەجێهێشـت، ڕێککەوتنـمان وابـوو تـا چەمـی ژاراوە بەیەکـەوە بیـن.

میلـی تفەنگەکـەك لـێ هێنانـەوەو گوتـم: یـان دەبـێ پێکـەوە بەپـێ بڕۆیـن، یـان وڵاخـی زیادتـان پێیـە دەبـێ بماندەنـێ، ئەوانیـش توڕەبـوون و گوتیـان نایدەیـن.

بەهەرحـاڵ بەنابەدڵیـی پێکـەوە ڕۆیشـتین تـا چەمـی ژاراوە، لـەوێ ئەمـن داوای گـەردەن ئازادیـم لێکـردن، گوتـم: داوای لێبـووردن دەکـەم، مـن خەمـی ئـەو هاوڕییانـەی خۆمـم بـوو.

هەندێکیـان نـەك هـەر شـارەزا نەبـوون، بەڵکو دەسـتوپێ سـپی بوون، لـەم دەشـتە بـۆ کـوێ بچـن. گوتیـان: بـا بـۆت بمێنـێ، دیـار بـوو هـەر لە دڵیـان مابـوو، لـەوێ لێـك جیابووینـەوە، لـە چەمـی ژاراوەمانـدا، ئـاوی گەلێـك زۆر بـوو. ئێسـتاش بیرمـە کەوڵاخێـك بەمـن بـوو، ئاوەکـە زۆر بـە تـەوژم بـوو وڵاخەکـە هەڵخلیسـکا و بـردی، چەنـد تەقڵەیەکیشـی پـێ لێـدا، ئەمـن پەتەکـەم هـەر بەرنـەدا و هەرچۆنێـك بـوو گرتمانـەوە.

# سوپاس بۆ ڕێکخستنەکان

هاتینـەوە بـەرەو ڕانیـە، لـەوێ چووینـە ماڵـی وەسـتا شـێخەی کـوڕی خـاڵ ئەحمـەدە ڕەش (بەڕەحمـەت بـن)، ئـەو بنەماڵەیـە هەموویـان تێـدا بـوون، داوای لێبـوردن لـەو بنەماڵانـەش دەکـەم کـە نـاوم لەبیـر چووبـن، دەبینـی هەندێکیـان خزمەتێکـی زۆریشـیان کـردووە، بـەڵام مـن لەگـەڵ نەبوومـە، یـان ناوەکەیم لەبیر کـردووە.

لەوێـوە جیابووینـەوە، کـە هـەر یەکـە بەجیـا بێینـەوە بـۆ هەولێـر و ناوچەکانـی دیکـە، بڕیـاردرا کـە بـە یـەك قۆنـاغ نەچـم بـۆ هەولێـر، چونکـە هەندێـك بڵاوکـراوە و شـتی دیکـەم پـێ بـوو، گوتیـان: سـەرەتا بچـۆ بـۆ کۆیـە، لـەوێ لەکۆیـە بچـۆ بـۆ هەولێـر.

# حیزبی کەران

نزیـك ڕۆژئـاوا بـوو، بـە تەکسـیەك لـە ڕانیـە بـەرەو کۆیـە بەڕێکەوتـم، لەڕێـگادا تەکسـیەکە دەگەیشـتە هەندێـك شـوفێری دیکـە، ئاماژەیەکیـان دەدایـە یەکـتر، وەکـو سـڵاو، بـەڵام سـڵاویش نەبـوو، منیـش نەمدەزانـی ئـەوە چییـە، گوتـم: ئـەوە چ جـۆرە سـڵاوێکە؟ گوتـی: ئێمـە "حزبـی کەران"یـن، منیـش یەکەمجـار بـوو نـاوی حیزبـی کەرانـم دەبیسـت، گوتـم: کاکـە ئـەوە گاڵتـە دەکـەی؟ گوتـی: کاکـە ئەوانـەی کـە ئامـاژە بەیەکـتر دەدەیـن ئەندامـی حیزبـی کەرانیـن، گوتـم: حزبـی کـەران چییـە و بەرنامەتـان چییـە؟

گوتـی: کـەر سـتەمی لـێ دەکـرێ، لـەو ماوەیـەدا کـەر سـەری بـڕدراوە و گۆشـتەکەیان دراوەتـە خەڵکیـی بەنـاوی گۆشـتی دیکـە، کـەر بـاری زیـادی لـێ بـار دەکـرێ و سـتەمی لـێ دەکـرێ.

تووشـی شـۆك بـووم، وابزانـم سـەر بـەو کاك" عومـەر کلـۆڵ"ە بوون، کـە ئێسـتا لـە کوردسـتان بانگەشـە بـۆ ئـەو ڕێبـازە دەکات، ئەمنیـش گوتـم: کەریـش ئاژەڵێکـە و خـوا دروسـتی کـردووە بـۆ خزمەتـی مـرۆڤ، بـەڵام چـۆن دەبـێ مـرۆڤ بچێتـە ڕیـز و ئاسـتی کـەران؟ لەگـەڵ ئەوەشـدا نیشـانەی مرۆڤبـوون ئەوەیـە دەبێ بەزەیـی بەهەمـوو درووسـتکراوەکانی خـوادا بێتـەوە، باوەکـو خـودا هەمووشـیانی بـۆ خزمەتـی مـرۆڤ خولقانـدووە. بەهـەر حـاڵ دەمەوئێـوارە و بـەدەم ئـەو گفتوگـۆ سەرنجڕاکێشـەوە گەیشـتمە کۆیـە.

# نەمدەزانی شەو لەکوێ بمێنمەوە

کە گەیشتمە "کۆیە" چووم بۆ مزگەوتی گەورە، لەوێ نوێژی شێوانم کرد، نەمدەزانی شەو لەکوێ بمێنمەوە، نازانم مامۆستای مزگەوتەکە کێ بوو، بەڵام گوتم: ئەگەر ڕوخسەت هەبێ خەڵکی هەولێرم، ڕێ نەماوە - چونکە ئەو کات دوای رۆژ ئاوابوون ڕێگای هاتووچۆ نەدەما- دەتوانم شەو لێرە بمێنمەوە؟ گوتی: نەخێر، قەدەغەیە لە مزگەوت بمێنییەوە، گوتیان: لەوبەری مزگەوت ئوتێل هەیە.

ئۆتێلێکی بچووکی لێ بوو، لەهۆڵی ئۆتێلەکە کۆمەڵێك شۆفێری بارهەڵگری لێ بوو، دیار بوو شەوێ لەوێ مابوونەوە، بەدیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتبوون، فیلمێك بوو فڕۆکە بۆمباران و ڕێژنەی شەستیری دەباراند، لەوەشدا باسی ئەوەیان دەکرد، کەساڵانی زوو لەو شاری کۆیە، حکومەت زۆر خراپ لەو شوێنانەی داوە و تۆپبارانی کردووە و خەڵکی زۆری کوشتووە.

ئەمنیش هەڵمدایێ و دەستم بەقسان کرد و گوتم: ئەو ڕژێمە، ڕژێمێکی زۆر دیکتاتۆر و ستەمکارە، زۆر ستەمی لە گەلانی عێراق کردووە بە گشتی، بەتایبەتی لە گەلی کورد، ئەوانیش پێیان سەیر بوو، گوتیان: ئەم قسانەت لێرە کرد، لە شوێنێکی دیکەیان مەکەوە، حکومەت دەستگیرت بکا، جگە لە سێدارەدان هیچ حوکمێکی دیکەت نییە.

منیــش بــێ دەنــگ بــووم و چوومــە ژوورەکــەی خــۆم تــا بەیانــی، بەیانییــش بەتەکســیەکی دیکــە چوومــە هەولێــر، لەوێــش پەیوەندیــم بەو برایانــەی ڕێکخســتنەوە کــرد، بڵاوکراوەکانــم پێــدان، باســی بارودۆخــی بنکــە و بارەگاکانمــان و هێزەکانمــان بــۆ کــردن.

نەریــت وابــوو هــەر کەســێك دەهاتــەوە نــاو شــار، برایانــی پێشــمەرگە کۆمەڵێــك نامەیــان بــۆ ماڵــەوە پێــدا ڕەوانــە دەکــردەوە، ئەوکاتــە تیپیــان لــێ دەئاڵانــد و وەك نوشــتەی لێدەکــرا تــا قەبــارەی گچکــە بێتــەوە و، بــۆ هەڵگرتــن و شــاردنەوە ئاســانتر بــێ.

# نەمتوانی دایك و باوکم ببینم

کەچوومە نـاو هەولێـر، پێـم خـۆش بـوو دایـك و بـاوك و خوشـك و براکانـم ببینـم، چونکـە مـرۆڤ هەرچەنـد بەهێزیـش بێـت، کەماوەیەکـی زۆری پـێ چـوو، بیـری دایـك و بـاوك و خۆشەویسـتانی دەکات، ئـەوە سـۆزێکە و خـوا لەهەمـوو مرۆڤێکیـدا خولْقاندوویەتـی، هەوڵمـدا کـە بیانبینـم، بـەڵام دەشترسـام کەبچمـەوە ماڵـەوە، ڕێگـەم نەدەنـەوە بگەڕێمـەوە نـاو پێشـمەرگە و لەگەڵیـان تووشـی کێشـە ببـم، لەجیاتـی ئـەوەی کـە دڵیـان خـۆش بکـەم، ناڕەحەتیشـیان بکـەم.

بەهەرحـاڵ ڕۆژێـك بڕیارمـدا سـەردانیان بکـەم، ماڵـی باوکـم کاتـی خـۆی لـە گەڕەکـی "گڵکەنـد"ی هەولێـر بـوو، بـەڵام کـە مـن بوومـە پێشـمەرگە، لـەوێ بڵاوبـۆوە کـە کـوڕی ئـەو ماڵـە بووەتـە پێشـمەرگە، بەناچاریـی لـەوێ گواسـتبوویانەوە و چووبوونـە گەڕەکـی "برایەتیـی".

لـەوێ کـەس نەیدەناسـیم، چوومـە کۆڵانەکـە، دەمزانـی کەماڵـمان چووەتـە کـوێ، کـە چـووم دایکـم (بەڕەحمـەت بێـت) لەگـەڵ دوو خوشـکم، لـە هەیوانـی ماڵـەوە بـە "پەرەمێـز" نانیـان دەکـرد و دەنگـی ڕۆژە ڕێییـەك دەڕۆیـی، تەماشـایەکم کـردن، هەرچەنـدی کـردم نەمتوانـی بچمـە ژوورەوە، هەسـتێکی زۆر خـۆش و لەهەمـان کاتـدا زۆریـش دڵگـران بـووم، کەچیـتر نەمتوانـی بچمـە پێشـەوە و بەقسـە لەگەڵیـان بدوێـم !!

# زۆر ناڕەحەت بووم

کــە گەڕامــەوە ”خــدراوا“ی سەرســنوور، نامەیەکیــان بــەدوادا ناردبوومــەوە، نووســیبوویان: بیســتوومانە تــۆ هاتویتــەوە هەولێــر، چــۆن ویژدانــت قەبوڵــی کــرد ســەرێك لــە ئێمــە نەدەیــەوە؟ بــۆ ئەوەنــدە بــێ بەزەیــی بوویــت؟ ئەوەیــە مســوڵمانیەتیەکەت؟

ئــەوە زۆر ناڕەحەتــی کــردم، زۆر بێتاقــەت بــووم، چونکــە باوکــم و ئــەوان پێشــتر هەوڵیاندابــوو کەمــن ببینــن و بمبەنــەوە، لــە ســەرەتای پێشــمەرگایەتیی جارێکیــان بابــم بەدوامــدا هاتبــوو بــۆ دۆڵــی سماقوڵی و لای مەلــەکان، هەوڵــی دابــوو کەبمبینــێ و بمباتــەوە، ئەوکاتــە هێزەکانــی ئێمــە لەســەر ڕێگــەی کۆیــە مەفرەزەمــان دادەنــا، هێزەکانــی دیکــەش (یەکێتــی و شــیوعی و...) هەریەکەیــان مەفــرەزەی دادەنــا.

# کۆپتەر ئێسترێکی زۆری کوشت

بەمەبەستی بینینی خەڵك و ڕێکخستنەکان، نزیکەی دوو (٢) مانگ لەڕانیە و چوارقوڕنە و هەولێر ماینەوە. مانگی پێنج (٥) بوو، ئێمە شارەزانەبووین، هەندێکیان لەو برایانە نەهاتنەوە، مانەوە بۆ ئیش و کاری دیکەیان لەناو شارەکان، ڕێککەوتین کەچۆن بچینەوە، پەیوەندییان کرد بەهەندێ کاروانچیی خزمانی "پشتئاشان" لەگەڵ کاك "حەمەدە ڕەش، کاك عەلی، کاك ئیبراهیم" ڕێککەوتین، هەندێك بارمان بردەوە بۆ ئەودیو، بۆ ئەوەی سوودێکی لێ بکەین، چونکە دوو وڵاخمان پێ بوو.

گەیشتینە لای شاخی "زێڕنە کێو"ی پشتی "ماخوبزنان"، لەوێ دیاربوو وڵاخێکی زۆر کەوتبوو، حکومەتی بەعس ئەوکات بەکۆپتەر لێیدابوون و کوشتبوونی، بارەکانیش لەوێ کەوتبوون، ئەوەی ئەوکات بیستبووم، کاروانی ئێرانییەکان بوون، یەك-دوو کەسیشیان لێ کوژرابوون، چونکە خوێنێکی زۆر لەو دەوروبەرە ڕژابوو، بارێکی زۆریش لەدڵی کەوتبوون.

ئەوبەر، کە دەکاتە پشتی سڵەو بۆڵێ، بەفری لێ بوو، زستانی ئەو کاتە سەخت بوو، بەفریشی لێ مابوو، پشتاشانییەکان گوتیان: ئێمە خۆمان لەو بەفرە نادەین، دەزانین دەرناچین، ئێمەش ناچاربووین هەردەبوو بگەڕێینەوە، "کاك موحەمەد یوسف" هەبوو، کادیرێکی یەکێتی بوو، شارەزابوو، گوتی: ئەمن دێم ئەگەر ئێوە لەگەڵم بێن.

ئـەوە بـوو ڕێککەوتیـن و بەڕێکەوتیـن، گەیشـتینە سـڵەو بۆڵـێ، لـەوێ هەندێـك بـارەگای حزبـی دیموکڕاتـی ئێرانـی لـێ بـوو، ئێمـەش پێویسـتیمان بەهەندێـك نایلـۆن بـوو بـۆ سـەر بـارەکان، چونکـە بـاران دەبـاری، دوایـی چوویـن بـۆ ئەودیـوی قەندیلـی، کە دەمانویسـت بەسـەر قەندیـل بکەویـن، بەفـر زۆر بـوو، کێشـەکە ئـەوە بـوو، کـە بەیانیـان ئێمـە بەڕێدەکەوتیـن، کـە خـۆر تـەواو لێـی دەدا، بەفرەکـە شـل دەبـۆوە و وڵاخ دەرنەدەچـوو، چەنـد ڕۆژ ئەوەمـان بەسـەرهات نەمانتوانـی ئاودیو ببیـن، ناچـار بڕیارمانـدا ڕۆژێـك بەتاریکایـی، بەماوەیەکـی زۆر پێـش نوێـژی بەیانـی بڕۆیـن، بـەر لـەوەی بەفـر شـل بێتـەوە، چونکـە شـەوانە دەیبەسـت، ئەوەبـوو بەیانییەکـی زۆر زوو سـەرکەوتین و گەڕاینـەوە لای خـدراوە و گەزگەسـك و ناوچەکانـی سـەر سـنوور.

# بارودۆخی پێشمەرگە و بارەگاکان

وەکو لەپێشدا ئاماژەم پێکرد، بارودۆخی هێزی پێشمەرگە بەگشتیی زۆر خراپ بوو، پێموایە ئەو ئاگربەستەی عێراق و ئێران لەنێوان خۆیان، لە "١٩٨٨/٨/٨" دا جۆرێکی دیکەی دارِشتنەوەی پەیوەندییەکان بوو، کەئاکامەکەی کوردیشی دەگرتەوە، چونکە ئێمە هەرچۆنێکی بێ ناوچەیەکی فراوانی ئازادکراومان بەدەستەوە بوو، راستە هیچ ئیدارەیەکی رێکوپێکمان نەبوو، تەنها هێزی پێشمەرگە بوو، هەموو کاتیش چاوەڕوان کراوبوو ئەو ناوچانە بکەونە بەر هەڕەشە و هێرشی سوپای بەعس و بنە گۆڕەپانی جەنگ، بەڵکو بەر هێرشی دڕندانەی کیمیاوییش بکەون، بەڵام هەر باش بوو، جێگەی ئومێد و دڵخۆشیی بوو.

لە ڕووی دارایی و ژیان و گوزەرانەوە، بارودۆخ زۆر خراپ بوو، بەتایبەتی بارودۆخی ئێمە بەچەند مانگێك یارمەتیەك دابەش دەکرا، من زۆر پەرۆشی پێشمەرگە خێزاندارەکان بووم، پێشمەرگە زگورتیەکان هەرچۆنێك بێت لەبارەگاکان شتێك دەست دەکەوت، خواردن و خەو و ئیسراحەتیشیان هەر لە بارەگا بوو، بەڵام بەڕاستیی خێزاندارەکان بارودۆخیان خراپ بوو.

کاك مەلا عەبدولقادری برایەتیی گێڕایەوە، ئۆتۆمبێلێکی "پەیکان"ی هەبوو، جارجار دەهات بۆ خدراوە و دەگەڕایەوە نەغەدە و پیرانشار (خانێ)، ڕۆژێك پێشمەرگەیەك گوتبووی: منیش هەندێك شتم پێیە دێم بۆ خانێ.

شـــتەکانی خســـتبووە ســـندوقی ئۆتۆمبێلەکـــەوە، نەیزانیبـــوو چییـــە، تەماشـا دەکا پشـتی سـەیارەکەی زۆر قـورس بـووە، ئەویـش پێـی دەڵـێ: ئـەوە چیـە تێیدایـە؟ گوتبـووی: هەندێـك شـتە دەیفرۆشـم، گوتبـووی: ئاخـر چییـە؟ وەڵامـی دەسـت نەکەوتبـوو، بـەڵام لـەوێ کەدایبەزاندبـوو، کاك مـەلا قـادر لەگەڵـی دادەبـەزێ و تەماشـا دەکا، جۆرێکـە لـە بـەرد، هیچـی نەبـووە ئـەو بـەردەی بـردووە و، ویسـتوویەتی بیفرۆشـێ و شـتێکی بـۆ مـاڵ و منـداڵ دەسـت بکـەوێ.

وەك باسـمکرد، خەڵـك هەبـوو تەسـلیم دەبـۆوە، خەڵـك هەبـوو دەچووە دەرەوە، سـوپاس بـۆ خـوا ئێمـە هـەر باشـتر بووین، بـەڵام بارودۆخـی ئێمـەش سـەخت بـوو.

# بیرمان لە دوو هەنگاو کردەوە

یەکـەم: یەکێکیانـم باسـکرد، کـە ئێمـە لەوکاتـی بـێ ئومێدییەشـدا ورەمـان بەرزتـر بـوو لـە خەڵکـی دیکـە، مەفرەزەیەکـمان کـرد بـۆ پەلاماردانـی ئـەو بنکەیـەی کورتـەك کـە فەوجێکـی حکومەتی بەعسـی لـێ بـوو.

دووەم: کۆتایـی سـاڵی (١٩٨٩)، بیرمـان لـەوە کـردەوە کـە ئێمـە چیـتر نابـێ ئـاوا دانیشـین، لـە ڕووی پەیوەندیـی سیاسـیی، لـەڕووی پەیداکردنـی پارەیـەك بـۆ ئـەو پێشـمەرگانە، ئـەوە بـوو بڕیـاردرا مـن و "کاك مـەلا کەمالـی کـوڕی مامۆسـتا مـەلا موحەمـەدی بۆسـکێنی" بڕۆینـە دەرەوە. هـەوڵ بدەیـن پشـتیوان و پشـگیریی سیاسـیی و دارایـی بـۆ هێـزی پێشـمەرگە پەیـدا بکەیـن، چوویـن بـۆ "سـنە"، پرسـمان بـە مامۆسـتا مـەلا عوسـمانی {ابـەری بزووتنـەوە (بەڕەحمـەت بێـت) کـرد، ڕازی بـوو و هاوکاریشـی کردیـن بـۆ ڕێگاوبـان.

گوتمـان بچینـە پاکسـتان و وڵاتانـی کەنـداو و ....، هەوڵبدەیـن ئێمـە خۆمـان بـە وڵاتـان بناسـێنین، کـە شۆڕشـمان بەدەسـتەوەیە، کـورد میللەتێکـی موسـڵمانە، وەرن هاوکاریـمان بکـەن، ویسـتمان چەنـد پەیامێـك بگەیەنیـن.

ئێمـە لـە "سـنە" بوویـن، ناسنامەیان بـۆ درووسـت کردیـن بـۆ ئەو سـەفەرانە، تەرتیباتمـان هەمـوو کـرد، سـاڵی (١٩٩٠) بـوو، لەوکاتـەدا حکومەتـی عێراقـی "کوێـت"ی داگیـر کـرد، بارودۆخەکـە تۆزێـك گۆڕا، ئومێدێـك پەیـدا بـووەوە، بۆیـە ئـەو سـەفەرەمان نەکـرد و گەڕاینـەوە.

جا مەبەستم ئەوەیە، ئێمە هەم لە ڕووی سیاسییەوە هەوڵمانداوە، هەم لە ڕووی شۆڕشی پێشمەرگایەتییەوە، کە نەکەوین و ورەمان بەرز بێ و بێ هیوا نەبین.

# شەڕ لەسەر بنکەی قوڵەهەرمێ[1]

پێش ئەوکاتە ئێمە بنکە و بارەگامان لە "پشکاوێ" هەبوو، وەکو باسم کرد بارەگای هێزی حەمزە لە "قوڵە هەرمێ"و هێزی "حەسەن بەننا" لە توژەڵە هەبوون، ئێمە سێ (٣) هێز لەو ناوچەیە بووین: هێزی حەمزە، هێزی شافیعی، هێزی حەسەن بەننا، کە زیاتر ئەو برایانەی سلێمانی بوون.

لەوێ تووشی دەمەقاڵێ و تێکگیران بووین لەگەڵ برادەرانی یەکێتی، مامۆستا مەلا عوسمان (بەڕەحمەت بێت)، بەنامەیەك کە بۆ مامۆستا عەلی باپیری نارد و ئێمەی ئاگادار کردەوە، مامۆستا عەلی باپیری بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ سڕ (تجمید) کرد، و بڕیاریش درابوو بنکە و بارەگاکانمان لەوێ بگوازینەوە، دەنا ئێمە هەر لەناو خاکی عێراق بووین، بەڵام بەهۆی ئەو تێکگیرانە، مامۆستا مەلا عوسمان قسەی لەگەڵ مام جەلال کردبوو، کە ئێمە لەگەڵ ئێوە شەڕمان پێ باش نیە، وا ڕێککەوتبوون کەئێمە ئەو بنکە و بارەگایانە لەوێ لابەرین.

ئێمە بەقسەمان کردن و بنکە و بارەگاکانمان گواستەوە، سوپاس بۆ خوا کە شەڕیش ڕووی نەدا، بەڵام ستەمیش بوو لێمان کرا، ئەم هەموو ناوچە بەرفراوانە هەمووی چۆڵ بوو، کەسی لێ نەبوو،

---

(١) مامۆستا حسن بابکر بە وردی و بە دۆکۆمێنت لە کتێبەکەی (هەوراز و نشێو) باسی کێشەی بزووتنەوە و یەکێتی لە (قوڵەهەرمێ) لە لاپەڕە (٢١٧) کردووە.

هەمــوو شــاخ و کێــو و دەشــت بــوو، بنکــە و بــارەگای زۆریــان لــەوێ هەبــوو. بــەڵام بەهــۆی بارودۆخــی نوێــی عێــراق و گوشــارەکانی ئێرانیش هــەر مابــوون، ئێمــە ناچاربوویــن بــارەگاکان بێنینــەوە دیــوی عێــراق.

بــەڵام دەســەڵاتدارانی ئێــران ڕێگەیــان نەدایــن، کە بــە ڕێگای ئاســایی و ســەرەکییدا و بارەگاکانمــان بگوازینــەوە، ناچــار نزیکــەی بیســت (٢٠) کەســێك زیاتــر دەبوویــن، ســەرەتای نــەوەدەکان بــوو، بەڕێــگای قەدبــڕ بــە ئاڵیــە مــەران و، گوێــزێ، ئــەو ناوچانــەدا بــەرەو قاســمەڕەش هاتینەوە، ســەرمایەکی زۆر بــوو، بەفــر بــوو، دۆخەکــە ئەوەنــدە ســەخت و ســەرما و سۆڵە بوو،خەریــك بــوو ئــەو مەفرەزەیەمــان لەنــاو بەفرێــدا بخنکێیــن.

# هەڵوێستی موحەمەد وەتمانی شێنێ

کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٩ مامۆسـتا عەلـی باپیـر نامەیەکـی بـۆ کاك "موحەمـەد وەتمـان" نووسـیی، ئـەوکات موحەمـەد فەرمانـدەی تیپ بوو لەنـاو یەکێتیـی نیشـتمانی، کەسـایەتیی و دەسترۆیشـتووی ناوچەکـە بـوو، مـن و کاك مـەلا مەحمـودی گـرد ئێسـتری چوویـن، نیـوەڕۆ مێوانی ئـەو بوویـن، دوو خانـوو هەبـوو لـە "بێدەلـی خـوارێ"، گوتمـان: ئەگـەر ئـەو دوو خانووەمـان بدەنـێ، هـی خزمەکانـی ئـەو بـوون، گوتی: بەسـەر چـاو، بـەڵام خانـووەکان هـەر کـەلاوەن.

بەشـێکی خانووەکان ئـاوەدان نەبـوون، پێدەچوو پێشـتر مەڕوماڵاتیان تێکردبێـت، گوتمـان: قەبووڵمانــە و خاوێنــی دەکەینــەوە. سوپاســت دەکەیـن، خانووەکانیـان پێدایـن، خاوێنمـان کـردەوە و بارەگایەکـمان لەوێ دانـاو، وردە وردە خەریکـی خۆڕێکخسـتنەوە بوویـن.

بنکەیەکیشـمان لـە "خـدراوە" مابـوو، کـە ئـەو کاتـەی هێزمـان کـردە تیـپ، بەنـدە "سـەرتیپ" بـووم و کاك "سـەردار عەسـکەریی" جێگـری بەنـدە بـوو، لـە خـدراوە بەجـێ مابـوو، بـۆ ئـەوەی هاوکاریـمان بـکاو شـتمان پـێ دەویسـت لـە ڕووی ئیدارییـەوە و بـۆی دەناردیـن.

# ڕەحەتیی نەوت

لیستێك پێویستیمان نووسیی و ناردمان بۆ کاك سەردار، لەکۆتاییشدا نووسیبوومان سێ (٣) (کۆفکە) ڕەحەتییمان پێویستە، لەگەورە و مامناوەندیی و بچووك، کاك سەرداریش هەموو پێداویستییەکانی بۆ ناردین، نامەیەکی نووسیبوو: ئەو شتانەم هەمووی کڕیوە و ناردوومن، بەس تەنیا یەك ڕەحەتیم ناردووە، ڕەحەتیە مامناوەندییەکەم ناردووە، نووسیبووی: ڕەحەتی گەورە و گچکەتان بۆ چیە؟

ئێمە لەوێ فانۆس و لامپا و سۆبا و ئەو شتانەمان هەبوو، پێویست بوو نەوت لە بەرمیلەوە بکەینە رەحەتیەك، شتێك دواتر بە رەحەتی بیکەینە شتەکانەوە، ئەویش قسەیەکی خۆشی نووسیبوو: ئێوە بارەگاتان داناوە، خۆ نەوت نافرۆشن. ئێستاش نامەکەم هەر ماوە.

بەهەر حاڵ ئێمە لەوێ بنکە و بارەگاکانمان مایەوە و وردە وردە داوامان کرد، کەپێشمەرگەکان پەیوەندی بەو بارەگایانەوە بکەن، چونکە بارودۆخی عێراق- لەدوای داگیرکردنی کوەیت و هەڵوێستی نێودەوڵەتیی - لەڕووی سیاسییەوە، بەرەو ئاڵۆزیی دەچوو، لە هەواڵەکانیش دیار بوو، کە ئەمریکا و گەورە وڵاتانی دونیا ئەوەیان پێ قەبوڵ نەبوو.

ئێمەش خۆمان کۆدەکردەوە، چاوەڕێ بووین ڕووداوێکی نوێ لە عێراق ڕووبدات و بارودۆخێکی نوێ بێتە پێشەوە و ڕۆڵی خۆمانی تێدا ببینین و ئامانجەکانمان بهێنینەدیی.

# هاوکارییەکانی ئێران

ئـەو هێزانــەی کــە باســم کــردن هەموویــان بنکــە و بارەگایــان هەبــوو، بەئازادیــی دەهاتــن و دەچــوون، یەکێتــی نیشــتیمانی، حیزبــی سۆشیالیســت، کــە کاك ڕەســوڵ مامەنــد بەرپرســیارێتیی دەکــردن لــەو دۆڵــە، حیزبــی شــیوعی، گرووپێکیــان هەبــوو ناویــان لەخۆیــان نابــوو "کۆمەڵــەی یەکســان"، ئەوانیــش بارەگایەکیــان هەبــوو.

بەنــدە "فەرمانــدەی تیــپ" بــووم، داوام لــە برادەرانــی قــەرارگا کــرد کــە بەرگەیەکــم بــۆ بکــەن، بەفەرمیــی بچــم ســەردانی بارەگاکانــی خۆمــان بکــەم لــەم دۆڵــە، پێداویســتییان هەیــە و سەرپەرشــتییان دەکــەم، بەرگەیەکــم دەســت نەکــەوت کــە لــە بازگــەی "قاســمەڕەش" بــەرەو خــوارەوە بێمــەوە، ناچــار بەشــاخەکاندا بــە قاچــاغ هاتمــەوە نــاو بارەگاکانــی خۆمــان.

ئێــران هاوکاریــی حیزبــە کوردســتانییەکانی دەکــرد، بــەڵام لەگــەڵ ئێمــە ســارد بــوون، جــاری وا هەبــوو گۆشــت و ئازوقــە دابــەش دەکــرا، دەدرایــە هەمــوو حیزبــەکان، کەچــی بــە ئێمــە نــەدەدرا و هەنــدێ خەڵکــی ســاویلکە پێیــان وابــوو، ئێــران ئێمــەی لەنازونیعمەتــدا خەنیــی کــردووە، جۆرێــك لــە ئابڵوقــەی سیاســیی و ئابوورییــان لەســەر بــوو، جیــا لــە هەمــوو حیــزب و لایەنەکانــی دیکــە.

# بۆچی هەڵوێستی ئێران گۆڕابوو؟!

پێموایە یەکێك لە هۆکارەکان پابەندبوونمان بوو بە بیروباوەڕمانەوە و ملکەچی هیچ جۆرە بڕیارێك نەبووین، کە بە نادروستی بزانین و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خاك و خەڵك و وڵاتمان بێت، بەشێکی ئەمە بوو.

ئەگەرنا لە ڕاستییدا ئەو وڵاتانە بەرژەوەندیی و ستراتیژ و بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی خۆیانیان هەیە، هیچ بە تەنگ بابەتەکانی مرۆیی و سۆز و پێشمەرگایەتیی گەلێکی چەوساوە و ستەملێکراوەوە نین، بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن، بەرژەوەندیی ئەوان لەوەدا بوو، کە ئاوا مامەڵە لەگەڵ ئێمە بکەن، چونکە بارودۆخەکە گۆڕا بوو.

# هاتنی دڵشاد گەرمیانی

پێشمەرگەکانی ئێمە زۆربەی هاتنە دۆڵی قاسمەڕەش، خەڵکیش پەیوەندییان پێوە دەکردین، ئەو کاتەی ئەو بارودۆخە نوێیە لە عێراق ڕویدا خەڵک لە عێراقەوە دەهاتن بۆ کوردستان، خەڵکی خواروو پەیوەندییان پێوە دەکردین.

یەکێک لەوانە کەپێویستە باسی بکەم، کاك "دڵشاد گەرمیانیی" ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێشووی کۆمەڵ و کاك "کەمال حەسەن" ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی کۆمەڵ، ئەوانە لە سەرەتاکانی ساڵی "١٩٩١" پێش ڕاپەڕین بە سەردان هاتن بۆلای ئێمە لە "بێدەلی خواروو" کۆمەڵێك پێشنیازییان پێ بوو، دیاربوو ئەو خەڵکە پێشبینیی ئەوەیان دەکرد ڕاپەڕین و گۆڕانکارییەك ڕوودەدات، کۆمەڵێك پێشنیازی جوانیان پێ بوو، کە ئەوکاتە چی دەکرێ و چۆن بکەین و چیی بکەین، چۆن دابەزین و چۆن ڕاپەڕین دروست بکرێ، ئێمە کە گوێمان لێگرتن، پشتگیریی زۆربەی قسەکانمان کردن و سوودمان لێ بینین.

# رۆڵی ڕاگەیاندنی یەکێتی

خەڵـك چاوەڕێـی دەکـرد، بێگومـان ڕاگەیاندنـی هێـزی پێشـمەرگە کاریگـەری خـۆی هەبـوو، هەواڵەکانـی دونیـاش کـە ئەمجـارە ملهوڕیـی لەڕژێمـی بەعـس قبـوڵ ناکـرێ، ئـەوە پێچەوانـەی هەمـوو یاسـا نێودەوڵەتییەکانـە و سـنووربەزاندنی وڵاتانـی دیکەیـە، "کوەیت"یـش بۆ خۆرئـاوا گرنـگ بـوو، بێزاریـی خەڵـك و ئـەم هەواڵانـە و ڕاگەیاندنـی حیزبـە کوردسـتانییەکانیش، بەتایبەتیـی ئەگـەر ئامـاژە بـە ڕادیـۆی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان بکـەم، کەبەڕاسـتیی لـەو ڕووەوە بەهێـز بـوو، زیاتـر خەڵکـی هۆشـیار دەکـردەوە، خەڵکـی هانـدەدا بـەوە کـە ڕاپەڕیـن بەڕێوەیـە.

بـەو شـێوەیە ئامادەسـازیی دەکـرا بـۆ ڕاپەڕیـن، بـۆ بزووتنەوەیەکـی جەماوەریـی، بـەڵام لەڕاسـتییدا لایەنـەکان و ئێمـەش نەماندەزانـی ئـەو ڕاپەڕینـە چـۆن ڕوو دەدات و ئاکامەکـەی چـۆن دەبێـت، بـەڵام هەمـوولا هەسـتمان دەکـرد گۆڕانکارییـەك لـە عێراقـدا بەڕێوەیـە، بەتایبەتییـش بـۆ کوردسـتان زۆر نزیکـە.

# کۆبوونەوەکەی سەقز

هەمــوو چاوەڕێــی بارودۆخێکــی نــوێ بوویــن، بەمەبەســتی خــۆ ئامادەکــردن و ئامادەســازیی بــۆ ڕاپەڕیــن، لەنێــوان حیزبــە کوردســتانییەکان، لەســەر ئاســتی کەســی یەکەمــی حیزبــەکان و ئەندامانــی مەکتەبــی سیاســیی،کۆبوونەوەیەك لــە ”ســەقز“ ئەنجــام درا، مامۆســتا عەلــی باپیــر بەنوێنەرایەتیــی بزووتنــەوەی ئیســلامیی بەشــداریی کــرد.

بــەرەی کوردســتانیی دامەزرێنرابــوو، ئێمــە وەکــو بزووتنــەوەی ئیســلامیی لــە بــەرەی کوردســتانییدا بەشــدار نەبوویــن، بــەڵام لــەو کۆبوونەوەیــەدا بەشــدار بوویــن و کۆمەڵێــك بڕیــاردرا، کــە لایەنــەکان چــۆن لەســەروبەندی ڕاپەڕینــدا یەکڕیــز و کــۆك بــن، چــاوەڕێ دەکــرا کــە ڕاپەڕیــن لــەدوای لێدانــی ڕژێــم لەهەلومەرجــی خۆیــدا ئەنجــام بدرێــت.

یەکێــك لــە بڕیــارەکان ئــەوە بــوو، کەهەمــوان ئامادەکاریــی بکەیــن، جیاوازیــی نیــە لەنێــوان هێــز و پێشــمەرگەی لایەنــەکان، دەســکەوتەکان بــۆ هەمــوو گەلــی کــوردە.

یەکێکــی تــر لــە بڕیــارەکان ئەوەبــوو، کاتــێ چەکدارەکانــی ڕژێمــی بەعــس خۆیــان بەدەســتەوە بدەن و شــەڕی پێشــمەرگە و جەمــاوەر نەکەن و چــەك دابنێــن، نابێــت هیــچ مامەڵەیەکــی نەشــیاو و توندوتیژییــان لەگەڵــدا بکرێــت، بەڵکــو بەخشــینیان زیاتــر ریزەکانــی کوردەواریــی بەهێــز دەکات.

ئـەم بڕیـارە کاریگەریـی زۆر بـوو، هەرچەنـدە لـە هەندێـك شـوێن جێبەجـێ نەکـرا، مـادام بڕیارێـك دراوە لەلایـەن سـەرکردایەتیی شۆڕشـەوە، دەبوایـە پێشـمەرگە و جەمـاوەر پێیـەوە پابەندبـن، هەرچەندە جەمـاوەر ئەوکاتـە زۆر تـوڕە بـوون، خەڵـك کەسـوکاری لـێ کوژرابـوو، کەسـوکاریان لەسـێدارەدرابوون، ئاسـان نەبـوو ئـەم خەڵکـە پابەند بکەی بـە بڕیارەکانـەوە، بـەڵام چەکـداری بەعسـیش بۆیـە تەسـلیم دەبـوون، چونکـە بڕیاربـوو سـەروماڵیان پارێزراوبـێ و کـەس سـوکایەتییان پـێ نـەکات و گیانیـان پارێـزرا و بێـت، بـەڵام لـە هەندێـك شـوێن ئـەم بڕیـارە پێشـێل کـرا.

بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی کۆبوونەکـە بـەو شـێوەیە بـوو کـە داواکـرا هەرچـی هێـز و پێشـمەرگە هەیـە پەیوەندیـی بـە کـەرت و تیـپ و هێزەکانـی خۆیانـەوە بکـەن و ئامادەبـن بـۆ ڕاپەڕیـن، داوا لـە خەڵـك و جەمـاوەر کـرا کـە ئامادەبـن بـۆ ڕاپەڕیـن و ئـەو گۆڕانکارییـەی کـە بەڕێوەیـە بـۆ عێـراق و کوردسـتان.

کۆمەڵێـك هەنـگاو نـراو ئێمـەش ئـەو پێشـمەرگانەی کەهەمانبـوو، ئـەوەی لـە بنکـە و بـارەگاکان بـوون، ئەوانـەی کـە لـە مۆڵەتدابـوون، پێمانڕاگەیانـدن کـە پەیوەندیـی بەبارەگاکانـی خۆیانـەوە بکەنـەوە.

بەپێـی ئـەو نوێنەرانـەی ئێمـە، کـە لـەو کۆبوونەوەیـە بەشداربوون، ئـەو بڕیارانـەی کـە لـەو کۆبوونەوەیـەدا دران، بەشـێکیان لـە ڕاگەیاندنەکانیـش بڵاوکرانـەوە، بەتایبەتیـی ئـەوەی بـۆ بەرزکردنـەوەی ورەی پێشـمەرگە و جەمـاوەر گرنـگ بـوون و ئەوانـەش کـە هێـزە بـێ ورە و مۆراڵەکانـی ڕژێمیـان هانـدەدا بچنـە ریـزی جەمـاوەر و بـەو شـێوەیە خۆیـان لـە تۆڵـەی خەڵـك و پێشـمەرگە بپارێـزن.

# خۆ سازدان بۆ ڕاپەڕین

هێزێکـی باشـمان لـە دۆڵـی قاسـمەڕەش هەبـوو، یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتانیش هێزێکـی زۆری هەبـوو لـەو سـنوورانەی کەئێمـەی تێـدا بوویـن، پارتییـش زیاتـر لـە ناوچەکانـی خواکـوڕك و قۆڵـی شـنۆ و ئـەو سـنوورانەوە، هێزەکانــی دیکــەش هەریەکــە و بــە قورســایی خۆیــان هەبــوون.

سـەبارەت بـە ئێمە، پێـش ڕاپەڕیـن و لەکاتـی ڕاپەڕینیش شانبەشـانی هێزەکانــی دیکــە بەشــدارییمان کــرد، تەنانــەت لەهەنــدێ شــوێنیش لەپێشـی ئەوانـی تریـش بوویـن، شـەهیدانی ئاشـکراو ونبوومـان لەدوای هێرشـی پێچەوانـەی ڕژێمییـش بـۆ کوردسـتان بەڵگـەی ئـەو ڕاسـتیەن، کەپێشـمەرگەی ئیسـلامیی، خواویسـت وخۆنەویسـت و خۆڕاگـر بـوون و ئاسـان نەبـوو سـەنگەر بەرانبـەر دووژمـن چـۆڵ بکـەن.

ڕاسـتە ئێمـە وەك ژمـارە هێنـدەی ژمـارەی پێشـمەرگەکانی یەکێتـی نیشـتیمانی و پارتـی دیموکڕاتـی کوردسـتان نەبوویـن، بـەڵام هەمیشـە پێشـەنگ بوویـن، لـە کۆبوونـەوەی "سـەقز" پارتـی پێیوابـوو کـە نابـێ ڕاپەڕیـن بکەیـن، چونکـە لەوانەیـە ئەمـە سـەرنەگرێ و دووبـارە بەعـس ئەنفالێکـی تـر بـەڕێ بخاتــەوە، کیمیایــی بارانێکــی دیکــە ئەنجــام بداتــەوە.

# کێ خاوەنی ڕاپەڕینە؟

من چیی بزانم و چیم بینیوە ئەوە دەڵێم، ئەوکات من لەدۆڵی "قاسمە ڕەش" بووم و فەرماندەی تیپی (٩٩)ی سەربەستی بووم، هێزێکی یەکێتی نیشتیمانی کۆبوونەوە، هێزێکی باش بوون، بەسەرپەرشتی کاك نەوشیروان موستەفا، حیزبی شیوعی لێبوون، بەڵام زۆر نەبوون، هەروەها حیزبی سۆشیالیست بە سەرکردایەتیی کاك"ڕەسوڵ مامەند" لەوێ بوون، لەگەڵ هێزی ئێمە (بزووتنەوەی ئیسلامیی)، ئیتر هێزێکی دیکەم نەبینیوە.

هەندێك خەڵك، بەتەنها خۆی دەکات بەخاوەنی ڕاپەڕین، یا دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین، بۆ خۆیشی بڕوای بەقسەکەی خۆی نییە، بەڵام ئەمڕۆ بازاڕەکەی پێویستیی بەو قسە چەواشەکارانەیە، هێز هەیە تا هاتوومەتەوە هەولێر نەمبینیوە، ڕەنگە دوایی وردە وردە هاتبێ، بەڵام ئێمە کە لە "قەمتەران"ەوە چووینە ناو شەڕ، چونکە ئێمە کە دابەزین ڕاپەڕین کرابوو، جەماوەر لە حاجیاوە و ڕانیە و ئەو ناوچەیە ڕاپەڕینی کردبوو، ڕژێم نەمابوو لەوێ، "٣/٥" ڕاپەڕین کرا، ئێمە "٣/٧" دابەزینە ناو شارەکان.

مەبەستم ئەوەیە کە ئەو لایەنانە بەشێکی بەهۆی ڕاگەیاندنەکانەوە برەویان بە بابەتەکەی خۆیانداوە و زۆرباسیان کردووە و خۆیان کردووە بەخاوەنی ڕاپەڕین، دەنا ئەوە حەقیقەتەکە بوو.

مێژوو شاهیدە کە ئێمە لە هەندێك شوێن لە پێشەوەی هێزەکانی دیکە بووین، لە هەندێ شوێنیش هاوشانیان بووین، با

سەرکردەکانی یەکێتیی و پارتیی و سۆشیالیست و شیوعیی و پارتی گەل باس بکەن، کە ئێمە لە قۆڵی حاجی ئۆمەران و سۆرانیش، لەناوچەکانی قۆڵی لای هەڵەبجە و شارەزوور و ئەو ناوچانەش، هەر لە پێشەوە بووین، با ئەوان باسی بکەن کە ڕۆڵ و کاریگەریی ئێمە چۆن بووە.

# ڕێککەوتن لەگەڵ نەوشیروان موستەفا

لـە دۆڵـی قاسـمەڕەش، هێزەکـەی ئێمـە نزیکـەی "١٥٠" پێشـمەرگە دەبوویـن، هێزەکـەی یەکێتییـش بەسەرپەرشـتی کاك نەوشـیروان نزیکـەی "٤٥٠" پێشـمەرگە دەبـوون. "٣/٥" یـان "٣/٦" بـوو، بـەرەو سـونێ بەڕێکەوتیـن، چووینـە لای ئـەو هێـزەی یەکێتـی نیشـتیمانیی کـە کاك کـۆسرەت و کاك حەسـەن کوێسـتانی لـەوێ بـوون و قسـەمان لەگـەڵ کاك حسـن کوێسـتانی کـردوو گوتمـان: ئێمـەش هێزێکـی بزووتنـەوەی ئیسـلامیین، حەزدەکەیـن بـۆ ڕاپەڕیـن و دەسـتپێکردن و لێـدان و پەلاماردانـی بنکـەو بارەگاکانـی بەعـس تەنسـیقمان هەبـێ، بەداخـەوە لـە وەڵام دانـەوە گـەرم و گـوڕ نەبـوو، ئێمـەش گەڕاینـەوە.

لەکاتـی گەڕانـەوە برادەرێـك (فەرماندەیەکـی یەکێتـی) پرسـیی: وابزانـم وەڵامـی "کاك حەسـەن"تان بـەدڵ نەبـوو؟ گوتـم: ناوەڵـڵا، گوتی: بـۆ ناچـن قسـە لەگـەڵ کاك نەوشـیروان بکـەن، ئـەو لەوێیـە، گوتمـان: پێـمان باشـە.

دیاربـوو کـە چوویـن، کاك نەوشـیروان لـە پەنـا بەردێـك دانیشـتبوو، ئێمـەش سـڵاومان لێکـرد، بەڕێـزەوە پێشـوازیی لێکردیـن، گوتمـان: ئێمـە هێزێکـی بزووتنـەوەی ئیسـلامیین، حەزدەکەیـن تەنسـیقمان هەبـێ.

گوتـی: ئێمـە سـێ قۆڵـمان هەیـە. قۆڵێـك لەوبـەر بـوو، بـەری زێوکە"، ئـەوی دیکـەش دۆڵ و دۆڵ لـە دۆڵـی "سـونێ"، ئـەوی دیکـەش لـەلای شـاخی مامەنـدە، گوتـی: کامـە قۆڵـی هەڵدەبژێـرن، ئێـوە سەرپشـکن.

ئیدی ئەوە بوو ئێمە ئەو قۆڵەی ئەوبەرمان هەڵبژارد و ئێوارە بوو بە تەقەو شەڕ لەگەڵ هەندێك بنکەو بارەگای حکومەت کە لەسەر شاخەکان بوون، ئەوانیش بە هاوەن و دۆشکە ئەو ناوچەیان تۆپباران کرد، ئەو شەوی (شەوی ٦ - ٧/ مانگی ٣) هیچیان لەگەڵ نەکرا، ڕۆژی دواتر خۆمان سازدایەوە، دیارە هەواڵیش هەبوو، کە ڕاپەڕین دەستی پێکردووە لە ڕانیە و حاجیاوە.

# هەواڵی ڕاپەڕین

١٩٩١/٣/٥ هەواڵمان بۆ هات کە لە شار ڕاپەڕین دەستی پێکردووە، خەڵکیش بەپیرمانەوە هاتن، خەڵکێك بە قەلابە و تراکتۆر و ئەو ئۆتۆمبێلانە هاتن، چونکە ڕێیەکە سەخت بوو، هەموو ئۆتۆمبێلێکی نەدەگەیشتێ.

ئێمە ٧ ی ٣ بەرەو قەڵادزێ دادەبەزین، لەڕێگادا تووشی هەندێك ئۆتۆمبێل و خەڵکی خۆمان بووین، لەوێ بە ئۆتۆمبێلەوە هاتین بۆ ڕانیەو ئەو دەڤەرە.

لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی ڕێککەوتبووین و هەماهەنگیمان هەبوو، بەڵام هەماهەنگیەکە هەرئەوەندە بوو، کە ڕاپەڕین بوو، شۆڕشێکی جەماوەری بوو، بەپاڵپشتی پێشمەرگەی هەموو لایەك، ئەوە نەبوو کە بابەتی ڕێککەوتن و تەنسیق زۆر کارگەری هەبێ. هەڵچوونێکی جەماوەریی بوو، کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی زۆر زەحمەت بوو.

ئەو کاتە تەنسیق بە زەحمەت بوو، وەك ئێستا تەلەفۆن و ئینتەرنێت نەبوو، تەنها جیهاز هەبوو بۆ پەیوەندیی کردن، ئەویش تا لە بارەگایەك هەبوو، لە پێنج بارەگا نەبوو، بەتایبەتیی ئێمە وەکو ناوچەیەکی دابڕاویشمان لێ هاتبوو، بەڵام ئەوەی باش بوو، کە زۆری نەخایاند و گەیشتینە ناوشارەکان، لەوێش جیهازمان هەبوو، ئاگاداری یەکتر بووین، کە هێزەکانی: نەسرِ و سەلاحەدین و هەورامان و ئەوانەی ناوچەی ئەولاش هەموو بەشدار بوون لە

ڕاپەڕیــن و ڕۆڵ و کاریگەریــی و جێگــە پەنجەیــان بەڕووداوەکــەوە دیــار بــوو.

دواتریــش ئێمــە لــە ڕێگــەی ئــەو جیهازانــەی کــە "بێتــەل"ی پێدەگوتــرا، کــە باشــترینەکەیان "ڕاکاڵ" بــوو، بەتۆڕێکــی تایبــەت پەیوەندییــمان بەیەکــەوە هەبــوو، ئــاگاداری بارودۆخــی هێــزەکان و پێشــمەرگە و ســەرکردایەتیی خۆمــان بوویــن.

## چەکی دەستی پێشمەرگە

ئــەوکات پێشــمەرگە هــەر چەکــی: "کلاشــینکۆف، قەننــاس، ئارپێچــی،BKCو ئــەو جــۆرە چەکانــەی هەبــوو، ڕەنگــە لــە هەندێــك بنکــە و بــارەگا و لــە ســەرکردایەتییش "دۆشــکە" هەبووبــێ، کــە زیاتــر چەکــی نیــوە ســووکی پێدەگوتــرێ.

# سەختیی و دژواریی ژیان

وەکو باسمان کرد، ئەوکات بارودۆخی بارەگاکانمان زۆر نارەحەت بوو، لەڕووی سیاسیی و ئابووریی و ژیان و گوزەران و لە هەموو روویەکەوە، بارەگای چەند هێزێکمان لە خدراوە بوو، وەك هێزەکانی "حەمزە" و "شافیعی" و "ئازادی"[1].

هێزی "حەمزە" ئەو کاتە مامۆستا (حسن بابکر) سەرپەرشتیی دەکرد، دواتر کرا بە تیپ لە سنووری مەڵبەنی (٣) و مامۆستا "عەباس" دانرا بەفەرماندەی ئەو تیپە، کە ناوی "٦٣ی باوەر" بوو، مامۆستا عەبدولقادری برایەتیی و مەلا سەلمان سەرپەرشتی هێزی "شافیعیی"یان دەکرد، دوایی هێزەکە کرا بە تیپ و منیان بە فەرماندەی ئەو تیپە هەڵبژارد بۆ تیپی (٩٩)ی سەربەستیی. هێزی "ئازادیی"یش مامۆستا مەغدید (بەڕەحمەت بێت) سەرپەرشتیی دەکرد، ئەوانیش هەر لەدۆڵی خدراوە بوون و دوای ڕاپەڕین ناوەکەی گۆڕدرا بۆ تیپی "ڕاپەڕین" و کاك حاجی بیلال کرا بەفەرماندەی تیپ.

ژیانمان سەخت بوو، وەك جارێکی تریش ئاماژەم پێکردووە، ئەگەر ڕۆژێك برنج و شلەمان هەبوایە لە بارەگاکانمان، وەکو جەژن وابوو، منیش ڕاستە کە فەرماندەی تیپ بووم، بەڵام هەروەکو پێشمەرگەکانی تر پاسەوانییم دەگرت، دەبووم بە چێشتلێنەر و

---

[1] لەدوای کۆنگرەی پێنجەمی دزڵی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە مانگی (١٩٩٠/٦) (٣) مەڵبەند درووست کران و هێزەکان کران بە (تیپ).

خەفەریاتیشم دەگرت و قاپم دەشوشتن و گەسکیشم دەدان، ئەوەی هەر پێشمەرگەیەك دەیکرد، ئێمەش وەکو بەرپرسی هێز و ئامر تیپ دەمانکرد.

# قسەیەكی خۆش

ئەمن كێشەیەكم هەبوو، حەزم لە چێشت لێنان نەبوو، نەدەمزانیی و حەزیشم لێ نەدەكرد، هەركاتێك نۆبەتی من دەهات بۆ چێشت لێنان، لەگەڵ چێشت لێنەرەكە ڕێك دەكەوتم چونكە خەفەرێكیشمان دادەنا بۆ قاپ شوشتن و دانانی سفرە و چای لێنانی بەیانی و ئەو كارانە، بۆیە ئەمن هەموو جارێ دەمگوتە هاوڕێكەی خۆم كە تۆ چێشتەكە لێ بنێ، ئەمنیش قاپ و شتەكان دەشۆم.

ڕۆژێكیان لەگەڵ كاك بیلال كەركوكی بەیەكەوە خەفەر بووین، برنجی بە تەنها لێ نابوو، برنجەكە ببوو بە پەڵوو، وەكو كفتەی لێهاتبوو، نەدەخورا، ئەویش دیاربوو لەو بارەوە شڵەژابوو، دەیگوت نازانم چی بكەم؟ ئەوانە ئەم دۆخە ببینن سەرم دەكوڵن، بەخۆمان هیچمان نیە بیخۆین، ئەوەشمان لێ ناوە و خراپ دەرچووە.

گوتم: وەرە ئەمن شیوەكە تێدەكەم، چونكە شەرمێكی زیاتریان لەمن دەكرد، بۆیە ئەمن تێیدەكەم و هەرچۆنێك بێ ئەمڕۆ بەڕێ دەكەین، بەڵام جارێكی دیكە باشتر ئاگاداری خۆت بە.

ئەمنیش كەوگیرەكەم بەدەستەوە گرت، هەرپێشمەرگەیەكی دەهات، دەشیانزانی كە من چێشت لێنانیم، دواییش تێگەیشتن كە بابەتەكە چۆن بووە، هەر كەس دەهات بەشی خۆیم بۆ تێدەكرد و دەڕۆیشت، هەیانبوو بۆڵەبۆڵێكی دەكرد و دەڕۆیشت، هەشیان بوو بەدەم و چاویەوە دیاربوو كە ناڕازیە بەڵام دەنگی نەدەكرد، دیاربوو بەدڵیان نەبوو.

# سەعاتی سایکۆ

بارودۆخـی بارەگاکانمـان زۆر خـراپ بـوو، جارێکیـان چوویـن بـۆ بـازاڕی (پیرانشـار) خانـێ، زۆر حـەزم لـە سـەعاتێك بـوو، بـەڵام پێـمان نەکـرا، بیرمـە سـەعاتەکە "سـایکۆ"بوو، نـاوەوەی شـین بـوو، ئـەوەی بەشـەوان نـاوی دەبریسـکایەوە (پێیـان دەگـوت نـاو فسـفۆڕ)، ئـەوە بـۆ پاسـەوانی شـەو زۆر بـاش بـوو، بـە شـەش هـەزار (٦،٠٠٠) تومـەن بوو، مـن چـوار هـەزار (٤،٠٠٠)م پـێ بـوو، کاك سـەید مەغدیدمـان لەگـەڵ بـوو، بەخۆیـان بنەماڵەیەکـی دەوڵەمەنـد بـوون، دیاربـوو کـە زانیـی ئەو سـەعاتەم پـێ باشـە و مەراقمـە، گوتـی: دەبـێ بیکـڕی، گوتـم: نایکـڕم، بـەڵام هەرپێـی کڕیـن و ئـەو پارەکـەی تـەواو کـرد.

خـۆ سەعاتەکەشـمان بـۆ پاسـەوانی شـەوان و بـۆ پێشـمەرگایەتیی بـوو، بـەڵام بارودۆخەکەمـان خـراپ بـوو، توانـای کڕینـی سـەعاتێکمان نەبـوو.

# کێشەمان لەگەڵ سەرکردایەتیی

هێزەکانی شافیعیی و حەمزە و بەشێکی هێزی ئازادی، هەندێکی دیکەش، خراپتربووین لەوانی دیکە و بەهۆی ئەوەی هەندێك کێشە و گرفتمان لەگەڵ سەرکردایەتیی ئەوکات هەبوو، کە دواتر شورایەکی یەکگرتوو دروستکرا، مامۆستا عەلی باپیر سەرپەرشتیی دەکرد، بۆ چاکسازیی و گۆڕانکاریی لەهەندێك هەیکەل و سیاسەت و شێوازی بەڕێوەبردنی حیزب، هەنگاوێکی ئەو قۆناغە بوو.

بۆ نموونە، یەکێك لە گرفتەکانمان ئەوە بوو، ئێمە دەمانگوت: سەرکردایەتیی و سەرکردە دەبێ لەناو هێزی پێشمەرگەدا بن، سەرکردەکان - کە ئێستا هەندێکیان نەماون، خوا لێیان خۆش بێت و جێیان بەهەشت بێت - ماڵەکانیان لە سنە بوو، لە شارەکان بوون، ئێمە دەبوو هەشت تا نۆ (٨-٩) سەعات بە ئۆتۆمبێل بڕۆیشتباین تا دەگەیشتینە ئەو سەرکردە و سەرکردایەتییە!!

بەهۆی ئەو بۆچوونانە جۆرێك لە ئابڵوقەی ئابووریی لەسەر ئەو هێزانە دانرا، ناچمە ناو ئەو وردەکارییانە، قۆناغێکی ناخۆش بوو و تێپەڕیی، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە کێشە و خەم و خەفەتمان زۆر بوو، وێڕای ئەوەی بارودۆخی پێشمەرگە بەگشتی خراپ بوو، بەڵام بارودۆخی پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی خراپتر بوو، هی ئەو چەند هێزەی ئێمە زۆر خراپتریش بوو.

# ئامۆژگاریی بە كردەوە

هەمیشە كێشەی پاسەوانیی لە هەموو بارەگاكان هەبووە، ڕەنگە ئێمە باشتر بووبین، ئەوكاتە بەلیستێك ناوی پاسەوانەكان دەنوسرا، ئێمە یەكێكمان دادەنا، جێگری فەرماندەی هێز، یا بەرپرسی تیپێك، كاتەكەی دادەنا، پێشمەرگەكانی ئێمە زۆرجار گلەییان دەكرد و دەیانگوت ئەوەی دوای خۆم بانگ دەكەم بۆ پاسەوانیی چارەگێك تا بیست خولەكی پێ دەچێ تا دێت، بەتایبەتی لەو سنوورانە سەرماكەی زۆر سەخت بوو، گلەییەكەیان لەجێگەی خۆیدابوو، چونكە چەند جار دووبارە دەبۆوە، ئێمەش ئامۆژگاریمان دەكردن و ئاگاداریشمان دەكردنەوە، كە نابێ بەو شێوەیە رەفتار بكەن.

وەكو بەپرسی تیپ كە لە خدراوا بووین بڕیارمدا شەوێك لەدوای نوێژی خەوتنان تا نوێژی بەیانیی پاسەوانیی بگرم، زستانێكی سارد بوو، بەفرێكی زۆر كەوتبوو، هەمیشە چەند پلە لەژێر سفر بوو، بەو برادەرەم گوت كە لیستی ئێشكگری دادەنا، كە من لەدوای نوێژی خەوتنان بنووسێ، ئەوكاتە وەكو ئێستا خەڵك بەدیار تەلەفزیۆن و تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان و دانیشتنی بێ سوودەوە خەریك نەدەبوو چونكە هەندێكی هەر نەبوو، هەر ڕاستەوخۆ دوای نوێژی خەوتنان دەخەوتن.

دوای نوێژی خەوتنان، خۆم باش پێچایەوە و چەند فانیلە و پاڵتۆی ئەستورم لەبەر كرد و چوومە سەربانی بارەگاكە، تا نوێژی بەیانیی

هیـچ کەسـێکم بانـگ نەکـرد، هەتـا بڵێـی سـارد بـوو، ئێسـتاش بیرمـە کـە ئاسـمان سـاماڵ و مانگـە شـەو بـوو.

لـەدوای نوێـژی بەیانیـی ئـەو بـرادەرەم بانـگ کـرد کـە نۆبەتـی هاتبـوو، خەریکـی خواردنـی بەیانیـی بوویـن، پێشـمەرگەیەك گوتـی: ئەمشـەو مـن بـۆ ئێشـکگری بانـگ نەکـرام، هەموویـان هەمـان قسـەیان دووبـارە کـردەوە، گوتیـان بزانیـن لـەلای کـێ پچـڕاوە، دیـارە خەوتۆتـەوە و ئەمشـەو بـێ حـەرەس بوویـن، ئینجـا مـن خـۆم لـێ ئاشـکرا کـردن و ئامۆژگاریـم کـردن کـە بۆچـی بـۆ یـەك سـەعات حەرەسـیات برادەرەکـەت هێنـدە ئەزیـەت دەدەیـی و چەنـد جارێـك بانگـت بـکا، بـەڵام تـۆ هەڵنەسـتی، ئـەوەش کاریگەریـی راسـتەوخۆی لەسـەر بـرا پێشـمەرگەکان هەبـوو، تاڕادەیـەك لـەو بارەیـەوە باشـتر بـوون.

# پێویستە سوپاسی خوا بکەین

بێگومـان ڕاپەڕیـن، یەکێـك لـە دەسـتکەوتە گەورەکانـی گەلـی کـورد بـوو، دوای ئـەو هەمـوو سـتەم و ناخۆشـیی و سـەختیی و قڕکـران و ڕاگواسـتن و دەربەدەریـی و کیمیایـی بـاران و بەنـاو ئەنفـال کردنـە، خـوای گـەورە دەرووبەکـی لـەم گەلـە کـردەوە و بـەو ڕاپەڕینـە بەچـاوی خـۆی شکسـتیی دووژمنەکـەی بینیـی.

پێموایـە بـەر لەهەمـوو شـتێك کـە باسـی بکەیـن، ئـەم دەرووڵێکرانەوەیـەی خـوای گـەورە، پێویسـتی بـە سوپاسـگوزاریی گـەورە هەیـە بـە ئێستاشـەوە، کـە ئێسـتا ئێمـە خاوەنـی هەرێمێکـی سـەربەخۆین، خاوەنـی حکومـەت و پەڕلەمانیـن، خاوەنـی دامـەزراوە و ژیانـی خۆمانیـن، لەگـەڵ هەمـوو ئـەو تێبینیـی و ڕەخنـە گەورانـەی کـە لـەو دامەزراوانەمـان هەیـە.

ئەگـەر بگەڕێینـەوە قۆناغەکانـی پێـش ڕاپەڕیـن، کەپێشـبینیی ئـەو دەسـکەوتانەی ڕاپەڕینمان نەدەکرد، بـەڵام بەزەیـی خـوا بـوو، شـۆڕش و خەباتـی کـورد نزیکـەی سـەد (١٠٠) سـاڵ بـەردەوام بـوو، بـەڵام ئـەوەی بـەو ڕاپەڕینـە دەسـتکەوتن بـەو رووبـاری خوێنانـە نەهاتەدیـی کـە لەشۆڕشـەکاندا پێشـکەش کـران.

بۆیـە پێویسـتە ئـەم بارودۆخـەی ئێسـتا بەشـێوەیەك بەڕێـوە بـبرێ، کـە شایسـتەی ئـەو نازونیعمەتـەی خـودا بێـت، کـە پێیدایـن و کردینیـە خاوەنـی مافـی چارەنووسـی خۆمـان، دەبـوو کارێـك بکەیـن کـە خـوا پێـی ڕازی ببـێ و پێـی خـۆش بێـت، لەخزمـەت ئـەو ئـەو خەڵکـە

هەژارانــەدا بیــن، کــە ســتەمی زۆریــان بینیــی، تاخــودا زیاترمــان پــێ ببەخشــێت، چونکــە دەفەرموویــت: «لــئن شــکرتم لأزیدنکــم»، بــەڵام بەپێچەوانەشــەوە، ئەگــەر بەخزمــەت و دڵســۆزیی و ئەمانــەت پارێزیــی سوپاســی ئــەو نــازو نیعمەتــە نەکەیــن - وەکــو ئــەوەی ئێســتا بەرپرســان دەیکــەن- دوور نییــە لێــمان پێچەوانــە ببێتــەوە و لەدەســتمان دەربچێــت!!

پاشــان پێموایــە ڕاپەڕیــن، تەنیــا موڵکــی هێزێکــی سیاســیی نییــە، بەتەنیــاش هێــزی پێشــمەرگە ئەنجامــی نــەداوە، بەڵکــو هێــزی پێشــمەرگەبووە پارێــزەری دەســکەوتەکانی جەمــاوەر، بەهەردوولایــان ئــەو ڕاپەڕینەیــان گەیانــدە ئەنجــام. ئەگــەر باســی هێــزی پێشــمەرگە بکەیــن، خــۆ هێــزی پێشــمەرگە چەنــد ســاڵ بــوو قوربانیــی دەدا، بــەڵام نــەك نەیتوانــی بەعــس ڕامالّــێ و ناوچــە کوردییەکانــی لێ پــاك بکاتەوە، بەڵکــو ئــەوە رژێم بــوو پێشــمەرگەی گەیانــدەوە سەرسنوورەکان، ئەگەر هەڵــەی بەعــس نەبوایــە لــە داگیرکردنــی «کوەیــت»دا، مەحــاڵ بــوو ئــەو هەلــە درووســت ببێــت بــۆ ڕاپەڕیــن و ڕاماڵینــی بەعــس و ئیدارەکــەی، ئــەوەش لوتــف و بەزەیــی خــوا بــوو بــۆ ئــەوەی ســتەم لەئەســتوورییدا بپچڕێــت و گەلــی چەوســاوە ئاهێکــی بەبــەردا بێتــەوە.

بۆیــە ئەگــەر بەتەنیــا باســی هێــزی پێشــمەرگە بکــرێ- بەهێــزی پێشــمەرگەی هەمــوو لایەنەکانیشــەوە- ئــەوا ئەســتەمە بەبــێ جەمــاوەر راپەڕینێکــی بەشــکۆی وەکــو ئــازاری ١٩٩١ ئەنجــام بــدرێ و بگاتــە ئامانــج، دەکــرێ فەزڵــی پێشــمەرگە لــەو خانەیــەدا بنوسرێتــەوە، کــە ئــەوان بوونــە پاڵپشــت و پارێــزەری دەســکەوتەکان، تــا ئــەو قەوارەیــەی تێــدا بەرجەســتە بــوو.

لایــەن هەیــە لــەم کوردســتانە ئێســتا دەســەڵاتدارە، لــە ســنوور هاتووینــەوە، لــە قاسمەڕەش و سونێ و نێــو زەنگێ و تا گەیشــتووینەتە

کەرکـوك، پێشـمەرگەیەکی ئـەو لایەنـەم نەبینیـوە. هەبـووە بەبیانـووی ئـەوەی لەوانەیـە ئەنفالێکـی دیکـە و هەڵەبجەیەکـی دیکـە دووبـارە ببێتـەوە، هـەر بڕواشـی بەڕاپەڕیـن نەبـووە و وتوویەتیـی: بـا وانەکەیـن. بـەڵام ئێسـتا هەرچـی دەسـەڵات و نازونیعمەتـی ئـەم هەرێمـە هەیـە هـی ئـەوە و خۆشـی بەخاوەنـی ڕاپەڕیـن دەزانـێ، بەمیدیایەکـی چەواشەکارانەشـەوە سـەروەرییەکانی ئەوانـی تریـش دەدزێـت و وەکـو هەمـوو شـتە دزراوەکانـی تـر شـەرم لەمێـژووش نـاکات.

مـن ناڵێـم ئەوانـە نەبـوون، بـۆ نمونـە باسـی پارتـی بکـەم، مێژوویەکـی درێـژی هەیـە لـە خەبـات و کوردایەتیـی، باسـی یەکێتـی بکەیـن، مێژوویەکـی زۆریـان هەیـە لـە شـۆڕش و پێشـمەرگایەتیی و قوربانیـدان گـورز وەشـاندن لـە بەعـس، بـەڵام ئایـا هـەر ئـەوان بـوون، یـان هـەر ئێمـە بوویـن وەك بزووتنـەوەی ئیسـلامیی و کەسـی تـر قوربانیـی نـەداوە و زەحمەتـی نەکێشـاوە؟!

مـن لێـرەوە ئـەو تەحەددایـە دەکـەم، لـە هیـچ کات و سـاتێکی ڕاپەڕیندا، هیـچ لایەنێـك نەبـووە لەپێـش ئێمـەوە بووبـێ لـە هەڵکوتانـە سـەر ڕژێـم و لەچالاکیـی ناوشـاردا، بـڕۆن لـە بەرپرسـە باڵاکانیـان بپرسـن - ئەگـەر تەنیـا تۆزقاڵێـك ویژدانیـان هەبێـت ناتوانـن ئـەو راسـتییە بشـارنەوە- ئایـا ئێمـە هەبوویـن یـا نـە؟ چۆنیـش بوویـن؟

زۆرجـار خەڵکـی لایەنێـك ئەوەنـدە زێدەڕۆیـی کـردووە و گوتویانـە فڵانـە کـەس بەدەمانچـە ڕووبـەڕووی دەبابـە بۆتـەوە، لـەلای خەڵـك کردوویانەتـە ئەفسـانەی شـۆڕش، لەکاتێکـدا دەبـێ بپرسـین شـتی وا چـۆن دەچێتـە عەقـڵ ؟ تەنانـەت لەشـانامەی ”فیردەوسی“شـدا جێگـەی نابێتـەوە!

بۆیــە دەڵێــم راپەڕیــن بەهەمــوو لایەکــەوە کــراوە و جەماوەریــش نەبوایــە نەدەکــرا، جەماوەریــش هێــزی پێشــمەرگەی لەپشــت نەبوایــە خــۆی ڕانەدەگــرت، چونکــە هەمــوو راپەڕینەکانــی مێــژوو رێکخــراو نین و ئــەو هێزانــە دەبنــە دەمڕاســت و خاوەنــی، کەخاوەنــی هێــز و رێکخســتن و ســتراتیژن.

# لیژنەی سەرپەرشتیی رانیە

خـۆی دیـارە لـە "١٩٩١/٣/٥" ڕاپەڕیـن لـە ڕانیـە و حاجیـاوا و دەڤـەری ڕاپەڕیـن دەسـتی پێکـرد، بـەڵام هێـزی پێشـمەرگە لـەو دەڤـەرە، لـە "١٩٩١/٣/٧" گەیشـتنە نـاو شـارەکان، چونکـە ئێمـە لەسـەر سنوور بوویـن، هێزەکانمـان ڕێکدەخسـت و خۆمـان کۆدەکـردەوە و خەریکـی ئامادەکاریـی بوویـن بـۆ ڕاپەڕیـن، کـە گوتیـان لـە ڕانیـە و حاجیـاوا دەسـتی پێکـردووە، ئێمـەش لەدۆڵـی سونێدەسـتمان بەهێـرش کردنـە سـەر مۆڵگەکانـی بەعـس کـرد.

ئێمـە هاتینـە نـاو ڕانیـە، ئـەو کاتـە پشـدەر بەگشـتیی چۆڵکرابـوو، ڕاگوازرابـوو، تەنیـا دیـوی لای ڕانیـە (دەڤـەری ڕاپەڕیـن) ئـاوەدان بـوو، کـە هاتیـن وردە وردە خەریکـی بـارەگا و دروسـتکردنی لیژنـە و سـەروکارکردنی خەڵـك بوویـن لەنـاو ڕانیـە، بەتایبەتیـی ئـەو پێشـمەرگانەمان کـە خەڵکـی ڕانیـە و ئـەو ناوچانـە نەبـوون.

لیژنـەی سەرپەرشـتی ڕاپەڕیـن، لـە ١٩٩١/٣/٥ لە مزگەوتـی گەورەی ڕانیـە دروسـتکرا، بـۆ سەرپەرشـتی کردنـی ڕانیـە، یـازدە کـەس بـوون، پێنـج کەسـیان هـی ئێمـە بـوون (وەکـو بزووتنـەوەی ئیسـلامیی)، ئـەوەش شـاهێدی ئـەوەدەدا کەهێـزی ئێمـە کاریگـەری زۆر بـووە، بۆیـە پێگـەی ئێمـە لـە بەڕێوەبردنـی ئەوکاتـی ئـەو دەڤـەرەداو چارەسـەرکردنی کێشـەکان و بەڕێوەبـەردن و بەسـەروبەرکردنی ناوچەکـە بەرچـاو بـوو.

# شەڕی قەمتەران

ڕانیە ئازاد کرابوو، وردە وردە هاتین بەرەو کۆیە و ڕێگای سلێمانی تا قەمتەران، ڕژێمی بەعس لە قەمتەران گیرسابووەوە، لەوێ زیاتر پاشەکشەی نەکردبوو، واتە ڕاپەڕین لەوێوە بەرەو خوار نەچووبوو، بۆیە بەعس دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچانەدا مابوو.

لە قەمتەران شەڕ لەگەڵ سوپای بەعس دەستی پێکرد، هێزێکی ئێمەشی لێ بوو لە تیپەکانی "٩٩سەربەستیی" و "٦٣ی باوەڕ" ئەو دوو تیپەش کە لە هێزی ئازادی دروست کرابون، خەڵك و جەماوەرێکی زۆریش لەوێ بوون، بەڵام کێشەی ئەو هێزانە، ئەوە بوو:

١. بەگشتیی تۆکمە نەبوون، پێشمەرگەی هەر لایەنێك بۆخۆی بەجیا دەجەنگاین و بەیەکەوە هەماهەنگ نەبووین.

٢. جەماوەرەکەش دیسان بێ سەرپەرشتیار و ڕێکنەخراو بوون، چونکە هێزی جەماوەر هەروایە، زۆر بەزەحمەت کۆنترۆڵ دەکرێت.

ڕژێمی بەعس لەسەر هەیبەت سوڵتانەوە بە هاوەن و تۆپی دوور هاوێژو تانك ئەو ناوچانەی تۆپباران دەکرد و هەمیشەش هێزی سوپا خاوەنی ستراتیژ و دیسپلینی خۆیەتیی، بەپێچەوانەی هێزی جەماوەریی.

دواتر بەعس پاشەکشێی کرد، تا گەیشتنە چوارڕیانی هیزۆپ، لەوێ بەعس لە زنجیرەچیای هەیبەت سوڵتان دامەزرابوو، بەرەو

لای سلێمانییش هەر هەبوو، هێزەکانی ئێمەش دابەش بووین، بەشێکیان بەرەو سلێمانیی و بەشێکیشیان بەرەو کۆیە و هەولێر.

بەشێك لەو هێزەی لەگەڵ ئێمەدابوو لە تیپەکانی "٦٣ باوەڕ" و "٩٩ سەربەستیی" ئەو دوو تیپەی هێزی ئازادی و بەشێك لە هێزی "حەسەن بەننا" کەخەڵکی دەڤەری سلێمانیی بوون.

لەلای شارەزوور و هەڵەبجە و شارباژێر و سەیرانبەن و ناوچەکانی ئەوێ، هێزی پێشمەرگەی ئێمە و هی لایەنەکانی دیکەش وردە وردە بەرەو شارەکان و میحوەرە دیاریی کراوەکانیان چووبوونە پێشەوە.

# دوو دیمەنی سەیر!

کێشـەی جەمـاوەر ئەوەیـە کەئاڕاسـتە ناکرێت و هەنـدێ جاریـش کە بەقسـەت نـاکا تووشـی زیـان دەبێـت، ئۆتۆمبێلێکـی بەڕازیلیـی هـات، وایاندەزانـی شـکانی بەعـس ئاسـانە و چاویـان بـەوان بکـەوێ ڕادەکەن، گوتمـان: مەچـن، سـوپای زۆر لێیـە ئەوەتـا تۆپبارانـە، ئەوکاتـە بەعـس لـە هەیبـەت سـوڵتان بەرگریـی دەکـرد.

بـەڵام قەناعەتیـان بـە قسـەی ئێمـە نەهـات و چـوون، دیـار بـوو تۆپبـاران کـران و درانـە بـەر ڕێژەنـەی دۆشـکە، دواتـر زۆر بەخێراتـر لـەوەی کەچـوون، گەڕانـەوە.

یەکێکـی دیکـەم بینـی لـە جەمـاوەر، دونیـا زۆر سـارد بـوو، حەوزێکـی لـێ بـوو، خـۆی خسـتە نـاو حەوزەکـە، گوتـم: کاکـە کـەی وەختـی ئەوەیـە، گوتـی: لەشـم قـورس بـوو، دەبـوو غوسـڵ لەخـۆم دەرکـەم، نـەوەك بکوژرێـم، بـا وەهـا نەچمـەوە لای خـوا، گوتـم: ئاسـایی بـوو، ئەگـەر دواتریـش خـۆت شوشـتبا، بەهەرحـاڵ چاکـت کـرد.

جـا ئـەوە بیروبـاوەڕی ئەوکاتـی خەڵـك بـوو، دەتوانـم بڵێـم ئـەو پیـاوە ئـازا و جوامێرانـەی کـە لـە کـورد هەیـە، لـە کـەم وڵات و میللەتـدا هەیە، بـەڵام پێویسـتیی بـە سـەرکردەیەکە ئاڕاسـتەیان بـکات، سـەرکردەیەك سەرپەرشـتییان بـکاو بەڕێوەیـان ببـات.

ئێمـە وردە وردە لـەلای ڕاسـت و چـەپ بـەرەو لای هەیبـەت سـوڵتان چوویـن و لـە کۆیـەش تەقـە دەسـتی پێکـرد، سـوپای بەعـس سـوپایەکی

ڕێکخراو بوو، ئەوە نەبوو بەیەکجاریی بشکێ و پاشەکشە بکات، قۆناغ بە قۆناغ دەکشایەوە، بێگومان ماندووش بوو بوون لەو جەنگانەی کە لەگەڵ "ئێران" و جەنگی "کوەیت" دا کردبوویان، بەڵام ئەوانی فێری جەنگ و خۆڕاگریی کردبوو، بۆیە لەژێر گوشاردا کشانەوە و ئێمەش بەدوایانەوە بووین تا گەیشتینە کۆیە.

# شەڕی دەربەندی گۆمەسپان

بـەرەو کۆیـە بەڕێکەوتیـن، کۆیـەش ئـازاد کـرا و، لـەوێ وابزانـم مامۆسـتا عبدالقـادر وریـای خەتـێ بـوو، لەگـەڵ هەنـدێ پێشـمەرگە بـەرەو لای تـەق تـەق بـەڕێ کەوتـن، ئێمـەش هێزێـك بـەرەو دێگەڵـە و هەولێـر چوویـن، شـەو گەیشـتینە دێگەڵـە، هەندێـك خانـووی لـێ بـوو لـە دێگەڵـە سـووتا بـوو، شـەوێ لـەوێ ماینـەوە، شـەو نەدەکـرا جموجـۆڵ بکـرێ، بەیانیەکـەی بەڕێکەوتیـن بـەرەو هەولێـر.

١٩٩١/٣/١١جـادە و جـادە ڕۆیشـتین، ئەگـەر ئۆتۆمبێلمان دەسـتکەوتبا سـەردەکەوتین و دەچوویـن، ئەگەریـش نەبووایـە بـە پـێ ڕێـمان دەکـرد، ئـەو مەودایەشـمان زۆربـەی بـە پـێ بڕیـی، تـا گەیشـتینە دەربەنـدی گۆمەسـپان، لـەوێ بەعـس خـۆی مـەڵاس دابـوو، خـۆی کۆکردبـۆوە و بەرگریـی دەکـرد، لـەوێ دیسـان بـوو بـە شـەڕ تـا شـکان، جـا لـەو بنکـە و بارەگایـەی دەربەنـد کـە هێرشـمان کـردە سـەر سـوپای بەعـس ئێمـە (بزووتنـەوەی ئیسـلامیی) یەکـەم هێـز بوویـن گەیشـتینە ئـەوێ و شـەڕمان کـرد و بەعسـمان تێکشـکاند.

دوایـی بـەرەو هـەورازە نەفتـە و بـەردە بـاز بەڕێکەوتیـن، چونکـە بەعـس لـە هەمـوو شـوێنێك هەبـوو، بەرگریـی دەکـرد و بەهـۆی بـێ ورەییـەوە دەشـکا، جـا وردە وردە پاشەکشـەی دەکـرد.

هەتا ڕۆژی "١٩٩١/٣/١١" بوو، گەیشتینە کەسنەزان، دیار بوو لەناو هەولێر تەقە بوو، بەڵام هەولێر هەر بەدەست بەعسەوە بوو، لەدەوروبەری هەولێریش بەعس خۆی کۆکردبۆوە و بەرگریی دەکرد.

هەتا کەسنەزان بە ئاسانیی هاتین، چونکە بەعسییەکان لە هەورازە نەفتە و بەردەباز بەرەو هەولێر کشانەوە، بەڵام لەهەولێرەوە بەرگرییان دەکرد و بەتۆپی دەبابە و هاوەن و ڕێژنەی دۆشکە بە کوێرانە تەقەی دەکرد، بیرمە لە شەقامی کەسنەزان بە تانك و دۆشکە تەقەیەکی زۆری کرد، هەندێ خەڵکی کوشت و بریندار کرد.

# شەڕ لەسەر دەمانچە

دابـەش بوویـن بەسـەر قۆڵـی ڕاسـت و چەپـدا، نێوانـی کەسـنەزان و هەولێـر زۆر چـۆڵ بـوو، هـەر بـە تەقـە و شـەڕ هاتیـن تـا گەیشـتینە نزیـك نەخۆشـخانەی ڕزگاریـی،[1] لـەوێ تانـك و زرێپـۆش و هێـزی پیـادەی سـوپای لـێ بـوو، لـەوێ یەکێـك - نەمزانـی پێشـمەرگە بـوو یان جەمـاوەر - سـەربازێکی بەعسـی بەگیـر هێنابـوو، میلـی سـیلاحەکەی لـێ هێنابـۆوە، کـە تەقـەی لـێ بـکاو بیکـوژێ، گەیشـتینە سـەری و گوتمـان: نەکـەی! نەکـەی! ڕاوەسـتە، گوتـی: نـا دەیکـوژم، گوتمـان: بـۆ دەیکـوژی؟ گوتـی: لەسـەر ئـەوە (جنێویشـی پێـدا) دەمانچەیەکـی چواردەخۆریـم لـێ ون بـووە و هـەر دەیکـوژم، گوتـم: دەمانچـەت لـێ ون بـووە، چ پەیوەندیەکـی بـەوەوە هەیـە؟ گوتـی: نەخێـر، ئەوانـە هـۆکارن، گوتـم: ئێمـە لـە بـەرەی کوردسـتانیی ڕێککەوتوویـن کـە هـەر چەکدارێکـی ڕژێـم، هـەر پلەیەکـی هەبـێ، تەسـلیم ببـێ و چەکەکـەی فڕێبـدا و شـەڕ نـەکات، ئـەوا دەبەخـشرێ و ئـازاد دەکـرێ. گوتـی: نـا هەردەیکـوژم، سـەربازەکەش دەپاڕایـەوە.

ئەمنیـش گوتـم: یـەك فیشـەکی لـێ بـدەی، سـی (٣٠) فیشـەکت لـێ دەدەین.

ئێمـەش هێزێکـی پێشـمەرگە بوویـن، دیاربوویـن و بیسـت تـا سـی (٢٠-٣٠) کـەس بوویـن، پێمانـەوە دیـار بـوو لەنـاو شـەڕو تـەپ وتـۆز و قـوڕەوە هاتوویـن. بۆیـە کابـرا وازی لـە سـەربازەکە هێنـا و ڕۆیشـت.

---

[1] م/ عبدالقـادر و کاك شـوان رابـەر و شـەهید حسـام الدیـن پێشـتر گەیشـتینە رزگاری سـواری سـەیارەیەکی عسـکری بـون و چونـە نـاو شـار.

# دەبابەی ڕژێم بەدەست منداڵانەوە بوو

لە ئاستی نەخۆشخانەی ڕزگاریی، هەندێك دەبابەی لێ بوو، هەندێك تەقە كراو دەورەیان گیراو تەسلیم بوون. شتێك كەجێی پەند لێوەرگرتنە، ئەو دەبابانەی كەخەڵك كاتی خۆی نەیدەوێرا تەماشایان بكات، خاوەنی ئەو تانكانە كە "سەدام"بوو، كەس نەیدەتوانی بڵێ پشتی چاوت برۆیە، وای لێهاتبوو منداڵ سواری دەبابە دەبوون و گەمەیان لەسەر دەكرد.

ئەوە بوو وردە وردە شكان، بەڵام سوپای بەعس لە مەعەسكەری هەولێر كۆببوونەوە، لە خەتی "كەركوك"یش لە "مەنزومەی شیمالی" كۆببوونەوە و بەرگرییان دەكرد، هێزی ئێمە زۆر بوون، خەڵكیشمان لێ ئاڵابوو، لەوانەیە دووسەد تا سێ سەد (٢٠٠-٣٠٠) كەس دەبوون، ئەوەی كە دۆستمان بوون، لایەنگرمان بوون، یان هەبوو بەهۆی خزمایەتییەوە ڕەگەڵمان كەوتبوو.

بەشێكمان بەرەو ڕێگای كەركوك، بەشێكیشمان بەرەو مەعەسكەری هەولێر، كاك مەلا قادر و شوان رابەر و حسام الدین و ئەوان بەرەو مەعەسكەر چوون، من و كاك سوهەیب و كاك ئومێد خدر و هەندێك برادەری لای گەرمیانمان لەگەڵدابوو، وەكو كاك هیوا و كاك عەبدولرەحمان، بەرەو سەر ڕێی كەركوك چووین، كاك مەلا قادر و ئەوانیش هەندێكیان هاتنەوە لای ئێمە.

بەبێ ئەوەی كەس پرسیاری ماڵ و خزم و كەس بكات، تەنها شەڕ بوو، كەس نازانێ كێ ماوە كێ نەماوە، هەرچەندە خەڵك

بەدوای کوڕەکانیان و خزمەکانیاندا دەگەڕان، هەر ئەوەی دەیانزانی کە پێشمەرگەین، بەڵام ئەمن لە خانەوادەی خۆم کەسم نەدیت، گەرمەی شەڕ بوو، بەرپرسیاریەتیشم لەسەر شان بوو، هەرچەندە ماڵی باوکم لەبەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاریی بوو، بەڵام لام نەداو تێپەڕین، یەکسەر چووین بەرەو ڕێگای کەرکوك، کە بارەگای"مەنزوومەی شیمالیی" لێ بوو.

# تراژیدیای مەنزوومەی شیمالیی

"مەنزوومەی شیمالیی" بارەگایەکی بەعس بوو، دیاربوو زۆربەی ئەوانەی شکابوون، لەوێ کۆببوونەوە، ئەوەی لەوێ بوون بەعسی زۆر تۆخ و هێزی ئەمن و ئیستخبارات بوون و ئەوانە زیاتر بەرگرییان دەکرد، دەنا ئەوەی کە سەرباز بوون، ئەوە هەمووی تەسلیم بوون، چەکیان فڕێدا، لە هەموو کوچە و کۆڵانەکان سەربازی عێراقی دەبینرا، بەشەقامەکاندا دەڕۆیشتن، بە پێ خواسی و بەبێ چەك، چونکە ئەوانەی چەکیان فڕێ بدابایە و خۆیان تەسلیم کردبایەوە، ئازاد بوون و کەس حەقی بەسەریانەوە نەبوو، هەرچەندە لە هەندێك شوێنان سەرپێچی ئەم بڕیارە کرابوو، سەرباز هەبوو کوژرا بوو، بۆ نموونە:

لەناو "مەنزوومەی شیمالیی" شەڕ بوو، دەورەی ئەو شوێنەمان گرت، هێزی پێشمەرگە زۆر نەبووین، نازانم هێزەکانی دیکەی چەند لێ بوو، بەڵام خەڵك و جەماوەرێکی زۆری لێ بوو، خەڵك و جەماوەرەکە نەیدەزانی شەڕ بکات، نەیاندەزانی لەکوێڕا تەقە بکەن، چۆن خۆبشارنەوە، شەڕزان نەبوون و لەوێ ئاگام لێ بوو، خەڵکێك کوژرا. دوای ئەوەی دەورەمان گرتن، داوامان لێکردن خۆیان ڕادەست بکەن، گوتیان: دێین چەك دادەنێین، بەمەرجێك بمانپارێزن و نەمانکوژن، هەموو گوتمان: باشە، ناتانکوژین.

من یەکێ لەوانە بووم کە چوومە ناو بینایەکە، هێنامانن خوارەوە، هەموو هاتن، وابزانم بیست و سێ (٢٣) کەس بوون و

ڕیز كران، خەڵك لێیان كۆبوونەوە كە بیانكوژن، ئەمنیش، كە هەندێك پێشمەرگەم لەگەڵ بوو، گوتم: ئێمە لێناگەڕێین، بەڵێنمان داوەو بەرەی كوردستانییش بڕیاری داوە ئەوەی تەسلیم بێ نابێ بكوژرێ، ئەوانەش خۆیان بەدەستەوە داوەو چەكیان فڕێداوە،گوتیان: خەڵكیان كوشتووە، گوتم: شەڕە، لەوانیش كوژراوە و لە ئێمەش كوژراوە، بەڵام ئێستا تەسلیم بوونە.

دیاربوو لێشاوێكی زۆری جەماوەر هات، كە تەقەیان لێ بكەن، ئەمنیش خۆم دایە بەرێ، گوتم: لێناگەڕێم، دیلەكانیش دەپاڕانەوە و خۆیان بەسەر پێڵاوەكانماندا دەدا، زۆری نەمابوو تەقە لە ئێمەش بكەن، ئێستاش لەبیرمە كاك سوهەیب و كاك ئومێد، دوو پێشمەرگەی دێرینن، پاڵێكی زۆر توونديان بەمنەوە نا، لەگەڵ پاڵەكە كەوتمە ئەولا، یەكسەر تەقە دەستی پێكرد، زۆر زۆرم پێناخۆش بوو، چونكە:

١. بەڵێنمان پێدابوون، نەك هەرئەمن هەموو ئەوانەی لەوێ بووین بەڵێنمان پێدابوون كە خۆیان تەسلیم بكەن نەیانكوژین!!.

٢. بڕیارێكی بەرەی كوردستانیی و بزووتنەوەی ئیسلامییش بوو.

بۆیە پێم ناخۆش بوو، بەڵام لەدەسەڵاتی مندا نەبوو، بەداخەوە خوا لە هەموو لایەك خۆش بێ، مەخابن ئەوانەی خوێن بەرچاویان دەگرێت، ژیریی و لۆژیكیش لەدەست دەدەن، دەنا دەبێ بزانین بۆی هەیە پاراستنی ژیانی كەسێك دۆستایەتیی هەزاران كەس بۆ خۆت و گەلەكەت مسۆگەر بكا، هەروەكو ئەو بنەماڵە عەرەبانەی كە چەند كەسێكی شاڵاوەكانی ئەنفالیان لەكوشتن رزگار كرد و بوونە شاهیدی زیندوو لەسەر ئەو تاوانە گەورەیە، كوردیش لەو كارانەی كردووە، بەڵام بەداخەوە من سەركەوتوو نەبووم لەرزگاركردنی ئەو كەسانەدا.

# دانانی بارەگا لەناو شار

ڕۆژی ١١/ ١٩٩١/٣ هەولێر ئازاد کرا، تا دەروازەی شارەکە و دەرەوەی چووین، بەڵام لەوە زیاتر پێشمەرگە هیچی دیکە پێشڕەویی نەکرد، ئەمە مایەوە تا (٢١/٢٠ - ٣ - ١٩٩١)، کە کەرکوك ئازاد کرا، ئەو ماوەیە ئێمە لەناو شار بووین، لە هەولێر ماینەوە، بۆ خۆڕێکخستنەوە و دانانی بارەگا، ئەو پێشمەرگانەی کە چەند ساڵێك بوو هیچ لە بنەماڵەکەی خۆیان و کەسوکارەکەیان نەدیتبوو، سەرگەرمی بەسەر کردنەوە بوون[١].

وەکو بزووتنەوەی ئیسلامیی کۆمەڵێك بارەگامان دانا، یەکێکیان لە "بەڕێوبەرایەتیی ئەوقاف" بوو لە ڕاپەڕین، کە کاك مەلا قادر لەوێ بوو، بارەگایەکی دیکە کاك حاجی موئەیەد لە ئەمینداریێتیی گشتیی بوو، بەو شێوەیە کۆمەڵێك بارەگامان دانان، چونکە پێشمەرگەکانمان زۆر بوون و خەڵکی دیکەش لەو هێزەی ئێمە کۆدەبوونەوە.

---

(١) کەمن پێموایە بۆ هێزی سەربازیی خاوەن دیسپلین و ستراتیژ، زۆر هەڵەیە کاتێ جەنگ لەگەڵ دووژمنەکەیدا بەردەوامە، پشتێنی شل بکات و لەناو شاردا خەریکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بێت، زۆر جار شکستی هێزی سەربازیی و لێکهەڵوەشانی لەوەوە دەستی پێکردووە. بۆیە نەدەبوو راپەڕین هێزی پێشمەرگە وەکو خەڵکی رێك نەخراو لێ بکات و لەستراتیژ و ئەرکیان دووریان بخاتەوە، ئەوە تێبینییەکی گشتیی بوو، نەك ئەوەی گلەیی لەهێزی خۆمان بکەم، چونکە تا رادەیەکی باش گوێڕایەڵ و پابەندبوون.

# دایکم بینی

پـاش دوو-سـێ ڕۆژ لـە ئازادکردنـی هەولێـر بـۆم نەکـرا بچمـەوە ماڵـەوە، چونکـە بارودۆخێکـی ئاڵـۆز و شـێواو بـوو، هێشـتا ترسـمان لـە هاتنـەوەی بەعـس هەبـوو، زۆر سـەرقاڵ بوویـن، بۆیـە بـەر لـەوەی کـە مـن بچمـەوە سـەرەتا دایکـم هـات بـۆ مەڵبەنـد، لـەوێ بینیـم و بەیەکەوە دانیشـتین، بەڵێنـم پێـدان کەئێوارەکـەی بچمـەوە، ئەوەبـوو ئێوارەکـەی چوومـەوە بـۆ ماڵـەوە، لـە سـاڵی "١٩٨٨"ەوە کەسـم لـە خانەوادەکـەم نەبینـی بـوو.

# ئازادکردنی کەرکوك و شەهیدەکانمان

بـە دانانـی بارەگاکانـەوە خەریك بوویـن، لە هەولێـر مەڵبەنـد کرایەوە، فەرمانــدە ســەربازییەکانمان وردە وردە خەریکــی خۆڕێکخســتنەوە و دانانـی تیـپ و هێـز بوویـن، خەڵـك بەدڵگەرمییـەوە بـە پیرمانـەوە دەهاتن و دەبــوون بــە پێشــمەرگە، تــا ئــەو کاتــەی هێــرش دەســتی پێکــرد بــۆ ئازادکردنـی کەرکـوك.

لـە شـەوی ٢١/٢٠ی مانگـی ئـازار چووینـە نـاو کەرکـوك، دواتـر کـە حکومـەت دەسـتی بـە دژە هێرش کـردەوە، لـە ٣/٢٨ چەندان پێشـمەرگەی قارەمانمـان شـەهیدبوون، لەوانـە: کاك مـەلا یوسـف کەرکووکـی، کاك وشـیار، کاك نـەوزاد، کاك ابراهیمـی بـرای مامۆسـتا مەغدیـد، کاك خـدر فـەلاح،.. هەروەهـا لـە ١٩٩١/٣/٣٠یـش لـە سـنووری پـردێ کۆمەڵێـك پێشـمەرگەی دیکەمـان لـەوێ شـەهید بـوو: کاك زانـا، کاکـەی بـرای کاك زانـا، کاك خـدر بۆسـکێنی، لەگـەڵ چەندیـن بریـندار.[1]

---

[1] ئێمـە لـە کەرکـووك و میحوەرەکانـی تریـش چەندیـن شـەهید و شـوێن بـزر و بریندارمـان هەبـوو، ئەگـەر ئێسـتا ناویانـم بیـر نەمابێـت، یـا ئامـارم لەبەردەسـتدا نەبێـت کـە ناویـان بهێنـم، داوای لێبـووردن لـە کـەس و کارو خۆشەویسـتانیان دەکـەم، بەتایبەتیـی شـەهیدان و شـوێن بزرانـی کەرکـووك زۆر لـەوە زیاتـرن، کـە مـن دەیزانـم هەمـوو ئەوانـە کاك شـەریف وەرزێـر لـە دوو بەرگـی (ئەسـتێرەکانی تۆپکـی سـەروەری) بەجوانـی باسـی ڕۆڵ و شـەهید بوونیانــی کــردووە.

کاك شوان رابەریش کتێبێکی (٢٨٠) لاپەڕەیی لەسەر شەهیدان نوسیوە.

# بەڕێوەبردنی بێسەروبەر

کێشەمان ئەوەبوو ئەزموونمان نەبوو لە حوکمڕانیی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەگشتیی باسی سەرپەرشتیی خەڵك دەکەم، ئەو کاتەش کە لە شاخیش بووین، ناوچەیەکی ئازادکرا و هەبوو، کە بەداخەوە دیسان ئێمە ئیدارەیەکی باشمان نەبوو لە شاخ، بۆ نموونە هەر لە سنووری ئێرانەوە بگرە تا دەگاتە نزیك دەربەندی گۆمەسپان، ناوچەیەکی ئازادکراو بوو، لە دۆڵی مەلەکان و دۆڵی سماقوڵی و دۆڵی بالیسان، لە ناوچەکانی لای سەرگەڵو و بەرگەڵوو و شەدەڵە و ناوچەکانی شلێر و هەندێکی شارباژێر، بەڵام بەداخەوە هێزی پێشمەرگە هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك و ڕێکخستنی ئەو ناوچانە، ئەگەر لەشوێنێکیش هەبووبێت پەیوەندیی بەسەلیقە و ژیریی ئەو بەرپرسەوە هەبووە کە لەو ناوچەیەدا بووە، نەك بەرنامەو ستراتیژێکی روون و لەپێشدا داڕێژراو.

هێزی بەرگرییان لەخەڵکی گوندەکان درووست کردبوو، "حاکم"ی شۆڕشیان دانابوو، بەڵام ئەویش بەشێکیان هەر حاکم نەبوون و "یاسا"شیان نەخوێندبوو، ئەوەی پێم دەگەیشتەوە، بەشێکیان زۆریش زاڵم بوون، خەڵکیان زۆر ئەزیەت دەداو بەبڕیاری ناڕەوا و دوور لەدادگەریی خەڵکیان کوشتووە.

بۆیە لە شاخیش هەوڵنەدراوە ئەزموونێك پەیدا بکەین، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك، لە شاریش هەر ئەو شێوازە کۆپیی کرایەوە[١]، هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، ئێمەش لە هەندێ شوێن لەگەڵیان هاوبەش بووین لە بەڕێوەبردنی ناوچەکاندا، وەکو باسمکرد ئێمە ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ بەرەی کوردستانیی هەبوو، دیسان بە عەقڵیەتی حیزبایەتیی وڵات بەڕێوە دەبرا، حیزب حاکم بوو، حزب بڕیاری دەدا، حزب ئیدارەی وڵاتیی دەکرد، بەڵام کارگێڕییەکی بێسەروبەر، کە پێچەوانە بوو لەگەڵ مێژووی هاوچەرخی هەموو شۆڕشەکانی جیهان، کەبەرنامەی مەدەنیی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە رزگارکراوەکان، بۆ نیشاندانی ئەزموونی سەرکەوتووانە و داهاتووی وڵات، دەبنە بنەمای دڵگەرمیی و بەرەو پێشەوەچوونی شۆڕش و سەرکەوتنیان.

لەولاشەوە بارودۆخەکە بێسەروبەر بوو، فەوزا بوو، بێ خاوەنیی بوو، پاشاگەردانیی بوو، ئەو ململانێیەی کە لە نێوان پارتی و یەکێتیی هەبوو، لە شاخەوە گواسترایەوە بۆ شار، تائێستاشی

---

[١] شار بەمانا شارستانییەکەی ژینگەیەکی یاسایی و پڕ لەقانوونمەندییە، بۆیە گوێزانەوەی ئەزموونی گوند بە مانا فەلسەفییەکەی بۆ شار، پاشەکشەیە بەشارستانییەت و شارنشینیی، هەر بۆیە گوێزانەوەی ئەزموونی گوندنشینیی شۆڕشی کورد لەشاخەوە بۆ شار، زۆر تاڵە و لەسێ دەیەی رابردوودا گەورەترین زیانیان بەژیانی کۆمەڵی کوردەواریی گەیاندووە، دەکرێ بوترێت ئەزموونی نەخوێندەواریی دەسەڵاتدار پاشەکشەی زانستیی بەکوردستان کردووە و ئەوەی لەدەرەوەی کوردستانەوە دێتە ناو وڵاتەکەوە زۆر بەجوانیی لەم دەستەواژەیە تێدەگات، هەر ئەوەشە وایکردووە کە ئازادی و یاسا سەروەری و مافی مرۆڤ... هتد لەم هەرێمەدا گەشە نەکات و لەنێوەرۆکی خاڵی بکرێتەوە.

لەگەڵدابێت بە عەقڵیەتیی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیی[1] هەرێمەکە بەڕێوە دەبەن، کە لەڕاستییدا شەرعیەتی شاخ بەجێگەی خۆی و شەرعیەتی شار بەبڕیاری راستەقینەی خەڵك بەدەست دێت نەك بەساختەکاریی و پاوانخوازیی، کە ئاکامەکەی وێرانکردنی وڵاتەکەیە، کە لەکەس شاراوە نییە.

---

[1] شەرعیەتی شۆڕشگێڕیی ئەو بنەمایە کەهێزە شۆڕشگێڕەکانی شاخ بەخۆیانی دەدەن، کە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشیش خۆیان بەشایستەی بەڕێوەبردنی شاریش دەزانن و تەنانەت لەهەندێ وڵات هێزە شۆڕشگێڕەکان بەو هەناسەیەوە جێگەی دیکتاتۆرییەتی پێشوو دەگرنەوە، تەنانەت ئەگەر باسی دیموکراسیەتیش بکەن لەنێوەرۆکەکەی خاڵیی دەکەنەوە و بەساختەکاریی دیاردەکانی بەڕێوە دەبەن.

# تاڵان و فەرهـــــوود

بەڵگـە نەویسـتە کەپارێزگاریـی لـە سـامان و داهاتیـی ئـەو وڵاتـە نەکـرا، ئـەو بینـا و دەزگـە گرنگانـەی کـە بەعـس کاتـی خـۆی دروسـتی کردبـوون، بـەردی بناغـەی هەمـووی دەرهێـنرا، مەگـەر کەمێکـی نەبێـت ئەگەرنـا هەمـووی ڕوخێـنرا.

فەرهەنگـی خەڵکەکـە وابـوو، بەڕاسـتی فەرهەنگـی ئـەو دوو حزبەش کـە دەسـەڵاتیان بـۆ خۆیـان پـاوان کردبـوو، ئەویـش بـوو بـە پاڵپشـت و هـاوکار بـۆ ڕووخانـدن و تـاڵان کـردن و هـەرزان فرۆشـکردنی ژێرخانـی وڵاتەکـە، بەشـێکی زۆری ئـەو تـەلار و دەزگایانـەی کـە هەبـوون لەلایـەن حیزبـەوە داگیرکـران و دارو پەردوویـان دەرهێـنران و ئـەوەی بەکەڵکـی تـاڵان و فەرهـوود هـات، دەرهێـنران و فـرۆشران.

لەلایەکـی دیکەشـەوە ژێرخانـی ئابووریـی ئـەو وڵاتـە خاپـوور کـرا، ئـەو کوردسـتانە خاوەنـی چەندیـن کارگـەی گرنـگ بـوو، بـۆ نموونـە لـە هەولێـر کارگـەی چنیـن و ڕسـتن هەبـوو، کـە قوماشـی دروسـت دەکـرد، قوماشـی هەولێـر ئـەو کاتـە زۆر بەناوبانـگ بـوو، ئێسـتاش بیرمـە دوکانێـك هەبـوو لەنـاو قەیسـەری هەولێـر، دوکانـی "مـام حەمەدەمین"، دەچوومـە لای دەمگـوت قوماشـی ڕۆمانیـی هەیـە؟ دەیگـوت: قوماشـی ڕۆمانییـت بۆچییـە؟ قوماشـی هەولێـر هەیـە، ئەمـن شـارەزام، ڕکابەریـی قوماشـی ڕۆمانیـی دەکات، لـە نرخیشـدا وەکـو ئـەو وابـوو.

ئـەو کارگەیـان تەخـت کـرد، ئێسـتا داویانەتـە وەبەرهێنەرێکـی بـەرز، کـە یـەك کـەس قازانجـی لـێ دەکات، کردوویانـە بـە کارگـەی پیپسـی،

کارگـەی پیپسـی پێویسـت بـوو بـۆ ئـەو خەڵـك و وڵاتەمـان، یـان کارگـەی ڕسـتن و چنیـن؟!

کارگـەی مافـوور لـە گەڕەکـی برایەتیـی هەبـوو، سەرشـەقامی "٦٠" مەتـری، بەیانیـان کـە دەچوومـە ئامادەیـی کوردسـتان دەماندیـت کۆمەڵێـك لـە دایـکان و خوشـکانی ئێمـە دەچـوون لـەوێ کاریـان دەکـرد و مافووریـان دروسـت دەکـرد، ئاشـکرایە ئێسـتا ئەویـش نەمـاوە، کارگـەی "دۆشـاوی تەماتـە" لـە هەریـر هەبـوو، کـە کاتـی خـۆی بەعس دروسـتی کردبـوو، ئەویـش لەلیسـتی تـاڵان و فەرهوودەکاندایـە.

# بەنداوی بێخمە

بەنداوی بێخمە، ئەگەر دروستکرابایە، گەورەترین بەنداو دەبوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بیرۆکەی ئەو بەنداوە بۆ سەردەمی پاشایەتیی دەگەڕێتەوە، لە ساڵی" ١٩٣٧"دا ئەمەریکییەکان بەرنامەیەکیان بۆ داناوە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە، دواتر لە سەردەمی بەعسدا و لەساڵی "١٩٧٩"دا ژاپۆنییەکان پڕۆژەیەکیان هێناوە، نەخشەیەکیان داناوە بۆ دروستکردنی ئەو بەنداوە گەورەیە، دواتر لە ساڵی "١٩٨٤"دا بۆ دروستکردنی بەنداوەکە، دراوە بە دوو کۆمپانیای هاوبەشی تورکیی و یۆگۆسلاڤیی.

لەو سەردەمەی وەزیری کشتوکاڵ[1] بووم، بۆ خۆشم هەوڵمدا دروستی بکەین، چونکە ئەم بەنداوە زۆر گرنگ و ستراتیژییە، بەنداوەکە لەسەر زێی گەورەیە، ئەگەر دروست بکرایە، بەتەنیا دەیتوانی حەڤدە ملیار مەتر سێ جا (١٧،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ م٣) ئاو کۆبکاتەوە، کە ئێمە ئێستا بە بەنداوی "دوکان" و "دەربەندیخان" و "دهۆك"ەوە کە سێ بەنداوی گەورەن، حەوت تا هەشت ملیار مەتر سێ جا (٧،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ - ٨،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ م٣) ئاومان بۆ کۆدەبێتەوە، بەرزیی بەنداوەکە سەد و حەفتا و نۆ (١٧٩) مەتر دەبوو، دەتوانرا ئەو بەنداوە وەکو گوشارێکی ستراتیژیی بەرانبەر بە عێراق بەکاربهێنرێ.

---

(١) سەردەمی وەزیرییم لە وەزارەتی کشتوکاڵ لەکابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵەکانی « ٢٠١٤ - ٢٠١٨ » دا بوو.

ئـەو بەنـداوە چیـی لێکـرا؟ بەداخـەوە حکومەتـی کوردییـش هـەر لەبناغـەوە ئامانجـی نەبـوو دروسـتی بـکات، لەبـەر ئـەوەی کـە دەڵێـن هەنـدێ گونـد بەرئـاو دەکـەون، حیزبێکـی سیاسـیش لەپشـتی ئـەو خواسـتەوەیە و حەزنـاکات دروسـت بکـرێ، وا دەزانـێ ناوچـەی بـارزان هەمـووی ژێـر ئـاو دەکـەوێ و نـاوی بـارزان بـۆ هەمیشـە دەسـڕێتەوە، ئـەوە تەنیـا بیانـووە و ناوچـەی بـارزان ژێـر ئـاو ناکەوێت و ناسنامەشـی ناسـڕێتەوە، ئـەوە پەیوەندیـی بـە ژێرخانـی ئابووریـی و پلانێکـی سـتراتیژی ئـەو وڵاتـەوە هەیـە و کاریگەریـی لەسـەر داهاتـووی وزەی وڵاتەکـە هەیـە.

لـە سـاڵی "٢٠٠٥"دا حکومەتـی عێراقـی فیدراڵـی ئامادەیـی دەربڕیـی بـۆ دەسـتپێکی درووسـتکردنی بەنداوەکـە پێنـج ملیـار (٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دۆلار تەرخـان بـکات، چەنـد کۆبوونەوەیەکیشـی بۆ کـرا، بـەڵام دەسـەڵاتدارانی هەرێـم هـەر جـارەو لەمپەرێکیـان لەبەردەمی دروسـتکردنییدا دادەنـا، جارێـك "لیڤڵ"ەکەیـان دادەبەزانـد، گوایـە بـۆ ئـەوەی ئـەو هەمـوو گونـدە ژێـر ئـاو نەکـەوێ، جارێکـی دیکـە بیانـووی دیکەیـان دەدۆزیـەوە، بۆیـە پـڕۆژەی دیکەیـان پێشـکەش دەکـرد.

بەکورتی سێ پاساو بۆ دروست نەکردنی دەهێنرایەوە:

١- کوردسـتان دەکا بـە دوو بـەش، کـە ئەمـە وانیـە، چونکـە لـە چەنـد ڕێگەیەکـەوە ناوچـەکان پەیوەندیـان بەیەکـەوە هـەر دەمێنێ.

٢- خەڵکەکـە قەرەبـوو ناکرێنـەوە! حکومەتـی عێراقی فیـدڕاڵ بەڵێنی دا کـە پێـش ئـەوەی دەسـت پێ بـکا قەرەبـوو کردنەوەکـە ئەنجـام دەدا.

٣- حکومەتـی عێـراق راسـت نـاکات لـە جێبەجـێ کردنـی بەڵێنەکـەی بـە دروسـتکردنی ئـەو بەنـداوە گەورەیـە.

لـە کۆتاییشـدا هـەر دروسـت نەکـرا، بـەڵام چیـی لـە کەلوپەلەکـەی کـرا لـە ڕاپەڕینـدا؟ ئەوانـەی کـە شـارەزان و ئاگایـان لێ بوو، شـتی زۆر هێنرابـوو، خانـوو دروسـت کرابـوو، تەنانـەت "شـیش" و پێداویسـتیی هێنرابـوو بـۆ دروسـتکردنی بەنداوەکـە، شـتە سـەرەتاییەکانیان هەمـوو ئامـادە کردبـوو، ئۆتۆمبێـل و ئامێـری گـەورەی بیناسـازیی هەمـووی لـەوێ دانرابـوو، بەرپرسـانی حیزبـی بـە قاچاغیـی فرۆشـتیان بـە وڵاتـی ئێـران.

# هەر لە سەرەتاوە قۆرخکاری هەبوو

عەقڵیەتـی ئـەوان وابـوو، کـە هـەر خۆیـان هەمـەکارە بـن، هەمـوو شـت لەبـەر دەسـتی خۆیـان بێـت ( بڕیـاری سیاسـیی، دەسـەڵاتی ئابووریـی، هێـز و توانـای چەکداریـی، دیپلۆماسـییەت،...) بەکورتیـی "میرمحـێ"ی کوردسـتان هـەر بـۆ خۆیـان بـن، دەنـا مـن پێموایـە لەنـاو خۆشـیان خەڵکێـك هەبـووە لـەو خەڵکـە باشـتری بەڕێـوە دەبـرد، بـەڵام پەراوێـز خـراوە و سـوود لەتوانـا و پسـپۆڕیی نەبیـنراوە.

ئەگـەر چـاو لـە عێـراق بکەیـن، خـۆ زیاتـر لـە سـەد ساڵە دەوڵەتـە، خـۆ کەسـی شـارەزا و لێهاتـوو هەبـووە لـەو وڵاتـە بـۆ ئیـدارەدان، بـۆ بەهێزکردنـی ژێرخانـی ئابووریـی، بـۆ بوارەکانـی یاسـا دانـان، بـۆ بەهێزکردنـی ئابووریـی، بـۆ ئـەوەی حوکمڕانییەکـی تەندرووسـت هەبـێ، بـەڵام سـوودیان لـێ نەبینیـووە و تـا ئێسـتاش ئـەو ڕەوشـە هـەر بەردەوامـە.

# دژە هێرشەكانی بەعس

ئازادكردنی كەركوك هەر هەفتەیەكی خایاند و دژە هێرشەكانی بەعس لە كەركووكەوە دەستیان پێكردەوە، لە "٢١ / ٣ / ١٩٩١"دا شارەكە ئازاد كراو لە "١٩٩١/٣/٢٨"دا حكومەتی بەعس دەستی بە دژەهێرش كرد بۆ سەر هێزی پێشمەرگەو بنكەو بارەگاكان لە كەركوك و لەڕۆژی "٣١ / ٣ / ١٩٩١"دا دژە هێرشەكە زۆر قورس و هەمەلایەنە بوو، وەكو پێشتر ئاماژەم پێكرد، ئێمە پۆلێك پێشمەرگەمان لەناو كەركووك و پردێ و ناوچەكاندا كە بەرگرییمان تێدا كرد شەهید بوون.

حكومەت توانیی زوو خۆی كۆ بكاتەوە، لەبەرئەوەی سوپای ڕژێمی بەعس سوپایەكی ڕێكخراو بوو، دیارە كە عێراق دەوڵەت بوو، دەوڵەتێكی بەهێزیش بوو، ئەزموونی شەڕی وڵاتانی هەبوو، بۆیە بۆ ئەو دەوڵەتە ئاسان بوو زوو خۆی كۆبكاتەوە و دژە هێرش دەست پێ بكاتەوە[1].

---

[1] نابێ ئەوەش لەبیر بكەین، كاتێ حكومەتی بەعس جۆرێك لەچرای سەوزی بۆ هەڵكرا تاهێرش بكاتە سەر جەماوەری عێراق، لەباشوورەوە بۆ باكوور، توانیی هەموو تواناكانی بۆ ئەو دژە هێرشە بەكار بهێنێت، بۆ میحوەری گەرمیان و گەرمەسێر و كەركوك لە هێزی «ڕێكخراوی موجاهدینی خەلق»ی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی سوودی تەواوی وەرگرت و لەو هێرشە دڕندانەدا بەشدارییان كرد، كە لەیەكێك لەو هێرشانەیان بۆ سەر شاری كەلار، هێزەكانی بزووتنەوە تێكیان شكاندن و ٢ تانك و زرێپۆشیان شكاندن و ٢ دانەشیان گرتن، لەگەڵ كوشتنی ژمارەیەكی

ئـەو ڕاپەڕیـن و شۆڕشـە کـە وەکـو بوركانێـك تەقییـەوە و دووژمنـی وەدەرنـا، بـەڵام بەعـس زوو خـۆی ڕێکخسـتەوە، ئەگـەر شـپرزەیی بەعـس پەیوەندیـی بەداگیرکـردن و لێدانـی سـوپاکەیەوە هەبوو‌بێـت، گەڕانەوەشـی هـەر پەیوەندیـی بەهەنـدێ حسـابی تایبەتـی نێودەوڵەتییـەوە هەبـوو، کـە نەیاندەویسـت لـەو قۆناغـەدا عێـراق بکەوێتـە دەسـتی لایەنگرانـی ئێـران[1]، ڕاپەڕینەکـە هـاوکار و هـۆکار بـوو کـە لـە کوردسـتان بتوانیـن بەعـس وەدەر بنێیـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەعـس بـەو هـۆکارەی سـەرەوە و ئـەوەش کەهێشـتا شـیرازەی هێزەکانـی بەتەواویـی شـپرزە نەبـوو، بۆیـە بەشـی ئـەوەی مابـوو کەبتوانـێ شـەڕ لەگـەڵ ئێمـە بـکات و هێرشـی پێچەوانـەش ئیـدارە بداتـەوە، بۆیـە خـۆی ڕێکخسـتەوە و لـە کەرکوکـەوە دەسـتی پێکـرد و هێرشـی هێنایـەوە سـەرمان.

لەبەرانبـەردا هێزەکانـی پێشـمەرگە -سـەرەڕای ورە بەرزییـان- یەکڕیز و هاوئاهەنـگ نەبـوون، لەهەمـان کاتیشـدا جەماوەریـش ڕێکخـراو نەبـوون، زیاتر هەسـتێکی حەماسـیی و سـۆزدارییان هەبـوو، تەقینەوەی

---

بەرچـاو لەچەکدارەکانیـان، کەتائێسـتاش ڤیدیـۆی تێکشـکاندنی ئـەو هێرشـە شـاهیدیی ئـەو هاوکارییـە خیانەتکارییـەی ئـەو گرووپـە دەدات.

[1] ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە لەنوێتریـن دیمانـەی «پـۆل بریمـەر»ی حاکمـی ئەمەریکایـی عێراقـدا کـە لەگـەڵ کەناڵـی ئاسـمانیی «جەزیـرە»دا کردوویەتیـی، کاتێـك لێیدەپرسـن: ئێـوە ڕژێمـی سـەدامتان ڕووخانـد و ئـەو وڵاتەتـان وێـران کـرد و نـەك دەسـکەوتتان نەبـوو بەڵکـو پڕتان کـرد لەقەیـران، ئەو بەشـانازییەوە دەڵێـت باشـترین دەسـکەوتمان گۆڕینـی حوکمڕانیـی عێـراق بـوو، کـە زیاتـر لە هـەزار سـاڵ بـوو بـەردەوام بـوو، ئەویـش حوکمڕانیـی سـوننە بـوو، گۆڕیـمان بـە زۆرینـە کـە شـیعەیە! ئـەوەش لینکـی دیمانەکەیـە لەیوتیوب:بریمـر: الـروس والعثمانيـون والفارسـيون يهـددون مصالـح أمـيركا بالمنطقـة.

(https://www.youtube.com/watch?v=-xGbAMEkzhw)

نـاخ بـوو بەرانبـەر سـتەمكاریی بەعـس و نەدەتوانـرا بەشـێوەیەكی ڕێكخـراو ئاڕاسـتە بكرێـن  و بەبەرنامـە بیانجوڵێنیـت.

ئـەوە بـوو لـە "١٩٩١/٣/٢٨"دا كاتـێ بەعـس دەسـتی بـە دژە هێرشـەكانی كـردو تـا "١٩٩١/٣/٣١" توانیـی لـە كەركـووك هێـزی پێشـمەرگە وەدەر بنـێ و خەڵكێكـی زۆری لـە پێشـمەرگە و جەمـاوەر شـەهید كـرد، وردە وردە بـەرەو هەولێریـش جووڵـەی بەهێزەكانـی كـرد.

# بەرگریی لە پردێ

هەرچەنـدە مـن وەکـو خـۆم کـە لـەڕووی سـەربازییەوە تەماشـای بارودۆخەکـەم دەکـرد، بـاش تێگەیشـتم کـە شـەڕ بـەو شـێوەیە ناکـرێ، ئەوکاتـەش لـەلای هەندێـك بـرادەرە نزیکەکانـم باسـم دەکـرد، دەمگـوت: هیـچ ڕێگایەکـمان نیـە بـۆ ئـەوەی لـەو بارودۆخـەدا پاشەکشـە بکەیـن، دەنـا ئـەوەی ئێمـە دەیکەیـن بەدەسـتەواژەی پێشـینان "شـەڕی کـوردە نامووسـیی"ە، پێموایـە ئـەوە شـەڕێکی بـێ ئەنجامـە کـە ئێمـە دەیکەیـن، لەبەرانبـەر ئـەو سـوپا ڕێکخـراوە بەهێـزەی بەعـس و ئـەو بێسـەروبەرییەی خۆمـان، ئاکامەکـەی ئەوەیـە زیانێکـی گـەورە دەکەین و تێیـدا سـەرکەوتوو نابیـن. بـەڵام گوتـم: جـوان نییـە پاشەکشـە بکەیـن و پشـتی ئـەو خەڵکـە بەربدەیـن و واز لـە بەرگریـی کـردن بێنیـن، ناچـار چوویـن لـە پـردێ دەسـتمان بـە بەرگریـی کـرد.

لەهەمـان کاتـدا هێزێکـی زۆریـش لـە پێشـمەرگەکانی پشـدەر و بیتوێـن بەسەرپەرشـتی مامۆسـتا مغدید و مامۆسـتا حسـن بابکـر ڕۆڵی گـەورە و کاریگەریـان هەبـوو هـەم لـە ئازادکردنـی کەرکـوك و هـەم دواتـر لـە بەرگریکـردن لەکاتی دژە هێرشـی بەعسـیەکان ژمارەیەکیشـان لـێ شـەهید بـوو وەك( زانـا حسـێن) و ..........(خـدر صاڵـح بۆسـکێنی) و (ابراهیـم حسـێن احمـد).

چـل تـا پەنجـا پێشـمەرگە دەبوویـن، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣٠ چووینـە پـردێ، سـوپای بەعسـیش بـە هێزێکـی گـەورەوە هـات و لـەوێ بـوو بـە شـەڕ، ئێسـتاش لـە بیرمـە بەرزاییەکـی لـێ بـوو، هەندێـك داروباخـی

پێـوە بــوو، پــێ دەچــوو کشــتوکاڵی لێکرابــێ، خانوویەکیــش لەنــاو باخەکەدابــوو، ســوپا بــە زرێپــۆش و تانك و پیــادە دەهات، کۆپتەریشــیان بــە ئاســماندا دەســوڕایەوە، هەندێــك جــار فڕۆکەشــیان بــەکار دەهێنــا، تۆپێکیــان ئاراســتەی خانووەکــە کــرد، دەنــگ و زیــڕەی ژن و منــداڵ بــەرز بــۆوە، زۆر بــەوە ناڕەحــەت بــووم، گوتــم: بــا بەهانایانــەوە بچیــن.

خانووەکــەی ئــەوان لــە بەرزاییدابــوو، پردێــك لەنێوانمانــدا بــوو، ســەرکەوتین کــە بەهانایانــەوە بچیــن، لەنیــوەی ڕێــگادا کاتــێ لەتانکەکانــەوە دەرکەوتیــن، بــوو بــە تەقــە، تانکەکــەش شــوێنی بــەرز بــوو نەیدەتوانــی لوولەکــەی نزمــتر بکاتــەوە و بمانکاتــە ئامانــج، ئێمــە لــە نزماییــدا بوویــن، دەنــا زۆر بەئاســانی هەموومانــی دەکوشــت، نەمانتوانــی بگەینــە خانووەکــە، بــەرەو خــوارەوە کشاینەوە، بــەڵام تەقــە و شــەڕ بــەردەوام بــوو، ئەوانیــش بــەرەو ڕووی ئێمــە دەهاتــن، ئێمــەش تەنیــا کلاشــینکۆف و (RBC)و (BKC)یــان پــێ بــوو.

لەکاتێکــدا پێــش ئــەوەی بچیــن ڕێ لــە ســوپای بەعــس بگریــن، لەگــەڵ ”کاك کــۆسرەت“ کۆبووینــەوە، هێزێکــی گــەورەی یەکێتیــی و حیزبــی شــیوعییش لــەوێ بــوون، گوتیــان: ئێمــە هێــزی پێشــمەرگەمان هەیــە لەهــەردوو لای راســت و چەپــی شــەقامەکە، ئێــوەش کوێتــان پــێ باشــە بچــن.

زۆر بێســەروبەر بــوو، ئێمــەش چوویــن، لــەو خاڵــەوە شــەڕە گەورەکە لەگــەڵ ئێمــە ڕوویــدا، ناڵێــم خەڵکــی دیکــە شــەڕیان نەکــرد، ئێمــە وەکــو هەندێــك لایــەن بێویــژدان نیــن، شــەڕەکە تەنیــا پــاڵ بدەینــە لای خۆمــان، بــۆ نموونــە بینیــم برادەرێــك لــەلای چەپــی جــادەی ســەرەکی لەنــاو زەوییەکانــی ئــەوێ، دۆشــکەیەکی پــێ بــوو، تەقــەی لــە کۆپتــەر دەکــرد، شــەرواڵ و کراســێکی ســپی لەبــەردا بــوو، بەتەنیــاش بــوو، بەئازایەتیــی

و بوێریی ئەو کوڕە زۆر سەرسام بووم، نازانم کێ بوو؟!

دوایی هاتینەوە پرسیارم کرد، گوتم: ئەرێ ئەو برادەرە کێ بوو؟ گوتیان: ئەو برادەرە، پێشمەرگەی حیزبی شیوعیی بوو.

بەهەرحاڵ، ئێمە هاتینە لای پردەکە،[١] لەبن پردەکەدا کۆمەڵێك پێشمەرگە و خەڵکی دیکەی لێ بوو، گوتم: هەستن بڕۆن ئەوە بەعس بەتانك و زرێپۆشەوە هات، دیاربوو سەریان لێ شێوا بوو، شەڕ بوو، تەنانەت برادەرێك بەجۆرێك شێوابوو نەیدەزانی چۆن چۆنیش بڕوات، پاڵێکم پێوەناو گوتم: لێرەوە بڕۆ، ئێستا بتبینن دەتکوژن.

کە تانکەکان هاتن و لێژ بوونەوە بۆ لای ئێمە، ئەو کاتە "BKC"ەکم پێبوو، کۆمەڵێك ڕستەی گولەشم لەخۆم ئاڵاندبوو، "BKC"ەکەم دانابوو، گوتم وەرن ئێوە تەقە بکەن، بەڵکو بە ئارپێچیەك لێی بدەین. تەقەیان کرد، منیش هەستامەوە سەر پێ و ئارپێچییەکم تەقاند، بەڵام پێینەکەوت، بەردەوام بەڕوومان دەهاتن، زۆر نزیك ببۆوە "٣٠٠-٤٠٠" مەترێکی مابوو بگاتە سەرمان، ناچار بەو دۆلاییەی دەستی ڕاستی جادەکەدا چووینە خوارێ، خۆمان لادا لەسەر ئەو شەقامەی کە ڕووبەڕووی ئێمە بوو، زۆر دوورکەوتینەوە، دوایی هاتینەوە سەر شەقامی سەرەکیی، تاهاتینەوە ئێوارە داهات، برادەرانی یەکێتیی لەوێ بوون، کە ئێمە تەنسیقێکمان لەگەڵ کردبوون و هێزەکانمان دابەش کردبوو، ئەو شەوی تۆزێك بارودۆخ ئارام بوو، لەوێ ماینەوە تا بەیانی، کەڕۆژ بۆوە شەڕ دەستی پێکردەوە.

---

[١] لەو ماوەیە، بەتایبەت لە ژێر پردەکە، ئەم چوارکەسەمان بوین: عبدالستار، شوان رابەر، خالد کانەبی، صلاح ئاربیجی پێ بوو.

تەقوتۆقێك هەبوو، بەڵام شەڕ بەشێوەیەکی گشتی ڕاگیرابوو، بەیانی دەستی پێکرد و ورده ورده بەرەو قوشتەپەو ناو هەولێر هات، ئێمە دیسان چووین، لە بەری ڕۆژهەڵات و باشوور، بەرگریمان کرد، لەوێش بوو بە تەقە و شەهیدیش درا، بەعس گەیشتە ناو هەولێر و ئێمەش هەر لەناو هەولێر بووین، بەڵام دەسەڵات و توانامان نەما، نە هێزی پێشمەرگە توانی هیچ بکات، نە جەماوەرەکەش توانیی خۆی رابگرێت.

لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە گلۆپی سەوزیشی بۆ هەڵکرابوو، ئەوە بوو زیاتر لە ملیۆنێك (١،٠٠٠،٠٠٠) خەڵك کۆڕەوییان کرد، ئنجا بڕیارێك لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە دەرکرا، بەسەپاندنی ناوچەی دژەفڕین بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان[١].

ئەوە بوو بەعس هاتەوە، بەشی زۆری خەڵکی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، ئەو ناوچانەی بەجێ هێشت، کەمێکی کەم خەڵك مایەوە، هەرچەند بەعس زۆر داوای کرد و پەیامی دەنارد، کە کورد و عەرەب بران، بەڵام پۆلێك پێشمەرگە هەن کە خائین و خۆفرۆش و سەر بە ئێرانن، بەڵام سوودی نەبوو، لەبەرانبەریشدا پڕووپاگەندەی ناخۆشیش هەبوو، کە دەیانگوت هەرکەسێ بگرن لەسێدارەی دەدەن، هەروەها " ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق"یان لەگەڵە، هەر کەسێ بگرن دەیکوژن، بارودۆخەکە بەتەواوی ئاڵۆز و شێوابوو.

---

[١] بڕیارەکە بەبڕیاری «٦٨٨»ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی ناسراوە، کەبەپێشنیازی فەرەنسا و تورکیا لەڕۆژی «١٩٩١/٤/٥»دا دەرکراو ناوچەی دژەفڕینی هێڵی سەرووی ٣٦ بەسەر رژێمی بەعسدا سەپێنراو هەر ئەوەش ناچاری کرد هێزەکانی لەهەرسێ پارێزگای «هەولێر» و «سلێمانیی» و «دهۆك» بکشێنێتەوە و زەمینە خۆش بکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# موجاهیدینی خەلق

ئـەو ڕێکخـراوە[1] خەڵـك خۆشـی نەدەویسـتن، ئـەوان بەحسـاب ئۆپۆزیسـیۆنی ئێـران بـوون، لـەڕووی شـەرعیی و یاسـاییەوە مافـی ئەوەیـان نییـە بێنـە سـەر خەڵکـی کوردسـتان، هەرچەنـدە بەعـس زۆریشـی لـێ کردبـن، یـا ئەگـەر پـارەی پـێ دابـن، ئەوانیش لەبەرانبـەر دەسـکەوتێکدا ئەوەیـان کـردووە، کـە بەعـس کار ئاسـانیان بـۆ بـکات بەرانبـەر بـە ئێـران و دەسـتیان بکاتـەوە و هاوکاریـی مادیـی و مەعنەوییـان بـکات.

---

[1] ڕێکخـراوی موجاهدینـی خەلقـی ئێـران، کـە ناوەکـەی بەفارسـیی دەبێتـە « سـازمان مجاهدیـن خلق إیـران» لەسـاڵی « ١٩٦٥ « دامـەزراوە و لـەدژی ڕژێمـی پاشـایەتیی خەباتـی دەسـت پێکـردووە و ڕێبـەری دامەزرێنـەری ( موحەمـەدی حەنیـف نـەژاد) لەلایـەن ئـەو ڕژێمـەوە لەسـێدارە دراوە، بنەمـای هزریـی ئـەو ڕێکخـراوە لەسـەرەتادا زیاتـر بـەلای ئاینـدا شـکاوەتەوە، بـەڵام دواتـر کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی مارکسـیەت و هزریـان بووەتـە تێکەڵەیـەك لـە ئیسـلامیی - مارکسـیی، دواتـر کەشۆڕشـی گەلانـی ئێـران سـەرکەوت و باڵـی ئاینیـی کۆنترۆڵـی شۆڕشـی کـرد، ئـەوان ململانێیـان لەگـەڵ ئـەو تەووژمـەدا دەسـت پێکـردو دواجـار لـە٢٠ی حوزەیرانـی ١٩٨١دا شۆڕشـی چەکدارانەیـان دژی کۆمـاری ئیسـلامیی ڕاگەیانـد، لەگەرمـەی جەنگـی عێـراق - ئێرانـدا «مەسـعودی ڕەجـەوی»ی ڕێبـەری ڕێکخراوەکـە بەبانگهێشـتی «سـەدام حوسـەین» بنکـەی فەرماندەیـی و جەنگـی ڕێکخراوەکـەی گوێزایـەوە بـۆ عێراق و لـەو کاتـەوە بەکـردەوە بـووە بەشـێك لەسیسـتمی سیاسـیی و سـەربازیی و ئەمنیـی بەعـس لـەدژی ئێـران و ئۆپۆزیسـیۆنی عێـراق و لەسـەرکوتکردنی ڕاپەڕینـی ١٩٩١دا ئـەم ڕۆڵـەی موجاهدیـن بەرۆشـنیی بەرجەسـتە بـوو.

بەهەرحاڵ ئەوانیشیان لەگەڵدابوو، گەورەکردنی ئەوەش لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە ئامانجی سیاسیی لەپشتەوە بوو، دەنا خۆ هەرچییەکیان کردبا، نەیاندەتوانی لە بەعس زیاتر بکەن و کاریگەرتر بن، ئەوەی کە بەعس بە کوردی کرد هیچ قەومێکی دیکە ناتوانێ دووبارەی بکاتەوە.

# داستانی كۆڕێ

هێـزی پێشـمەرگە تـا كـۆڕێ پاشەكشـەمان كـرد، سـەرەتا لـە هاوینەهـەواری سـەلاحەدین هەندێـك كۆبوونەوەمـان كـرد، كـە بەرگـری بكەیـن، بەرگرییشـمان كـرد و دواتـر بـەرەو كـۆڕێ چوویـن.

لـە كـۆڕێ دامەزرایـن، هێزێكـی زۆر بوویـن و كاك "مەسـعود بارزانیـی"و كاك "نەوشـیروان "یش لـەو نزیكانە بـوو، كۆبوونەوەیەكیان هەبـوو لەوبـارەوە، كەشـەڕیش هەڵگیرسـا ئێمـە دوو شـەهیدمان پێشـكەش كـرد، شـەهید شـێروان لەكۆڕێ لەقـەت پاڵـی شـاخی كۆڕێ شـەهید بـوو، شـەهید "مـەلا عومەر"یـش كەفەرماندەیەكـی دیـاری بزوتنـەوەی ئیسـلامیی بـوو، لەبەرگریـی لەدەربەندەكـە شـەهیدكرا، ئەگـەر لەسـەرەتای هێرشـەكەی بەعسـدا هەنـدێ كـەس لـەوێ بووبـن لەكاتـی پێشـڕەویی تانكەكانـی رژێمـدا زۆر بـوون ئەوانـەی هەڵهاتـن، ئەوەیشـی دەیەوێـت ئـەو راسـتییە باشـتر بزانێـت، دەتوانێـت پرسـیار لـە كاك كـۆسرەت رەسـوڵ بـكات.

لـەوێ سـوپای بەعـس راگیـرا، بـەڵام هەنـدێ جـار كـە دەبیسـتم خەڵـك خـۆی كردۆتـە خاوەنـی شـەڕی كـۆڕێ، ئەگـەر خوێـن شـاهێد بـێ، ئێمـە زیاتـر خوێنـمان ڕشـتووە، ناڵێـم بەتەنیـا هـەر ئێمەبوویـن، هەموومـان بوویـن، بـەڵام بەهـۆی ئـەو ڕاگەیاندنـە گەورەیـەی كـە هەنـدێ لایـەن هەیانـە و خەڵكیـش نایزانـێ و چەواشـەكاریی بـۆ دەكەن، بۆیـە خۆیـان كـردووە بـە خاوەنـی ڕاپەڕیـن، دەنـا ئێمـە لـەوێ بوویـن تـا سـوپای عێـراق ڕاگیـرا، تـا ڕێككەوتنیـش كـرا، كـە (كـۆڕێ) سـنوور

بـێ و، دەسـتکرا بەگفتوگـۆی بـەرەی کوردسـتانیی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق، ئێمـە وەك بزوتنـەوەی ئیسـلامی لەگـەڵ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ بەعـس نەبویـن مەگـەر بەهەنـدێ پێـش مـەرج.

# چۆن بەعس لە کۆڕێ شکا

دوای ئـەوەی کـە ڕژێمـی بەعـس پەلامـاری کوردسـتانی دایـەوە، هەولێـر و سلێمانیی و دهۆکـی کۆنتـڕۆڵ کـردەوە. دوای ئـەوەی سـوپای بەعـس بەچەنـد تانـك و سـەربازێکی زۆری پیـادەوە گەیشـتە کـۆڕێ، ئێمـە (هێـزی بزووتنـەوەی ئیسـلامیی) لـەوێ بوویـن، هەندێـك هێـزی "پارتیـی" و "یەکێتی"یـش لـەوێ بـوون، پێکـەوە خەریکـی گفتوگـۆو هاوئاهەنگیـی بوویـن، کەسـە دیارەکانـی بزوتنـەوە (کاك مـەلا قـادری برایەتـی، کاك مـەلا سـەلمان، شـەهید مـەلا عومـەر، کاك شـوانی رابـەر ).

بەرانبـەر گونـدی حوجـران کارگەیەکـی قیـری لێبـوو، ئێسـتاش لەبیرمـە بـۆ ئـەوەی چیـی بکەیـن لـەوێ گفتوگۆمـان دەکـرد، ڕژێمیـش هـەروا پێشـڕەوی دەکـرد، لـەو شـوێنەی کـە دەبابەکانـی لـێ شـکێندراوە و وەکـو مۆزەخانـەی لێکـراوە، کـە دیاربـوو هەندێـك لـە خەڵکـی ئـەوێ نەیانتوانیبـوو جادەوجـادە بێـن، چووبوونـەوە دۆڵاییەکـەی، تابەوێـدا وردە وردە هەڵبێـن و ڕژێـم نەیانگاتـێ، لـەو دەمـەدا دەبابـەکان دەگەنـە ئـەو ئاسـتە، کـە ئـەوان ئابڵووقـە دەدرێـن، ڕێگایـان نامێنـێ بـڕۆن، ئـەو پۆلـە پێشـمەرگە کەخزمـی نزیکـی یەکتریـش بوونـە و یەکتریـان بەجـێ نەهێشـتووە و ناچـار دەبـن لـەوێ بـە ئارپـێ چـی تەقـە لـە دەبابـەکان دەکـەن، کـە لـە دەبابـەی یەکـەم دەدەن و دەسـووتێ، ئەوانـی دیکـەش هەڵوەسـتە دەکـەن، دواتـر ئارپـی چییەکـی دیکـەش لـە دەبابـەی دووەم دەدەن و دەسـوتێ و ئیـدی ڕژێـم دەشـکێ و سـوپاکەی پاشەکشـە دەکات، ئـەوە هەقیقەتـی شـکاندنی دەبابەکانـە، کـە ئـەو دوو دەبابەیـە

دەسـووتێندرێ، بـەوە ڕژێمـی بەعـس لـە کـۆڕێ دەوەسـتێندرێ، ئـەوە وێـڕای ئـەوەی کـە لەهـەردوو بەری کـۆڕێ، کـە کـۆڕێ وەك دەربەندێك هـەردوولای شـاخە، پێشـمەرگە هەبـوو، بەرگریـش هەبـوو، وە ئێمـەش لـە هـەردوو بـەر هەبوویـن، باشـترین بەڵگـەش بـۆ بەرگـری کـردن و قارەمانیەتیەکانـی پێشـمەرگەکانی ئێمـە ئەوەیـە کـە دوو شـەهیدمان پێشـکەش کـردووە.

# هۆکارەکانی وەستانی هێرشەکەی بەعس

کۆمەڵێك هۆکار تێکەڵی یەکتر بوون:

١. زیاتر لە ملیۆنێ لەهاوڵاتیانی کوردستان بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ئاوارە بوون و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت، ئەوەش لەسەر ڕای گشتیی جیهان کاریگەریی گەورەی هەبوو[1].

٢. ئەو ئەندازە بەرگرییەی کە لەلایەن پێشمەرگە و جەماوەرەوە لێرەو لەوێ دەکرا، کاریگەریی خۆی هەبوو.

٣. لە سەرووی هەمووشیانەوە، بڕیاری "٦٨٨"ی ئەنجومەنی ئاسایش، کە لە "١٩٩١/٤/٥" دەرکرا، پڕۆژەی بڕیارەکە لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکا و تورکیاوە پێشنیاز کرابوو، ئەو چوار دەوڵەتە پڕۆژە بڕیارەکەیان دایە ئەنجومەنی

---

[1] لەکاتی هەڵمەتی هاوپەیمانان بۆ ڕزگارکردنی کوەیت لەدەستی ڕژێمی بەعس، «جۆرج بۆش»ی باوك داوای لەخەڵکی عێراق کرد ڕاپەڕن و بەڵێنی پشتیوانیی پێدان، بەڵام لەدوای ڕێکەوتنی سەفوان ئەمەریکا پەشیمان بۆوە لەبەڵێنەکەی و سەدام ئەو پەشیمانییەی وەکو چرای سەوز لەقەڵەمدا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی گەلی عێراق، بۆیە زۆر بەدڕندانە هێرشی کردەوە سەر جەماوەری باشوور و باکوور، بەڵام دوای کۆڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کوردستان، ڕای گشتیی لەخۆرئاوا گوشارێکی زۆریان خستەسەر ڕێبەرانی سیاسیی وڵاتەکانیان و ئەمەریکاش لەژێر ئەو گوشارەدا ناچاربوو پڕۆژەی بڕیاری «٦٨٨» قبوڵ بکات و لەجێبەجێ کردنییدا بەشداریی بکات.

ئاسـایش، ئـەو ئەنجوومەنـەش لـە ”پێنـج“ وڵاتـی هەمیشـەیی و ”دە“ وڵاتـی ناهەمیشـەیی پێکهاتـوون. لەدەنگدانەکـەدا سـێ وڵات دەنگیـان پێنـەدا کەپێکهاتبـوون لـە: ”کوبـا“و ”زیمبابـۆی“و ”یەمـەن“، وڵاتانـی ”هینـد“و ”چین“یـش بێدەنـگ بـوون، ئەوانـی تریـش پشـتگیریی پـڕۆژە بڕیارەکەیـان کـرد.

پـڕۆژە بڕیارەکـە بەڕاشـکاویی ئـەوەی تێدابـوو، کەئیدانـەی ئـەو سـەرکوتکردنەی گەلانـی عێراقیـان کـرد، لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە، کەبریتیـی بـووە لەکوشـتنی بەناهـەق و دەرکردنـی خەڵـك لەجێگـەی خـۆی، ئەوەشـی لەخـۆی گرتبـوو، کەناوچەیەکـی ئـارام لـە باکـوور بـۆ کـوردەکان لەسـەرووی هێڵـی پانیـی ٣٦ دروسـت بکـرێ.

ئەوانـە هەمـوو کاریگەرییـان هەبـوو، کەڕژێمـی بەعـس ناچـار بـە وەسـتان بـکات، دواتـر لـەو زەمینەیـەدا کـە لـەڕووی نێودەوڵەتییـەوە زۆر گونجـاو بـوو، بـەرەی کوردسـتانیی جارێکـی تـر ڕێگـەی دیالۆگـی بەغدایـان گرتـەوە بـەرو ئـەو سـۆز و پشـتیوانییە گەرمـە سیاسـییەی ڕای گشـتیی جیهانییـان سـارد کـردەوە[1].

---

[1] «جۆناسـان رانـدڵ»ی رۆژنامەنووسـی ئەمەریکیـی لەکتێبەکـەی (گەلێـك لەپەرتەوازەییدا) بەدووورودرێژیی باسـی ئـەو زەمینـە و زەمەنەی کـورد دەکات و ڕەخنـە لەڕێبەرانـی کـورد دەگرێـت، بـۆ نموونـە باسـی کۆڕێکی ئەنیسـتیتۆی کـورد دەکات لەپاریـس کە «فرانسـوا میتـران»ی سـەرۆکی فەرەنسـای تێدابووە و لـەو کـۆڕەدا «عیسـمەت شـەریف وانلیی»سیاسـەتمەداری کـورد باسـی ستەملێکراویی کـورد دەکات، کەتائێسـتا داوای سـەربەخۆیی و جیابوونـەوەی نەکـردووە و هەمیشـە داواکـەی لەئۆتۆنۆمیـی تێنەپەڕیـووە، دوای کۆڕەکـە میـتران لێـی تـووڕە دەبێـت و دەڵێـت :شـوورەییە کـە ئێـوە لـەم کاتـەدا باسـی ئۆتۆنۆمیـی دەکـەن، هەلەکەتـان زۆر لەبـارە بـۆ داواکردنـی سـەربەخۆیی و داوای ئۆتۆنۆمیـی بـۆ گەلێـك کـە ڕووبـەڕووی قڕکـردن دەبێتـەوە هیـچ مانایەکـی نییـە.

# هەڵوێستی ئێران و تورکیا

هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران و گەلانی ئێران لەو نەهامەتییەدا لەبیرناکرێ، هەموو خەڵك پێیدەزانێ، ئەوەی ئەوکات کۆچی کردووە و ئاوارە بووە، زۆربەی بەرەو وڵاتی ئێران چوون، لەلایەك حکومەتی ئێران هاوکاریی باشی کردن و لەلایەکی تریش گەلانی ئێران بەتایبەتی کوردانی خۆرهەڵات، بەهەڵوێست و مەرد بوون و خانە خوێی بە ئەمەك بوون، تا ڕاددەیەك دەتوانم بڵێم ئەو خەڵکەی کە ئاوارە بوون، کەمتر هەستیان بە ئاوارەیی دەکرد، چونکە پێشوازییەکی گەرم و خزمەتێکی بێوێنەیان کردن، خەڵك هەبووە خاوەنی دوو ژوور بووە، ژوورێکی داوەتە ئاوارەی کوردی باشوور، ئەوە هەمیشە جێگەی سوپاس و پێزانینە.

بەڵام بەڕاستیی کۆماری تورکیای ئەوکاتە کە دەوڵەتێکی کەمالیی و عەلمانیی بوو، نەك هەر هاوکاریی خەڵکە ئاوارەکەی نەکرد و دەرگای نەکردەوە، بەڵکو تەقەشی لێدەکردن و هیچ جۆرە هاوکارییەکیشی پێ نەدەگەیاندن، ئاوارە هەبووە لەسەر سنوورەکانی تورکیا مردووە، بەڵام دەرگای لێنەکراوەتەوە، ناڵێم سەد لە سەد، ڕەنگە بە قاچاغ خۆی دەربازکردبێ، یان لەژێر گوشاری نێودەوڵەتییدا کەمێك حاڵەت هەبوبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تورکیا بە فەرمیی دەرگای نەکردەوە بەڕووی ئاوارەکانی کوردی باشووردا، هەر ئەو هۆکارەش بوو کە حکومەتی ئەو وڵاتەی ناچار کرد کە پشتیوانیی لەپرۆژەی بڕیاری "٦٨٨" بکات،

بـۆ ئـەوەی خەڵکەکـە بگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان و نەبنـە گوشـاری سیاسـیی و مرۆیـی و ئابووریـی لەسـەر ئـەو وڵاتـە و هەرچۆنێـك بـۆ ئـەو هەڵوێستەشـی جێگـەی تەقدیـرە.

# هۆکارەکانی کۆڕەو

بەداخــەوە خەڵکێکــی زۆر لــەو کــۆڕەوەدا بەهــۆی برســێتیی و ســەرماو سۆڵە و نەخۆشییەوە گیانــی لەدەستدا، بــەڵام پێموایــە هەمــوو ئــەوە دەگەڕێتــەوە بــۆ چەنــد هۆکارێــك، کــە ئەمــە ڕوویــدا:

١. ڕژێمــی بەعــس ڕژێمێکــی دڕنــدە بــوو، هەمیــش گەلانــی عێراقــی ســەرکوت کــردووە، بۆیــە خەڵــك ناهەقــی نەبــوو کــە بترســێ، چونکــە لــەو هێرشــە پێچەوانــەدا لەدووبارەبوونــەوەی کیمیاویــی بــاران و ئەنفال دەترســان، بەتایبەتیــی هەواڵــی ســەرکوتکردنی ڕاپەڕینــی باشــوور و بۆمبارانــی شــارەکانی باشــوور و فوراتی ناوەڕاســتییش لەلایــەن میدیای جیهانییــەوە بــڵاو دەکرانــەوە.

٢. ســەرکردایەتی سیاســی کــورد، خاوەنــی هیــچ ســتراتیژ و پلانێــك نەبــوون و هیــچ بەرنامــە و ئاڕاســتەیەکیان بــۆ خەڵــك نەبــوو، بەڵکــو خوێندنــەوەی ئەوانیــش بــۆ دۆخەکە شــتێکی ئەوتــۆی لەگــەڵ جەماوەردا جیــاواز نەبــوو، بۆیــە لەبــری ئــەوەی ئاســتی خواســتیان بــەرز بکەنــەوە، لــەو کاتــە هەســتیارەدا بــەرەی بەغــدا و گفتوگۆیــان هەڵبــژاردەوە، کــە ڕژێمــی بەعــس لەکاتــی بێهێزییــدا ئامــادەی دیالــۆگ بــووە و لەکاتــی بەهێزییشــدا حســابی بــۆ هیــچ پەیــمان و بەڵێنێــك نەکــردووە.

٣. نەبوونــی گیانــی بەرگریــی، دیــارە ئــەوەش هــەر بــە ســەرکردایەتیی دەکــرێ، کــە ســەرکردایەتییەکی بــە ئەزمــوون و خــاوەن دیــد و تێڕوانینێکــی ســەربازی بــێ، بزانــێ چــۆن بەرگریــی دەکــرێ و چــۆن ئــەو خەڵکــەی کــە گیانــی بەرگریــی هەیــە، بەجۆشــدان و ســازدانی

بەرگری پێ دەکات بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس، بەڵام ڕۆڵی ئەو سەرکردایەتییە لەکاتی ئەو راپەڕینەدا ون و نادیار بوو.

ئەوە بوو لە ئەنجامدا ئەو هەموو خەڵکە دەربەدەربوون و لە ڕێگادا مردن، وەکو خوای گەورە ئاماژەی پێ دەکات و دەفەرموێت: " أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ ٱلْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحْيَٰهُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ «.

واتە: نەتبینیووە ئەوانەی کە بە هەزارەها خەڵك لەماڵ و حاڵ و جێگە و ڕێگەی خۆیان لەترسی مردن دەرکەوتن، بەڵام خوا فەرمووی بمرن، پاشان زیندووی کردنەوە، بێگومان خوا خاوەن چاکەیە بەسەر خەڵکەوە، بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاسگوزار نین.

جا خۆ مردن هەر ئەوە نیە ژیانت کۆتایی پێ بێ، زۆر کەس هەبوو لەو نەهامەتیی و سەرما و نەخۆشیی و بێ جێگە و لانەییەدا مردنی بە ئاوات دەخواست. کۆڕەو دیمەنی زۆر ناخۆشی تێدا بوو، خوا بە ڕەحمی خۆی گەل و خاك و وڵاتمان لە نەهامەتیی و ماڵوێرانیی تر بپارێزێ.

# گفتوگۆی کورد و بەعس

دوا بـەدوای ئـەو بڕیـارەی ئەنجومەنـی ئاسـایش و راوەسـتانی شـەڕ، شـاندێکی بـەرەی کوردسـتانیی بەسـەرۆکایەتیی بەڕێـز مـام جـەلال سـەردانی بەغدادیـان کـرد و لەگـەڵ حکومەتـی بەعـس دەسـتیان بەگفتوگـۆ کـرد، بـۆ جارەکانـی تریـش بەسـەرۆکایەتیی بەڕێـز مەسعود بارزانیـی چوونـەوە بەغـدا و درێژەیـان بەگفتوگـۆ دەدا، بـەڵام دواجـار بـێ ئـاکام کۆتایـی بـەو دیالۆگـەش هـات.

هـۆکاری شکسـتی ئـەو دیالۆگـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لەلایـەك خوێندنـەوەی دۆخەکـە لەلایـەن سـەرکردایەتیی بـەرەی کوردسـتانییەوە هەڵەبـوو، چونکـە وا تێگەیشـتبوون لـەدوای شکسـتی بەعـس لەکوەیت، بەغـدا هەڵوێسـتی بێهێـزە و هەلـە کـە دیالۆگـی لەگەڵـدا بکرێـت و رێکەوتنـی لەگەڵـدا بکرێـت، لەوانەیـە ئـەو سـەرکردە خۆرئاواییانـەش کـە گوشـاری رای گشـتییان لەسـەر بـووە بـۆ پشـتیوانیی لەکـورد، بەهاندانـی بـەرەی کوردسـتانیی بـۆ گفتوگـۆ ویسـتبێتیان ئـەو گوشـارە لەسـەر خۆیـان کـەم بکەنـەوە، دەنـا ئـەوەی راسـتیی بێـت هیـچ سـتراتیژ و بەرنامەیـەك بـۆ گفتوگـۆی بـەرەی کوردسـتانیی و حکومەتـی بەعـس لەئـارادا نەبـووە.

لـەو زەمینەیەشـدا کەهێشـتا خوێنی پێشـمەرگە و جەمـاوەری راپەڕیو وشـك نەبۆوە، گفتوگـۆ لـەو کاتـەدا مانایەکـی خراپـی هەبـوو، ئەویـش خەمسـاردیی بـوو بەرانبـەر بـەو قوربانیانـەی گەلەکەمـان و ئـەو نەریتـە کوردەوارییـەی کەپێویسـتە هاوسـەنگییەك لەنێـوان قوربانیـی و جەلـلاددا درووسـت بکرێـت، تـا زەمینـەی بەرپاکردنـی دادگەریـی و وەرگرتنـەوەی مـاف لـە سـتەمکار بەرپـا بکرێـت.

# بزووتنەوەی ئیسلامیی و بەرەی كوردستانی

ئێمە لە بەرەی كوردستانیی نەبووین، بەڵام ڕێككەوتنێكمان لەگەڵ بەرەی كوردستانیی هەبوو، كە چۆن یارمەتیی یەكتر بدەین، باسی ئەوە كرابوو كە ئێمە لەگەڵ ئەوەین كورد بە مافی چارەنووسی خۆی بگات، سەربەخۆبێ لە وڵاتی خۆی، ئێمە بە هەموو شێوەیەك بۆ سەربەخۆیی پشتگیرییان دەكەین.

لە ڕێككەوتنەكە باسی ئەوە كراوە، كە ئێمە وەكو هێزێكی كوردستانیی ئامادەییمان هەیە شانبەشانی پێشمەرگەكانی بەرەی كوردستانیی بەرگریی لە خاك و خەڵكی كوردستان بكەین، ئەو كاتیش پێمان ڕاگەیاندن، كە ئێمە لەگەڵ گفتوگۆكردن و ڕێككەوتن نین لەگەڵ حكومەتی عێراقیی، چونكە بەعس جێگەی متمانە نییە، تەنانەت ئەگەر لە زەمینەی لاوازییدا ریككەوتن لەگەڵ كورد قبوڵ بكات، لە زەمینەی بەهێزیدا لێی پاشگەز دەبێتەوە، هەروەكو پێشتر لەرێكەوتنامەی جەزائیری ١٩٧٥ پەشیمان بۆوە و جەنگی خوێناویی و وێرانكەری هەشت ساڵەی بۆ گەلانی عێراق و ئێران خوڵقاند.

# بەعس پەیوەندیی پێوەکردین

دوای ڕاپەڕیــن و دروســت بوونــی قــەوارەی کــوردی، بەعســی ناچــار کــرد لــە ڕێگــەی باوەڕپێکراوەکانییــەوە پەیوەندیــی بــە حیــزب و کەســایەتییەکانەوە بــکات، ڕۆژێــك خزمێکــمان کــە پێشــتر باوکــی بەرپرســێکی بــاڵاو دەســت ڕۆیشــتووی حکومەتــی بەعــس بــوو، داوای لــە ماڵــی نەنکــم کردبــوو کــە پێویســتە مــن ببینــێ، منیــش لــە ماڵــی نەنکــم لەســاڵی ١٩٩٣دا لەگــەڵ ئــەو پیــاوە دانیشــتم، بــەر لــە شــەڕی ئێمــە و یەکێتیــی، قســەکانی دەســت پێکــرد و گوتــی: مــن بەرپرســی بــاڵای حکومــەت ناردوومــی، داوا دەکــەن کەپەیوەندییــان لەگــەڵ بزووتنــەوەی ئیســلامیی هەبێــت، ئێــوە حیزبێکــی ڕەســەن و ڕاســت و ڕێکــن، پێویســتتان بەپشــتیوانی حکومــەت دەبــێ و دوور نییــە تووشــی شــەڕی حیزبەکانــی دیکــە بــبن، ئەوکاتــە حکومــەت هەمــوو جــۆرە هاوکاریەکتــان دەکات، ئــەوەش بزانــن هەمــوو حیزبــەکان و زۆربــەی ســەرکردەکان پەیوەندییــان بەحکومەتــەوە هەیــە!

منیــش هەنــدێ قســەم بــۆ کــرد و پێمگــوت ئــەو بابەتــە لەگــەڵ مەکتەبــی سیاســیی بــاس دەکــەم و وەڵامــت دەدەمــەوە. ئــەو داوایانــەی حکومەتــی بەعســم بــە مەکتەبــی سیاســیی گــوت، بــەڵام ئــەوان لەگــەڵ ئــەوە نەبــوون کــە هیــچ جــۆرە پەیوەندییــەك لەگــەڵ ڕژێمــی بەعــس دروســت بکــرێ.

منیـــش گەڕامــەوە هەولێــر و ئــەو خزمــەم بینییــەوە و پێمڕاگەیانــد کــە بزووتنــەوەی ئیســلامیی سوپاســی هــەوڵ و بەخەمــەوە بوونــی ئێــوە دەکات، بــەڵام بــە گونجــاوی نازانــێ هیــچ جــۆرە پەیوەندییــەك لەگــەڵ حکومەتــی عێــراق دروســت بکــەن، ئەویــش زۆر ئــەوەی دووبــارە دەکــردەوە، کــە قازانــج ناکــەن و حیزبــەکان هەموویــان ژێــر بەژێــر گفتوگــۆ و پەیوەندییــان هەیــە، گوتــم: بەهەرحــاڵ، بزوتنــەوە نایــەوێ.

گوتــی باشــە مــادام تــۆ بــا پەیوەندیــت هەبــێ، بــۆ پاراســتنی مــاڵ و خــزم و هاوڕێکانــت پێویســتیت پێیاندەبــێ، چونکــە حکومــەت دێتــەوە کوردســتان و کۆنترۆڵــی دەکاتــەوە، گوتــم: مــن بەشــێکم لــەو حیزبــە و هیــچ جــۆرە پەیوەندییەکــی کەســیی بەدروســت و ڕەوا نازانــم و ئــەوە خیانــەت کردنــە لــە خەڵــك و حیــزب و دیــن، ئــەوە بــوو ئــەو کەســە بەدەســتی بەتــاڵ گەڕایــەوە بەغــدا .

# لەگەڵ گفتوگۆ نەبووین

ئێمە بڕوامان بە حکومەتی بەعس نەبوو، پێمان وابوو بەعس ڕاست ناکا، بڕوامان وابوو ئەو ڕژێمە هی ئەوە نییە دوای ئەو هەموو نەهامەتییەی کە بەسەر گەلی کوردی هێناوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت، پێمانوابوو کە کورد دەبێ بێ منەت بێ، بڕیارێکی نێودەوڵەتیش دراوە کە لە قازانجی کوردە، بەدروستکردنی ناوچەیەکی ئارام و دژە فڕین لە باکوری عێراق، ئەمانە دەبێ سودی لێ ببینرێ و لە حکومەتی ناوەند بێ منەت بێت و، ئەم بارودۆخە نوێیە بەهەل بزانین بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆمان، ڕاستە گفتوگۆش بەشێکە لەخەبات، بەڵام بەزەمینە و زەمانەتی درووستی خۆی، نەك لەهەر زەمینە و زەمانێکدا و هەر لەپێناوی گفتوگۆدا گفتوگۆ بکرێت!!

# مشتومڕی بەندە و کاك کۆسرەت

لەڕاپەڕیـن لـە سـاڵی ١٩٩١ تـا ١٩٩٢ لـەو شـارو شـوێنانەی کەئێمـە بارەگامـان لێـی هەبـوو، "حیزبـی بەعس"یـش تـا کۆتایی ١٩٩١ بـارەگای مابـوو، لـەو کاتانـەدا بـەرەی کوردسـتانیی جـار جـار تینیـان بـۆ ئێمـە دەهێنـاو دەیانگـوت: ئێـوە هیـچ ڕێککەوتنێکتـان لەگـەڵ بەعـس نییـە، بۆیـە ئـەوان پێیـان ناخۆشـە ئێـوە لـەو شـارانە هەبـن.

ئەوکاتـە ئێمـە لـە هەولێـر بارەگامـان هەبـوو، کاك "کۆسرەت"یـش لـە هەولێـر بـوو، بـەدوای ئێمەیانـدا نـارد، مـن و برادەرێکـی دیکـە چوویـن، کاك کـۆسرەت گوتـی: ئێـوە پێویسـتە بارەگاتـان لـە هەولێـر هەڵگـرن و لابیـەرن، گوتـم: بـۆ لای ببەیـن؟ گوتـی: ئێـوە ڕێککەوتـن و تەنسـیقتان لەگـەڵ بەعـس نیـە، گوتـم: ئێمـە وەکـو بزووتنـەوەی ئیسـلامیی تەنسـیقمان لەگـەڵ بـەرەی کوردسـتانیی هەیـە، گوتـی: ئاخـر ئـەوان پێیـان خـۆش نیـە، گوتـم: گرنـگ ئەوەیـە ئێمـە لەگـەڵ ئێـوە ڕێککەوتوویـن و پەیوەندییـمان بەوانـەوە نیـە، گوتـی: نابـێ، ئارامیـی و ئاسایشـی ئـەم شـارە تێکدەچـێ، ئـەوە بڕیارێکـی بـەرەی کوردسـتانییە، منیـش گوتـم: ئەمـن فەرمانـدەی هێزێکـی "بزووتنـەوەی ئیسـلامیی"م، ئـەو پەیامەتـان بـە سـەرکردایەتیی ڕادەگەیەنـم، چییـان وەڵام دامـەوە، پێتـان دەڵێمـەوە.

بەهەرحـاڵ ئێمـە هاتینـەوە، دواییـش هەندێـك تێکگیـران لەگـەڵ هەندێـك هێـزی دیکـەی بـەرەی کوردسـتانیی لێـرە و لـەوێ درووسـت بـوو، بـەڵام ئێمـە وەکـو بزووتنـەوە پێـمان وابـوو کـە ڕێککەوتنـی

بـەرەی كوردسـتانیی لەگـەڵ بەعـس ئەنجامـی نابـێ، بـەڵام بـۆ ئـەوەی دەرهاویشـتەكانی شكسـتی گفتوگـۆكان بەملـی ئێمـەدا نەهێنـێ، بڕیارمانـدا بارەگاكانمـان لـە هەولێـر بكێشـینەوە، هێـزی چەكدارمـان كشـاندەوە، جـار جـار هاتوچۆمـان دەكـرد، بـۆ ئـەوەی سبەی تێكچوونـی ئـەو بارودۆخـە نەخرێتـە ملـی ئێمـە[1]، هێزەكانمـان كشـاندەوە لـە هەولێـرەوە بـۆ شـەقڵاوە و سـۆران و ئـەو ناوچانـە.

---

[1] لیژنـەی تەنسـیق لەنێـوان بەعـس و بـەرەی كوردسـتانیی دروسـت كرابـوو، بۆ چارەسـەری هـەر جـۆرە كێشـەیەك لەنێـوان هێزەكانـی سـوپاو ئەمنـی بەعـس و پێشـمەرگەدا دروسـت دەبـوو، تەنانـەت زۆر جـار چەكـە گەورەكانیـان وەردەگرتـەوە و رادەسـتی سـوپای عێراقیـان دەكـردەوە، بـۆ نموونـە لەمانگـی تشرینـی یەكەمـی ١٩٩١دا كاتـێ سلێمانیی و ناوچەكانـی عەربـەت و باریكـە و دەربەندیخـان و گەرمیـان راپەڕیـن و هێزەكانـی بەعسـیان چـەك كـرد، لیژنەی تەنسـیق گوشـاریان خسـتبووە سـەر هێزەكانـی بزووتنـەوەی ئیسـلامیی بـۆ رادەسـتكردنەوەی چەكـە قورسـەكان بەسـوپای عێـراق، بـەڵام بزووتنـەوە نەچـووە ژێـر بـاری ئـەو خواسـتەیان و تەنیـا دیلەكانـی بەڕێـز و حورمەتـەوە نـاردەوە بـۆ شـوێنی خۆیـان.

# بیانووی بنەڕەتیی شتێکی تر بوو

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کاك کۆسرەت گوتی: ئێوە حزبێکی سیاسیین، بۆچی بەردەوام لەناو مزگەوتەکان خەڵك کۆدەکەنەوە و قسەیان بۆ دەکەن، گوتم: ئێمە حزبێکی ئیسلامیین، گوتی: بڕۆن لە گۆڕەپانێك خەڵك کۆبکەنەوە، گوتم: لەوێش خەڵك کۆدەکەینەوە و لە مزگەوتیش قسەیان بۆ دەکەین و ئێوەش دەتوانن لە مزگەوت خەڵك کۆبکەنەوە.

پێیانوابوو نابێ بەلای مزگەوتدا بچین و لە مزگەوت خەڵك کۆبکەینەوە، ئەو کاتەو ئێستاش ئەو قسەیە تەنیا بیانوو بووە، بیانووی بەرەی کوردستانیی بوو، دەنا جارێکیان لە سۆران لەگەڵ بەرەی کوردستانیی دانیشتین، سوتەمەنییان لە بەعس وەردەگرت، بەرەی کوردستانیی دابەشی دەکرد بەسەر حیزبەکان و هاوڵاتیاندا، ئێمەش وەك بزووتنەوەی ئیسلامیی مافی خۆمان بوو سووتەمەنیی وەربگرین، داوای سووتەمەنییمان کرد، بەپێی پێویستی بارەگاکانمان، برادەرێك لەوێ بوو ناوی کاك "مەغدید" بوو، بەرپرسی بەرەی کوردستانیی بوو، گوتی: فڵان کەس، گوتم: بەڵێ، گوتی: ئێوە حزبێکی دینین، چ پەیوەندیتان بە نەوت و گازو ئەو بابەتە سیاسییانەوە هەیە، بڕۆنە لای مزگەوت و مەلاو وتار، منیش پێکەنیم، گوتی: بەچی پێدەکەنی؟ گوتم: لە هەولێر لەگەڵ بەرپرسێکی بەرەی کوردستانیی (کاك کۆسرەت ڕەسوڵ) دانیشتین و گوتی: ئێوە حیزبێکی سیاسیین، چ کارتان بە مزگەوت و مەلا

و وتــار هەیــە، ئێســتاش هاتووینــە ئێــرە داوای مافــی خۆمــان دەکەیــن، دەڵێــن ئێــوە حیزبێکــی دینییــن، چ پەیوەندییەکتــان بــە سیاســەتەوە هەیــە؟!

گوتــم: کەواتــە ئێمــە هەردووکیانیــن، ئێمــە حیزبێکــی سیاســیین، بــەڵام بنەمــا و بەرنامەکەشــمان ئیســلامە، بۆیــە بــە مافــی خۆشــمانی دەزانیــن داوای مافــە ڕەواکانــی خۆمــان بکەیــن، وەکــو چــۆن ئــەوەی ئێــوە هەتانــە، ئێمــەش هەمــان مافــمان هەیــە.

دواتــر ئەوەبــوو کــە بــەرەی کوردســتانیی لەگــەڵ حکومەتــی عێراقیی نەگەیشــتنە ئەنجــام و گفتوگۆکــەی تێکچــوو، لــەدوای ڕاپەڕینەکــەی پارێــزگای سلێمانیی، هێزەکانــی بەعس و دەزگا ئەمنیــی و کارگێڕییەکانی کشــاندەوە و بەکــردەوە کوردســتان بۆشــایی ئیداریــی بــۆ درووســت بوو، هــەر ئــەو بۆشــاییەش بــوو کــە بــووە هــۆکاری هەڵبژاردنــی پەرلەمــان و دامەزراندنــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان.

# ئامادەکاریی بۆ یەکەمین هەڵبژاردن

دوای گەیشتنە بنبەستی گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانیی و حیزبی بەعس، لە "١٩٩١/١٠/١٦"دا حکومەتی بەعس هەموو ئیدارە و داوودەزگاکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان کێشایەوە.

ئەوە بوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەرەی کوردستانیی لیژنەیەکی باڵای پازدە (١٥) کەسیی پێکهێنا، چونکە تووشی بۆشایی سیاسیی و ئیداری بووبووین لە هەرێمی کوردستان، بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکە ئەو پازدە کەسە هەندێك ڕێکاریان داناو ڕۆژی ١٧ی ئایاری ١٩٩٢ یان بۆ ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە دیاریی کرد، کەدواتر ئەو پرۆسەیە دوو ڕۆژی دیکە دواخرا.

ئەوەبوو لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢دا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) ئەنجام درا، کە نزیکەی یەك ملیۆن (١،٠٠٠،٠٠٠) کەس بەشدارییان تێدا کرد، لەڕاستییدا جەماوەری کوردستان وەکو کەرنەڤاڵێك بەشدارییان لەو پرۆسەیەدا کرد، خەڵك زۆر گەرموگوڕ بوو، هیوای گەورەیان بەئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بوو، لەڕاستیشدا ڕووداوێکی مێژوویی و گەورە بوو، چونکە کوردی بەرەو مافی چارەخۆنووسی دەبرد، نەك هەر لە ناوخۆی کوردستان و عێراق، بەڵکو لەمیدیای جیهانییدا دەنگی دایەوە، کە کورد بۆ یەکەمجار دەبوو بە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و قەوارەی سیاسیی خۆی.

بەڕاستیی هەنگاوێکی گرنگ و دڵخۆشکەر بوو، قۆناغی مێژوویەکی تازە بوو، لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا، ئەوە یەکەمجار بوو گەلی کوردستان ئەنجامی خەبات و قوربانیدانی خۆی دەبینیی و دەچنییەوە.

ئەو لیژنەیە هەندێ ڕێکاریان دانا، یەکێك لەو ڕێکارانە بەربەستی "٧٪"یان دانا، کە هەر لیست و قەوارەیەك ئەگەر "٧٪"ی دەنگەکان نەهێنێ، ئەوە ناتوانێ بچێتە ناو پەرلەمان، دواتریش ناتوانێ بەشداربێ لە پێکهێنانی حکومەتدا.

ئەوکاتە پارتیی لیستێکی سەربەخۆی هەبوو، دواتریش یەکێتیی و زەحمەتکێشان لیستێکیان هەبوو، حیزبەکانی دیکەش بەشدار بوون: سۆشیالیست و شیوعیی و پارێزگاران و، پارتی گەل و، کۆمەڵێك حیزبی دیکەش، هەندێك خەڵکی بێلایەنیش هەبوون، ئێمەش لیستێکی ئیسلامییمان درووست کرد، بەڵام نەمانتوانی بەربەستی "٧٪"ە، تێپەڕێنین و "٥٪"ی دەنگەکانمان هێنا، هۆکارەکەش ئەو ساختەکارییە بەلێشاوە بوو کەبووە بنەمای کایەی دیموکراسیی لەکوردستان و تائێستاش گرفتارین پێوەی[(١)]، چونکە چاودێریی ناوخۆیی و دەرەکیی بەو شێوەیە نەبوو کە ڕێگریی لەساختەکاریی بکات، ئەگەر ئێستا بەشێوەی ئەندازیارانە ساختەکاریی دەکرێ کە خەڵك چاوکراوەترە، دەبێ ئەو کاتە چیی کرابێت؟!

---

(١) نیشانەی ساختەکاریی زۆر بوون، یەکێك لەوانە ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکان بوو لەلایەن پارتیی و یەکێتیی و تۆمەتبارکردنی یەکتر بوو بەساختەکاریی لەئەنجامی هەڵبژاردندا، بۆ نموونە لەهەندێ شار ڕێژەی ساختەکارییەکە زیاتر بوو لەژمارەی دانیشتوانی شارەکە، نەك ئەوەی ڕێژەکە بەرانبەر بێت بە»١٠٠٪«ی ئەو کەسانەی کەمافی دەنگدانیان هەبێت.

دوای هەڵبــژاردن پارتــی و یەکێتــی ڕێککەوتــن لەســەر بنەمــای پەنجا بـە پەنجـا دەسـەڵات دابـەش بکـەن، سـەرۆکی پەڕلەمـان بـوو بـە پشـکی پارتـی و کاك "جەوهـەر نامیـق" بـووە یەکـەم سـەرۆکی پەرلەمانــی کوردســتان، ســەرۆکی حکومەتیــش درا بــە یەکێتیــی و دکتـۆر "فوئـاد مەعسـووم" ئـەو پۆسـتەی وەرگـرت، ئـەوی تریـش پێیـدا هاتنـە خـواریێ و تـا قوتابخانەکانیـش شـۆڕ کرایـەوە و بـەش بەشـیان کـرد، ئـەو بـەش بەشـێنەش تـا ئێسـتا بەردەوامـە و لەهـەر قۆناغێکـدا شـێوازێکی تایبـەت بەخـۆی وەردەگرێـت.

ئـەو ڕێککەوتنـەش لـە ئەنجامـی ئـەوە بـوو کـە یەکێتیـی و پارتـی هەردووکیـان ئیدعـای ئەوەیـان دەکـرد دەنگـی زیاتریـان هێنـاوە!

# یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢)

هەڵبـژاردن سـەرەتا و بنەمایەکـی بـاش بـوو بـۆ دەسـتکردن بـە شـێوازی حوکمڕانیـی مەدەنـی و دامەزراندنـی دەزگای یاسـادانان، کەبریتیـی بـوو لـە پەڕلەمانـی کوردسـتان.

لـە "١٩٩٢/٥/١٩"دا یەکەمیـن هەڵبـژاردن ئەنجـام درا[1]، بەرنامەکـەی وابـوو چەنـد حیزبێـك تێیـدا بەشـداریی بکـەن، حیزبـەکان لیسـتی خۆیـان پێشـکەش کـرد، ئێمـە ئـەوکات لیسـتی خۆمـان هەبـوو، بەنـاوی "لیسـتی ئیسـلامیی"، بـەڵام بەربەسـتێك دانرابـوو، کـە دەبـوو هـەر لیسـتێك "٧٪"ی دەنگـەکان تێبپەڕێنـی ئینجـا دەگەیشـتە پەڕلەمـان، بـەڵام ئێمـە تەنیـا "٥٪"مـان هێنـا، بۆیـە بـەو شـێوەیە بەشـدار نەبوویـن لـە خولـی یەکەمـی پەڕلەمانـدا.

---

[1] پێشـتر بڕیـار بـوو لـە «١٧»ی ئایـاری ١٩٩٢دا هەڵبژاردنەکـە ئەنجـام بدرێـت، کەچـی لەنـاکاو دوو ڕۆژ دواخـرا، تائێسـتاشـی لەگەڵدابێـت کـەس نەیزانیـی ئـەو دواکەوتنـە بۆچیـی بـوو؟ دواتـر دەنگـۆی ئـەوە هەبـوو کـە ئـەو مەرەکەبـەی بـۆ پەنجەمـۆر هێنرابـوو سـڕینەوەی سـەخت بـوو، ئـەو دوو حیزبـەی کوردسـتان بـۆ سـاختەکاریی جـۆری مەرەکەبەکەیـان گـۆڕیـی بـوو بـۆ ئاسـانکردنی سـاختەکاریی، کـە ئەگـەر سـەرنجی ئەنجامـی هەڵبژاردنەکـە بدەیـن بەجوانیـی دەردەکەوێـت کـە بەشـێوەیەکی زۆر ترسـناك و ناشـیرین سـاختەکاریی لەهەڵبژاردنـدا کرابـوو، کـە ئـەو دوو حیزبـە بـۆ خۆشـیان بڕوایـان بـە ئەنجامەکـەی نەبـوو، بـەڵام بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە کارگێڕییـەی لەکوردسـتان درووسـت ببـوو، هەمـوان بەناچاریـی شـانیان بـۆ ئـەو سـاختەکارییە شـل کـرد، کـە مەخابـن بـووە پێشـینەیەکی ناشـیرین کـە تائێسـتاش بەردەوامـن لەسـەریی.

چـوار کەسـیش خۆیـان بـۆ سـەرۆکایەتیی کاندیـد کردبـوو، کـە ناویـان لـێ نابـوو "رابـەری بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کـورد"، هیـچ لەوانـە دەنگـی پێویسـتیان نەهێنـا بەپێـی ئـەو سیسـتەمەی کە ئـەوکات دانرابـوو.

ئـەوە بـوو هەڵبـژاردن کـرا، چونکـە خۆیـان دەیانزانیـی چییـان کێڵاوە، دیسـان بـوو بـە کێشـە و گرفـت، پارتـی و یەکێتـی ڕێـك نەدەکەوتـن، کـە کامەیـان براوەیـە، هەرچەنـد هەندێـك ئامـاژە هەبـوون کـە یەکێکیان کەمێـك زیاتـر بـووە لـە ئـەوی دیکـە، بـەڵام هیـچ کامەیـان بـۆ ئـەوی دیکەیـان نەسـەلماند، لـە ئەنجامـدا ڕێککەوتـن کـە پەنجـا بـە پەنجـا بـێ. ئـەوە بـوو لـە سـاڵی "١٩٩٢"دا ئـەو کەلتـووره سـەقەتەیان داهێنـا، کـە تـا ئێسـتاش بەردەوامـە، ئەگەرچیـی ڕێژەیەکـی کـەم و کـورت بـۆ لایەکیـش بووبێـت، بـەڵام لەسـەر دابەشـکردنی بەرژەوەندییـەکان رێککەوتـوون، جـا ئـەوە لـەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ گوێزرایانـەوە بـۆ پۆسـت و بەرژەوەندییـە ماددییەکانـی بەغـداش.

بـەڵام لـەم ڕووەوە کـە بوویـن بـە خاوەنـی دەزگایەکـی یاسـادانان (پەڕلەمـان)، زۆر دڵخـۆش بوویـن و پێـمان بـاش بوو، چونکـە لەئەنجامی ئـەوەوە بووینـە خاوەنـی یەکەمیـن کابینـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، ئێمـە پێـی دڵخـۆش بوویـن بـا ئێمەشـی تێدانەبووبێـت و لـەو ڕووەوەش سـتەمیان لـێ کردبیـن، بـەڵام بەداخـەوە بـە ڕێکوپێکـی بەڕێـوە نەبـرا، وا نەبـوو کـە خەڵـك دڵـی پێـی خـۆش بێـت و پێـی بحەسـێتەوە و ژیـان و گوزەرانـی لەگەڵـدا ئاسـوودەبێت.

# شـــەڕی ناوخـۆ

هەروەکـو چـۆن ئـەو هەڵبژاردنــە، هەنگاوێکـی دڵخۆشـکەر و وەرچەرخانێکـی گرنـگ بـوو لـە مێـژووی خەباتـی گەلـی کوردسـتاندا، لەهەمـان کاتـدا ئـەو شـەڕی براکوژیـی و ناوخۆیـەش، پەڵەیەکـی ڕەش بـوو بەنێوچاوانـی مێـژووی کـوردەوە، چونکـە ئـەو شـەڕە ئـەو هەنـگاوە گەورەیـەی پێکهێنانـی پەرلەمـان و دامەزراندنـی حکومەتـی ناشـیرین کـرد، بەتایبەتیـی بـۆ ڕای گشـتی جیهانییـش بـوو بەتانەیەکـی گـەورە کـە کـورد ناتوانـێ لەناوخـۆ ڕێـك بکـەوێ و ناتوانـێ خاوەنـی دەوڵـەت و ئیـدارەی خـۆی بێـت[1].

---

[1] لـەدوای جەنگـی جیهانیـی یەکەمـەوە، هەمیشـە ئینگلیـزەکان لەبـارەی مافـی چارەنووسـی کـوردەوە ئەوەیـان بەکۆمەڵـەی گـەلان ڕاگەیانـدووە کـە گەلـی کــورد ناتوانــن خاوەنــی مافــی چارەنــووس بــن، بۆیــە دەبــێ بەشـێك بــن لەعێـراق، تائێسـتاشـی لەگەڵدابێـت ئـەو پیلانـە لـەدژی کـورد بەردەوامـە، بــەڵام بەبەردەوامیــی هێــزە سیاسـییەکانی کوردیــش درێغییــان لــەوەدا نەکـردووە، کەپاسـاوی ئـەو وتەیـان بەدووبەرەکیـی و جیاوازیـی نێوخۆیـان بەرجەستەکردووە، لـەدوای هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان و دامەزراندنـی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، وڵاتانــی تورکیــاو ئێــران و ســووریا کۆبوونەوەیەکـی خولیـی سـێ مانگییـان لەنێـوان هەرسـێ وەزارەتـی دەرەوەی وڵاتەکانیانـدا ڕاگەیانـد، کەهـەر جـارەو لەپایتەختـی وڵاتێکیانـدا گـرێ بدرێت، بـۆ بەدواداچوونـی مەترسـییەکانی قـەوارەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر وڵاتەکانیـان، بـەڵام بەشـەڕی ناوخـۆ ئـەو مەترسـییەیان ڕەوییـەوە، چونکـە کـورد بـۆ خـۆی پەلکێشـی ئەوانـی کـرد بـۆ لێدانـی یەکـتر و تێکدانـی قەوارەکـەی !!

هۆکاری دروستبوونی شەڕەکە - بەوتەی پێشینان کۆنەقین بوو- پاشماوەی شەڕ و دژایەتی کردنی یەکتر بوو لەشەستەکان و دواتریش لەدوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ لە شاخ کە بەرانبەر یەکتریان هەبوو، لە شاخیش ماوەیەکی زۆر ناتەبا و دوژمن بەیەك بوون، نەیاندەتوانی برایەتیی راستەقینە بکەن و لەگەڵ یەکتر رێك بن، لەسەر لوتکە شاخێك شەڕێکی گەورە درووست دەبوو، خەڵکێکی زۆر دەبوونە قوربانیی، بەبێ ئەوەی کەسیان ئەوی تر بناسێ و بزانێت بۆچی دەیکوژێ و بۆچیی دەیکوژن، ئەو عەقڵیەتەی کە لە شاخ چەکەرەی کرد، هەر ئەوە بوو کەهاتەوە شار و خۆی تێدا سەپاند، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی نوێ و شێوازی بەڕێوەبردنی کارگێڕیی مەدەنیی و پێداویستییەکانی، لە شاخ مامەڵەت لەگەڵ گوند و شاخ و بەرد بوو، بەڵام لە شار مامەڵەت لەگەڵ ئاوەدانییە، لەگەڵ دەزگا و تەکنەلۆژیا و شارستانیەتە.

لەلایەکی دیکەوە یەکتر قەبوڵ نەکردن سیمایەکی دیاری پێش و دوای راپەڕین بوو، بەتایبەتی پارتیی و یەکێتیی، کە پێیانوابوو دەبێ تەنیا ئەوان هەبن، نابێ کەسی دیکە هەبێ، ئێمەش دەمانگوت ناڵێین تەنیا با ئێمە هەبین، بەڵام با ئێمەش هەبین.

ئەو عەقڵیەتە وایکرد کە حیزبەکانی کوردستان لە ساڵی "١٩٩٣"دا تووشی شەڕی ناوخۆ و یەکتر کوژیی ببن[1]، هیچ

---

(١)سەرەتا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەریەکە لەیەکێتیی و پارتیی جۆرێك لەگوشاریان بۆ سەر حیزبە بچووکەکان درووست کرد، تا بەناوی یەکگرتوویی کوردەوە لەنێو بۆتەی ئەو دوو حیزبەدا بتوێنەوە، ئەوەش وایکرد کێبەرکێکان سەخت و دژوار ببن، بۆیە هەندێ پێکدادان لەنێوان ئەو دوو حیزبەو حیزبەکانی تردا درووست بوو، دواجار لەسەر بەرژەوەندییە مادیی و سیاسیی و ئابووریی و ئەمنیی و سەربازییەکانی هەرێمەکەش لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا ململانێکان

کەسیش نەدەهات بڵێ با هێزی لۆژیك (منطق) پێش لۆژیکی هێز بکەوێت، کێ زیاتر هێزی هەبووایە، کێ بێویژدانتر بوایە لە کوشتنی برای خۆی، ئەوە زیاتر باڵادەست دەبوو.

شەڕەکان سەرەتا لەسەر هەندێ دوکان بوو لە قەڵادزێ، ساڵی "١٩٩٤" کاك "عەلی حەسۆ مێرخان ژاژۆکیی" کە لەوێ کوژرا، لەگەڵ مام جوتیاری یەکێتیی، کە بەرپرسی ئاسایش بوو، لەوەوە شەڕەکە گەورە بوو.

هەندێك دوکانی قەڵادزێ، کە کاتی خۆی گوایە هی بابیان (حەسۆ میرخان) بووە، لەوێ لەگەڵ خەڵکێك لەسەر ئەم دوکانانە تێکگیرابوون و دواتر دەورەیان دەگیرێ و دەبێ بەشەڕ و دەکوژرێن، لەوەوە شەڕ دروست بوو، نەوەك شتێکی ستراتیژیی هەبووبێ.

---

تۆخ بوونەوە و سەرئەنجامی بەشەڕی ناوخۆ بەرجەستە بوو.

# شەڕی یەکێتیی و بزووتنەوەی ئیسلامیی

ئـەم شـەڕە لـە بـەرواری ١٩٩٣/١٢/٢٦ هەڵگیرسـا، پێشـتر لەسـەر هەنـدێ بابەتـی جیـاواز لـە گەرمیـان و چەمچەمـاڵ، هەنـدێ پێکـدادان روویانـدا، بـەڵام بەهەوڵـی سـەرکردایەتیی هـەردوولا کۆنـترۆڵ کـراو نەگەیشـتە شـەڕی سەرتاسـەری، بـەڵام مەخابـن لەسـەر ئـەو تەقـە و پێکدادانـە نەخـوازراوەی ڕانیـە، شـەڕەکە هەمـوو ناوچەکانـی کوردسـتانی گرتـەوە[1].

لـە "سەرئەشـکەوتان" لەلایـەن سـەرکردایەتیی "بزووتنـەوەی ئیسـلامیی"ەوە هەندێـك هـەوڵ درا بـۆ هێورکردنـەوەی دۆخەکـە،

---

[1] نابـێ ئەوەمـان لەبیـر بچێت، ڕەوتـی مارکسـیەت و عەلمانیـی ناو هەنـدێ حیزبی کوردسـتان، بـەو پاشـخانە ئایدیۆلۆژییـەوە مامەڵەیـان لەگـەڵ بزووتنـەوەی ئیسـلامییدا دەکـرد، کـە ئـەو هێـزە نابـێ ببـێ، ئـەوەش ڕاسـتییە کـە لەنـاو تەوژمـی ئیسلامییشـدا باڵێکـی توونـدڕە و هەبـوو کـە نەیدەزانـی ڕێگـەی پێکـەوە ژیـان لەگـەڵ ئـەو جـۆرە هێزانـەی کوردسـتاندا بگرێتەبـەر، بـەڵام لەڕاستیشـدا ئـەو ئەرکـە نیشـتمانییەی کەوتبـووە سەرشـانی پێکهێنەرانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان زۆر گـەورە و مێژوویـی بـوو، ئـەوان هەروەکو پێشـتر بەلۆژیکـی هێـز ویسـتیان یەکەکـە لەهەرێمـی کوردسـتان دەربکـەن، هـەر بـە هەمـان شـێوەش ویسـتیان مامەڵـەی ئەمنیـی لەگـەڵ سـەرکردەکانی بزووتنـەوەدا بکـەن، بـۆ نموونـە لەمانگـی تشرینـی یەکەمـی ١٩٩٣دا «مـام جـەلال» لەکۆڕێکـی نهێنیـی خۆیانـدا هەڕەشـە دەکات لـەوەی هەریەکـە لـە مامۆسـتا «عەلـی باپیـر» و مامۆسـتا «کرێـکار» دەبـێ دەسـتگیر بکرێـن و بدرێنـە دادگا، ئـەو تۆمـارە دەنگییـەش گەیشـتەوە بەبزووتنـەوە و دۆخەکـەی زیاتـر ئالـۆز کـرد، واتـە دیـار بـوو یەکێتیـی زۆر پێشـتر لەکاتـی هەڵگیرسـانی شـەڕەکە خـۆی ئامـادە دەکـرد بـۆ لێدانـی بزووتنـەوە و نەهێشـتنی لەناوچـەی خۆیـدا بـۆ ئـەوەی یەکلایـی ببێتـەوە بـۆ لێدانـی ڕکابەرەکـەی تـری.

حیـزب و کەسـایەتییەکان و زانایانیـش لـە هەولێـر هەوڵیانـدا شـەڕەکە ڕابگیـرێ، ئەوکاتـە مـن فەرماندەی سـەربازیی هەولێـر بـووم.

کۆبوونەوەیـەك لـە پارێـزگای هەولێـر ڕێکخـرا، ئەوکاتـە کاك "عەبدولموهەیمن بارزانیی" پارێزگاری هەولێر بوو، ئێمەیان بانگهێشت کـرد، شـاندی ئێمـە پێکهاتبوویـن لـە مـن و مامۆستا عەبدولغەنیی تاها و کاك یاسـین عەزیـز، کۆمەڵێـك زانـای ئایینـی و کەسـایەتی شـاری هەولێـر لـەوێ بـوون، شـاندی برادەرانـی "یەکێتیـی"ش هاتـن، کاك "ئەرسـەلان بایـز" و چەنـد کەسـێکی دیکـە بـوون.

لەکۆبوونەوەکـەدا گوتیـان: باڕێـك بکەویـن لـەم شـارەدا شـەڕ نەبـێ، منیـش گوتـم: جـا بـۆ هـەر لێـرە شـەڕ نەبـێ، بـا لـە هەمـوو شـوێنەکان شـەڕ بوەسـتێنرێ، گوتیـان: ئێمـە لێـرە بەرپرسـیارین، نابـێ شـەڕ لێـرە دروسـت ببـێ، ئـەو برایانـەی ئێمـە لـەو بابەتـەدا تۆزێـك نـەرم بـوون، گوتیـان: ئاساییە بـا وابێـت و لێـرە شـەڕ نەبێـت، گوتـم: هیـچ ئاسـایی نیـە، چونکـە بـا ڕوون و ڕاشـکاوانە بڵێـم، یەکێتیـی نیشـتیمانیی هەرچی هێـزی هەیـە کـۆی کردۆتـەوە بۆسـەر سـەرکردایەتیی ئێمـە، دەیـەوێ لەڕێگـەی کەسـایەتیی و ناوچـە ئیدارییەکانـەوە، لێنەگـەڕێ شـەڕ لـە شـوێنەکانی دیکـە درووسـت ببـێ، بـۆ ئـەوەی هەرچـی هێـز هەیـە بیباتـە "سەرئەشـکەوتان"و سـەرکردایەتیی بگـرێ، ئەوکاتـە شـوێنەکانی دیکـە ناچـار دەبـن خـۆ بەدەسـتەوە بـدەن، بۆیـە گوتـم: مـن لەگـەڵ ئـەوە نیـم، ئەگـەر ڕاسـت دەکـەن و دەیانـەوێ ئاشـتی بکـەن، ئەگـەر لێـرە شـەڕ نەکـرێ، ئـەو لەشکرکێشـییەی کـە ئێسـتا بـۆ سـەر سـەرکردایەتی بزووتنـەوە هەیـە، دەبـێ ئەویـش ڕابگیـرێ.

ئـەوان گوتیـان ئێمـە ناتوانیـن ئـەو شـەڕەی سـەر سـەرکردایەتیتان ڕابگریـن، بەدەسـت ئێمـە نییـە، منیـش گوتـم: ئێمـەش لـەو دانیشـتنە ڕایدەگەیەنیـن، کـە پابەندنیـن بەهیـچ جـۆرە شـەڕ ڕاگرتنێـك لـە هەولێر.

# شەڕ دەستی پێکرد

لــە هەولێــر و شــوێنەکانی دیکــەش بــوو بــە شــەڕ، بــەڵام وەکــو باســمکرد ئــەوان گەمــارۆی ســەرکردایەتیی ئێمەیــان دابــوو، هیــچ هێزێکــی بزووتنــەوەش نەیدەتوانــی بەهانــای ســەرکردایەتییەوە بچــێ، بۆیــە ســەرکردایەتییان گــرت، لــە زۆربــەی شــوێنەکانی دیکــە ئێمــە ســەرکەوتوو بوویــن، بــەڵام لەبەرئــەوەی ســەرکردایەتییان گیــراو پەیوەندییــان پێیانــەوە نەمــا، بۆیــە ناچــار بوویــن بارەگاکانــی هەولێــر و شــوێنەکانی دیکــەش چــۆڵ بکەیــن.

# هەوڵەکان بۆ شەڕ ڕاگرتن

دوای ئـەوەی کـە بارەگاکانـی ئێمـە دەسـتی بەسـەردا گیـرا، برادەرانی پارتیـی هەوڵیانـدا کـە شـەڕەکە ڕابگیـرێ و کۆتایـی پـێ بهێنرێـت، لەسـەرەتای "١٩٩٤"دا شـاندێك لـە دەرەوەی وڵاتـەوە هـات، کـە "فلەییـح سامەڕایی" سـەرۆکی بـوو، ناوبـراو کەسایەتیەکی گـەورەی ئۆپۆزیسـیۆنی عێراقیـی بـوو، لـە سـعودیە دادەنیشـت.

لـە هاوینـە هـەواری سـەلاحەدین دانیشـتین، "مامۆسـتا مـەلا عوسـمان" و "مـام جـەلال" و "کاك مەسـعود"ی تێدابـوو، لـەوێ ڕێککەوتنێـك واژۆ کـرا، بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـە ڕازیـی بوویـن شـەڕ ڕابگیـرێ و بزووتنـەوەی ئیسـلامیی بنکـە و بارەگاکانـی وەرگرێتـەوە، ئـەو کەسانەش کـە گیـراون ئـازاد بکرێـن، چونکـە هاوڵاتیانێـك هەبوون لـە شـەقام و لـە مـاڵان گیـرا بـوون و هیـچ پەیوەندییەکیـان بـەو شـەڕەوە نەبـوو.

# یەکێتیی پابەند نەبوو

هەرچەنـدە "مـام جـەلال" لـەدوای واژۆکردنـی ڕێکەوتنەکـەدا، لـە وتەکەیـدا چەندیـن جـار بەڵێنـی ئەوەیـدا کـە حیزبەکـەی بـەدەق و ناوەڕۆکـەوە ( نصـا و روحـا) ئـەو ڕێکەوتنـە جێبەجـێ دەکات، کەچـی یەکێتیـی بەئاشـکرا پابەنـد نەبـوون بـە نێوەرۆکـی ڕێککەوتنەکـەوە، بۆیـە لـە بەهـاری "١٩٩٤"دا جارێکـی دیکـە شـەڕ لەنێـوان بزووتنـەوە و یەکێتیـی دەسـتی پێکـردەوە، کـە هۆکارەکەشـی ئەوەبـوو، ئێمـە داوای جێبەجـێ کردنـی ڕێککەوتنەکەمـان دەکـرد، کـە چونـەوە نـاو بنکـە و بارەگاکانـی خۆمـان بـوو بەبـێ کـەم و زیـاد، ئـەوان کارشـکێنییان دەکـرد.

بەڵـێ، داوای ئێمـە ئەوەبـوو، کـە چۆن پارتیـی هەیـە، یەکێتیـی هەیە، سۆشیالیسـت و زەحمەتکێشـان و ئەوانـی تـر هـەن، ئێمـەش هەیـن و دەبـێ هەبیـن، بـەڵام ڕێککەوتنەکەیـان جێبەجـێ نەکـرد، بۆیـە ئەوجـارە لــە ســنوورەکانی پشــدەر و هەورامــان و شــارەزوور شــەڕ دەســتی پێکــردەوە، زۆریشــی پێنەچــوو، شــەڕی "پارتیــی" و "یەکێتیــی"ش هەڵگیرسـا.

ئـەو کاتـە بزووتنـەوەی ئیسـلامیی و پارتیـی بـوون بـە بەرەیـەك و یەکێتیـی لەگـەڵ هەنـدێ حیزبـی دیکـەی هاوپەیمانیـی بوونـە بـەرەی بەرانبـەر.

# لیژنەی ئاشتیی "INC"

دوای ئەوەی کە لە هەموو لایەك شەڕ گەرم بوو، بەسەرپەرشتیی دکتۆر "ئەحمەد چەلەبی"ی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی (INC)[1] کەهێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی بوو، لە هەولێر و لە شارەکانی تر بارەگایان دانابوو، ناوبراو داوای کرد کە لیژنەیەك پێکبهێنرێ، داوای لە یەکێتیی و بزووتنەوە و پارتیی کرد، کە ئەو کاتە هەرسێ لایەن لە شەڕدا بوون، کە لیژنەیەك پێکبهێنرێ بۆ ئەوەی ئەو شەڕە ڕابگیرێ، بۆ ئەوەی لەکەشێکی ئارامدا ڕێککەوتنێك واژۆ بکرێ و دۆخەکە هێور بکرێتەوە.

لە بزووتنەوەی ئیسلامیی منیان دیاریی کرد، پارتی کاك "قادر جەبار"ی دیاری کرد، کە پێشتر بەرپرسی بەرەی کوردستانیی بوو، "یەکێتیی"ش کە ئێمە دەچووین لە بەرەی پشدەر جاری وا

[1] کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی کە لەلایەن سیاسەتمەداری عێراقیی نەیاری رژێمی بەعس ( دکتۆر ئەحمەد چەلەبیی)ەوە دامەزرا، ئامانجی ڕووخاندنی رژێمی بەعس بوو، ناوبراو هەرچەندە کەسایەتییەکی لیبراڵیی بوو، بەڵام لەدوای ڕووخاندنی رژێمی سەدام ئەندازیاری دامەزراندنی «ماڵی شیعە» بوو لەگەڵ ئەنجوومەنی ئیسلامییدا، کونگرەی نیشتمانیی هەولّی دەدا لەڕێگەی کودەتا و بەهاوکاریی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا (CIA) ەوە گۆڕانکاریی لەعێراقدا دروست بکات، بەڵام لەدوای ڕووداوی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئەو هێزە ناچار بوو لەهەرێمی کوردستان بچێتە دەرەوە و سەرکردەکەی تا ٢٠٠٣ لەئەمەریکادا مایەوە و لەگەڵ داگیرکردنی عێراقدا لەلایەن ئەمەریکاوە گەڕایەوە وڵات، تا لەڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا کۆچی دوایی کرد.

هەبــوو کاك "فەرەیــدون عەبدولقــادر" لــەوێ بــوو، بەرپرســی مەڵبەنــد بــوو، جــاری وا هەبــوو "مســتەفای ســەید قــادر" یــا کاك "مەحمــوود ســەنگاوی" لــەوێ سەرپەرشــتیی شــەڕیان دەکــرد، هــاوڕێ (شــەپۆل فەتحــی) نوێنــەری حیزبــی شــیوعیی بــوو.

نوێنــەری دکتــۆر "ئەحمــەد چەلەبیــی"ش پیاوێــك بــوو نــاوی "فەهــد" بــوو، کابرایەکــی عــەرەب بــوو لــە فەڕەنســا دادەنیشــت بەڵام ئــەو کارەی پــێ ســپێردرابوو، چەنــد جارێــك چوویــن بــۆ رانییــە و قــەڵادزێ، بــۆ لای برادەرانمــان لــە بــەرەی پشــدەر، بــۆ لای مامۆســتا "عەلــی باپیــر"و کاك "تاهیــرە ســوور"و کاك "قــادر قــادر".

# خاڵـی ناکـۆك

کۆبوونـەوەی زۆر کـرا، بـەڵام بـە ئەنجـام نەگەیشـتین، هـۆکار زۆر بـوو، هەندێکـی پەیوەنـدی بـە ئێمـەوە هەبـوو، هەندێکیشـی پەیوەندیـی بـە ئەوانـەوە بـوو، داوامـان دەکـرد کـە ئێمـە بچینـەوە سـەر جێگـە و ڕێگـەی خۆمـان و ئـازاد بیـن لـە کوردسـتان، چونکـە ئـەو کاتـە هەرچی ئەندامـی بزووتنـەوەی ئیسـلامیی هەبـوو، قاچـاغ بـوون و دەگیـران، بێڕێزییـان پێدەکـرا، خەڵـك هەبـووە لایەنگـری ئاسـایی بزووتنـەوە بـووە کوشـتوویانە، بۆیـە دەمانگـوت: ئێمـەش دەمانـەوێ وەك هەمـوو حیزبەکانـی دیکـەی کوردسـتان خاوەنـی چالاکیـی ئازادانـەی خۆمـان بیـن، چونکـە خەباتمـان کـردووە، لـە ڕاپەڕیـن لەپێـش ئێـوە بوویـن، لـەدوای ئێـوەوە نەبوویـن، قوربانیـمان داوە، بۆیـە دەبـێ ئێمـەش بـە ئازادیـی هەبیـن، ئـەو کاتـە "پارتیـی"ش هەندێـك بـارەگای پـێ چـۆڵ کرابـوو، هەمـان داوای ئێمەیـان هەبـوو.

بۆیـە چەنـد جارێـك چوویـن هیـچ ئەنجامێکـی نەبـوو، تەنهـا یـەك شـت سـەری گـرت، ئەویـش ئەوەبـوو کۆمەڵێـك چەکـداری یەکێتیـی کـە لەشـەڕدا گیرابـوون لای بزووتنـەوە، بـە هەندێـك گیـراوی بزووتنەوە کـە هیچیـان لەشـەڕ نەگیرابـوون، بەڵکـو لایەنگـر بـوون، گۆڕدرانـەوە.

بۆیـە دوای ئـەوە قەناعەتـم بـۆ دروسـت بـوو، کـە یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان بەهیـچ ملکـەچ نابـێ و نایەتـە ژێربـار، بەهێـز نەبـێ، ئـەو کاتـە جگـە لـەوەی کـە بەرپرسـی هێزێکـی سـەربازیی بووم لـە مەڵبەنـدی هەولێـر، مەکتەبـی ڕێکخسـتنمان هەبـوو، کـە مامۆسـتا

"عەلی باپیر" بەرپرسی ئەو مەکتەبە بوو، منیش ئەندام مەکتەب بووم، بۆیە قەناعەتم بۆ دروست بوو، کە لە بەرەی قەڵادزێ بمێنمەوە.

دوای ئەوەی بێهیوا بووم لە یەکێتیی کە ئاشتیی ناوێ و بەهێز نەبێ ملکەچی داواکارییەکانی ئێمە نابێ، بڕیامدا بچمە بەرەی شەڕی پشدەر، ئەوە بوو کە لەگەڵ شاندێکی INC چووین بۆ بەرەی شەڕ، لەوێ مامۆستا "عەلی باپیر" داوای لێکردم کە لەلای ئەوان بمێنمەوە، منیش مامەوە و قۆناغێکی دیکە لە ژیانی من دەستی پێکرد.

# یەکێتیی شکا

ئـەو شـەڕەی ئێمـە و یەکێتیـی تـا ناوەڕاسـتی مانگـی ٨ی ١٩٩٤ی خایانـد، دوای ئـەوەی چەنـد جەولەیەکـی شـەڕ کـرا، یەکێتیی دەیویسـت ئێمـە بسـڕێتەوە، بـە ئەندازەیـەك کـە سـەر سنوورەکانیشـیان پـێ ڕەوا نەدەبینیـن، بـەڵام ئێمـە بڕوامـان بـەوە هەبـوو، کـە مافـی خۆمانـە لـە وڵاتـی خۆمـان بە ئـازادی بژیـن، بۆیـە زۆر بـە حەماسـەت و قەناعەتەوە بەرگرییـان دەکـرد، پێشـمان وابـوو کـە لـە کۆتاییـدا ئـەو ئیرادەیـە هـەر سـەر دەکـەوێ، بڕوامـان بـەو راسـتییە هەبـوو، کوردسـتان وڵاتێکـی زۆر گەورەیـە و دەکـرێ هەمـوان بەسـەربەرزانە تیایـدا بژیـن، بـەڵام بەملهوڕیـی و کەڵەگایـی و خۆسـەپاندن جێگـەی تەنیـا حیزبێکیشـی تێـدا نابێتـەوە، چونکـە حیزبـی خۆسـەپێن دواجـار خۆیشـی دەخـوا و وڵاتیـش وێـران دەکا!!

لـەدوای چەنـد هێرشـێکی یەکێتیـی بـۆ سـەر ئێمـە شکسـتیان هێنـا، ئێمـەش دەسـتمان بـە دژەهێـرش کـرد و لـە کۆتاییـدا یەکێتیـی لـە هـەردوو بـەرەی "پشـدەر" و "شـارەزوور" شـکا.

ئـەوە بـوو مـام جـەلال لـە پەرلەمـان ڕاگەیەندراوێکـی بڵاوکـردەوە، داوای لـە هەمـوو هێـزەکان کـرد کـە شـەڕ ڕابگـرن، ئێمـەش پابەندبووین بـە ئاشـتیی و ڕێککەوتـن، نوێنـەری ئێمـە ئـەو کاتـە کاك "کاملـی حاجـی عەلـی" بـوو، لـە پەرلەمـان ڕێککەوتنێـك لەنێـوان هەمـوو لایەنەکانـدا واژۆ کـرا، بەتایبەتـی ئێمـە و پارتیـی و یەکێتیـی، کـە شـەڕ ڕابگریـن و پابەنـدی ئـەو بڕیارەبیـن و بچینـەوە سـەر بنکـەو بارەگاکانی خۆمـان، ئـەوە بـوو وردە وردە شـەڕەکە ڕاگیـرا.

# کۆبوونەوەیەکی بێ ئەنجام

ڕۆژێکیان برادەرانی یەکێتیی داوای کۆبوونەوە و شەڕ ڕاگرتنیان کرد، من لە بەرەی پشدەر بووم، هاتمە قەڵادزێ، نیوەڕۆکەی لە ماڵی کاك "مەلا مەحمودی حاجی سلێمان" میوان بووین، کاك "مستەفای سەید قادر"و کاك "مەحمود سەنگاوی"ش لەوێ بوون، دەستمان بە گفتوگۆ کرد و، گوتیان: با لەسەر قسەی "مام جەلال" شەڕ ڕابگرین، ئێوەش هێزەکانتان بێننە قەڵادزێ و ڕانیە، بەڵام جارێ با لە پشدەر بن، ئەمنیش گوتم: بۆچی من نەتوانم بچم بۆ هەولێر، بۆ سلێمانی، بۆ دهۆك؟ گوتیان: با ئەم قۆناغە بەم شێوەیە بێت، زۆر گفتوگۆمان کرد، نەگەیشتینە ئەنجام.

گوتم: ئێمە یەك قسەمان هەیە و لێشی نایەینە خوار، ئەویش ئەوەیە: دەبێ ئێمە بچینەوە سەر هەموو ئەو بنکە و بارەگایانەمان کە کاتی خۆی لە "١٩٩٣" لێی دەرکراوین، بەبێ کەم و زیاد، وەکو چۆن ئێوە ئازادن لە هەرێمی کوردستان، دەبێ ئێمەش ئازاد بین، گوتیان: ئەوەمان بۆ ناکرێ، گوتم: مادام بۆتان ناکرێ، ئێمەش خواحافیز، ئێمە چووینەوە بەرەی قەڵادزێ و شەڕیش دەستی پێکردەوە.

دواتر داواکارییەکانی ئێمە جێبەجێ بوو، وەکو جاران و زۆر بە سەربەرزانە هاتینەوە بنکە و بارەگاکانی خۆمان، بەڵام بەداخەوە ئەو هەموو شەڕ و کوشتارە درووست بوو، کە سەرئەنجامی هەموو شەڕێکیش هەر ئاشتییە، بەڵام هەندێك جار کە لایەنێك

ستەم دەکات، یا خۆی فەرز دەکا، یا دەیەوێ تۆ بسڕێتەوە، ناچار تێکگیران ڕوودەدات، ئەوە بوو شەڕ ڕاگیرا، بەڵام بەداخەوە جەولەیەکی دیکەی شەڕ لەنێوان پارتیی و یەکێتیی لە ساڵی "١٩٩٥" دەستی پێکردەوە.

# گۆڕینەوەی مردوو بە زیندوو

لــە مانگــی ئابــی ١٩٩٤دا لەبــەرەی پشــدەردا شــەڕ لەنێــوان "بزووتنــەوەی ئیســلامیی" و "یەکێتیــی"دا گــەرم بــوو، لەیەکێــك لەشــەوەکاندا ئــەوان هێرشــیان کــردە ســەر ســەنگەرێکی ئێمــە، کــە بــۆ خۆیشــم لــەوێ بــووم، ئــەو بەرزاییــە پێیدەگوتــرا "کانــی شــینکە" و لــە نزیکــی گوندی"شــیوەڕەز" بــوو، شــەڕ درێــژەی کێشــاو پێویســتییمان بەچــەك و تەقەمەنیــی هەبــوو، بــە بێتــەل داوای چــەك و تەقەمەنییــمان لە فەرماندەیــی خۆمــان کــرد، ئەوانیــش بــاری ئێســترێك تەقەمەنییــان بــە مامۆســتا "ئەمیــر کۆیــی"دا بــۆ ناردبوویــن، کاتەکــە تێپەڕیــی و درەنگی کــرد و مامۆســتا ئەمیــر نەگەیشــت، منیــش بــە بێتــەل پەیوەندییــم کردەوە و گوتیــان دەمێکــە ناردوومانــە، چــۆن نەگەیشــتووە؟

تومــەز مامۆســتا ئەمیــر کەمێــك ڕێگــەی هەڵــە کردبــوو، خــۆی و بارەکــەی کەوتبوونــە بۆســەی یەکێتیــی و دەســتگیریان کردبــوو.

بەیانــی بۆمــان روون بــۆوە کــە ناوبــراو دەســتگیر کــراوە، لــەو شــەڕدا چەنــد تەرمێکــی چاکدارانــی یەکێتــی کەوتبونــە بەردەســتی ئێمــە، باوکــی (مــام ئەحمــەد ســەردۆڵیی) بەهەڵــەداوان هــات و گوتــی: لەگــەڵ بەرپرســانی یەکێتیــی گفتوگــۆم کــردووە و بەڵێنیــان داوە ئەگــەر تەرمەکانیــان بــۆ بنێرنــەوە ئەوانیــش "ئەمیــر"م بــۆ ئــازاد دەکــەن، منیــش گوتــم بــا ســەرەتا ئــەوان ئــەو ئــازاد بکــەن و ئێمــەش تەرمەکانیــان بــۆ دەنێرینــەوە، دیاربــوو ئــەوان نەیاندەویســت زینــدوو بەمــردوو بگۆڕنــەوە

و هەر بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکان "مام ئەحمەد"یان ناردبوو، دیسان بەدەستی بەتاڵ چووەوە بۆ لای ئەوان.

لەو سەروبەندەشدا کاك "محەمەد وەتمانی شێنەیی" نامەیەکی بۆ ناردم، تیایدا نووسیبووی: برادەرینە ئێوە بەحساب موسوڵمانن، چۆن مردوو بە زیندوو دەگۆڕدرێتەوە؟ منیش بۆم نووسییەوە: زۆر باش دەگۆڕدرێتەوە، مردوو لەدەست دەرچووە، بەڵام نامانەوێت زیندوو بمرێت، بۆیە ئەگەر مامۆستا ئەمیر ئازاد نەکەن، ئەوا تەرمەکانتان هەر لێرە دەمێننەوە[١].

ئەوە بوو لەکۆتاییدا بەهۆی گوشاری کەس و کاری خاوەن تەرمەکانەوە مامۆستا "ئەمیر"یان ئازاد کرد و ئێمەش بەڕێزەوە تەرمەکانمان بۆ ناردنەوە.

---

(١) لەلایەکی ترەوە بەخەڵکی گوندی شیوەڕەزم گووتبوو گۆڕیان بۆ هەڵکەنن و بیانشۆن و نوێژیان لەسەر بکەن و بەرێکوپێکیی بەخاکیان بسپێرن، ئەو گوشارەشم بۆ ئەوە بوو دەنگۆکەی بە یەکێتیی بگاتەوە و مامۆستا ئەمیر ئازاد بکەن، تەنیا مەبەستەکەم ئەوە بوو، چونکە بەنیاز بوون مامۆستا ئەمیر بکوژن.

# هەڤاڵ عەبدولستار چی لێهات؟

بەداخـەوە شـەڕ زۆربـەی دیمەنەکانـی ناخۆشـە، ئێمـە زۆر شـتی ناخۆشـمان بەسـەر هـات، ڕۆژێکیـان هەندێـك خاڵـی سـەربازییمان دادەنـا لـە پشـدەر، لـە بەیانیەکەیـەوە سـەرقاڵ بوویـن، بەیانییەکـەی نانـم نەخـوارد، نیوەڕۆکەشـی هـەر ڕێـك نەکـەوت نـان بخـۆم.

بەیانیەکـەی چوومـە لای برادەرانـی پەکەکـە، ئـەوان لـە مامەنـدەی ڕەبایەیەکیـان هەبـوو تـازە هێنابوویـان، ئێمـەش گومانمـان لـێ هەبـوون، گوتمـان نـەوەك تەنسـیقیان لەگـەڵ یەکێتیـی هەبـێ، چونکـە پشـتی ئـەوان لـە ئێمـەوە بـوو، منیـش چـووم سـەردانێکم کـردن، گوتـم: ئێـوە وا بارەگاتـان لێرەیـە و ئێمـەش بـارەگا لـە تەنیشـت ئێـوە دادەنێیـن. گوتیان: نابـێ، گوتـم: دەبـێ، چونکـە ئێـرە پشـتی ئێمەیـە و دەترسـین یەکێتیـی سـوود لـە ئێـوە ببینـێ، گوتیـان: نەخێـر، لێناگەڕێیـن، نـە ئێـوە سـوود لـە ئێمـە ببینیـن، نـە ئەوانیـش سـود لـە ئێمـە ببینیـن، گوتـم: ئاخـر ئەگـەر بـارەگا لێـرە دانەنێیـن، ئەگـەر تەقەیـەك لێـرەوە لەئێمـە بکـرێ، ئێمـە ئـەو بارەگایـەی ئێـوە بەهـی یەکێتـی دەزانیـن.

قسـەکانمان تونـد بـوو، بـەڵام گوتیـان: بەهیـچ شـێوەیەك قبوڵـی ناکەیـن، خەریکـی دانانـی خاڵـی سـەربازیی بوویـن، بـە برادەرانـی پارتییـمان گـوت: مەچـن بـەرەو شـێوەڕەز، ئێمـە تەنیـا ئامانجـمان ئەوەیـە ئـەو زنجیـرە شـاخە (کەللـەگا و دەوروبـەری) بگریـن و، خۆمانـی لـێ قایـم بکەیـن.

دیار بوو، برادەرانی پارتی چووبوونە خوارەوە بۆ شیوەڕەز و تەقەیان لە بارەگای یەکێتیی کردبوو، لەوێ "یەکێتیی"ش لێیان هاتبوونە دەست، هەڵیبڕیبوون و بەشکاویی گەڕانەوە دواوە، منیش ئاگام لێ نەبوو، دوورکەوتبوومەوە هەر ئەوەندەمزانی تەقە گەیشتە ئێمە، ئەو نوقتانەی دامانابوو، ئەوانیش هەڵقەندران، چونکە ئەوان شکان، ئەوانەی ئێمەش بەدوای ئەوانەوە خۆیان نەگرتەوە.

ئەو ڕێیە گیرا کە ئێمەی دەگەیاندەوە بە بەری دارەشمانە، هێزەکانی یەکێتیی گرتیان، تەنها ئەو ڕێگەیە مابوو کە بۆ لای پەکەکە دەچوو، ناچار بۆ لای ئەوان چووین، شەو بوو، بەڵام من ڕووم نەهات خۆم ئاشکرا بکەم، بڵێم کە شتێکی وا هەیە و بەوێدا دەپەڕینەوە و دەچینەوە ئەو بەر، شەو بوو، جامانەیەکم کردە دەمامك و برادەرێکی دیکەمان نارده لایان.

پێیگوتن: ئێمە هێزێکی بزووتنەوەین، ڕێمان لێگیراوە و دەمانەوێ لێرەوە ڕەت بین و بنکە و بارەگامان لە قاسمە ڕەشە و دەچینەوە ئەوێ، بەرپرسەکەی پەکەکە گوتی: باشە، ئەدی هەڤاڵ عەبدولستار چی لێهات؟ منیش لەوێ بووم، بەڵام خۆم لێ ئاشکرا نەکردن و حاڵەتێکی ناخۆش بوو، لەبەر خۆشمەوە پێکەنینم دەهات، چونکە هێند بە سەیریی دەیگوت: ئەدی هەڤاڵ عەبدولستار چی لێهات؟

# یەکێتیی هاتنە سەر سفرەی حازر

ئێوارەیەک زۆر هیلاک بووین، نانمان نەخواردبوو، لەلای "مام حوسێن بێگەڵاسی" لە بێگەڵاسی سەرەوە لاماندا، هەندێک هێلکە و ماست و تەماتە و شتی دانا، ویستمان دەست بە نان خواردن بکەین، دیار بوو لەنزیک ئێمە بوو بە شەڕ، ڕەبایەکەی ئێمەی لێ بووین شکابوون، ئێمەش چووینەدەر، نانمان نەخوارد و ماڵی "مام حوسێن"مان بەجێهێشت، هەر لەدوای ئێمە برادەرانی یەکێتیی کاک "موحەمەد وەتمانی شێنەیی" و کاک "حاجی عەلی سنەیی" چووبوونە ماڵی "مام حوسێن"و بینیبوویان کە نان حازرە، گوتبوویان: "مام حوسێن" ئەو خوانە چییە؟ گووتبووی: عەبدولستار و جەمەعات لێرە بوون، نەیانخوارد و بووە قسمەتی ئێوە.

جا شتی وا زۆر هەبوو، هەم دیوێکی تاڵی هەبوو، هەمیش یادگارییەکی تۆمار دەکرد، شەڕی ناوخۆ لە نێوان هەموو لایەنەکاندا مێژوویەکی ڕەشە، ئێمە بەهیچ شێوەیەک شانازیی پێوە ناکەین، ماڵ تالان کراوە، خەڵک کوژراوە و ناچار بووین بەرگریی لەخۆمان بکەین، چونکە ستەمیان لێ دەکرا، دەمانویست ئازاد بین.

# دیمەنێکی جەرگ بڕ

کاتـی خـۆی لـه بـەرەی پشـدەر برایەکـمان لەگەڵدابـوو نـاوی ڕێبـاز بـوو، بابیشـی یەکێتیـی بـوو، لەشـەڕێکدا کەوتنـە بەرانبـەر یەکـتر، "ڕێبـاز" شـەهید بـوو، یەکـەم کەسـیش کـە چووبـووە سـەر تەرمەکـەی بابـی بـوو، دەبینـێ کـە کوڕەکـەی شـەهید بـووە، زۆر ناڕەحـەت ببـوو، چەکەکـەی فـڕێ دابـوو، بەچـاوی پڕفرمێسـك و دونیایـەك خەفـەت تەرمـی کوڕەکـەی بـردەوە.

هەرگیـز ئـەو دیمەنـە ناخهەژێنـەم لەبیـر ناچـێ، هیواخـوازم جارێکـی دیکـە ئـەو دیمـەن و کارەسـاتانە نەبینینـەوە و سـەرکردایەتیی کوردیـش پەنـد لـەو هەمـوو ماڵوێرانییـە وەرگـرێ و جارێکـی دیکـە دووبـارەی نەکەنـەوە، دڵسـۆزیی خەڵـك و خاکـی خۆیـان بـن.

# دوو ئیدارەیی

ئاشتی زۆری نەخایاند، لە ساڵی ١٩٩٥ شەڕەی یەکێتیی و پارتیی دەستی پێکردەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە دوو ئیدارە، ئەو داکەوتە تاڵە لە رۆژی ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا گەیشتە لوتکەی خۆی، چونکە ئەو رژێمەی کە ئەنفال و کیمیاویی بارانی گەلی کوردستانی کرد، لەپێناوی یەکتر قڕکردندا پەلکێشی کوردستان کرایەوەو ئاڵای بەسەر بانی تەلاری پەرلەمانی کوردستاندا هەڵکردەوە، دوای ئەوە پارتیی حکومەتی نوێی پێکهێنایەوە، ئێمەش بەشداریی ئەو کابینەیەمان کرد، بە وەرگرتنی وەزارەتەکانی "کشتوکاڵ" و "داد".

ئێمە بەشدارییمان لە حکومەتی هەرێم کرد، کە ئەو کات نەببووە دوو ئیدارە، بەڵام کە شەڕ دروست بوو، بوو بە دوو ئیدارە و یەکێتی داوای لە ئێمە کرد لە حکومەتی سلێمانی بەشداریی بکەین، ئێمە گوتمان: بەشداریی ناکەین. چونکە بارودۆخێکی قورس بوو، زۆر هەوڵماندا بێلایەن بین، بەڵام دواتر لەخت و خۆڕایی لەگەڵ یەکێتیی تووشی شەڕ کراینەوە، کە پێموایە ئەوە پیلانێکی ئیقیلیمی بوو، دیارە کە کورد بەسەر چوار وڵات دابەشکراوە (عێراق، ئێران، سوریا، تورکیا). هەرێمی کوردستان ئەوکاتە جێگەی ترسی وڵاتانی ناوچەکە بوو، هەر کامێك لەوانە هەوڵی دەدا ئەو ئەزموونەی هەرێم تێك بدات، ئەی چۆن تێکی بدات؟! مەگەر بە حیزبەکانی ناوخۆی

هەرێم، بۆیە دەهاتن پشتگیریی ئەم حیزب و ئەو حیزبیان دەکرد، تا شەڕ لەنێوانیان دروست بکەن.

وەکو باسم کرد عێراق و وڵاتانی دەوروبەر هیچیان ڕازیی نەبوون کە کورد ئازاد بێ، خاوەنی بڕیارو سەربەخۆیی و سەروەریی خۆی بێ، چونکە ئەگەر هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی سەربەخۆ و سەرکەوتووی هەبێ، ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە بەسەر کوردانی پارچەکانی دیکەوە.

بۆیە ئەو وڵاتانە هەمیشە پیلانی ئەوەیان هەبووە کە ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان سەرنەگرێ و هەمیشە کێشە و کۆسپیان هێناوەتە سەرڕێ و بەدەستی ئێمەش ئەوەیان کردووە، زۆرجار ئێمە بەخۆمان هۆکاری تێکدان و سەرنەکەوتنی ئەزموونەکانی خۆمان بووین، بەتایبەتی لە شەڕەکانی ناوخۆ، بۆیە ئەگەر سەیری شەڕەکانی ناوخۆ بکەین، هەمیشە وڵاتێك یا دوو وڵات پشتگیریی هێزێکیان کردووە دژی ئەوی دیکە، لە بەرانبەریش وڵاتێکی دیکە پشتگیریی ئەوی دیکەی کردووە، چونکە بۆ ئەوان شەڕ لە بەتاڵی باشترە.

جاری وا هەبووە وڵاتێك پشتگیریی هێزێکی کردووە، زۆری پێ نەچووە سوڕاوەتەوە ئەوجارە پشتگیریی هێزەکەی دیکەی کردووە!

# دووباره شەڕی ئێمه و یەکێتی

لـه سـاڵی ١٩٩٧دا تووشـی ئـەو شـەڕە کراین و شـەڕ هەڵگیرسـایەوە، دوای ئـەوەی کـە بانگـەوازی شـەڕ ڕاگرتـن کـرا، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران هـەر دوولای (بزووتنـەوە و یەکێـتیی) بانگهێشـت کردیـن و ڕێککەوتنێـك لـە تـاران واژۆ کـرا، کۆمەڵێـك خاڵـی تێـدا بـوو، خاڵـی سـەرەکیی ئەوەبـوو، کـە بزووتنـەوەی ئیسـلامیی بەشـداریی کابینـەی "د.بەرهـەم" بـکات، ئێمـە بـە وەزیـری "ئەوقـاف" و، وەزیـری "داد"و جێگـری وەزیـری ناوەخـۆ و جێگـری وەزیـری ڕۆشـەنبریی بەشدارییمان کـرد.

# ئیقالەکردنی وەزیرەکانمان

لەگــەڵ بەشــداریی کــردن لــە ئیــدارەی "ســلێمانیی"دا، برادەرانــی هەولێــر داوایــان کــرد، لەحکومەتــی "د.بەرهــەم" بکشــێینەوە، ئێمــەش ڕەتمــان کــردەوە، بۆیــە لــە هەولێــر دوو وەزیرەکــەی ئێمەیــان ئیقالــە کــرد.

لــەدوای ئــەوەش زۆرمــان هەوڵــدا کــە بێلایەنیــی خۆمــان بپارێزیــن، هەرچەنــدە زۆر گێچەڵــمان پێکــرا و ڕێــمان لێگیــرا، بــەڵام لــە بەیاننامــە و وتارەکانمانــدا بڕیارمانــدا کــە بێلایــەن بیــن و هــەوڵ بدەیــن فاکتــەری ئاشــتبوونەوە و چارەســەری دووبەرەکیــی بیــن، دەبــێ ئــەو راســتییەش بڵێیــن هــۆکاری ئــەو گرفتانــەی کــە لەســاڵی ١٩٩٧دا تووشــمان هــات، بەشــداریی کابینەکــەی دوای ٣١ی ئابــی ١٩٩٦ بــوو، کەهــاواری زۆرمــان کــرد بەشــداریی تێــدا نەکرێــت و بێلایەنیــی تــەواوی خۆمــان بپارێزیــن، بــەڵام مەخابــن لەئاســتێکی بــەرزدا لەپەرلەمانــی کوردســتان بەشــداریی متمانــە وەرگرتنــی حکومەتــی نــوێ کــراو وتــەش پێشــکەش کــرا، کەئاکامــە تاڵەکەیــمان لەســاڵی ١٩٩٧دا چەشــت!!

# شەڕی ئێمە و پەکەکە و پارتیی

دوای شـەڕی ١٩٩٧ ئێمـە لـە بـەرەی لای "کۆیـە" بوویـن، فێرگەیەکی سـەربازییمان دامەزرانـد، کۆمەڵێـك هێزیشـی لـێ دامـەزران، دواتـر ئـەو بنکـە و بارەگایانەمـان گواسـتەوە بـۆ ڕایـەت و حاجـی ئۆمـەران و چۆمـان و ئـەو ناوچانـە.

# شەڕی ئێمە و پەکەکە

لـە سـاڵی ١٩٩٧دا شـەڕ لەنێـوان پەکەکـە و پارتیـی هەڵگیرسـایەوە، دیسـان پڕووشـکی شـەڕ بـەر ئێمـەش کەوتـەوە، لەلایـەن پەکەکـەوە هەنـدێ تەقـە لـە بارەگاکانـی گردمەیـدان لە ئێمە کـرا، لەگەڵیان تووشـی شـەڕ بوویـن، بەبـێ ئـەوەی هیـچ پەیوەندییەکـی بەئێمـەوە هەبووبێـت، پشـتگیریی هیـچ لایەکـمان نەکردبـوو. تێمانگەیانـدن کـە ئێمـە بەشـێك نیـن لـە شـەڕی نێـوان ئـەوان و پارتیـی، دواتـر دڵنیابووینـەوە ئـەوان بەهەڵـە هێرشـیان کردووەتـە سـەر بنکـە و بارەگاکانمـان و تەنانـەت فەرماندەیەکیشـیان لـەو شـەڕەدا کوژرابـوو، زۆر سـەریان سـووڕ مابوو لـەوەی بنکەکانـی پارتیـی بەئاسـانیی کۆنـترۆڵ کـراون، هـۆکار چییـە ئـەو بنکانـە بەرگریـی بەهێـز دەکـەن و خۆبەدەسـتەوە نـادەن! دواتـر نهێنییەکەیـان بـۆ دەرکەوتبـوو.

# شەڕی ئێمە و پارتی

دواتر لەسەر هەندێ کێشەی هاتووچۆی سەر سنوور، شەڕێك لەنێوان ئێمە و پارتیی دروست بوو، ئەو ناوچەیە کەوتە بەردەست هێزەکانی ئێمە، پارتیی ناچار کشایەوە ناوچەکانی چۆمان و بە گفتوگۆی نێوان "کاك مسعود " و "مامۆستا مەلا عەلی عبدالعزیز" گەیشتن بە ڕێککەوتنێك کە ئێمە ئەو هێزانەمان لەوێ بگوازینەوە، هەرچەند لە شەڕەکەشدا سەرکەوتوو بووین بەڵام پێی دڵخۆش نەبووم، چونکە شەڕ هەر ماڵوێرانیی بووە.

ناچار بڕیاری سەرکردایەتی خۆمانمان جێبەجێ کرد و، ئەوێمان چۆڵ کرد و لە ساڵی ١٩٩٨ گەڕاینەوەو بۆ خورماڵ و سیروان و هەڵەبجە، ئیدی هەموو شەڕێك کۆتایی پێهات و ئەو کات من بووم بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی.

# هۆکاری چونە دەرەوەم

لە ڕاستیدا زۆرینەی خەڵك بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە بەرۆکی کوردستان و عێراقی گرتبوو لە ژیانێکی زۆر سەخت و دژواردابوون، ماڵی ئێمەش وەکو خەڵکانی دیکە لەو سەختیی و دژوارییەدا بووین، زیاتر بەهۆی منەوەو، شەڕی ناوخۆوە قەرزێکی زۆر کەوتبووە سەر ماڵی باوکم، ئەو کاتە ژیان و بارودۆخی خۆم بۆ بەرپرسی مەکتەبی عەسکەریی (د.ئیبراهیم) باسکرد، گوتی: ئێمە هیچمان پێ ناکرێ، چونکە پارەکە زۆر بوو، بۆیە منیش نوسراوێکم بۆ مەکتەبی عەسکەریی نووسیی و داوای مۆڵەتم کرد، کە من بۆخۆم کێشەی خۆم چارەسەر بکەم. مۆڵەتیان دام، گوتیان: چیی دەکەی؟ گوتم: دەچمە دەرەوە.

لە ١٩٩٨/١٠/٢٠دا چوومە تورکیا، لەوێوە چووم بۆ ئیتاڵیا و لەوێش بۆ نەمسا و دواییش بۆ ئەڵمانیا.

# بەندیخانەی شاری (ڤێلز)ی نەمسا

ماوەی شەش (٦) مانگ لە نەمسا دەستگیر کرام، لەسەر ئەوەی کە پاسەپۆرت و بەڵگەنامەم پێنەبوو، ئەو کاتە لەنەمسا یاسایەك هەبوو، کە هەرکەسێك بەو وڵاتەدا تێبپەڕێ و دەستگیر بکرێ ئەوا هەتا "نۆ" مانگ بەند دەکرێ، هەرچەندە تۆمەتی دیکەیان بۆ دروست کردم، دووجار برامە بەردەمی دادگا، لە دادگایی یەکەمدا دادوەر دەیگوت: تۆ پاسەپۆرتێکی وڵاتێکی ئەوروپیشت هەیە، گوتم: نەخێر، گوتی: بەڵێ، زانیاریمان هەیە.

گوتم: مادام وایە بۆچی پاسەپۆرتەکە ناهێنن؟

جارێکی دیکە دادگایی کرامەوە و گوتیان قاچاخی ماددەی هۆشبەر (تلیاك و هیرۆین) دەکەن؟ گوتم: من هەر ناشزانم ئەو ماددانە چین، جا لە ڕاستییدا ئەو کاتە ئەو شتانەم نەبینیبوون، هەر گوتی: بەڵێ ئێوە مامەڵەی تلیاك دەکەن، گوتم: نەخێر، درۆ دەکەی، وەرگێڕەکە عەرەب بوو، گوتی: مەڵێ درۆ دەکەی، سزاکەی گەورەیە، گوتم: ئەگەر درۆ ناکا، با بەڵگە بێنێتەوە، گوتم: من هەر نەشمبینیون و بە حەرامیشی دەزانم، گوتیان: ئەگەر ڕاستییەکانمان پێ نەڵێی لە بەندیخانە دەمێنیەوە، گوتم: با سەد (١٠٠)ساڵیش بمێنمەوە.

بەڵام ئەوکاتە قسەیەکم بۆ دادوەرەکە کرد، گوتم: ئێمە زۆر ستەمی "صەدام"مان چەشتووە و لەدەستی ڕامانکردووە، بەڵام خەریکە بڵێم "صەدام" لە ئێوە پیاوترە، ئەوە چ بوختانێکە بە ڕاشکاویی بەمنی دەکەن؟

ئـەو شـەش (٦) مانگـە لـەوێ مامـەوە، لـە بەندیخانەیـەك لـە شـاری "ڤێڵـز"، کـە کاتـی خـۆی "هیتلـەر" درووسـتی کردبـوو، بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە تاوانبـاری گـەورە بـوون، هەمـووی ژووری تاکـە کەسـیی بـوون.

## قورئان و زیندان

ئـەو زیندانیـی کردنـە بۆمـن خێـری تێدابـوو، لـە ژووری تاکـە کەسـیی بـووم، خەریکـی قورئـان خوێنـدن و لەبەرکردنـی بـووم و برادەرانیـش کتێبیـان بـۆ هێنـام، خەریکـی خوێندنـەوەی کتێـب بـووم، کوڕێـك لـەوێ بـوو نـاوی "گۆسـتاڤ" بـوو، خەڵکـی نەمسـا بـوو، یـەك دوو سـەعات پێکـەوە دەهاتینـە دەرەوە و پیاسـەمان دەکـرد، داوام لـە بەڕێوەبـەری بەندیخانەکـە کـرد، گوتـم: دەمـەوێ فێـری ئەڵمانیـی ببـم، گوتـی: چـۆن؟ گوتـم: گۆسـتاڤ ئامادەیـی هەیـە وانـەی ئەڵمانیـم پـێ بڵـێ، ژورێکـی لێبـوو، وەکـو کافـێ وابـوو، ئەگـەر بەفـر کەوتبایـە، دادەنیشـتین بـۆ قـاوە و چـا خواردنـەوە، خەڵکـی وڵاتانـی ئەوڕوپیـی، هەمیشـە پێیانخۆشـە زمانەکانـی ئـەوان فێرببیـت، گوتـی: باشـە، هـەر ڕۆژە و سـێ چـوار سـەعات لـەلای ئـەو کـوڕە وانـەی زمانـی ئەڵمانییـم دەخوێنـد. جگـە لـەوەش سـوپاس بـۆ خـوا بـە تەواویـی قورئانـی بـەرز و پیـرۆزم لەبـەر کـرد.

# دوای زیندان

چووم بۆ ئەڵمانیا، لەوێ دەستم بە کارکردن کرد، کرێکاریم دەکرد، ماوەیەکیش لە کارگەی توانەوەی ماددە کارم دەکرد، سوپاس بۆ خوا توانیم قەرزەکانی خۆمان بدەمەوە، چونکە ئەو کاتە "مارك"ی ئەڵمانیی یا دۆلار، بەرانبەر بەدراوی عێراقیی زۆر بەرز بوون، وێڕای کارکردن، مافی پەنابەرێتیم وەرگرت بەڵام داوای ڕەگەزنامەم نەکرد.

# بڕیارمدا بگەڕێمەوە

لە ئەڵمانیا خەریکی کار کردن بووم، ئەو برادەرانەی کوردستان هەمیشە تەلەفۆنیان دەکرد و نامەیان دەنارد، کە دەبێ بگەڕێمەوە، مادام کارەکەم جێبەجێ بووە، لەڕاستییدا منیش هەر بۆ ماوەیەکی کاتیی چووبووم، بۆیە پاش دوو ساڵ و لەسەر داوای هاوڕێیانی خەمخۆر و دڵسۆز لە مانگی ئازاری ساڵی "٢٠٠٠"دا گەڕامەوە کوردستان.

# کۆنگرەی تەوێڵە

کاتــێ گەڕامــەوە "بزووتنــەوەی یەکبوونــی ئیســلامیی" بەهــۆی یەکگرتنــی "بزووتنــەوەی ئیســلامیی" و "بزووتنــەوەی ڕاپەڕینــی ئیســلامیی"ەوە دروست بووبــوو، خەریکــی خــۆ ئامادەکــردن بــوون بــۆ کۆنگــرە، منیــش بەشــداریی کۆنگــرەی "تەوێڵــە"م کــرد و هەڵبژێــردرام بــە ئەندامــی ســەرکردایەتیی لــە بــەرواری .

ئــەوە بــوو "مامۆســتا مــەلا عەلــی" و لایەنگرانیــی بــە ئەنجامــی کۆنگرەکــە ڕازیــی نەبــوون، زۆر هەوڵیانــدا و منیش زۆرجار ئەنــدام بووم لــەو لیژنانــەی کــە بــۆ چارەســەری قەیرانەکانــی نــاو بزووتنــەوە دیــاری دەکــران، بــەڵام بــێ ئەنجــام بــوو، دواتــر بەناچــاری لــە "٢٠٠١/٥/٣١"دا کۆمەڵــی ئیســلامیی کوردســتان ڕاگەیەنــدرا.

# كاریگەریی ئەورووپا

وڵاتانی ئەورووپا خاوەنی دامەزراوەی یاساییین، دەمێکە ئەو داوودەزگایانەی خۆیان چەسپاندووە، کاریان لەسەر بنەمای یاسایە و زۆر بە رێك و پێکی کاریان بەڕێوە دەبەن، لەهەمان کاتدا ئەو وڵاتانەی ئەوروپا بۆ نێو خۆیان یاسا سەروەریی پەیڕەو دەکەن و بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێی دەکەن، لەو وڵاتانەدا مرۆڤبوون پێوەرە، چەقی کارەکان هەموو لەسەر بنەمای ئەرك و مافە.

تەوەرەی کارکردنی ئەو وڵاتانە بۆ ناوخۆی گەلانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی و قازانجی مرۆڤە، وەکو ئەوەی ئێمە لە مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة) و یاسای شەریعەتی ئیسلامییدا پێی دەڵێین: دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی مرۆڤەکان (تحقيق مصالح العباد).

لەو وڵاتانەدا کە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ چەقی کار و بڕیار و هەموو جۆرە مامەڵەیەکە، خەڵك نەك هەر ئازادن، بەڵکو رۆڵیان هەیە لەچارەنووسی کۆمەڵگەدا، ئازادن لەوەی خاوەنی هەر بیروبۆچوونێك بن، یا سەر بە هەر حیزب و بۆچوونێکی سیاسیی بن.

هەرچەندە لەو وڵاتانەدا لایەنی نەرێنییش هەیە، بەڵام لایەنی ئەرێنیی زۆر زیاترە، مرۆڤ لەوێ فێری کرانەوە دەبێ، دیمەنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوێ مرۆڤ هاندەدات کە وڵاتی خۆی خۆش بوێ و پارێزگاریی لە یاساو ڕێساکانی بکات و ژینگەی

بپارێـزێ و ڕێـز لـە بەرانبـەر بگـرێ و بـە مكووڕیـی ئەركـی خـۆی جێبەجـێ بـكات، بـەو ئەندازەیـەی كاریگەریـی بەسـەر درووسـتكردنی كەسـایەتیی مرۆڤـەوە هەیـە.

بـۆ نموونـە: سـاڵی ٢٠٠٠ جارێكیـان دوای ئـەوەی كـە لـە ئەورووپـا گەڕامـەوە، لـە دوكانێكـی هەڵەبجـە گۆرەوییەكـم كـڕی، گۆرەوییەكـەم كـردەوە و كاغەزەكەیـم لەدەسـت گـرت، سـەیرێكی ئـەولاو ئەمـلام كـرد، برادەرێكـم لەگـەڵ بـوو، گوتـی: ئـەوە لـە چـی دەگەڕێـی؟ گوتـم: لـە تەنەكـەی خـۆڵ، كـە ئـەو كاغـەزەی تێبكـەم. دەمویسـت لەسـەر شـەقامەكە فڕێـی نـەدەم، گوتـی: جـا ئـەوەی بـۆ چیـە؟

مەبەسـتم ئەوەیـە پێـم ناخـۆش بـوو شـتی وا بكـەم، چونكـە لـەو وڵاتانـە شـتی وا نییـە و مـرۆڤ لـە خـۆوە فێـری هەنـدێ شـتی جـوان دەبـێ، خەڵـك لـەوێ وڵاتـی خۆیـان خۆشـدەوێ، چونكـە دامەزراوەكانی ئـەو وڵاتـە بـۆ خزمەتـی ئـەو دامـەزراون و بەسـپڵەیی دەزانێـت بـێ مـروەت بێـت بەرانبەریـان، بەڕاسـتیی لـەوێ نیشـتمان بـووە بـە دایـك و باوكـی، بۆیـە لـە هەڵەبجـە ئـەو بـرادەرەم كاغەزەكـەی لێوەرگرتـم و فڕێیـدا !!

جارێكیـان لەنێـوان شـارەكانی " دۆسـلدۆرف" و "شـتۆتگارت"ی ئەڵمانیـادا لەنـاو شـەمەندەفەر بـووم، بـۆ سـەردانی برادەرێكـم دەچـووم، كوڕێكـی ئەڵمانیـی كەوتبـووە تەنیشـتم، پێكـەوە كەوتینـە گفتوگـۆ، لێمپرسـیی: خەڵكـی كوێـی؟ گوتـی: خەڵكـی "شـوتگارت"م، گوتـم: دایـك و باوكـت مـاون؟ گوتـی: بەڵـێ. گوتـم: ئـەی هاتوچۆیـان دەكەیـت؟ گوتـی: كـەم، لەمێـژە نەمبینیـون. ماوەیەكـە باوكـم نەبینیـوە، "٧" سـاڵیش دەبـێ دایكـم نەبینیـوە. بۆیـە ئـەو ژیانـە مۆدێـرن و ماشـێنییەی ئـەوان هەنـدێ لایەنـی خراپیـی هەیـە و تیایـدا پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان دەبنە قوربانیی، بۆیە هەندێ ڕووی خراپیشی هەیە، هەرچەند ئەوانیش هەموویان بەم شێوەیە نین.

ئەمنیش گوتم: چۆن ئاوا دەبێ، پێویستت پێیانە، گوتی: پێویستییم پێیان نیە، حکومەت دایك و باوکی منە، حکومەت هەموو شتێکی منە، خزمەتم دەکات، کێشەم بۆ چارەسەر دەکات، نەخۆش بم بیمەی تەندرووستییم هەیە، کارم بۆ دەدۆزێتەوە، چی پێویستیم پێ هەبێ، بۆم دەکا، دایك و باوکم بۆ چییە؟!

# زانکۆم بەجێهێشت

وەکو باسمکرد من بۆ دانەوەی قەرزی خانەوادەکەم سەفەری ئەورووپام کرد و برایان بە تەلەفۆن و نامە داوایان دەکرد بگەڕێمەوە، چونکە کارەکەم جێبەجێ ببوو، بۆیە بڕیارمدا کە بگەڕێمەوە، هەرچەندە من هەموو پێداویستییەکانم بۆ خوێندن لە زانکۆیەکی ئەڵمانیی تەواو کردبوو، بەڵام گوشاری برایان ناچاریی کردم، خوێندنەکەم بەجێبهێڵم و بگەڕێمەوە.

پێشتر خوێندنی ئامادەییشم لە کوردستان بۆ پێشمەرگایەتیی بەجێهێشت، بەڵام دوای ڕاپەڕین هاتمەوە بەر خوێندن و تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەییم کردەوە و تەواوم کرد، پاشان بەکالۆریۆسیشم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتی ودبلۆماتیەکان تەواوکرد، هەرچەندە بۆمن ناخۆش بوو، هەندێك بابەتی نویێ هاتبوونە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە.

بەر لەوەی سەفەری دەرەوە بکەم، لە مەکتەبی عەسکەریی بووم، لە بەشی حەرەکات بووم، کە ئەرکی ئاڕاستەکردنی هێزەکان بوو، کە گەڕاشمەوە هەر چوومەوە مەکتەبی عەسکەریی، بەڵام کاتی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ کۆنگرە.

# پێش کۆنگرە

هەر لە ساڵی "١٩٩٧" تا "٢٠٠٠" بزووتنەوەی ئیسلامیی و دواتریش بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی بە قۆناغێکی دژواردا تێدەپەڕیی، نیگەرانیەکی زۆر لەنێو ئەندامان و سەرکردەکاندا هەبوو، ئێستاش لەبیرمە کە نزیکەی چوار سەد "٤٠٠" پێشمەرگە لێرەو لەوێ لە ئەنجامی بێتاقەتییان وازیان لەپێشمەرگایەتیی هێنابوو.

لە سیاسەت و هەڵوێستەکانماندا ڕۆشن نەبووین، حیزبەکانی دیکە دەیانگوت دەمانەوێ لێتان تێبگەین کە ئێوە چیتان دەوێ و دەتانەوێ چی بکەن و گوتارتان ڕۆشن نیە، ئەمانە و کۆمەڵێك هۆکاری دیکە وایکرد کە ناچاربووین کۆنگرە ببەستین، ئەوەشمان لەبیر نەچێت بەپێی ڕێکەوتنی بزووتنەوەی ئیسلامیی و بزووتنەوەی ڕاپەڕین، دەبوو دوای ساڵێك بزووتنەوەی یەکبوون کۆنگرە ببەستێ.

# بنچینەی یەکگرتن

هەمیشە یەکگرتن کارێکی باش و پیرۆزە، بەڵام دەبێ لەسەر بناغەی دادگەریی و درووستیی بێت، نیازێکی باشی لە پشتەوە بێت، بەڵام ئەو یەکگرتنەی ئێمە (بزووتنەوەی ئیسلامیی و بزووتنەوەی ڕاپەڕین)، دەتوانم بڵێم لەسەر بناغەیەکی دادگەریی نەبوو.

دەنا ئێمە وەکو بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو، یا وەکو بزووتنەوەی ڕاپەڕین، یا دوایی کە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی لێکەوتەوە، هێزێکی بەرچاو و کاریگەر بووین لە کوردستان، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمکرد کۆنگرە بوو بە فەڕز کە دەبێ ببەسترێ.

# ئەركی كۆنگرە

بە بڕوای من كۆنگرە كورت دەبێتەوە لە دوو ئەركدا:

یەكـەم: دیـاری كردنـی سیاسـەت و بەرنامـەی ئاینـدەی چـوار سـاڵی ئـەو حیزبـە، كـە دەیـەوێ چـۆن كار بـكات، تێڕوانینـی بـۆ ئـەم واقیعەی كـە كاری تێـدا دەكات چییـە و چۆنـە، بەتایبەتـی لـە بابەتـە نیشـتیمانیی و نەتەوەیـی و پرسـە سیاسـییەكاندا، هەروەهـا چـاو بەخۆداگێڕانـەوە كـە سـاڵانی رابـردوو چـی كـراوەو چـۆن كـراوە.

دووەم: هەڵبژاردنـی سـەركردایەتییەكە بـۆ جێبەجـێ كردنـی ئـەو بەرنامـە سیاسـییە و تێپەڕاندنـی ئـەو قۆناغـە و گەیاندنییەتـی بەقۆناغی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو و پێشـبینیی كـراو، جـا ئەگـەر قۆناغـی پێشـتر جێـی دڵخۆشـی نەبـووە، كەموكوڕیـی هەبـووە دەبـێ سـەركردایەتیی بتوانـێ بیباتـە قۆناغێكـی نوێـی باشـترەوە، بەرنامـە و راسـپاردەكانی كۆنگـرە جێبەجـێ بـكا و خوێنـی تـازە و گیانـی نـوێ بەبـەر خۆیـدا بكاتـەوە، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو كۆنگرەیـە هیـچ كامێـك لـەم دوو ئەركـەی نەپێـكا، بەتایبەتـی زۆر پێویسـت بـوو كـە كۆنگـرە بەرنامـەی سیاسـیی و پەیـڕەوی ناوخـۆی دابڕێژێتـەوە، چونكـە دوو حزب یەكیـان گرتبـوو و پێویسـت بـوو لـەڕووی فیكریـی و داكەوتـەوە تێكەڵـی یەكـتر ببن، بەكورتیـی یەكگرتنەكـە لەسـەر بناغەیەكـی زانسـتیی و دادگەرانـە نەبـوو، هەنـدێ خواسـتی كاتیـی و دنیاییشـی تێدابـوون، بۆیـە ئـەو نادادگەرییـەش گوێزرایـەوە بـۆ نـاو كۆنگـرە، بۆیـە نەیتوانـی

چارەسەری کێشەکان بکات و بزووتنەوەکە بگەیەنێتە کەناری ئارامیی.

هەرچەندە بەڕێزان مامۆستا مەلا عەلی و ئەو برایانەی لەگەڵ ئەودا بوون، زۆر جەختیان لەوە دەکردەوە بەخێرایی ئەو یەکبوونە رابگەیەنرێ، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو هیوایە وا دەرنەچوو کە ئەو پەلە پەلەی بۆ کرابوو، بۆیە پێش کۆنگرە لەیەکبوونەکە نیگەران بوون و دواتریش بە ئەنجامەکەی ڕازیی نەبوون.

# ئاڵۆزیی ناو کۆنگرە

وەکو ئاماژەم پێکرد، لەو دوو بابەتەدا ئاڵۆزیی درووست دەبێ، هەرچەندە ئێستا لە حیزبەکانی دیکەش وای لێهاتووە، کە بە بڕوای من ئەو بەرنامە و تێڕوانینە سیاسییە، ئەو پەیڕەوەی کە ئەو حیزبە کاری لەسەر دەکات، ئەوە لە سەرکردایەتییەکە گرنگترە، کەچی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی هەمووی هەڵپەی بۆ دەکا و کێشەی زۆر لەسەر هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی درووست دەبێ، چونکە مەخابن لەحیزبە خۆرهەڵاتییەکاندا کەمتر کار بە پەیڕەوی نێوخۆ و پرۆگرامیی سیاسیی دەکرێت و زیاتر سەرکردایەتیی کارەکان بە سەلیقەی خۆیان بەڕێوە دەبەن، بۆیە هەڵبژاردنەکان سەرچاوەی کێشەن و هۆکارکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم: هۆکارەکەی بۆ لایەنی دەروونیی دەگەڕێتەوە، کە بۆچی دەرنەچوو بۆ سەرکردایەتی، بۆ مەکتەبی سیاسیی، کە پێموایە دەبێ زۆر بە ئاسایی وەربگیرێ کە دەنگی پێویست ناهێنێ لەلایەن خەڵکەوە و هەڵنابژێردرێ، بەڵام بەداخەوە زۆرترین ئاڵۆزیی لەسەر ئەو بابەتەیە.

دووەم: زۆرجار هۆکار ئەوەیە کە سەربەیەکدا دەکرێ و کوتلەکاریی درووست دەبێ، ئەوە ئاڵۆزیی دەخوڵقێنێت. بەرانبەر لێرەدا حەقێکی بەدەستەوەیە، کە لەوانەیە ئەو کەسە شایستە بێ، بەڵام کاتێك لەبەرانبەریدا کوتلەیەك هەبێ، بەدوای شکاندنیدا بگەڕێ، ئەو کەسە حەقی خۆیەتی کە نیگەران بێ، چونکە ئەو

بابەتـە یـان دەبـێ بـۆ کـەس ڕێگـە پێـدراو نەبـێ و لـە هەمـووان یاسـاغ بـێ، یـان بەپێـی هەنـدێ بنەمـا بـۆ هەمـووان کـراوە بێـت، بـەڵام ڕێگـە پێدرانیشـی نابێـت لەسـەر بنەمـای یەکـتر شـکاندن بێـت، بەڵکـو دەبـێ لەسـەر بنەمـای بەرنامـەی جوانـتر بێـت بـۆ بەڕێوەبردنـی قۆناغـی داهاتـووی حیـزب.

کـە بەداخـەوە لـە کۆنگـرەی تەوێڵـە لیسـت و لیسـتکاریی هەبـوو، لـە هەمـوو لایـەك، بـەڵام کـێ لەسـەر حـەق بـوو، کـەس بـەدۆی خـۆی نالّـێ ترشـە و لەکۆتاییـدا مـادام کـە چوویـە نـاو ئـەو ململانێیـە و قەبوڵـت بـوو کـە کۆنگـرە ئەنجـام بـدرێ، دەبـێ بـە ئەنجامەکەشـی ڕازی بیـت.

مامۆسـتا عەلـی باپیـر و هەمـوو لایەکـان و ئەوانـی دیکـەش زۆر هەوڵمانـدا کـە کێشـەکان چارەسـەر بکەیـن، تـا مامۆسـتا مـەلا عەلـی (ڕەحمەتـی خـوای لەسـەر بـێ) ئەنجامـی کۆنگرەکـەی واژۆ کـرد، بـەڵام هەنـدێ لـەو مامۆسـتا بەڕێزانـەی کـە دەرنەچووبـوون لـەو کۆنگرەیـەدا، نارازیـی بـوون و کردیانـە کێشـە و چوونـە لای مامۆسـتا مـەلا عەلـی و گوتیـان کوتلەگەریـی کـراوە و قبـوڵ کردنـی ئـەو ئەنجامـە نارەوایـە.

خەڵکێـك لـە مامۆسـتایان، لـە زانایانـی ئیسـلامیی، لـە حیـزب و لایەنـەکان بـە پـەرۆش بـوون و هاتنـە نێوانمـان بـۆ نێوەندگیریـی، لەکۆتاییـدا ئێمـە ڕازیـی بوویـن بـە داواکارییەکانـی ئـەوان، نارازییـەکان داوایـان دەکـرد، کـە ئەوانـەی پێشـتر سـەرکردایەتیی یـا ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی بـوون و لـەو کۆنگرەیـە کەوتـوون، ئەوانـە هەمـوو بهێنرێنـەوە سـەرکردایەتیی و مەکتەبـی سیاسـیی.

ئێمـە ڕەئیـمان نەبـوو کـە هەمـوو بێنـەوە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا گوتمـان بـا ئاڵۆزیـی و نیگەرانیـی و پەرتبـوون دروسـت نەبـێ، بۆیـە ڕازیـی

بووین، کە هەموویان بێنەوە کە یازدە (١١) کەس بوون و بە بڕیار و لە دەرەوەی کۆنگرە کرانەوە بە سەرکردایەتیی.

ئێمە ڕازیی بووین کە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی بکرێ، بەڵام دوو داوامان هەبوو، من و کاك موحەمەد حەکیم چووین و گوتمان: دەمانەوێ مامۆستا مەلا عەلی بە تەنیا ببینین، چووینە خزمەتیی و گوتمان: مامۆستا ئێمە بە نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە هاتووین، جەنابیشت برا گەورەی، دوو داوامان هەیە:

١. با پەیڕەوێکی ناوخۆمان هەبێ، لەسەر بناغەی ئەو پەیڕەوە مامەڵە لەگەڵ ئەندام و ئۆرگانەکانی حیزب بکەین، چونکە لە کۆنگرە پەیڕە و پەسەند نەکرا، هەرچەندە یەکێك بوو لە ئەرکەکانی.

٢. با بەرپرسی مەکتەب و مەڵبەندەکان، لەلایەن سەرکردایەتییەوە دابنرێت.

مامۆستا مەلا عەلی گوتی: من خۆم پەیڕەوەکە دادەنێم، گوتمان: مامۆستا پەیڕەو نابێ یەك کەس داینێ، با لیژنەیەکی پسپۆڕ ئامادەی بکاو سەرکردایەتیش پەسەندی بکات.

هەرچەند گوتمان، ئەو نەی سەلماند، دوایی گوتمان دەی باشە ئەی دانانی بەرپرسی مەکتەب و مەڵبەندەکان؟! گوتی: کاتی خۆی خەلیفەکانی دوای سەردەمی پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێ)، ئەوان والی شارەکانیان داناوە، منیش بەخۆم بەرپرسی مەڵبەند و مەکتەبەکان دادەنێم.

گوتمان: مامۆستا جەنابت کێت پێ باشە، لە سەرکردایەتیی باسی بکە، با سەرکردایەتیی یەکلای بکاتەوە. ئەی سەرکردایەتیی و شورا بۆ چییە، پاشان لە سەردەمی پێغەمبەر (سەلامی خوای

لەسەر بێ) و خەلیفەکان کاروبار بە شورا بووە، [وامرهم شوری بينهم].

بەهەرحاڵ ڕێکنەکەوتین، ئەوە کۆتا دیدار و هەوڵ بوو، کە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی وەکو خۆی بمێنێتەوە، تا ناچار نەبین پەنا بۆ ڕاگەیاندنی حزبێکی دیکە ببەین، کە ئەو کاتەی زۆرینەی سەرکردایەتیی لەگەڵ ئەو بەشەی ئێمە بوون.

# چۆن دەستمان پێکرد؟

ماوەیەکـی زۆر ئـەو بارودۆخـە ئاڵـۆزە هەروەکـو خـۆی مایـەوە، لـەو دۆخـەدا خەڵکێکـی زۆر لـە ئەندامانـی ڕێکخسـتن و پێشـمەرگە و کادیـران وازیـان هێنـا، هیوایـەك نەمابـوو کـە بتوانیـن دووبـارە پێکـەوە کار بکەیـن، چونکـە دەمانویسـت بەیەکـەوە بمێنینـەوە، بـەڵام ئـەو پەرتەوازەیـی و پارچەبوونـە بەشـێوەیەکی گشـتیی بەخـراپ دەشـکایەوە بەسـەر تەوژمـی ئیسـلامییدا، کـە هەوڵەکانمـان شکسـتیان هێنـا، نەدەبـوو لەسـەر ئـەو بنبەسـتە بـەردەوام بیـن.

ئـەو ئەندامانـەی کـە بـۆ سـەرکردایەتیی دەرچووبـوون، زۆر گفتوگـۆ و کۆبوونەوەمـان کـرد، زیاتـر بـە سەرپەرشـتیی مامۆسـتا عەلـی باپیـر بـوو، بیرمـان لـەوە کـردەوە، کـە چیـی بکەیـن، لەکۆتاییـدا گەیشـتینە ئـەوەی یـا دەبـێ ئـەو خەڵکـە بچێتـەوە ماڵـی خـۆی، کـە ئەوەمـان پـێ چارەسـەر نەبـوو، یـا دەبـوو بەناچاریـی بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە ئێمـە زۆربـەی سـەرکردایەتی شـەرعیی هەڵبژێـردراوی کۆنگرەیـن و خۆمـان وەکـو سەرپەرشـتیاری ئـەو حیزبـە بـە ناوێکـی دیکـەوە ڕابگەیەنیـن.

سـەرەتا ئێمـە سـێ کـەس بوویـن دەسـتمان پێکرد، بـە گفتوگـۆ و ڕاوێژ کـە ئـەو کارە چـۆن بکەیـن؟ کاك ئـارام قـادر، کاك دڵشـاد گەرمیانیـی و بەنـدە، لـە سیروان لەماڵـی ئێمـە دانیشـتین، بـۆ وردەکاریـی ئـەو بابەتە ئـەو سـێ کەسـە دانرابـوون کـە چیـی بکەیـن و چـۆن بناغەیەکـی بـۆ دابنێین.

دوای گفتوگۆکان، ئەمن گوتم: مادام ئەو ڕایە پەسەند کراوە کە حیزبێکی نوێ ڕابگەیەنین، من یەك مەرجم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕاگەیاندنە نابێ لەو ناوچەیەی شارەزوور و هەڵەبجە بێ، چونکە خەم و ترسی ئەوەم هەبوو لەگەڵ بەرەی "مامۆستا مەلا عەلی"دا تووشی شەڕ ببین.

گوتیان باشە ئێمە بەو مەرجە ڕازین، بۆیە وردە وردە دەستمان پێکرد، بەڵام دیار بوو ئەو مەرجە جێبەجێ نەکرا، پاساوی زۆریان هێنایەوە کە ناکرێ و نابێ لە شوێنێکی دیکە حیزب ڕابگەیەنین و سەرکەوتوو نابین[1].

---

[1] هەندێ لەبرایان خەڵکی ناوچەکە بوون و حەزیان نەدەکرد ناوچەکە چۆڵ بکەن و بگوێزنەوە بۆ ناوچەیەکی تر، هەندێکی تریش دوای ئاوارە بوونیان لەناوچەکانی تری کوردستانەوە، لەو ناوچەیەدا گیرسابوونەوە و بژێویی خۆیان و خێزانەکانیان دابین کردبوو، قورس بوو دیسانەوە بۆ ناوچەیەکی تر ئاوارە ببنەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو بیرکردنەوە درووست بوو کە زووتر ئەو ناوچەیە چۆڵ بکرایە، خۆ دوای زیانەکە بەناچاریی ئەو ناوچەیە چۆڵ کرا، لەهەموویشی قورستر ئێمە داوای ناوچەیەکی وەکو پشدەرمان دەکرد، کە یەکێتیی بەو داوایە رازیی نەبوو، لەمپەریان لەبەردەمدا دروست دەکرد، بەگومانەوە خوێندنەوەیان بۆ ئەو داوایەی کۆمەڵ دەکرد، کە ئاکامەکەی ئەوە بوو هەردوولامان زیانمان لێکرد، چونکە پەیدابوونی کۆمەڵی ئەنسار بووە هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕ لەو ناوچەیەدا، لەلایەك زیانی گەورە بەر یەکێتیی کەوت و دواتریش ئاگری شەڕی ئەوان زیانی بە کۆمەڵی ئیسلامیی گەیاند.

# ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

لـە رۆژی ٢٠٠١/٥/٣١ دا لەسـیروان و خورمـاڵ و هەورامـان و ئـەو ناوچانـەی کـە زیاتـر پێشـمەرگە و ئەنـدام کادیـری ئێمـەی تێـدا بـوو و هەروەهـا لـە ڕانیـە و هەولێـر و سـلێمانی و چەنـدان شـوێنی تـر، حیزبـی "کۆمەڵـی ئیسـلامیی کوردسـتان"مان ڕاگەیانـد، هەڵەبجـە و دەوروبەریشـی لایەنگرانـی مامۆسـتا مـەلا عەلـی و ئـەوان بـوون، یـا بێلایـەن بـوون، دوای ئـەو ڕاگەیاندنـە برایانـی ئـەولا هاتنـە سـەرمان و تەقـەی زۆریشـیان لێکردیـن، بـەڵام زۆر خۆمـان پاراسـت و لـەو شـەڕە خۆمـان لادا، خەڵکـی زۆرمـان نـاردە لایـان کـە وازبێنـن، ئێمـە نیـازی شـەڕمان لەگەڵیـان نییـە، خـوا کـردی بـە زیانێکی کـەم لێـی دەرچووین، دواتریـش مامۆسـتا مـەلا عەلـی عەبدولعەزیـز "بزووتنـەوەی ئیسـلامیی کوردسـتان"ی ڕاگەیانـدەوە.

# هەڵوێستی ئێران

کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر دژی ڕاگەیاندنی کۆمەڵ بوو، ئەو کاتە دوو بەرپرسی باڵای ئێرانم بینی، یەکێکیان لەماڵی مامۆستا شێخ موحەمەد بەرزنجیی (بەڕەحمەت بێ)، گوتی: بەهیچ شێوەیەك کۆماری ئیسلامیی ئێران، جگە لە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی قەوارەیەکی تر قبوڵ ناکات، ڕێگە نادات هێزێکی دیکە لێرە دروست ببێت، هەرکەسێك هەنگاوی لەو شێوەیە بنێت بۆ خۆی زیان دەکات!!

گوتم: ئێمە دژی کەس نین، ئەگەر حیزبیشمان ڕاگەیاند منەتی هیچ کەس نازانین و باکمان نییە، ئێمە دەزانین کە ئێران سنوورێکی فراوانی هەیە و بۆ ئێمە گرنگە، ئەگەر پێتان وابێت کە ئێمە زیان بە ئێوە دەگەیەنین لە سنوورەکان، ئەوا دڵنیا بن ئێمە زیانتان پێ ناگەیەنین.

ئێران زۆر ناڕازیی بوو، هەتا لە هەندێك ڕێگاوە بیستمانەوە، کە ئەگەر حیزبێکی نوێ دروست بکرێ، هێزەکانیان ئەو ناوچەیە تۆپباران دەکات.

# گوشارەکانی سەر کۆمەڵ

حیـــزب و لایەنەکانــی کوردســتان ڕاوبۆچوونیــان جیــاواز بــوو، هەندێکیــان نەیاندەزانــی کــە ئێمــە پەیوەندیــمان لەگەڵیــان چۆن دەبــێ، هەندێکــی دیکەشــیان ئێمەیــان بــاش نەدەناســی، دەیانزانــی کــە ئێمــە خاوەنــی بیروباوەڕیــن، نــە هەڕەشــەی وەکــو ئێــران پاشەکشــەمان پــێ دەکات و نــە تەمــاع وەبەرنانیــش ســاردمان دەکاتــەوە.

قۆناغێکــی ســەخت و جیــاواز بــوو بــۆ ئێمــە، ئــەو مەترســییەی کــە هەمانبــوو بــۆ شــەڕی ناوخــۆ، بــەلای منــەوە لــە هەمــوو پێشــهاتەکان ناخــۆش و دژوارتــر بــوو.

لەلایەکــی دیکــەش ئــەو بایکــۆت و نەبوونــی پەیوەندییــە لەگــەڵ حیــزب و لایەنەکانــی دیکــە، جــۆرە گەمارۆیەکــی دیپلۆماســی بوو،چونکــە حــزب هەبــوو تــا دوو ســاڵ هیــچ پەیوەندییەکــی فەرمیــی لەگــەڵ ئێمــە نەبــوو، کاتێــك دەبینــی هەندێــك حیــزب دەیانــەوێ پەراوێــزت بخــەن و نەیانــەوێ پەیوەندیــت لەگــەڵ دروســت بکــەن، هەندێکیشــی حــەزی بــە بوونــت نەدەکــرد و بەهەلــی دەزانیــی بەهەمــوو شــێوەیەك لێــت بــدات و هەندێکــی تریــش هەڵوێســتی ئایدیۆلۆژیــی دەکــردە بنەمــای پەیوەندییەکانــی بــۆ لێدانــت، بارودۆخێکــی ســەخت بــوو[1].

---

[1] ئەوەمـان لەبیـر نەچێـت، بەهـۆی پەرتەوازەیـی پارتـە کوردسـتانییەکانەوە، بەتایبەتیی لـەدوای جەنگـی ناوخـۆوە ئـەو لایەنانـە بەسـتراونەتەوە بـە ناوەنـدی بڕیـاری وڵاتانی ناوچەکـە و جیهانـەوە، بۆیـە کاتـێ بزانـن ئـەو پایتەختانـە خۆشـحاڵ نیـن بـە تـۆ،

بەڵام ئەوەشمان تێپەڕاند، دەمانزانی کە کات بەشێکە لەچارەسەر، بۆیە ئەو قۆناغە سەختە ئارامگریی و نەلەخشانی پێویست بوو تا حیزبەکان راستییەکان ببینن و پەیوەندیی فەرمیی ببەستنەوە.

دوای ڕاگەیاندنی کۆمەڵ، بەشێك لە سەرکردایەتیی لە ماڵەوە دانیشتن، کە بێلایەنەکانیان پێدەگوترا، کە جەنابی "مامۆستا شێخ موحەمەد بەرزنجیی" ڕابەرایەتیی دەکردن، دواتر سەرکردایەتی کۆمەڵ لەگەڵیان ڕێککەوت و هاتنە ناو کۆمەڵی ئیسلامیی کە سەرکردەی لێهاتوو و دیار بوون کە بریتیی بوون لە بەڕێزان: حاجی قاسم مستەفا، فاروق عەلی، عەبدوڕەحمان عەبدوڕەحیم، حاجی بیلال و هەندێکی تر، مامۆستا "شێخ موحەمەد" بوو بە برا گەورە و پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامیی.

لەدوای یەکگرتنی بێلایەنەکان لەگەڵ کۆمەڵ، وردە وردە گومانەکان لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان رەوینەوە، شاندمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبۆوە و داوای ئەوەمان کرد وەکو هەموو حیزبەکانی کوردستان پەیوەندیی دیپلۆماسییمان لەگەڵیان هەبێت و ئێمە هۆکاری ئاشتیی و ئارامیین لەگەڵ ئێران و هەموو لایەکدا، ئارامیی سنوورەکان وەکو چۆن بەرژەوەندیی ئێرانە زیاتر بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و لایەنەکانیشی دەپارێزێت و پەیوەندییە ئابوورییەکان گەشە دەکەن[1].

---

ئەوانیش هەمان هەڵوێست دەگرنەبەر، دەنا هەر هەمان ئەو پارتانەی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژییان لەدژی کۆمەڵ هەبوو، دواتر بە نەمانی هۆکارە ناوچەییەکان یا کەمبوونەوەیان کێشەیان لەگەڵ کۆمەڵ چارەسەر بوو.

[1] دەستێك هەبوو بەرپرسانی «کۆماری ئیسلامیی ئێران»ی لەهێزی کۆمەڵ و بیرکردنەوەی ترساندبوو، بەو پێیەی کۆمەڵ سوننەیە و ئەودیوی سنوورەکانی ئێرانیش سوننەن، جا زۆرینەیەك لەکۆمەڵ خاوەنی هێزی توندئاژۆن و

بەڕاستیی سەرکردایەتیی کۆمەڵ لەو قۆناغەیدا زۆر ماندوو بوو، تا خۆی ڕاهێنا لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە هەر لەکێڵگەی مینەوە نزیك بوو نەك دۆخی ئاسایی، بەئارامگریی زیاتر دژوارییەکەش کاڵ بۆوە و گرفتەکانیش یەکە یەکە تێپەڕین، ئەمە وێڕای ئەوەی کە پێشتر "جوندولئیسلام"[1] دروست ببوون، پاشان شەڕی یەکێتیی لەگەڵ "ئەنسارولئیسلام"دا هەڵگیرسا، لە ئەنجامی ئەوەدا، بەداخەوە پڕیشکی ئەو ئاگرەش بەر ئێمە کەوت.

---

وەهابین و مەترسین لەسەر ئەودیوی سنوورەکان، بۆیە بەهاتنی بێلایەنەکان و کەسایەتییەکی ناوداری وەکو مامۆستا بەرزنجیی ئەو گومانە باشتر ڕەوییەوە و دەرکەوت کۆمەڵ خاوەنی پرانسیپ و ئەخلاقی چەسپاوی سیاسییانەی خۆیەتی و مامەڵەی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرانبەر و پابەندییە بە ڕێکەوتنامەکانەوە، نەك هەڵوێست وەرگرتن بەپێی میزاج و هزری تاکەکان و خواستەکانیان.

[1] لەدوای ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و ڕاگەیاندنەوەی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، بەهۆی ئەو پەیوەندییە نهێنییەی کە بەرپرسانی هێزی دووی سۆرانی بزووتنەوەوە، کە لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە و بزووتنەوەی تالیبانی ئەفغانستان هەیانبوو، ئەوانیش گروپی «جوندولئیسلام»یان لە بیارە و تەوێلە و ئەو ناوچانەدا لە «٢٠٠١»دا ڕاگەیاند، دواتر لەگەڵ گروپی «ئیسلاح»ی مامۆستا «کرێکار»دا یەکگرتنیان ئەنجامدا و ناوی گرووپەکانیان کردە «کۆمەڵی ئەنسارولئیسلام لە کوردستان»و شەڕیان لەدژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاگەیاند.

# پەیامی مام جەلال

لەدوای رووداوی ١١ی سێپتەمبەر و رووخاندنی دەسەڵاتی تالیبان لە ئەفغانستان و سەروبەندی چڕبوونەوەی هێرشی میدیایی بۆ سەر رژێمی سەدام و ئامادەکارییەکان بۆ رووخاندنی، ئەو ناوچەیە چاوی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی چووە سەر[١]، "بزووتنەوەی ئیسلامیی"یش هەر لەوێ بوو، "ئەنسار"یش راگەیەنرا، هەڵکردن و مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا قورس بوو، ئێمە بۆچوونمان جیاواز بوو، بۆیە من پێموابوو کە لەوێ نەمێنین، هەر لەسەر بۆچوونی پێشووی خۆم بووم، کە ئەو ناوچەیە بۆ راگەیاندنی کۆمەڵ گونجاو نییە، بەتایبەتیی مەترسییەکانی رۆژ لەدوای رۆژ ئاشکراتر دەبوون.

مام جەلال لە رێگەی "شێخ مەزهەری هیرانیی"ەوە هەواڵی بۆ ناردین، کاك شێخ مەزهەر تەلەفۆنی کرد، گوتی پەیامێکی گرنگ و بە پەلەم پێیە، ئەوە بوو هاتە رانیە و بەیەکەوە دانیشتین. گوتم:

---

(١) «کۆلن پاول»ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا کە لە ٥ی شوباتی ٢٠٠٣دا لەبەردەمی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییدا پێشکەشی کرد، نەخشەی دوو بینای قوتابخانەی لە گوندی «سەرگەت»ی هەورامان و ناحیەی خورماڵ نیشاندا، کە گوایە چەکی کیمیاوییان تێدا بەرهەم دەهێنرێت، بەئاشکرا دیار بوو ئەو ناوچەیە لە شەڕی داهاتوودا دەکرێتە ئامانجی چەکە کوشندەکانی ئەمەریکا، باوەکو سەرلەبەری ئەو زانیارییەش درۆو چەواشەکاریی بوو، رۆژنامەنووسانی خۆرئاواییش لەنزیکەوە چوونە ناو ئەو بینایانەوە و وێنەیان لێگرت و بڵاویان کردەوە.

فەرمـوو، گوتـی: جەنابـی مـام جـەلال منـی نـاردووە، پێتـان ڕابگەیەنـم، بـە مامۆسـتا "عەلـی باپیـر" و برایانتـان بڵـێ، کـە ناوچـەی شـارەزوور مەترسـیی لەسـەرە و بـۆی هەیـە ئەمەریـکا لـە "ئەنسـار" بـدات، بـا پڕیشـکی بـەر ئێـوە نەکـەوێ، گوتـم: باشـە، مـن بەمامۆسـتای رادەگەیەنـم و لـە سـەرکردایەتیش باسـی دەکەین و وەڵامتـان دەدەینەوە.

چـووم بـۆ لای مامۆسـتا عەلـی باپیـر و بابەتەکـەم بـۆ باسـکرد، لەڕێگـەی تریشـەوە ئـەو پەیامـەی پـێ گەیشـتبوو، لـە سـەرکردایەتیی تاوتوێـمان کـرد، داوامـان لێکـردن کـە ناوچـەی پشـدەرمان بدەنـێ، تاهێزەکانمـان بگوێزینـەوە بـۆ ئـەوێ، ئەوانیـش گووتیـان: ئێمـە "بـەری مەرگە"تـان پێدەدەیـن، "بـەری مەرگـە"ش ناوچەیەکـی دابڕێـنراوە، وەکـو دوورگـەی نـاو دەریایـە، ئـەو کاتـە "بـەری مەرگـە" بـۆ ئێمـە نەدەگونجـا، بـەڵام مـن هێشـتا هـەر لـە ناوچـەی شـارەزوور پێـم باشـتر بـوو، بـۆ ئـەوەی لـەو هەمـوو ئاڵۆزییـەی ئـەوێ ڕزگارمـان ببێـت.

لـەو گفتوگۆیانـەدا بوویـن، بەداخـەوە بـە ئەنجـام نەگەیشـتین و سـەرکردایەتیی خۆشـمان زۆر هانـدەر نەبـوون بـۆ بارکـردن و بابەتەکـە بـە زەحمـەت دەبیـنرا، کـە ئـەو هەمـوو هێـز و سـەرکردایەتییە بگوازرێتـەوە بـۆ ناوچەیەکـی دیکـە، بەبـێ هەبوونـی پێداویسـتیی گونجـاو. "یەکێتیـی نیشـتیمانیی"ش ڕازی نەبـوو بچینـە پشـدەر، هـی ئێمـەش ڕازیـی نەبوویـن بچیـن بـۆ "بـەری مەرگـە". تـا ئـەو ڕووداوە ڕوویـدا و ئەمەریـکا موشـەکبارانی ناوچەکـەی کـرد، هێزەکانـی ئێمـەش بەرکەوتـن، بـەڵام بەڕاسـتیی ئـەو لێدانـەی ئەمەریـکا، سـیخووڕیی و چڵکاوخۆریـی و دەستکێشـی خەڵکـی کـوردی تێدابـوو، چونکـە ئێمـە کێشـەیەکمان لەگـەڵ ئەمەریـکا نەبـوو.

# گواستنەوەی بارەگاکان

قسـە لەگـەڵ برادەرانـی یەکێتیـی کـرا، کاك "موحەمـەدی حاجـی مەحموود"یـش رۆڵـی باشـی بینیـی، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران هـات و نێوەندگیریـی کـرد، کەسـایەتییەکانی ناوچەکـە هەموویـان جێگـەی ڕێـز و سـوپاس و حورمەتـن، ئـەوان هەمـوو پێیانوابـوو، کـە کۆمەڵـی ئیسـلامیی بەشـێك نییـە لـەو شـەر و ئاڵۆزییانـە، کەواتـە بۆچـی باجـی ئـەو ئاژاوەیـە بـدات؟ ئەوەبـوو ڕێككەوتیـن ئـەو ناوچەیـە بەجێبهێڵیـن و بچیـن بـۆ پشـدەر.

لەسـەرەتای ڕاگەیاندنـی "کۆمەڵـی ئیسـلامیی"دا، من سەرپەرشـتیی مەکتەبـی عەسـکەرییم دەکـرد، هێزەکانمـان ڕێکخسـتەوە، دەسـتمان کـردەوە بـە مەشـق و مانۆڕێکـی زۆر گـەورەی سـەربازییمان ئەنجامـدا.

بـەڵام پـاش چەنـد مانگێـك دووبـارە تەشـکیلات کرایـەوە و منیـان بـۆ بەرپرسـی مەڵبەنـدی ڕانیـە دانـا، ئـەو کاتـە هێزەکانمـان ئـاوارەی پشـدەر بـوون، مـن لـەوێ بـووم، چوویـن ماڵەکانمـان دامەزرانـد و کارەکانمـان ڕێکخسـتەوە، سـوپاس بـۆ خـوا دەتوانـم بڵێـم زەرەر لـە نیـوەی گەڕایـەوە.

ماڵـەکان ڕێکخـران و جێیـان کرایـەوە، زۆر سوپاسـی خەڵکـی پشـدەر و ڕانیـە دەکـەم کـە ئـەو خەڵکەیـان بەخۆیانـەوە گـرت و جێگـە و ڕێگەیـان بـۆ کردنـەوە، جارێکـی تـر نەریـت و ئەخلاقـی رەسـەنی خۆیـان لـە میـوان دۆسـتی و سـەخاوەتمەندیی نیشـان دایـەوە.

خەڵکی ئەو ناوچەیە -مەبەستم دەڤەری "ڕاپەڕین"ە بە گشتیی- بەڕێزن، خەڵکێکی ئاشتیخوازن، موسوڵمان و دیندارن، خەڵکێکی زۆر بە هەڵوێستن، دەتوانم بڵێم کە ئێمە بووین بە سەرئێشە و نارەحەتیی بۆ ئەوان، زۆرجار گوتوومە داوای لێبوردنیان لێ دەکەین، کە بووین بە ئەرك بەسەریانەوە.

ئەوان هەمیشە هاوکاریی خەڵکیان دەکرد و خەڵکیان دەحاواندەوە، ئاوارەی کەرکوك و گەرمیان و هەولێری لێبوو، ئەوێ پەناگەیەك بوو بۆ لێقەوماوان، من جگە لە چاکە هیچی دیکەم لێ نەبینیون و زۆر سوپاسیان دەکەم. شانازیی بەو کاتانەشەوە دەکەم کە وەکو برای خۆیان قەبوڵیان کردوم.

# شەهیدکردنی مامۆستا عەبدوڵڵای قەسرێ

ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو، ئەو کاتە من بەرپرسی مەڵبەندی "٥"ی ڕانیە بووم، لە ڕۆژی "٢٠٠٣/٣/٤"دا ئەو تاوانە روویدا، بڕیاربوو کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیی لە خورماڵ ( ئەحمەد ئاوا) ئەنجام بدرێ، هەندێك بابەتیش هەبوو کە پەیوەندیی بە سنووری مەڵبەندەکەی ئێمەوە هەبوو، کە ئەو کاتە مامۆستا عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بوو، دانرابوو بە سەرپەرشتیاری دەڤەری هەولێر، هەندێك بابەت هەبوو کە پەیوەندیی بەو ناوچەیەوە هەبوو، کە دەبوو بە مەکتەبی سیاسیی بگەیێنرێ، بەیەکەوە قسەمان کرد، کە منیش بچم، بەڵام گوتی: پێویست ناکا، من لەجیاتی تۆ قسەکان بە برایانی مەکتەبی سیاسیی دەگەیەنم، ئیدی ئەوە بوو کە ئەو سەفەرەی کرد و نەگەڕایەوە.

بەڕاستی ستەمێکی زۆر گەورە بوو، ئێمە ئەو کاتە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ یەکێتیی نەبوو، کە بگاتە ئاستی شەڕ و تەقەلێکردن و غافڵکوژیی.

مامۆستا عەبدوڵڵا پیاوێکی زۆر هێمن و گران و سەنگین بوو، هەمیشە گومانی باشی بە خەڵك دەبرد، چەند ڕۆژێك پێشتر من لەگەڵی دانیشتم، چونکە بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزیی بوو، گوتی: من پێشنیازێکم بۆت هەیە؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: پێمباشە سەردانێکی دەرەوە بکەیت و بچیت بۆ ئەورووپا، تا بزانین ئەو

بارودۆخـە چیـی لـێ دێ، یـان ئەوەتـا بـۆ ماوەیـەك بچـۆ ناوچـەی باڵەکایەتیـی، کـە خـزم و کەسـی زۆرم لـەوێ هەیـە.

بارودۆخەکـە ئاڵـۆز بـوو، ئەویـش پێیوابـوو مـن زیاتـر بـە ئامانـج دەگیرێـم، کۆمەڵێـك هـۆکار، کـە کاتـی خـۆی لـەو شـەڕانە بەشدارییم کـردووە، بۆیـە خەمـی منـی بـوو، منیـش گوتـم: ئـەی جەنابـت؟ گوتـی: مـن دڵنیـام لـەو لایەنانـە و لـە خەڵکەکەیـان ئەگـەر شـەڕیش ببـێ و بکەومـە دەستیشـیان، هیـچ لەگـەڵ مـن ناکـەن، منیـش گوتـم: قـەت دڵنیـا مەبـە، چونکـە شـەڕ ئـەوە نازانـێ و خەڵکـی خراپیـش زۆرە.

ئـەو کاتـە بارودۆخەکـە بەجۆرێکـی دیکـە گـۆڕا و مامۆسـتا و چـوار هاوەڵـی تێـدا شـەهید کـران، ئـەو ڕووداوە گەورەیە خەسـارەتێکی قورس بـوو بـۆ سـەر کۆمـەڵ و بزاڤـی ئیسـلامیی و کۆمەڵگـەی کوردەواریـی، چونکـە ئاسـان نییـە بۆشـایی ئـەو پیـاوە گەورانـە پـڕ بکرێتـەوە، چونکـە کەسـی دڵسـۆزی خواویسـتی خۆنەویسـت و خزمەتگـوزار بەخەڵـك زۆر کەمـن و هەوێنـی کۆمەڵگـەن، کۆچیـان بۆشـایی گـەورە لەکۆمەڵگـەدا دروست دەکات.

# کێشەی ناوخۆ

قۆناغەکان زۆر سەخت دەبوون، ئەرکەکانیش قورستر دەبوون و قەبوڵکردنی ئەو هەموو گوشارانە زۆر گران بوون، هەرچەندە لەسەر گوشار و هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیی پارتەکانی ناوخۆی کوردستان راهاتبووین، کە دۆخەکەیان بەهەل دەزانیی بۆ سڕینەوە و لەناوبردنمان و ئەمەریکایان کردبووە کوتەکی ناو هەمبانەکە[1] گوشارەکانی تریش ئەوە بوون هێشتا زۆر لەمێژ نەبوو کە کۆمەڵ ڕاگەیانرابوو، خەڵکانێك گرەویان لەسەر شکست و هیوایان بە نەمانمان دەخواست.

بەشێکی پێیانوابوو، کە ئێمە لەبەر ئەوەی پارتێکی خاوەن بیروباوەڕین لەوانەیە زوو گەشە بکەین و جەماوەرێکی زۆرمان بۆ درووست ببێ، خەڵکێکیش بە نەشارەزاییەوە تفەنگیان بە تاریکییەوە دەناو لەبەرانبەر کۆمەڵەوە وەستابوون، بەهەرحاڵ گوشارێکی زۆرمان لەسەر بوو.

هەندێ کێشەی ناوخۆی "کۆمەڵی ئیسلامیی"شمان هەبوو، ئەگەر باسی بارودۆخی ئەوکاتی مەڵبەندی "٥"ی ڕانیە بکەم، بەو شێوەیە بوو، کە دەکرێ بکەینە پێوەر بۆ هەموو کۆمەڵی ئیسلامیی.

---

[1] دەڵێن پیاوێك بە هەمبانە لەپیاوێکی تری دەدا، کابرای لێدراو هاواری بەرز بۆوە، گوتیان شوورەییە بەلێدانی ئەو هەمبانەیە هاوارت بەرز بۆتەوە، ئەویش گوتی: هاوار بۆ لێدانی هەمبانە ناکەم، بۆ ئازاری ئەو کوتەکە دەکەم کە خراوەتە ناو هەمبانەکەوە.

سـەرەتا کـە چوومـە ڕانیـە، دەسـتمکرد بەڕێکخسـتنەوەی ناوخۆمـان، چونکـە هەنـدێ گرفـت و ململانێـی ناوخۆمـان هەبـوو، وەکـو گرفتـی نێـوان بزووتنـەوەی ڕاپەڕیـن و بزووتنـەوەی ئیسـلامیی پێشـوو کـە گوازرابوونـەوە بـۆ نـاو کۆمـەڵ، سـوپاس بۆخـوا زوو چارەسـەر بـوو.

قۆناغـی دووەم ئەوەبـوو کـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ بزووتنـەوەی ئیسـلامیی بکەیـن، چونکـە لەمێژنەبـوو لێـك ترازابوویـن، لەگـەڵ یەکگرتـووی ئیسـلامیی، کـە ئەویـش هەندێـك کێشـەمان لەگەڵیـان هەبـوو، بەتایبەتیـی لەسـەر کەناڵێکـی تەلەفزیۆنیـی لەگـەڵ یەکێتیـی و پەکەکـەش بەهەمـان شـێوە، بەمانـای وشـە، قۆناغێکـی سـەخت و ئاڵـۆزو بـوو.

لەگـەڵ برایانـی مەڵبەنـد بڕیارمانـدا، کـە واز لەکێشـەی لایەنـەکان بێنیـن و خەریکـی کارکـردن بیـن، بـەو مانایـەی تێکەڵـی جەمـاوەر ببیـن، ڕێکخسـتنەکانمان جۆشـدەینەوە و پەیامـی خۆمـان بەجەمـاوەر بگەیەنیـن، سـوپاس بۆخـوا ئەوەمـان کـرد و ئەنجامەکانیشـی زۆر بـاش و دڵخۆشـکەر بـوون.

بڕیاریشـماندا لەگـەڵ یەکگرتـوو و بزووتنـەوە پەیوەندییەکانمـان ئاسـایی بکەینـەوە، کـە ئـەو کاتـە بزووتنـەوە مەڵبەنـدی نەبـوو، مەڵبەندیـان دانـاو مـن چـووم پیرۆزباییـم لێکـردن، کـە زۆر قـورس بـوو، هەنـدێ لـە برادەرەکانـم زۆر پێـی دڵگـران بـوون، بـەڵام ئـەم کارەم بـە پێویسـت دەزانیـی، ڕاسـت بـوو ئێمـە پێشـتر پێکـەوە بوویـن، بـەڵام کـە دواتـر وەکـو دوو پـڕۆژەی ئیسـلامیی کارمـان دەکـرد، خـۆ دووژمنـی یەکـتر نەبوویـن، بەڵکـو ئێسـتا خاوەنـی دوو پـڕۆژەی جیاوازیـن و لەبـەر ئـەو هۆیانـەی باسـکران نەمانتوانیـی پێکـەوە کار بکەیـن، بـەڵام هـەر برامـان بـوون و بـە برایەتییـش دەمێننـەوە.

# تەقویەی کێوەڕەش

ئێمـە هـەر لەسـاڵی "١٩٩٢"ەوە خاوەنـی تەلەفزیۆنـی ناوخۆیـی دەڤـەری بیتوێـن و پشـدەر بوویـن و تەنانـەت بەهـۆی تەقویـەی شـاخی "هەیبـەت سـوڵتان"ەوە لەناوچـەی کۆیـە و دەوروبەریشـی وەردەگیـرا، بۆیـە لـەو قۆناغـەدا لەگـەڵ یەکێتیـی نیشـتیمانیی لەسـەر تەقویـەی "شـاخی کێـوە ڕەش" زۆر تووشـی گرفـت دەبوویـن، ئێمـە لەڕێگـەی حکومەتـەوە مۆڵەتمـان وەرگرتبـوو، کـە تەقویەیـەك بـۆ تەلەفزیـۆن لەسـەر کێـوەڕەش دابنێیـن، کـە دەمانویسـت کەناڵەکەمـان لـە دیـوی "پشـدەر" و بەشـێکی "بەری مەرگە"یـش وەربگیـرێ.

ئـەوە بـوو مۆڵەتمـان وەرگـرت و تەقویەمـان دانـا، برادەرانـی یەکێتیـی ڕازی نەبـوون، وایاندەزانـی کـە ئـەو تەقویەیـەی لەسـەر کێـوەڕەش دانـراوە بنکەیەکـی سـەربازییە، پێمانگوتـن: ئـەوە تەقویـەی تەلەفزیۆنییـە، سـێ کەسـی هونەریـی لێیـە، چەکێکیشـی لێیـە بـۆ پاراسـتنی خۆیـان، گوتیـان: نەخێـر، دەبـێ بیهێننـە خـوارێ، گوتـم: نایهێنینـە خـوارێ، ڕۆژێکیـان برادەرانـی یەکێتیـی، هەواڵیـان نـارد، گوتیـان: وەفدێکـی مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتیـی لـە مەڵبەنـدن حـەز دەکـەن چاویـان بـە ئێـوەش بکـەوێ، منیـش لەگـەڵ کاك سـەید ئەحمـەد و مامۆسـتا محەمـەد گرتکیـی چوویـن بـۆ مەڵبەنـدی "٨"ی ڕاپەڕینـی یەکێتـی، کاك "عیـماد ئەحمـەد" و دوو- سـێ ئەندامـی سـەرکردایەتیی لەگەڵدابـوو، کاك "عیـماد" گوتـی: ئـەو تەقویەیـە بهێننـە خـوارێ، گوتـم: نایهێنینـە خـوارێ، گوتـی: ئاخـر ئـەوە بڕیـاری سـەرکردایەتیی

”یەکێتیی“ە، دەبێ بیهێننە خواریٚ، منیش گوتم: ئەوە بڕیاری سەرکردایەتیی ”کۆمەڵی ئیسلامیی“ە، دەبێ لەویٚ بێت، گوتی: کەواتە من دێم لە هەردوو تەنیشتییەوە دوو ڕەبایە دادەنێم. گوتم: حەز دەکەی سەر ئەو شاخە هەمووی بکە بەڕەبایە، ئێمە نیەتی شەڕمان نییە، حەز دەکەم بزانی کە شەڕ لەسەر ئەم زنجیرە شاخە هەر ناکریٚ، بۆیە لەسەر قسەی خۆمان سووربووین و ئەوانیش ڕەبیەیەکیان بەرامبەری تەقویەکە دانا، بەڵام ئێمە هەر نەمان هێنایە خواریٚ.

# ڕەش بگیری

دواتر تووشی باوردۆخی دیکەی سەختتر و ناخۆشتر بووین، کە کۆمەڵی ئیسلامیی لە یەك ڕۆژدا زیاتر لە پێنج سەد (٥٠٠) ئەندام و لایەنگری لەلایەن ئاسایشی ”یەکێتیی“ەوە دەستگیرکران، زیاترینی لە سنووری پشدەر و بیتوێن بوو، کە نزیکەی سەدو سیی تا سەدو چل (١٣٠- ١٤٠) لەو دەڤەرە دەسگیر کران، داوایان لێکردبوون کە واز لە کۆمەڵی ئیسلامیی بێنن، بەڵام سوپاس بۆ خوا زۆربەیان خۆڕاگر و دامەزراو بوون و تاك و تەراش تەنیا فۆڕمەکەیان پڕکردبۆوە بەڵام هەر لەسەر قەناعەتی خۆیان مابوونەوە.

# نامەکەی ریگارد ناب

”ریچـارد نـاب“ی ئەمەریکیـی ئـەو کاتـە بەرپرسـی حـەوت (٧) پارێـزگای باکـووری عێـراق بـوو، نامەیەکـی ناردبـوو کـە بینایـەی مەڵبەنـدی رانیەمـان چـۆڵ بکەیـن، نامەکەیـان بـۆ مـن ناردبـوو نـەك کۆمـەڵ وەکـو پارتێکـی سیاسـیی، لەوانەشـە مەبەسـتیان ئـەوە بووبێـت کـە دان بـە ”کۆمەڵـی ئیسـلامیی“دا نەنێـن[١].

منیـش گوتـم: بۆچـی بـارەگا چـۆڵ بکـەم، ئێمـەش وەکـو حیزبەکانـی دیکـە، کاتـی خـۆی لـە ”حیزبـی بەعس“مـان گرتـووە و بـارەگای ئـەوان بـووە، ئـەوە داواکاریـی ئـەوان نەبـوو، ئـەوە قسـەی ئەوانـە بـوو کـە بـۆ خۆیـان نەیاندەتوانـی ڕووبـەڕوو لەگـەڵ ئێمـە بیڵێـن، لەڕێگـەی ئەمەریکییـەکان دەیانکـرد و خـراپ بـۆ ئێمـە تێگوشرابـوو، خـراپ باسـی ئێمـە کرابـوو، کـە وەکـو ڕێکخراوەکانـی قاعیـدە و کۆمەڵـە تیرۆریسـتییەکان مامەڵـە لەگـەڵ ئێمـەدا دەکـرا[٢].

---

[١] لـەو ماوەیـەدا ئەندامـان و لایەنگرانـی پارتـە عەلمانییەکانـی کوردسـتان ئـەو دەنگۆیەیـان بـڵاو دەکـردەوە کـە گوایـە ئەمـڕۆ یـا سـبەی کۆمەڵـی ئیسـلامیی قەدەغە دەکـرێ و هەمـوو ئەندامەکانیشـی وەکـو تیرۆریسـت قۆڵبەسـت دەکرێـن و دەخرێنـە زیندانـەوە، گومانـی تێـدا نەبـوو نـە «ریچـارد نـاب» و نـە نوێنەرەکـەی لەکوردسـتان ( هـاری شـووت ) بەبـێ دەسـتکێشـیی کـورد ئـەو کارانەیـان نەکـردووە، ئاخـر بینـای مەڵبەندەکانـی ئێمـە کـەی ئەوەنـدە گرنـگ و سـتراتیژیی بـوون تـا ئەمەریـکا بەنامـەی فەرمیـی داوایـان بـکات و کات بـۆ چـۆڵ کردنیـان دیاریـی بـکات؟!

[٢] ئەگەرچـی تـا کوتلـەی کۆمۆنیسـتیی مابـوو، خۆرئاواییـەکان بـەو شـێوەیە مامەڵەیان لەگـەڵ جیهانـی ئیسـلامییدا دەکـرد کـە گوایـە هاوسـەنگەرن لەگەڵیـان لـەدژی

ئێمـەش گوتمـان ئـەو بارەگایە چۆڵ ناکەیـن، مەگـەر "بەدیل"مان پێ بـدەن، ئـەوە بـوو خانوویـان بـۆ بەکـرێ گرتیـن و پارچـە زەوییەکیشـیان بـۆ درووسـتکردنی بـارەگا وەرگـرت، کاك "حەمیـد بڵبـاس" بەڕەحمـەت بـێ، کـە ئەوکاتـە سەرپەرشـتیی ئیـدارەی ڕاپەڕینـی دەکـرد ڕۆڵـی ئەرێنیـی و باشـی هەبـوو.

---

ئــەو کوتلــە مولحیــدە، هەروەکــو لەجەنگــی «ئەفغانســتان»دا بوونــە هــاوکاری خەباتکارانــی ئەفغانیــی لــەدژی داگیرکەرانــی سـۆڤییەت، بـەڵام لـەدوای رووخانــی کوتلــەی کۆمۆنیســتیی دووژمنایەتیــی راســتەقینەیان بــۆ جیهانــی ئیســلامیی و گشـت بزووتنـەوە ئیسـلامییەکان دەرکـەوت، ئێسـتا هیـچ مۆدێلێکـی ئیسـلامییان قبـوڵ نییـە، ئـەوە تەنیـا چاوبەسـتە باسـی جەنگـی دژە تیـرۆر دەکـەن، ئـەوان هیـچ پارتێکـی جیهانـی ئیسـلامییان قبـوڵ نییـە کـە لەچوارچێـوەی ژیـاری ئیسـلامییدا پاشـخانی ئیسـلامیی هەبێـت و خـۆی بـە بەشـێك لەجیهانـی ئیسـلامیی ببینێـت. ئـەو کاتـەش «جـۆرج بۆشـی کـوڕ» بەڕاشـکاویی رایگەیانـد ئـەوەی کـە دەیکـەن جەنگـی خاچپەرسـتانەی نوێیــە، ئــەو قســەیەش لەبۆشــاییەوە نەهاتــووە، ناوبــراو تەنیــا هێمایەکـی «پارێـزگارە نوێیـەکان» بـوو، کـە لەئەمەریـکادا زۆر بەهێـزن و ملیۆنـان ئەنـدام لایەنگریـان هەیـە.

# خۆسەریی پەکەکە

نکوڵی لەوە ناکرێ پارتی کرێکارانی کوردستان ( PKK) هێزێکی ناسراوە، نوێنەرایەتی بەشێکی کوردانی باکوور دەکات، بەڵام بەڕاستیی لە مامەڵەدا زۆر نەرێنیین، نەك هەر لە قەندیل، کاتی خۆی کە لەسالآنی "١٩٩٥-١٩٩٦ " لە "هەولێر"یش بارەگایان هەبوو، هەر بەو شێوە خۆپەسەندە ڕەفتاریان دەکرد.

چەندجارێك لەگەڵیان دانیشتم، چەند بابەتێك هەبوو لەگەڵم باسمکردن، بۆ نموونە کوڕ و کچی خەڵك کە دەچووە ناویان، یان کە دەیانڕفاندن و دەیانبردن، دەمانگوت با دایك و باوکیان بیانبینن، کەچی ڕێگەیان نەدەدا.

یا ئێمە کۆمەڵێ کادیرمان هەبوو لەو ناوچانە، دەمانگوت با ڕێکخراوێکمان هەبێ، کە بە ئاشکرا کۆمەڵی ئیسلامیی دەبن و مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، قەبوڵیان نەدەکرد، دەیانگوت نابێ بارەگای هیچ لایەنێك لێرە -واتە: بناری قەندیل- هەبێت. کە بەداخەوە بەهۆی ئەم عەقڵیەتەوە "مامۆستا محەمەد"[1]ی ئێمەیان شەهید

---

[1] «موحەمەد ڕەسوڵ حوسەین» ناسراو بە مامۆستا موحەمەد، خەڵکی گوندی «شێخان»ە لەبناری قەندیل و سەر بە سەنگەسەرە، ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/٢٧ بەتۆمەتی ڕێنیشاندانی گەریلایەکی هەڵاتوو لەریزەکانی پەکەکە دەستگیریان کردبوو، کاتێ ئێمە بەدوایدا دەگەڕاین و پرسیارمان لێدەکردن، بۆ ڕێ ونکردنمان شوێنی جیاواز جیاوازیان پێدەگوتین، مەبەستیان

کـرد، ئـەم جـۆرە کارانەیـان زۆر نـاڕەوا بـوو، هیـچ خزمەتێکـی بـە گەلـی کـورد و پەیوەندییەکانمـان نەدەکـرد.

---

ماندووکردنمـان بـوو، بـەڵام بەپێـی زانیاریـی هـەر ٣ ڕۆژ دوای دەسـتگیرکردنی بەهـۆی ئەشـکەنجەدانییەوە شـەهید کرابـوو، بـەڵام دوای ماندووکردنێکـی زۆر و دوو مانـگ دوای ڕووداوەکـە، تەرمەکەیـان ڕادەسـتی کـەس و کار و بنەماڵەکـەی کـردەوە!!

# بڕیاردانی خەباتی سیاسیی

ئـەوە قۆناغێکـی نـوێ بـوو، ئێمـە وەکـو سـەرکردایەتیی کۆمەڵـی ئیسـلامیی بڕیارمانـدا خەباتـی مەدەنیـی و سیاسـیی بگرینەبـەر، چونکـە هەوڵـی زۆر هەبـوو شـەڕی دیکەمـان پـێ بفرۆشـن، کـە گفتوگۆمـان لەگـەڵ ئەمەریکییـەکان کـرد و چەکـە قورسـەکانمان تەسـلیم کـردن، چەکـی سوکیشـمان هێشـتەوە بـۆ پاسـەوانیی بارەگاکانمـان.

نوێنەرێکیـان هـات لـە ڕانیـە ڕێککەوتنێکـمان واژۆ کـرد، لـە خاڵێکی دیکـەدا نوسـیبمان کـە هەندێـك گولـە هـاوەن و گوللـە تۆپـی کـۆن هەیـە، کـە کاتـی خـۆی هێزەکانمـان لەبـن زەویـدا شـاردبوویانەوە، گوتم: ئەگـەر دەچـن ئەوانەشـمان هەیـەو دەتوانـن دەریـان بێنـن؟ گوتیـان: نەخێـر بـا ئەوانـە بمێنـێ بـۆ کاتـی خـۆی.

ئـەو کاتـە هەندێـك لـە کادیـر و ئەندامـی خۆمـان و، خەڵکێکـی تریش زۆر بـەوە نارەحـەت بـوون، دەیانگـوت: کۆمەڵـی ئیسـلامیی تەسـلیم بـووە و هەرچـی چەکـی هەبـووە تەسـلیمی ئەمەریـکای کردۆتـەوە.

گوتمـان ئـەوە بڕیـاری سـەرکردایەتییە و ئێمـە خەبـات هـەر لەچـەك هەڵگرتنـدا نابینیـن، ئێمـە خۆزگـە دەخوازیـن کـە گۆڕەپانێکـی ئـازادی بـێ چـەك بـۆ هەمـوان هەبـێ، کـە ئێمـەش پەیامـی خۆمانـی تێـدا بڵاوبکەینـەوە، نـەك هـەر هێزێـك بـە چـەك خـۆی بسـەپێنێت، ئێمـە دەمانویسـت هێـزی لۆژیـك بەرقـەرار بێـت نـەك لۆژیکـی هێـز.

بۆیـە بـەو برادەرانـەم گـوت: ئەگـەر ڕۆژێ لـە ڕۆژان هـەر قۆناغێـك پێویسـتی بـە چـەك بـوو، ئەگـەر پیـاوی ئـازا و دلێـر هەبـێ ئـەو پارچـە ئاسنانە پەیـدا دەبێتـەوە.

# هەڕەشەکانی هاری شوت

لە پشدەر شۆڤڵ کاری کردبوو، ئەو گولە هاوەن و تۆپانەی کە شاردبومانەوە دۆزیبۆوە، حکومەتیان لێ ئاگادار کردبۆوە، ئەوانیش دەستبەجێ ئەمەریکییەکانیان لێ ئاگادار کردبۆوە، نوێنەریان (هاری شووت) بە مەکتەبی سیاسیی ئێمەی گوتبوو، هەرچی چەك و تەقەمەنی هەیە شاردراوەتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ هەمووی نەهێنن، ئەوا کۆمەڵی ئیسلامیی خاپوور( إبادة) دەکەین.

من ئەوکاتە لە دەرەوە بووم، پەیوەندییان پێوە کردم، گوتیان شتێکی ئاوا بووە، گوتم: کاتی خۆی ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ ئەمریکییەکان کردووە و، کۆپییەك لەو ڕێککەوتنە لە مەڵبەندی ڕانیەیە، دانەیەکیشم بۆ مەکتەبی سیاسیی ناردووە و لای ئێوەیە، نیشانیان بدەن، کە کاتی خۆی پێمان گوتوون ئەو گولە هاوەن و تۆپانە لەژێر زەوین و بێ کەڵکن، ئەگەر دەچن دەیانبەن با نیشانتان بدەین، خۆیان گوتیان با بمێنێ بۆ دواتر، دەقی ڕێکەوتنەکەیان نیشانی هاری شووت دابوو، ئەوانیش داوای لێ بوردنیان لە کۆمەڵی ئیسلامیی کردبوو.

ئەوە قۆناغێکی نوێ بوو، لەگەڵ ئەوەی کە ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانانیان زوڵمیان لێ کردبووین، هەر لە موشەکبارانەکە دەیان کەسیان لێ شەهید و بریندار کردین و بەشێکیش ئاوارەبوون و تا گەیشتە دەستگیرکردنی مامۆستا "عەلی باپیر"و هاوەڵانی و گیرانی چەندان سەرکردەو کادیر لە بارەگای بەغدا، بەڵام هەر حەزمان

دەکرد پەیوەندیی ئاساییان لەگەڵیان هەبێ، بەڵام مەخابن ئەو کاتە هێشتا ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیان لەلووتکەی غرووردا بوون و وایاندەزانیی دونیا هەر بەمورادی ئەوانە، کەچی وا گەیشتنە ئەوەی رێکەوتن لەگەڵ ئەو سەرکردانەی تالیبان بکەن، کە بەشێکیان وەکو تیرۆریست لە زیندانی گوانتانامۆدا بوون، دوای زیاتر لە یەك تریلیۆن دۆلار زیان تا ئێستاش نازانن چۆن لە ئەفغانستان[1] و عێراق بکشێنەوە و خۆیان لەو زەلکاوە رزگار بکەن، کە بۆ خۆیان درووستیان کرد!!

---

(1) ئەمریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان لە ٢٠٢٠/٢/٢٩ رێککەوتنێکیان لە وڵاتی قەتەر واژووکرد، بەپێی رێککەوتنەکە پێویستە هەموو هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وڵاتی ئەفغانستان بەجێ بێڵن و لە ٢٠٢١/٨/٣٠ هەموو هێزەکانیان ئەفغانستانیان بەجێهێشت و لە بەرامبەر ئەوەدا بزووتنەوەی تاڵیبان بەڵێنی پێدابون کە رێگری لە جموجۆڵی رێکخراوی (القاعدە) بدا و گفتوگۆش لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستان بکا.

# کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی لە ٢٠٠٥

لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و کارگێڕی ئەو مەکتەبە هەڵبژێردرام و تا کۆنگرەی دووەم لەو پۆستەدا بەردەوام بووم، هەرچەندە کاتەکانم بەش بەش ببوون، بەهۆی مەکتەبی سیاسییەوە هەفتانە هاتوچۆی سلێمانیم دەکرد،ماڵیشم لە ڕانیە بوو، نزیکەی شەش مانگیش بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر بووم و هاتوچۆی ئەوێشم دەکرد.

ئەو کاتە خەڵك لە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتیی هەڵدەهات، کارەکان قورس بوون، بارودۆخ نالەبار بوو، لە هەولێر دەیەها ئەنداممان لەلایەن "پارتی"ەوە دەستگیر کرابون و چەند ساڵ بەبێ دادگایی لەزیندانەدا بێتاوان دەمانەوە، دیتنی کەس و کاریان گەورەترین ئازاری بەناخماندا دەگەیاند، ئەو کاتە باو بوو لەسەر بیانوویەك بەرپرس دوور بکەوێتەوە، بەڵام کاتێ پارێزبەندیی و پۆستی بەدەسکەوت هەبێت، کێبەرکێی لەسەر دەکرێت، ئەگەر ئەوە بۆ خەڵکی تر ناشیرین بێت، بۆ کادیری ئیسلامیی ناشیرینییەکەی لەگومڕاییەوە نزیکە!!

# هەرگیز هۆگری شوێن نەبووم

لەژیانـی سیاسـییمدا هەرگیـز کێشـەی شـوێنم نەبـووە، لـەوێ بووبـم خـۆش بووبێـت بەلامـەوە و لـەوێ نەبووبـم بەپێچەوانـەوە، مـن کاتـی خـۆی لـە پێشـمەرگایەتیی لـە "سـماقوڵیی" پێشـمەرگە بـووم و دواتـر لـە "مەلـەکان" و لـە "شـیریێ"، دواتـر کەوتینـە سـەر سـنوورەکان لـە "قاسـمە ڕەش" و "ناوچـەی بێـدەلان" و "خانـێ" و "سەردەشـت". دوای ڕاپەڕیـن لـە ڕانیـە، هەڵەبجـە، حاجـی ئۆمـەران، سـیروان، خورمـاڵ، سلێمانی و هەولێـر، بەبـێ ئـەوەی منەتـی ئـەوە بکـەم کـە هـەر خەریکی مـاڵ گواسـتنەوە بـووم، ئـەو کەسـەی دەسـت بداتـە کاری ئیسـلامیی، دەبـێ ئامادەیـی تووشـبوون بـە هەمـوو ناڕەحەتیـی و ئـازار و دەرد و بەڵایـەك ببـێ، جگـە لەمانـەش ئـاوارە و دەربـەدەری ئەورووپـاش بـووم، کێشـەم نەبـووە کـە لەکـوێ بـم، گرنـگ ئەوەیـە لەکـوێ پێویسـتیان بەمـن بووبـێ لـەوێ بوومـە.

# خۆم بە قەرزاری کێ دەزانم؟!

پێش هەموو کەسێك خۆم بە قەرزاری خوا دەزانم، سوپاس بۆ خوا کە ئەم ڕێگا ڕاست و درووستەی نیشاندام، ( ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِىَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ)، بەهۆی ڕێبازەکەیەوە مرۆڤ لە مەبەست و فەلسەفەی ژیان تێدەگات، دەزانێ لەم دونیایە چیی بکات و چیی نەکات و چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ دۆست و خزم و هاونیشتیمانیانی، بۆچی خولقاوە و ئاکامی بۆ کوێیە؟

ئینجا خۆم بە قەرزاری هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەزانم کە من لە گچکەییەوە ناسیونم، بەتایبەتیی مامۆستا «موحەمەدی کونەفلوسەیی»، کە زۆر پێی سەرسام بووم، کەسێکی زۆر ئازا و چاونەترس بوو، قسەکانیشی لەدڵێکی پڕ لەباوەڕ و دڵسۆزییەوە دەردەچوون، بۆیە لەناخی دڵدا جێی خۆیان دەکردەوە، چونکە ماڵمان لە یەك گەڕەك بوو، لای مزگەوتی حاجی قەرەنی هەولێر دراوسێی یەکتر بووین، بۆیە زۆرجار بە خزمەتی دەگەیشتم، هەروەها زۆر سوودم لە مامۆستا «عەلی باپیر» بینیووە، لە شارەزایی و هەڵسوکەوتی و مامەڵەی.

ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە دەرسم لەلا خوێندوون، وەکو مامۆستا «شێخ موحەمەد بەرزنجیی»، مامۆستا «شێخ سدیقی سەرگەتیی»، مامۆستا «شێخ عەبدوڵڵای زیخان»، مامۆستا «موحەمەدی ڕازی»، مامۆستا «مەحموودی ئازادیی»، مامۆستا «سەید موحەمەد» لە

خانیێ، کە کاتی خۆی لەوێ بارەگایەکمان هەبوو، لە خزمەتیدا کتێبی (احکام القرآن)م لەلای دەخوێند.

ئەو دۆست و برایانەی دیکەش، کە سەرەتا چووم بۆ هێزی شافیعیی، مامۆستا «عەبدولقادری برایەتیی»، مامۆستا «سەلمان»، ئەوانە برا گەورە بوون و زۆر سوودم لێ بینین، هەر یەکە لە دۆست و برادەرەکانم، ئەوانەی کە شارەزا بوون، چ لە بواری پێشمەرگایەتیی، چ لە بواری سیاسیی و پەیوەندییەکان، چ لە بواری ژیان و گوزەران و دیندارییدا.

# دوای خودا، دایك و باوك

هەرلـەو کاتـەی کـە بوومـە پێشـمەرگە، دوای مـن بەعـس زۆر گوشـاری خستەسـەر دایـك و باوکـم، چەنـد جاریـش هاتبوونـە سـەر ماڵـمان و دایـك و بـاوك و خوشـك و براکانم هەڵاتبـوون، چەنـد جاریش ماڵیـان گواسـتبۆوە. چەنـد جاریـش باوکمیـان پەلکیشـی دائیـرەی ئەمـن کردبـوو، دەیانگـوت: دەبـێ کوڕەکـەت بێنییـەوە، ئەگەرنـا دەتانگوازینـەوە بـۆ سـەماوە و لـەوێ زیندانیتـان دەکەیـن،. بابیشـم دەیگـوت، هیـچ قسـەم نەدەکرد، بەڕێوەبـەری دائیـرەی ئەمـن گوتبـووی: بۆچـی قسـە ناکـەی تـۆ موقەبـای؟ بابیشـم گوتبـووی، بەڵـێ موقەبـام.

زۆریـان ئەزیـەت دەدان، هیواخـوازم کـە مایـەی خێـر و پاداشـتی دوا ڕۆژبێـت بۆیـان، زۆرجـار دەسـتم ماچکـردوون و گەردەنـی خـۆم پـێ ئـازاد کـردوون، بۆیـە زۆر خـۆم بەقەرزداریـان دەزانـم.

دوای ڕاپەڕینیـش هـەر لـە زەحمـەت دابـوون و هەمیشـە ماڵـمان وەکـو بارەگایـەك بـووە، زۆرم ئەزیـەت دەدان، مـن ئەگـەر لـە حەقـی دایـك و باوکایەتیـش گەڕێـم، ناتوانـم قەرەبـووی ئـەو هەمـوو ئەزیەتـە بکەمـەوە کـە بەهـۆی منـەوە بینیوویانـە، مەگـەر خـودا لـەڕۆژی دوایـی بـە پاداشـت و نیعمەتەکانـی خـۆی دڵیـان خـۆش بـکات.

خێزانیشـم قەڵایەکـی بەهێـزە و بەشـێکی کەلێنەکانـی مـاڵ و منـداڵ، ئـەو پـڕی کردۆتـەوە، بۆیـە بەدەروونێکـی ئامـادە و ئاسـوودەوە توانیوومـە رووبـەڕووی کێشـە و بەرپرسـیارێتییەکان ببمـەوە.

# لەچی پەشیمانم!

بێگومـان لـە گوناهـەکان پەشـیمانم، لـە سـتەم کـردن پەشـیمانم، جـا ئـەو سـتەمکردنە ئەگـەر پێمزانیبـێ یـان پێمنەزانیبـێ، داوای لێبـوردن لە هـەر کەسـێك دەکـەم کـە سـتەمێکم لێکردبـێ، یـا مافێکـم خواردبـێ، حـەز دەکـەم داوای مافـی خـۆی بکاتـەوە و پێـی دەدەمـەوە و ئامـادەی سـزای شـەرعیی خۆمـم.

لـە کەمتەرخەمیـی لـە جێبەجـێ کردنـی ئەرکەکانـم، چ بەرامبـەر بەخـودا بووبێـت، یـا پەیوەندیـی بـە خەڵکـەوە بووبێـت، پەشـیمانم کـە نەمتوانیبێـت ئەرکـی سەرشـانم بـاش جێبەجـێ بکـەم، داوای لێبـووردن لەخـودا و پاشـان لـە خەڵکیـش دەکـەم.

# بەچی دڵخۆشم؟

خۆی دڵخۆشی پەیوەندیی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە، مەرج نیە سەرکەوتن مانای دڵخۆشیی بێ، زۆر جار سەرکەوتنیشت بەدەست نەهێناوە، بەڵام دڵخۆشی، من کاتی خۆی کە لە "نەمسا" بۆ ماوەی شەش مانگ گیرام، بەهۆی ئەوەی لە ژووری تاکەکەسییدا بووم، هەر خەریکی کتێب خوێندنەوە و قورئان لەبەرکردن بووم، خەریکی فێربوونی زمانی ئەڵمانیی بووم، بەشێوەیەك دڵم خۆش بوو، هەر خوا پێیدەزانی، کەچی لە زیندانیش بووم، جا دڵخۆشیی بەپێی کەسەکە و بارودۆخ و دڵ و دەروونەکان دەگۆڕێ، من تەنیا بەوە دڵخۆشم کە هەست بکەم خودا لێم ڕازییە و کارەکانم خزمەتن بەخەڵك.

# هەرگیز لەیادم ناچێ

لـە سـاڵی ١٩٩٣دا کەشـەڕی ناوخـۆ هەڵگیرسـا، بـەوە زۆر نارەحـەت بـووم، کـە ئـەو هەمـوو سـەرکردە و بـرا دڵسـۆزانەی کـە ماوەیەکـی زۆر پێکـەوە بوویـن، شـەهید بـوون، بەتایبەتیـش ڕووداوی کاك "ڕێبـاز" کـە پێشـمەرگەی ئێمـە بـوو لـە شـەڕگەی قـەڵادزێ لـە سـاڵی ١٩٩٤، کـە بابیشـی پێشـمەرگەی یەکێتیـی بـوو، کاك ڕێبـاز شـەهید دەکـرێ، یەکـەم کـەس کـە دەچێتـە سـەر تەرمەکـەی بابـی دەبـێ، دیـارە زۆر نارەحـەت بـوو، بـۆ ئێمـەش زۆر ناخـۆش بـوو، تیراژیدیـا بـوو، یاخـوا هەرگیـز نەیبینینـەوە.

ڕووداوێکـی دیکـە لـەو کاتـەی کـە "وەزیـری کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو" بـووم، پیاوێـك خەڵکـی لای کەرکـوك بـوو نەخۆش بـوو، هەژاریـش بـوو، چەنـد جارێـك هـات بـۆ چارەسـەر و دەرمـان هاوکارییـم کـرد، پاشـانیش کـە لـە وەزارەت نەمـام هـەر چاوم لەسـەری بـوو، نـاوە نـاوە هاوکارییشـم دەکـرد، ماوەیـەك خەبـەری نەبـوو، ڕۆژێك لـە بنکـەی پۆلیسـی ئیسـکانی هەولێـر ئەفسـەرێك تەلەفۆنـی کـرد، گوتـی: تـۆ فـڵان کەسـی؟ گوتـم: بەڵـێ، گوتـی: پیاوێـك بـەو نـاوە کۆچـی دوایـی کـردووە، تەلەفۆنەکـەی تـۆی لەسـەر مۆبایلەکەیـە و لێیـداوە، گوتـم: لەکـوێ؟ گوتـی: لـە کاولـە خانوویـەك، گوتـی: چـی جەنابتـە؟

بەڕاسـتیی زۆر دڵگـران بـووم، ئـەو کابرایـە هەرچەنـدە بێکـەس بـوو، پێدەچـێ خزم و کەسـی دەریـان کردبـێ و حاشـایان لێکردبـێ، ئـەو

پشتی بەمن بەستبێ، کە ئاگام لێیبێت، بەڵام دیارە ئەو ماوەیە ئاگام لێیبڕابوو، بەڕاستیی بەو ڕووداوە زۆر ئازارم چەشت.

گوتم: ئەگەر دەڵێن بابێم جەنازەکەی ببەمەوە و بیشارمەوە، گوتیان: مادام خزم و کەسی تۆ نییە کێشە نییە و دەبێ ئێمە چارەسەری بکەین، گوتم: خزمم نیە، پیاوێکی هەژاری ئەو وڵاتەیە، خوا لێی خۆش بێ.

# لە کۆتاییدا

گێڕانەوەی بیرەوەریی زۆر گرنگە، چونکە چیرۆکی راستەقینەی مرۆڤەکانە، ئەگەر بەڕاستگۆیانە بیگێڕنەوە، کەدیارە گێڕانەوەی مێژوو وەکو ئەوەی زانیارییە بۆ تێگەیشتن لەڕابردوو، دەبێتە چراش بۆ داهاتوومان و لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی سوود و لە شکستەکانیش پەند وەردەگرین، بۆیە پێویستە بیرەوەرییەکانمان بگێڕینەوە و بەهیوابین سوود بەخوێنەران بگەیەنین.

بابەتێکی تریش کە جێگەی نیگەرانیی و گلەییە ئەوەیە، تەووژمی ئیسلامیی کوردستان لەم بارەوە زۆر خەمسارد بووە، بەتایبەتیی بەشی سیاسیی و پێشمەرگایەتیی، چونکە ئەوانەی خەونی خراپیان پێوە دەبینن، مەخابن ئەگەر راستییەکانیش بزانن بە پێچەوانەوە دەیگێڕنەوە، ئەوانەش کە ئاگاداری ئەو قۆناغەن و بۆ خۆیان کاراکتەری ئەو سەردەمە بوون، یا بەشێکیان شەهید بوون یا کۆچی دواییان کردووە و بیرەوەرییەکانیان بردۆتە ژێر خاك، ئەوانەی تریش جۆرێك لە خەمساردییان تێدایە و ئەو بیرەوەرییانە نانوسنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆکاری ونبوونی ئەو مێژووە پڕ لەئارەقە و خوێن و شەونخوونییە.

بۆیە تکام وایە لەوانەی کە لەژیاندان، قۆڵی مەردانەی لێهەڵکەن و ئەوەی پێشتر خوێنی خۆیان بۆ دەڕشت و نزای شەهادەتیان بۆ دەکرد، بابینووسنەوە و ئەو مێژووە پرشنگدارە ون نەبێت، یا ئەوانەی دەیانەوێت ئاماژەی پێ بدەن لەدەم و دەستی نەیارانەوە نەیگوێزنەوە،

کـە مـن بڕوامـوایـە ئەمـەش بەرپرسـیارێتییە و دەبـێ ئـەو بەڕێزانـە پێیهەڵسـن، ئەگـەر نووسـەریش نیـن، ئێسـتا زۆر بەئاسـانی دەتوانـن بەدەنـگ و ڕەنـگ تۆمـاری بکـەن و بیدەنـە ئەوانـەی کـە دەتوانـن سـوودی لێوەرگـرن و لـە فەوتـان بیپارێـزن.

# نێوەڕۆك

پێشەکیی ........................................................................ ٥
خەڵکی کوێم؟......................................................................... ٩
قوتابخانەکانم ........................................................................ ١٢
گۆڤاری (science in USSR) .................................................... ٣١
چۆن دەستم پێکرد ................................................................. ١٥
کرێکاریی و شوانیم کردووە ..................................................... ١٨
تیپی تۆپی پێ ی چوارچرا ........................................................ ٢٠
پەیوەندیی کردنم بە "بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان"یەوە........... ٢١
کێشەم لەگەڵ بەعس .............................................................. ٢٤
ئەو نامەیەی بۆ ماڵەوەم جێهێشت ............................................ ٢٨
سەرەتای پێشمەرگایەتیی.......................................................... ٣١
شەڕی شاخی دەرە شیر(١٩٨٨) ................................................... ٣٣
ویزە ویزی گوللە....................................................................... ٣٥
دەمەقاڵەی من و چەکدارانی یەکێتی .......................................... ٣٦
بەزمی هێسترە شێتەکە.............................................................. ٣٨
تفەنگ خاوێن کردنەوە .............................................................. ٣٩
گواسترامەوە بارەگای سماقوڵی .................................................. ٤١
چالاکییەکانی ناو شار.................................................................. ٤٢
پێوەرەکانی چالاکیی ناو شار........................................................ ٤٣
بەگژداچوونەوەی بەعس لەناوشار ................................................ ٤٤
موعجیزەئاسا ڕزگار بووین............................................................ ٤٧
بابم دەستگیر کرا ....................................................................... ٤٩
پێشمەرگە و سەردانی ماڵەوە......................................................... ٥١
گومان لەسەر من هەبوو ............................................................. ٥٢

شاڵاوی بەناو "ئەنفال" ........................................ ٤٥
بەسەرهاتێکی خۆش ........................................ ٥٦
"ترێ"ی سووتاو ........................................ ٥٩
چۆن پەڕینەوە ........................................ ٦٢
بارودۆخمان سەختتر بوو ........................................ ٦٣
کابرای خاوەن قەسەڵ ........................................ ٦٥
بازگەی بەعس ........................................ ٦٦
دابەشی سەر ماڵان کراین ........................................ ٦٧
جوامێریی "خاڵ ئەحمەدە ڕەش"ی ماخۆ بزنان ........................................ ٦٨
ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەکان و بارەگاکان ........................................ ٧٠
هێزی شافیعی ........................................ ٧٢
مەرجەکانی حکومەتی ئێران ........................................ ٧٣
فشاری دەوڵەتی ئێران ........................................ ٧٤
بڕوایان بە شۆڕش نەمابوو ........................................ ٧٥
وره دابەزین ........................................ ٧٦
بەسەر ئەلغاماندا کەوتین ........................................ ٧٧
هەڵبژاردنی فەرماندەی تیپ ........................................ ٧٨
شورای یەکگرتوو ........................................ ٨٠
تێکگیران لەگەڵ یەکێتی ........................................ ٨١
گۆڕینی هێز بۆ تیپ ........................................ ٨٢
پەیوەندی کردن بە ڕێکخستنەکان ........................................ ٨٣
حوکمی گەڕانەوە ژێر نیری تاغوت ........................................ ٨٤
دەمەقاڵە لەگەڵ کاروانچییەکان ........................................ ٨٥
سوپاس بۆ ڕێکخستنەکان ........................................ ٨٧
حیزبی کەران ........................................ ٨٨
نەمدەزانی شەو لەکوێ بمێنمەوە ........................................ ٨٩
نەمتوانی دایك و باوکم ببینم ........................................ ٩١

زۆر نارەحەت بووم ........................................................٩٢
کۆپتەر ئێسترێکی زۆری کوشت ...............................................٩٣
بارودۆخی پێشمەرگە و بارەگاکان ..............................................٩٥
بیرمان لە دوو هەنگاو کردەوە ..................................................٩٧
شەڕ لەسەر بنکەی قوڵەهەرمێ ...............................................٩٩
هەڵوێستی موحەمەد وەتمانی شێنێ ..........................................١٠١
رەحەتیی نەوت ...........................................................١٠٢
هاوکارییەکانی ئێران.......................................................١٠٣
بۆچی هەڵوێستی ئێران گۆڕابوو؟! ..........................................٤٠١
هاتنی دڵشاد گەرمیانی ..................................................١٠٥
رۆڵی ڕاگەیاندنی یەکێتی ...................................................١٠٦
کۆبوونەوەکەی سەقز.......................................................١٠٧
خۆ سازدان بۆ ڕاپەڕین.......................................................١٠٩
کێ خاوەنی ڕاپەڕینە؟.......................................................١١٠
ڕێککەوتن لەگەڵ نەوشیروان موستەفا........................................١١٢
هەواڵی ڕاپەڕین ............................................................١١٤
چەکی دەستی پێشمەرگە ...................................................١١٥
سەختیی و دژواریی ژیان ...................................................١١٦
قسەیەکی خۆش.............................................................١١٨
سەعاتی سایکۆ..............................................................١١٩
کێشەمان لەگەڵ سەرکردایەتیی ..............................................١٢٠
ئامۆژگاریی بە کردەوە.........................................................١٢١
پێویستە سوپاسی خوا بکەین..................................................١٢٣
لیژنەی سەرپەرشتیی رانیە ...................................................١٢٧
شەڕی قەمتەران ............................................................١٢٨
دوو دیمەنی سەیر!..........................................................٠٣١
شەڕی دەربەندی گۆمەسپان...................................................١٣٢

شەڕ لەسەر دەمانچە ........................................................ ١٣٤
دەبابەی ڕژێم بەدەست منداڵانەوە بوو ........................................ ١٣٥
تراژیدیای مەنزوومەی شیمالیی.............................................. ١٣٧
دانانی بارەگا لەناو شار ................................................... ١٣٩
دایکم بینی ........................................................... ١٤٠
ئازادکردنی کەرکوك و شەهیدەکانمان......................................... ١٤١
بەڕێوەبردنی بێسەروبەر ................................................... ١٤٢
تاڵان و فەرهـــــود ....................................................... ١٤٥
بەنداوی بێخمە.......................................................... ١٤٧
هەر لە سەرەتاوە قۆرخکاری هەبوو .......................................... ١٥٠
دژە هێرشەکانی بەعس .................................................... ١٥١
بەرگریی لە پردێ......................................................... ١٥٤
موجاهیدینی خەلق........................................................ ١٥٨
داستانی کۆڕێ .......................................................... ١٦٠
چۆن بەعس لە کۆڕێ شکا .................................................. ١٦٢
هۆکارەکانی وەستانی هێرشەکەی بەعس........................................ ١٦٤
هەڵوێستی ئێران و تورکیا .................................................. ١٦٦
هۆکارەکانی کۆڕەو......................................................... ١٦٨
گفتوگۆی کورد و بەعس.................................................... ١٧٠
بزووتنەوەی ئیسلامیی و بەرەی کوردستانی..................................... ١٧١
بەعس پەیوەندیی پێوەکردین................................................. ١٧٢
لەگەڵ گفتوگۆ نەبووین..................................................... ١٧٤
مشتومڕی بەندە و کاك کۆسرەت............................................. ١٧٥
بیانووی بنەڕەتیی شتێکی تر بوو ............................................ ١٧٧
ئامادەکاریی بۆ یەکەمین هەڵبژاردن ........................................... ١٧٩
یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢) ........................ 281
شـــەڕی ناوخــۆ .......................................................... ١٨٤

شەڕی یەکێتیی و بزووتنەوەی ئیسلامیی.......................... ١٨٧
شەڕ دەستی پێکرد........................................... ١٨٩
هەوڵەکان بۆ شەڕ ڕاگرتن...................................... ١٩٠
یەکێتیی پابەند نەبوو........................................... ١٩١
لیژنەی ئاشتیی "INC"........................................ ٢٩١
خاڵــی ناکــۆك................................................ ١٩٤
یەکێتیی شکا.................................................. ١٩٦
کۆبوونەوەیەکی بێ ئەنجام..................................... ١٩٧
گۆڕینەوەی مردوو بە زیندوو.................................... ١٩٩
هەڤاڵ عەبدولستار چی لێهات؟................................ ٢٠١
یەکێتیی هاتنە سەر سفرەی حازر................................ ٢٠٣
دیمەنێکی جەرگ بڕ............................................ ٢٠٤
دوو ئیدارەیی................................................. ٢٠٥
دووبارە شەڕی ئێمە و یەکێتی.................................. ٢٠٧
ئیقالەکردنی وەزیرەکانمان..................................... ٢٠٨
شەڕی ئێمە و پەکەکە و پارتیی................................. ٢٠٩
شەڕی ئێمە و پەکەکە......................................... ٢٠٩
شەڕی ئێمە و پارتی............................................ ٢١٠
هۆکاری چونە دەرەوەم......................................... ٢١١
بەندیخانەی شاری (ڤێلز)ی نەمسا.............................. ٢١٢
قورئان و زیندان............................................... ٢١٣
دوای زیندان.................................................. ٢١٤
بڕیارمدا بگەڕێمەوە............................................ ٢١٤
کۆنگرەی تەوێڵە.............................................. ٢١٥
کاریگەریی ئەورووپا............................................ ٢١٦
زانکۆم بەجێهێشت............................................. ٢١٩
پێش کۆنگرە.................................................. ٢٢٠

بنچینەی یەکگرتن..................................................... ٢٢١
ئەرکی کۆنگرە ....................................................... ٢٢٢
ئاڵۆزیی ناو کۆنگرە.................................................. ٢٢٤
چۆن دەستمان پێکرد؟ ................................................ ٢٢٨
ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ............................. ٢٣٠
هەڵوێســـتی ئێران .................................................. ٢٣١
گوشارەکانی سەر کۆمەڵ ............................................ ٢٣٢
پەیامی مام جەلال.................................................... ٢٣٥
گواستنەوەی بارەگاکان ............................................. ٢٣٧
شەهیدکردنی مامۆستا عەبدوڵڵای قەسرێ............................ ٢٣٩
کێشەی ناوخۆ ....................................................... ٢٤١
تەقویەی کێوەڕەش.................................................... ٢٤٣
ڕەش بگیری........................................................... ٢٤٤
نامەکەی ریگارد ناب................................................. ٢٤٥
خۆسەریی پەکەکە.................................................... ٢٤٧
بڕیاردانی خەباتی سیاسیی .......................................... ٢٤٩
هەڕەشەکانی هاری شوت............................................ ٢٥٠
کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی لە ٢٠٠٥..................... ٢٥٢
هەرگیز هۆگری شوێن نەبووم....................................... ٢٥٣
خۆم بە قەرزاری کێ دەزانم؟!...................................... ٤٥٢
دوای خودا، دایك و باوك........................................... ٢٥٦
لەچی پەشیمانم!....................................................... ٧٥٢
بەچی دڵخۆشم؟....................................................... ٢٥٨
هەرگیز لەیادم ناچێ ................................................. ٢٥٩
لە کۆتاییدا........................................................... ٢٦١